# زەروان و زەڕدەشت

# زەروان و زەڕدەشت

## (زەروانییەت خاڵێك بە ڕوومەتی ئۆلی زەڕدەشتییەوە)

نووسین و تۆژینەوە:

**محەممەد موڕادی (باقلاوایی)**

| | |
|---|---|
| سرشناسه: | مرادی، محمد، ۱۳۶۵ - |
| عنوان و نام پدیدآور: | زەروان و زەردەشت (زەروانییەت خالیک بە روومەتی ئۆلی زەردەشتییەوە)/ نووسین و توژینەوە محەممەد مورادی(باقلاوایی). |
| مشخصات نشر: | سنندج: کانی کتیب: شوان، ۱۳۹۵. |
| مشخصات ظاهری: | ۲۴۳ ص.؛ ۱۴/۵×۲۱/۵ س‌م. |
| شابک: | ۹۷۸-۶۰۰-۷۹۶۸-۵۱-۲ |
| وضعیت فهرست نویسی: | فیپا |
| یادداشت: | کردی. |
| موضوع: | زردشتی |
| موضوع: | Zoroastrianism |
| موضوع: | زردشتی -- شعایر و مراسم مذهبی |
| موضوع: | Zoroastrianism -- Rituals |
| رده بندی کنگره: | BL۱۳۹۵۱۵۷۱ ۹ز۳۶م/ |
| رده بندی دیویی: | ۲۹۵ |
| شماره کتابشناسی ملی: | ۴۳۴۶۶۵۹ |

## ناسنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| نێوی کتێب | : | **زەروان و زەڕدەشت (زەروانییەت خاڵێك بە روومەتی ئۆلی زەردەشتییەوە)** |
| نووسین و توێژینەوە | : | **محەممەد مورادی(باقلاوایی)** |
| پەخشانگا | : | **کانی کتێب** |
| نقیسیار و هەڵەگر | : | **نەجمەدین براخاسی (هەوار)** |
| پەرازێن | : | **شایان کتێب** |
| رووبەرگ | : | **مەسعوود نیکخاه** |
| نۆرەی چاپ | : | **یەکەم/۱۳۹۵** |
| شابک | : | **۹۷۸-٦۰۰-۷۹٦۸-۵۱-۲** |
| نرخ | : | **۲۰۰۰۰ تمەن** |


حقوق چاپ برای مؤلف محفوظ است.

مرکز پخش: سنندج ـ کانی کتێب

تلفن:**۰۹۱۸۱۷۱۷۲۵۷ ،۰۸۷ –۳۳۱۲۵۲۵۹**

۱۳۹۵

پێشکەش بە:

**هەموو ئازارەکانی دایک و بابی خۆشەویستم**

# پێڕست


پێشەکی ........................................................ ١
کات و شوێنی ژیانی زەردەشت ........................................ ١٣
دێوپەرستی یان ئایینی دایکسالاری ..................................... ٣٥
ئایین لە سەردەمی پێش زەردەشتدا...................................... ٥٣
بنەماکانی ئایینی زەردەشتی ............................................ ٥٩
فرووهەر یان ڕەوانی مرۆڤ............................................... ٦٣
فەلسەفەی مانەوەی هزری زەردەشت ...................................... ٧١
ئاوێستا لە وتنەوە هەتا نووسین .......................................... ٧٧
هۆکاری ئافراندن چییە؟.................................................. ٨٥
ئافراندن لە ئایینی زەردەشتیدا .......................................... ٩٣
کرونووسی یۆنانی یان ڕوومەتێك لە زەردەشتیگەری؟........................ ١٠٩
زەروانییەت لە دەسەڵاتی ساسانیدا........................................ ١١٧
دووبڕوایی ............................................................ ١٢٩
ئوستوورە لە ڕوانگەی زەردەشت و شانامەوە................................. ١٣٥
چەند خاڵێك سەبارەت بە ئەهریمەن، مینۆی خراپەکار و خوڵقاندنی .......... ١٤١
مێهری دادوەر یان نێونجیکار ............................................. ١٤٥
ئەهریمەن لە ئایینی زەروانیدا ............................................ ١٥٥
ئەهریمەنپەرستی ....................................................... ١٦٩
ئەهریمەنپەرستی و قوربانیکردنی مرۆڤ .................................... ١٧٩
هزری زەروانی، نوێکاری ئایینی و ڕەخنەتێکردنی دابونەریتی ................. ١٨٩
جیاوازی دووبڕوایی لە هزری گنۆستیکی و ڕامانی مەزدیسناییدا............... ١٩٩
دیرۆکی زەروان، جیهانناسی و ئاکامناسی ................................... ٢٠٥
فەرهەنگۆك.............................................................. ٢٣٢
منابع فارسی ........................................................... ٢٣٣
منابع کردی ............................................................ ٢٣٥

## پێشەکی

یەکەم هەوڵ و تێکۆشانی مرۆڤ بۆ هێمنی و ئاسوودەبوونی باری دەروونی، دەستگرتنە بە دەستی ئۆل و ئایینەوە. هەموو مرۆڤێك بەپێی سروشتی وجوودی خۆی هەستێکی پەرستن لە ناخیدا جێگیرە کە بەدرێژایی مێژوو تەنانەت پێش دروستبوونی ژیارە مەزنەکان، ئەم هەستە شاراوەیە بەشێکی هەرەزۆری ژیانی خەڵکی تەنیبوو؛ هەر بۆیە مرۆڤەکان بەپێی پێوەری ئەقڵی خۆیان بۆ هەموو پێکهاتە و هێما سروشتی و ئاسمانییەکان خودایان ساز کردبوو، جا بە چاك یان خراپ یەزدانی جۆراوجۆریان داتاشیبوو. لە نێوان هۆز و خێڵەکاندا خوداکان جیاواز بوون، نەتەوە هەبووە کە چەندهەزار خودای هەبووە؛ بەڵام لەڕاستیدا لە ناوەڕۆکی پەرەستشدا تا ڕادەیەکی زۆر لێكچوون لە نێوان ئایینەکاندا هەبووە؛ هەر بۆیە کاریگەری ئایین هێندە زۆر بووە کە تەنانەت هەندێك لە ژیارەکانی پێکەوە گرێداوە و لەباری سیاسیشەوە یەکیانی خستووە، بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایین تەنها دەروونی برسی مرۆڤی تێر دەکرد یان لە بوارە جیاوازەکانیشدا باندۆری خۆی دادەنا؟ ڕاستە هێزی هەر ئایینێ لە سەرەتادا بۆ هێورکردنەوەی دەروونی مرۆڤ کاریگەر بوو، بەڵام لەڕاستیدا ئایین چەندە ڕێخۆشکەر بووە بۆ هێمنبوونەوە، هێندەش داپڵۆسێنەر بووە؛ چونکە لە زۆربەی ئایینەکاندا لە بڕێ دەق و دەستەواژە و باس بۆ چەوساندنەوەی خەڵك و پەرەپێدانی هێز و دەسەڵاتی خۆیان کەڵکیان وەرگرتووە. هەر بۆیە جگە لە

کاریگەری لەسەر دۆخی دەروونی، باندۆری لە سەر ژیانی نێو کۆمەڵگای تاك هەبووە. ئەگەرچی بناغەی هەموو ئایینێ ئاشتی و ئاسوودەیی‌یە؛ بەڵام ئەم ئاشتییە تەنها خەڵکانی بێ‌دەسەڵات پەیڕەوی دەکەن و سوودی لێ‌دەگرن، بە پێچەوانەی دەسەڵاتدارەکان کە لە ژێر پەردەی ئاییندا هەموو خراپەیەك دەکەن و دەیشارنەوە.

ڕاستە ئایین لە لایەن مرۆڤەکانەوە بە لاڕێدا براوە، بەڵام لێرەدا دەبێت چەن شت ڕەچاو بکەین، ئەویش یاسا و ڕێسای ئایینەکانە؛ چونکە هەندێ لە ئایینەکان ئاسمانین و بەرنامە و داڕێژەی خودایی‌یان هەیە کە بنەما و ڕێچکەی دیاری‌کراویان بۆ دانراوە و هەرکەس لێی لابدات وەکوو بەلاڕێداچوو و هەڵگەڕاوە پێناس دەکرێت و برێ لە ئایینەکانیش سروشتین، واتە هەڵقوڵاوی ناخی هەندێك مرۆڤی ژیر و زانای کۆمەڵگە سەرەتایی‌یەکان بوونە و بەدرێژایی مێژوو بە هەموو بان و خوار کردنێك گەییشتوونەتە ئەمڕۆ، بەڵام ئەمڕۆکە ئایینە سروشتییەکان وەك ئایینی کەمینە ماونەتەوە و خەڵکی گۆی زەوی بەزۆری بوونەتە پەیڕەوی ئایینە ئاسمانییەکان. بەداخەوە ئێستاکە بەهۆی بەرژەوەندی تایبەتەوە ئەم ئایینانە لە ڕێڕەوی سەرەکی خۆیان لایان داوە و بوونەتە ئامێرێك بۆ چەوساندنەوەی خەڵك و دارەدەستێکن لە دەستی دەسەڵاتداران بۆ داپڵۆسانی خەڵکانی هەژار و ساوازە.

ڕەنگە بەرنامەی ئایینەکان بۆ ئاسوودەکردنی دەروونی خەڵك بێت، بەڵام هەندێ جار خراپ‌تێگەیشتن لە ئامانجەکان دەبێتە هۆی تێكچوونی باری دەروونی و تەنانەت دروست‌بوونی بارگرانی لە سەر تاك و کۆمەڵ؛ بۆ نموونە بەدرێژایی مێژوو زۆربەی جەنگەکان شەڕی ئایینی بوونە یان زەمینەی ئایین هۆکار بووە بۆ هەڵگیرسانیان. هەر بۆیە خراپ‌ترین شەڕ، شەڕی ئایینە؛ چونکە هەموو بنەما و یاسایەك تێدەپەڕێنێت. دەتوانم ڕاشکاوانە ڕوونی بکەمەوە کە خەڵکانی بێ‌بڕوا باشتر دەتوانن پێکەوە هەڵبکەن هەتا کەسانی خاوەن بڕوای جیاواز؛ بەڵام ئایا کەسێك هەیە بیر و بڕوای نەبێت؟ چونکە ئێستاکە مەکتەبە فەلسەفییەکانیش وەهایان لێ‌هاتووە کە بەرانبەرکێی ئایین دەکەن. هەر بۆیە شوێن‌کەوتووانی ئەوانیش، خۆیان بە پێشڕەوتر لە ئایین دەزانن و تەنانەت هەندێ جار ئایین ڕەت دەکەنەوە.

ئەگەرچی هەندێ لە ڕێچکە فەلسەفییەکان لە زکی ئایینەوە زاون، بەڵام هێندە بەهێز و کاریگەرن کە دەتوانن هەم خودی ئایین سەربخەن، هەمیش بە چۆکیدا بهێنن. ئەوەی ڕاستی بێت کەس ناتوانێت بێبڕوا بێت؛ چونکە لە خودی بێبڕواییدا خاوەنی بیر و بڕوایە، کەسێ کە ڕێچکە و ڕێبازێ ڕەت دەکاتەوە خۆی خاوەنی هزرێکە کە هی بەرانبەری پێ قبووڵ ناکرێت؛ هەر بۆیە خۆشی ناتوانێت دەربازی بێبڕوایی بێت. بەڵام حەز و خولیای بڕواداری لە نێو تاکەکاندا جیاوازە. هەندێ کەس لە ڕادەبەدەر ڕۆحین و هەموو شتێ بە ئایینەوە گرێ دەدەن و هەندێ کەسیش لە ڕێگەی ئەقڵەوە شتەکان تاوتوێ دەکەن. هەر ئەم شێوازە بیرکردنەوە لە سەر ئایینەکان بۆتە هۆی سەرهەڵدانی چەندان شێوە و شۆپی جیاواز. ئەگەرچی مرۆڤ لە سەرەتادا هەموو ئاڵوگۆڕێکی بە فەرمانی یەزدان دەزانی، بەڵام بەرەبەرە لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان و تێکەڵبوونیان پێکەوە، هەندێ شت گۆڕانی بە سەردا هات و تەنانەت لە زۆرێك لە ئایینەکاندا کەسایەتی نیوەمرۆڤ و نیوەخودا بوو بەهۆی تێکەڵبوونی خودا لەگەڵ مرۆڤەکاندا و هەر ئەمە ڕێگەی خۆش کرد کە هەندێ لە کاروبارەکان بکەوێتە ژێر ڕکێفی خەڵکەوە، واتە جۆرێك دابەشکردنی دەسەڵات هاتە ئاراوە. هەڵبەت شتانێك هەن کە لە دروستبوونی خوداکان و ئایینە جیاوازەکاندا بەرچاون؛ بۆ نموونە دوای گەشەسەندنی کشتوکاڵ و ئاودێری، یەکیان دەگرت و هێمای زەمینی و جیهانیبوونیان لەخۆ دەگرت، واتە دوو بە دوو و سێ بە سێ تێکەڵ دەبوون و جیهانیبوونیان لە نێوان خۆیان دابەش دەکرد، بۆ وێنە دەسەڵاتی ئانوو[١]، ئەنلیل[٢]، ئێئا[٣] و هتد، یان سێکوچکەی شەمش و سین و ئەدەد دەبوون بە خودای لافاو. هەر ئەم فرەخودایییە دەبوو بەهۆی فرەهزری، واتە هەر خودایەك نوێنەری توێژێکی کۆمەڵگە بوو؛ وەرزێڕ خودای کشتوکاڵی پەرستش دەکرد و جەنگاوەر

١. ئاسمان

٢. زەوی

٣. ئاوەکانی ژێر زەوی

خودای جەنگ و هتد. ئەمانەش هەرکامیان بۆ خۆیـان پـەرسـتگە و شـوێنی ڕاز و نیازیان ساز دەکرد. هەڵبـەت بـەرزبـوون و ڕازاوەبـوونی ئـەم پـەرسـتگانە هێمـای بەهێزی خوداکە بوون؛ بۆ نموونە زەکووره[1] پەرستگەی بەرز و بڵیند کە بابلییەکان پێیان دەوت زیکۆرتۆ واتە شوێنی بەرز کە هەندێکیان سـەرووی پـەنجـا شـەسـت مەتر بوونە؛ هەڵبەت بەرزیی ئەم زەکوورەگەلە قوڕەکەی بە خوێنی خەڵك دەشـێلرا و خەڵکانی هەژار و ساوازەش نەتەنیا ئایین بۆیان نەبوو بە ڕزگارکەر، بەڵکوو زێـوان و گەورەکانی پەرستگە تەیاخ و تێڵابەدەست هەمـوو کـات خـەریکـی داپڵۆسـان و چەوسانەوەی خەڵك بوون. هەر بۆیە پەرستگەکانیش لە بنەڕەتـدا ئـامێری دەسـتی دەسەڵات بوون و ڕازاوەبوونیشیان تەنها بـۆ ڕاکێشـانی خـەڵکـی هـەژار بـوو، وەك گەورەیەك دەڵێت دەریان دێوجامە بوو، ناویان بەرەڕەت.

لەڕاستیدا هەموو شتێك لێرەدا گرێ دەدرێت بە ئەقڵ و ئاوەزی خەڵکەوە، یـانی خوێندنەوە لەسەر هەر ئایین و فەلسەفەیەك دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینی تاك کە چۆن لە شتەکە تێبگات، بەڵام لێرەدا پرسیارێ دێتە گۆڕێ کە ئایـا تـەواوی کۆمـەڵگـە خاوەنی ئەو ئەقڵ و ئاوەزە هەن کە بە چاوێکی ئاقڵانەوە لە شتەکـان بـڕوانن؟ ئایـا ڕاستییەکان پێش بەرژەوەندییەکانی تـاك دەکـەون؟ پـێم وایـە لـە هـەردووکیانـدا پێچەوانەیە؛ چونکە بەرژەوەندی تاك هەموو کات پێش هەموو شتێك دەکـەوێـت و لە نێوان کۆمەڵیشدا نیوەی خەڵك شوێنکەوتووی سیاسەت و کەسانی ناودارن کـە ئەوانیش بەزۆری ئایین بۆ پێکانی ئامانجەکانی خۆیان بـەکـار دەهێـنـن. هـەر بۆیـە ئایین هەموو کات لە لایەن زۆرینەی خەڵکەوە ئامێری بەرژەوەندی تاك بووە هـەتـا ڕزگاری، ئیدی ئەم چەشنە سەیر کردنـە بۆتـە هـۆی ئـەوەی کـە ئایینـەکـان لـە ڕێڕەوی خۆیان لابدەن و بە لاڕێدا بڕۆن، بەڵام ڕەوڕەوەی ڕۆژگار لە سەرەتاوە هەتا ئەمڕۆ وەها بووە کە هەموو ئایین و هزر و بیرێ بێ باندۆر نەبووە لە ئـەوی دیکـە، هەر ئەم کاریگەرییە بۆتە هۆکاری بنیاتنانی ژیاری گەورە و گچکە کە هەرکامیـان بەگوێرەی هێز و توانایان لە سەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی شوێنپێی خۆیان داناوە.

---

١. زیگوورات

نابێت ئەوە ڕەچاو نەکەین کە بناغەی تەواوی کۆمەڵگـە و ژیـارەکـان لـە ژێـر ڕکێفی ئاییندا بووە و هەموو فەرمانێـك ڕەنـگ و بـۆنێکی دینـی پێـوە دیـار بـووە. دەتوانم ڕاشکاوانە ڕوونی بکەمەوە کە ئەو گەل و نەتەوانە کەوا زۆرتر ڕەنگ و بۆنی ئایینیان لێوە دەهات چەندە کاریگەری چاکی لەسەر ژیانیان هەبووە هێنـدەش لـە هەڵس‌وکەوتی دەرەکیدا بۆیان زەرەری هەبوو؛ چونکە هـەمیشـە لـە بیـری داگیـر کردنی دڵ و دەروونی خەڵکانی دیکەدا بوون و ئەمـەش بـەزۆری شـەڕی لـە دوو هەڵدەگیرسا؛ بۆ نموونە لە کۆمەڵگەی ئێراندا ئەگەرچی بـەزۆری خـەڵکـەکـەی لـە سەر ئایینی زەڕدەشـت بـوون، بـەڵام چـون لـە دوو بـەرەی دایـكسـەردەسـت و باوكسـالاردا بـوون بـەدرێژایی مێـژووی ئـایینی زەڕدەشـتی لـە ئێـران بەتایبـەت سەردەمی هەخامەنشەکان هەمیشە ئاڵۆزی و بشێوی بووە، بەکورتی ئایین نـاوێکی دوو ڕووەیە کە پەیوەستە بە ئەوەی کە کەسەکە بیهەوێت کام ڕووەی سەرکەوێت.

ئەگەرچی ئایین لە هەموو کۆمەڵگەکاندا خۆی وەك بێ‌لایەن پێناسـە دەکـرد و مژدەی ڕزگاری دەبەخشی؛ بەڵام بەزۆری پای بە تەڵەی سیاسەتـەوە بـوو؛ چونکـە بڕەوی هزری ڕۆحی و مەعنەوی بێ پاڵپشتی هێز و وزەی مادی کارێکی ئەسـتەم بوو. هەر بۆیە سیاسەت هەموو کات بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خـۆی ڕێگـەی بۆ ئایینی باوی دڵی خۆی خۆش دەکرد، بەڵام لێرەدا زەرەرمەندی یەکـەم ئـەوانـە بوون کە بێ فڕوفێڵ شوێن‌کەوتووی ئایین بوون؛ چونکە هـەنـدێکیان دەبـوون بـە دارەدەستی دەسەڵات و ئەوانەش کە بنەماخواز بوون وەك دژبەر و بـەلاڕێـدا چـوو دەژمێردران کە وەك پیفووی نێوان بەردە چەخمـاخ لـە هـەر پێکـدادانێك ئـەمـان پریشکیان بەر دەکەوت. هەڵبەت هەندێك سیاسی گۆچ‌کراوی هزری ئایینیش هەن کە کاتێك بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیسەکانیان لە دەقە ئایینییەکان سوود وەردەگرن دەبن بە گورگێك لە پێستی مەڕدا کە خەڵکی سـاوازە بـە نـاوی دیـن و ئایینـەوە دەخڵەتێنن، کە لەم شـێوازەدا تـاك دیـن و دنیاشـی دەبێـت بـە قوربـانی گورگـە مێشەکانی سەرووی خۆیان، چونکە ئەمان تەنیا وەك ئامێرێك لە دەستی ئەواندان و هیچ ڕایەکی جیاواز بەدی ناکرێت. واتە خراپترین دیکتاتۆریەت کـە لـە پێکهاتـەی

ئایینە ژیانی خەڵك دەتەنێت؛ چونکە خەڵکەکە دەبن بە دەستەمۆیەکی ملکەچ لـە حاند ئایین کە هەموو شتێك گرێ دەدەن بە قەدەر و چارەنووسەوە. نموونەی هەرە بەرچاو لەم شێوازە، سیاسەتـی سـەردەمـی ساسـانەکانـە کـە تـەنانـەت پاشـایش ژێردەستەی مۆغەکان و ئەنجومەنی مۆغستان یان مەهێستان بوو کە هەمـوو یاسـا و ڕێسایەکی حکوومی و ناحکوومی بـە مـەیلـی ئـەوان ئـەرێ دەکـرا، هـەر بۆیـە سێبەری ترسناکی دیکتاتۆری ئایینی باڵی بە سەر کۆمەڵگەدا کێشـابوو. هـەر ئـەم تێڕوانینە بوو بەهۆی سەرهەڵدانی چەند بزووتنەوە، بەڵام لە سایەی ئایینی فەرمیدا بـە ئـەوپـەڕی هۆڤیـەتییـەوە سـەرکـوت کـران و خـەڵکـیش بـەرەبـەرە بـەهۆی بەرتەسکبوونی بازنەی ئیرادەیـان لـە سـەر ئـەو شـێوازە ژیانـە ڕاهـاتن و هـەمـوو نەهامەتی و نەگبەتی خۆیان بەست بە چارەنووسیانەوە. بەڵام لێرەدا دەستی ڕەشی دیکتاتۆری ئایینی لە پشتەوە بوو؛ چونکە بە بیـانووی بەهەشـت و خۆشـییەکـانی، دنیای کردبوو بە دۆزەخ بۆ خەڵك، کە ئەمەش تەنها هۆکاری ملکەچکردنـی تـەواو بوو لە ئاست ئەو سیاسەتە قیزەونەدا. هەڵبەت نابێت لە بیری بکـەیـن کـە بـەبـێ کوشتن و بڕین هیچ ئایینێك سنووری وڵاتێکی تێنەپـەڕانـدووە؛ بـەڵکـوو هـەمـوو ئایینەکان بە پەتی سیاسەتەوە ڕادەکێشران بۆ نێـو گـەلانـی دیکـە، بـەڵام لێـرەدا پرسیارێ دێتە گۆڕێ کە بۆچی دین و سیاسەت ـ دوو شتی جودا لە ناوەڕۆکدا ـــ هەموو کات دەسکە و چەقۆی یەکدی بوونە؟ ڕەنگە یەکـەم وەڵام ئـەوە بێـت کـە پاراستنی بەرژەوەندی لە ئارادا بێت. کەچی هەندێ بابەت هەن کە پەیوەسـتن بـە خودی ئایینەوە؛ چونکە لە زۆربەی ئایینەکاندا بڕێ دەق و فەرمان هەن کە دەبێت ئەم ئایینە بە جیهانی و گشتگیر بکرێت، واتە جۆرێك فەرمانکردنە بە پەیـڕەوانـی کە خەڵکانی دیکەش بانگهێشتی بازنەی ئایینەکە بکـەن. بـەڵام لێـرەدا شـتەکـان ڕەنگە بە ئاشتی ڕوو نەدات؛ هەر بۆیە هـەمـو کـات شـەڕ لـە دووی بـووە و ئـەم ئاڵۆزییانەش ڕێخۆشکەر بوو بۆ شەڕی گـەلان و سـەرهـەڵـدانی هـزری دەوڵـەت ـ نەتەوە لە سەر بنەمای ئایینی، کە بەرجـەسـتە بـوونی ئـەم شـێوازە دەسـەڵاتـە حوکمی پەیمانی و برایەتی گەلانی تێکدەدا و تەنانـەت هـەنـدێ جـار ڕێـڕەوەکـە

دەگۆڕا بۆ شەڕی براکوژی، واتە دوو نـەتـەوەی جیـاواز، بـەڵام هـاودین لـە سـەر هەندێ بەرژەوەندی لێك هەڵدەچوون؛ کەچی لێرەدا فەرمانێکی ئـایینی دەبـوو بـە دەس‌پێچك و پاساو بۆ خوێن‌ڕشتنەکە. هەڵبـەت ئـەم شـێوازە نموونـەی زۆری لـە مێژووی هاوچەرخدا هەیە. بەهەر شێوازێك لێکی بدەینـەوە شـتێك ڕوون دەبێتـەوە کە چەمکی دەسەڵات زۆر شتی بەلاڕێدا بردووە و تـەنانـەت مـل‌کـەچـی بـەردەم خۆشی کردووە.

سەرەکی‌ترین هۆکار بۆ لەخشتەبردنی ئایینەکان دروستبوونی دەوڵەت بوو کـە هەموو کات بۆ گوێڕایەڵ‌کردنی خەڵك لە پێشی خۆیـدا پێویسـتی بـە ئـایین بـوو؛ چونکە خەڵك دەتوانێت بەبێ دەوڵەت بژیێت، بەڵام بێ ئـایین قـەد ناتوانێـت. ئـەو هەستە شاراوەیە کە ڕیشەی لە دەروونی هەر کەسێکدا هەیە مرۆڤی بەرەو سـەدان و هەزاران هزر و بیر بردووە و لە هەر سەردەمێك خەڵـك بـەگوێرەی تێگـەیشـتنی خۆیان خودایان بۆ ساز کردووە. هەر لە ئایینە سروشتییەکانەوە هەتا بوت‌پـەرسـتی و هتد؛ هەرکامیان چاك یان خراپ زەینی مرۆڤی سەرەتایی‌یان کردەوە و ئامادەیان کرد کە بتوانێت فەرمانێکی سەرتر واتە ئایینی یـەزدانـی و خوداپـەرسـتی قبـووڵ بکات، ئەگەرچی خەڵك لە بیر و بڕوای کۆن بەئاسانی دەست‌هەڵناگرێت، بـەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تێگەیشتووتر دەبوون. هەر ئـەم پێشـکەوتنـە فیکرییـە پێویسـتی بـە ڕێبازێکی گەورەتر بوو کە دەیتوانی ئایینی ئاسمانی لە خۆ بگرێت، هەڵبەت خـودی ئایین وەك ڕێکخراوێکی مەعنەوی خـەڵکـی لـە تـەنیشـت شـتێکی هاوبـەش کـۆ دەکردەوە. هەر ئەم کۆبوونەوە لە ئاکامدا پێویستی بەوە بوو کە کەسـێك بـەڕێـوەی ببات؛ چونکە پێغەمبەرانیش وەك مرۆڤ ژیان و مەرگیان هەبوو، بۆیە پـاش ئـەوان ڕێکخراوی ئایینی زۆری تێپەڕ نەدەکرد وەك حکوومەتێکی لێ‌دەهات و ئەوەش کـە بە سەرۆك دەبوو پاك و خاوێنیی کەسایەتی پێغەمبەری نـەبـوو، هـەر بۆیـە کـۆڕە ئایینیەکە کە دەبوو بە خاوەن دەسەڵات، بەرەبەرە لەو ڕاستییە یـەزدانییـە لای‌دەدا کە ئەمەش هۆکاری خۆی هەبووە. دەتوانم بڵێم دروسـتبـوونی دەوڵـەتـەکـان بـە شێوەیەکی تۆکمە و تەواو هەڵقولاوی هزری ئایینن، هەر بۆیـە خـودی ئـەمانـەش

هۆکاری سەرەکی بە لاڕێدا بردنی ئایین بوون؛ چونکە لێرەدا بەرژەوەندی تایبەتی هەندێ کەسی خاوەنپایە پێش ئەو ئامانجە دەکەوێت. بۆ نموونە هزری فەلسەفی لە یۆنانی کۆندا بوو بەهۆی سەرهەڵدانی دەوڵەت ـ شارەکان، بەڵام پاشان هەر ئەم دەوڵەت ـ شارانە لە دوو بەرەی ئاتێن و ئێسپارت بۆ ماوەی چەندین دەیە شەڕیان لە نێواندا هەبوو، تەنانەت ئەو هزرە فەلسەفییەش نەیتوانی ئاوێ بەو ئاورەدا بکات؛ چونکە بەرژەوەندی دەسەلاتدارەکان لە شەڕدا بوو هەتا ڕێچکە فەلسەفییەکە.

هەندێ کەس دەستیان سەوز بوو واتە ئایین پیرۆزی کردن، بەلام بۆچی؟ بەدرێژایی مێژوو دوای پێغەمبەران هەموو کات ئایین بۆتە ئامێری بەرژەوەندی زۆربەی کەسە دینییەکان. ئەویش بەهۆی پلەوپایەیەك کەوا لە نێو خەڵکیدا هەیانبوو کەمتر ڕەخنەیان لێدەگیرا، هەر بۆیە زۆرینەی ئەوانیش بێڕەحمانە ئایینیان کردبوو بە کوتەکێك بۆ تەوقی سەری خەڵك، تەنانەت هەر ئەمانە بە گەوجاندنی خەڵك لە هەندێ سەردەمدا پێشیان لە خوێندن و زانین دەگرت و هەر شتێکی بەدەر لە ئایینیان بە زانستی ئەهریمەنی دەزانی و بە دۆعا و نووشتە نووسین کە هیچ فرێکی بە ئایینەوە نەبوو بەزم و بساتێکیان ڕێكدەخست کە وێڕای تالانکردنی ماڵ و سامانی خەڵك وەکوو شەمشەمەکوێرەش هەر بەرەو تاریکی پاڵیان پێوە دەنان. ئەم شێوازە بەرداشتە لە ئایین کە لە لایەن سەیداکانەوە[1] دائەڕێژرا و خۆیان وەك پارچەیەك نووری پەتی پیشانی خەڵك دەدا، هەم هۆکاری گەوجاندنی تاك بوو، هەم خۆشیان پیرۆز دەردەخست. ئیدی کەس نەیدەتوانی پێیان بڵێت سەری چاوتان برۆیە. هەڵبەت هەموو حکوومەتەکان کەوا لای خەڵکەوە دانپێنراو نەبوون ـ هەر لە حەمموورابییەوە هەتا هی ئەمڕۆ ـ بۆ ئەوەی کە خۆیان لە دڵی خەڵکدا جێگە بکەنەوە پەنایان بۆ ئەم دەستسەوزانە دەهێنا و ئەوانیش بە ئەوپەڕی بێشەرمییەوە پاشایان وەك کوڕی خودا دادەنا و فەڕی یەزدانییان پێ دەدا، کەوایە ڕوون و ڕاشکاوە کە ئایین و دەوڵەت کەچەڵ و کڵاوی یەکن.

---

١. مەبەست پیاوانی ئایینییە

نابێت ئەوە لە بیر بکەین کە دوو شت هەموو جار لە پێشوەچوونی هەموو بیر و باوەڕێکدا کۆسپ و لەمپەر بوونە: یەکیان خراپتێگەیشتن لە مەبەست و دووهەم نەداری و برسییەتی خەڵك زۆرجار هەندێ شتی گۆڕاوە. کراوەتر بڵێم خەڵکانی برسی دووی هیچ هزر و بیرێك ناکەون مەگەر پارەیەکی بۆیان تێدا بێت کە ئەمە خۆی لە خۆیدا خراپترین ئایینە؛ چونکە وەك کورد وتەنی برسییەتی دین و ئیمان ناناسێت. هەر ئەم جۆرە کەسانە لە دیکتاتۆرییە ئایینییەکاندا کوتەکی دەستی دەسەڵاتن. دووهەم لەمپەر لێنەوینی گۆترەیی خەڵك لە یاسا و ڕێساکانی ئایین، واتە خراپتێگەیشتن کە ئەمەیان کۆمەڵگە بەرەو هەڵدێر دەبات و خەڵك نوقمی گەوجی دەکات. هەر ئەم گەوجاندنە وەها بە سەر خەڵکدا دەهێنێت کە بیر لە سەرتر نەکەنەوە و تەنها سەرقاڵی «قالوابلی»ی خۆیان بن کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە چاویان لە دەسەڵات دوور بکەوێت و ئەوانیش بە مەرامی خۆیان بیرامێنن کە ئاکامی خراپ دەشکێتەوە بە سەر خەڵکدا؛ چونکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەسەڵات دەستی بە سەر جەماوەردا درێژتر دەبێت و خەڵکیش کزتر دادەکەون. لێرەدا ئەوە دەکەوێتە پێش چاو کە ئەگەر یەکسانییێك نەبێت کە خەڵك لە برسییەتی و هەژاری دەربێنێت و هەمووان لە سایەی پەروەردەی دروستدا وەك یەك لە ئایین تێبگەن، نە دەوڵەت دەتوانێت بەباشی کاری خۆی ڕایی بکات، نە ئایینیش بۆی دەکرێت پەیامە ئاسمانییەکەی دروست بە خەڵك بگەیەنێت.

پەروەردە یەکەم هەنگاوی سەرەکییە بۆ هەموو شتێك. ئەگەر تاك بە ڕەوشتێکی جوان و دروست پەروەردە بکرێت شیرازەی بنەماڵە پتەوتر دەردێت و ئەم بناغە پتەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگەیکی ساغ و سەلامەت کە هەرکەس لە ئاستی خۆیەوە لەمەڕ هەرشتێك هەست بە بەرپرسایەتی دەکات، کە دەتوانێت بارێك لە ئەستۆی کۆمەڵ سووك بکات و قازانجێکی بۆ خۆی و دەوروپشتی هەبێت چ لە باری مادی و چ لە باری مەعنەوییەوە. بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کەسێك پەروەردەی دروستی نەبێت ناتوانێت ئایینی باش هەڵبژێرێت و بەڕێوەی ببات؛ چونکە خەڵکانی لابەلایی ئایین وەك هەلێك دەقۆزنەوە بۆ گەیشتن بە

ئامانجەکانیان. ئەم شێوازە ڕەنگە بکەوێتە ژێر ڕەخنە، بەڵام لە زۆربەی ئایینـەکانـدا خودی خۆیان زۆر جەختیان لە سەر پەروەردەی تاك کردووە هەر بۆیـە کـەسـانێك کەوا بە دڵ بەرەو شتێك دەڕۆن ڕێكوپێکتر بەجێی دەهێـنن هـەتـا ئـەوانـەی کـە دووڕووانە لێی دەنەون.

لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە دەروونی پاك و خاوێن[١] دەبێتە هـۆی ئـەوە کـە باشتر زانست و حیکمەت فێر ببیت یانی ئـەگـەر ڕەوشـت و ڕێگـەیـەکـی باشـت نەبێت، لە زانین و زانیاریش دووری، ئەمـەش خـۆی دەبێتـە هـۆی دواکـەوتـن و تێنەگەیشتن کە تەنها بواری ئایینی لە خۆ ناگرێت بەڵکوو تـاك دەبێتـە کـەسـێکی سەرباری کۆمەڵ کە ڕێسا حکوومییەکانیش جێبەجێ ناکات یان بۆ مەرامی خـۆی کەڵکیان لێ دەگرێت. ئەگەر ئامۆژگارییە ئایینییەکان باش بەڕێوە ببرێت کۆمەڵگـە دەتوانێت ساتێك بحەسێتەوە، بەڵام بـەداخـەوە هـەمیشـە سـێبەری بـەرژەوەنـدی هەندێ کەس وەك مۆتەکە وا بەسەریەوە کـە ئـەمـەش دەتوانێـت لـە پـەروەدەی نادروست خراپتر بێت. هەموو خاوەنڕاکـان و ئـەوانـەی کـە هزرێکـی[٢] تایبـەت و سەرنجڕاکێشیان هەبووە لە نێو کۆمـەڵگـەدا، هـەرکـام بـە شـێوازێك بـەرنامـەیـان داڕشتووە هەتا مرۆڤایەتی بکەن بە میراتی ڕاسـتەقینـەی مـرۆڤ، بـەڵام کێشـەی سەرەکی ئەوەیە ئەم هەنگاوە ڕیشەیی نییە چونکە لەڕاستیدا نەتـەوەیـك دەتوانێـت سەرکەوێت کە بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگە واتە ڕەگەزی مێینە وەك خاوەن مافێك هەڵس‌وکەوتی لەگەڵ بکرێت نە وەك ئامێرێ، چونکە بەڕاستی پەروەردەی کۆمـەڵ بەتایبەت چینی سەردەست واتە ڕەگەزی نێرینـە لـە ژێـر دەسـتی ژندایـە، بـەس بەداخەوە لە زۆربەی ئایینەکاندا یاسایەکی باش بەرانبەر بە ئافرەت دانەڕێژراوە یـان ئەگەریش هەبێت بەجوانی بەڕێوەی نابـەن؛ چونکـە بـەزۆری پێشـڕەوانـی ئـایینی پیاون نە ژن، ئەم تێڕوانینە خراپە بەرانبەر بە نیوێك لە کۆمەڵ دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەشێك ببن بە ژێردەستی بەشێکی دیکە یانی ژیانێکی ناهاوسەنگ بە کێشێکی

---

١. تزکیە نفس

٢. کۆنەستێک

یەکسان. ئەم بان و خوارە بێ یاس و ڕێسایە لە زۆربەی کاتدا پـەتـی کێشـانەیـان لێك دەپچڕێت، بەڵام هێزی باڵادەست بۆ پاساودانی هـەمیشـە یاسـایەك لـە ئـایین دادەتاشێت و دەیکات بە دەسپێچکی دەستی و ئەم فڕوفێڵەش دەبێتە هـۆی ئـەوە کە ئایین بکەوێتە ژێر ڕەخنەوە.

بە هەر شێوە و شێوازێ لە سەری بڕۆین و شیکاری بۆ یاسـا و ڕێسـای ئـایین بکەین بە شتێك دەگەین کە ئەوە پیشان دەدات ئایین بـەرنامـەیـەکـی یـەکسـانە، بەڵام هەموو کەس بە یەکسانی وەری‌ناگرێت؛ چونکە هەندێ شت کاریگـەرن لـەم بوارەدا. مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی خاوەن ئەقڵ و ئاوەز لە هەموو کـون و قـوژبنێکی ژیان جێگە دەستی هەیە، بە هزر و کۆنەستی جیاوازەوە دنیای بەرەو پێگەیشتن و تێگەیشتن لێخوڕیوە، بەڵام جیاوازییەکە لە جۆری تێگەیشتنەکەدا باندۆری هەبـووە هەر بۆیە جیاوازی ڕا و بۆچوون بەدرێژایی مێژوو چەندان دنیای هـزری جیـاوازی پێکهێناوە؛ ئەم لێكترازانە فیکرییە گەرچی خۆی لە خۆیدا بازنەی ئیرادە و ئـازادی مرۆڤ پیشان دەدات، بەڵام هەندێ جار خراپ تێگەیشتن لەم پێگەیشتنە فیکرییـە سووتمانی ئاوری شەڕی پێك دەهێنـا. ڕەنگـە زۆر کـەس بڵـێن دنیـای بـێ ئـایین باشترین دنیا دەبوو، بەڵام بە ڕای من مرۆڤ قەد ناتوانێت بـێ بـڕوا بێـت ئـەگـەر بڕوای بە خودایش نەبێت هەر خاوەن ڕایە چونکە مـرۆڤ خـاوەنـی ئـەقـڵ و بیـر کردنەوەیە هەر بۆیە ئەگەر بڕوای بە یەزدانی بێ هاوتا نەبێت هەر بڕوای بە یاسای سروشتی هەیە کە ئەمەش لە ئەساسدا ڕیشەی ئایینە چونکە خودی ئایینەکان لـە سەرەتادا سروشتی بوون و بەرەبەرە زەینی مرۆڤیان بۆ ئایینی ئاسمانی ئامادە کـرد. لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم مرۆڤی بێ بڕوا نەبووە و نابێت، بەڵام ئایینی یەکدەسـت وە بێ دوور کەوتن لە بنەماکان، هەروەها ڕەخسانی زەمینەی لەبار بۆ تێگەیشـتنی یەکسان لە دەقە ئایینییەکان دەتوانێت ژیانی ئـایینی لـە ئـەمـە خۆشـتر بکـات و ئایینیش لە ئاوری شەڕ و دووبەرەکی دوور بخاتەوە.

## کات و شوێنی ژیانی زەڕدەشت

سەبارەت بەم بابەتە بەهۆی لە نێوچوونی نووسراوەکانی پێوەندیدار پێـوە بەتایبـەت پاش هێرشی ئەسکەندەر و عەرەبەکان وە هەروەها لـە نێوچـوونی پـەرتووکخانـەی ئێرانییەکان سەرچاوەیەکی پتەو و باوەڕپێکراو نییە کە بەپێی ئەو ژێدەرە لە کـات و شوێنی ژیانی زەڕدەشت بکۆڵینەوە، بەڵام لـە ڕابـردوودا هـەنـدێك لـە تـوێژەران بڕوایان وەها بوو کە زەڕدەشت نزیك بە شەش‌سەد هەتا هەزار سـاڵ پـێش زایـین دەژیا، بەڵام زێد و شوێنی ژیانی هێشتا ڕوون نییە. هەندێ لە مێژوونووسان پێیـان وایە لە یەکێك لە شارەکانی خوەراسان وەك نەیشابوور، یان بەڵخ و هەراتـدا ژیـاوە، کەچی ئاوێستا ئاوەها دەڵێت چونکە مۆغەکان و سەوداکـارە ئایینییـەکان بـەدووی کەوتن بە ناچاری زێدی خۆی بەجێ هێشت و پەنای بردە بەر یەکێك لە پاشاکانی ئەو کاتە یانی ویشتاسپ[1]. پاش ماوەیەك توانی پاشاکە بێنێتـە سـەر بیـر و بـڕوای خۆی و بیکات بە پشتیوانێك بۆ بانگەوازەکەی (جان بایرنـاس، ل. ٤٥٣). هـەڵبـەت ئەو جۆرە کە مێری بۆیس دەڵێت لە پێشدا ئاتووسا ژنـی ویشتاسـپ ڕۆیشـتە پـاڵ زەڕدەشت. پاشان مێردەکەی بەهۆی ئەوەوە چووە سەر ئەو ئایینـە، ئـەم ژنـە کـە ناوی لە ئاوێستاشدا هاتووە لە یەشتەکاندا لە ستایشی ئەم بانووەدا وتـراوە کـە بـە دڵێکی خاوێن و دروست بڕوای هێنا بە ئایینی مەزدایی و باش لێی تێدەگەیشـت. ڕەنگە هۆکاری دڵئەسپاردنی ئاتووسا بە ئامۆژگارییەکانی زەڕدەشـت ئـەوە بووبێـت کە زەڕدەشت بە ژنان ئومێدی ڕزگاری ئەو دنیـای دەدا و بـەختـەوەری هـەر دوو

---

[1]. گەشتاسپ

دنیای لەگەڵ پیاودا یەکسان دەزانی، هەڵبەت بڕوا پەیدا کردنی ئەو ئافرەتە هەر هۆکارێکی بووبێت خۆی بوو بەهۆی ئەوە کەوا مێردەکەی پشتی زەڕدەشت بگرێت و ئیدی تەواوی هۆزەکانی گەشتاسپ ئایینەکەی قبووڵ بکەن و بەردی بناغەی یەکەم کۆمەڵگەی زەڕدەشتی دابنێن (مێری بۆیس، ل. ١٥٣و١٥٤). دەمباسەکانی پاش‌تری سەدەی ناوەڕاست بەزۆری هاوڕان کە زەڕدەشت لە خەڵکی ماد بووە، بەڵام سەبارەت بە ویشتاسپ پاشا کە پشتیوانی بزاڤە ئایینییەکەی ئەوی کرد لە بەڵخ بووە یان بزووتنەوەکەی لە ڕۆژهەڵاتدا ئەنجام داوە جێگەی پرسیارە، بەس زێدی زەڕدەشتیان لە لایەکەوە بە ئاترۆپاتگان و هەندێ جاریش بە ڕەی یان ڕێگایان[1] زانیوە؛ بۆ نموونە زۆربەی مێژوونووسە موسڵمانەکان وەك «ئیبن‌خوردادبێه» ٢١١ـ٣٠٠ کۆچی مانگی، مەسعوودی ٣٤٦ زایینی، ئیبنولفەقیه، یاقوت حەمەوی، تەبەری، قەزوینی، شەهرستانی و هەروەها حەمزەی ئیسفەهانی و ئیبن ئەسیر بە خەڵکی تاترۆپاتێن بەتایبەت بە ئورمیەوە گرێی دەدەن. تەنانەت لە ئاوێستا یەسنی ١٨ و ١٩ دەمباسگەلێ هەن کە خودی زەڕدەشت یان جێگرەکەی فەرمانڕەوای ڕەی بوونە؛ هەڵبەت پێدەچێت تیرەیەکی مۆغەکان لە ڕەیدا ژیابێتن. هەروەها لە دەمباسەکانی سەدەی ناوەڕاستدا ئاوەها هاتووە کە وشەی ڕۆژهەڵات لە ئاوێستادا نییە و تەنها جارێك هاتووە و ئەویش لە فەرگەردی ئەوەڵی ویدودات؛ کە لەوێدا باس لە وڵاتانی گوێڕایەڵی ئایینی زەڕدەشت کراوە. ئێستاکە ئەو خاڵە دەتوانین بسەلمێنین کە فەرگەردی ناوبراوی ویدودات لە سەرەتای پاشایەتی پارتەکان نووسراوە و ئەو شوێنانە کەوا لە نێویا باس کراوە بەڕواڵەت هەمان هەرێم‌گەلی وڵاتی پارتن کە لە باختەر یان ڕۆژهەڵاتە[2] دارمێس‌تتێر بڕوای وایە کە ئاوێستا بە زمانی مادی نووسراوە، بەڵام بێ‌گومان زمانی مادەکان و پارسەکان لە کۆندا تا ڕادەیەك وەك یەك بوونە و جیاوازییێکی گچکەیان هەبووە تا ئەو ڕادەیە لە سەردەمی ئێسترابۆندا ئەوان بەباشی لە زمانی

---

١. لە ڕۆژهەڵاتی هەرێمی میدیا

٢. لە وشەی کۆنی باخووری «Bâxûri» باختەر گیراوە.

یەکتر تێدەگەیشتن. دکتۆر حەسەنی پیرنیا لە پەرتووکی «ئێرانی پێش ئیسلام»دا دەنووسێت: گومان و گریمانەی هەرە بەهێز ئەوەیە کە میدییەکان بە زمانی ئاوێستایی ئاخاوتوون، بەڵام بۆ تەواوی هەرێمەکان بووبێت یان نە، ئەوە زۆر ڕوون نییە. بەس ڕوانینێکی دیکە سەبارەت بە زمانی کوردی هەیە ئەویش لە شەرەفنامە[٣]دا هاتووە کە وەها دەردەکەوێت کەوا گۆتییەکان لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی ئاشوورەکاندا سەربەستییێکی سیاسییان پێکەوە نا، بەڵام پاش تێکچوونی نەینەوا لەگەڵ میدییەکان بوونە یەك. میدییەکان واتە باپیرانی کوردە شەڕکەرەکان دەستیان گەیشتە باشوور و فارس و خۆزستانیان داگیر کرد چونکە ئەو ژیارەی لە کرماشان و هەمەداندا هەبووە بەتەواوی لە هی گۆتییەکانی باکوور دەچێت کە لە کاردۆکیا دایانمەزراند. ئاسەواری کەونارا وەها پیشان دەدات کە وشەی گۆدەرز واتا گەورەی گۆتۆ کە هۆزی کەلوڕ خۆیان بە تۆرەمەی ئەو دەزانن، هەروەها کوردی ڕۆژهەڵات و باشووریش پێیان وایە دەچنەوە سەر گۆدەرزی کوڕی گیۆ کە گیۆش کوڕێکی هەبووە بە ناوی ڕەحام کە بەهمەنی کەیانی ناردییە سەر ئۆرشەلیم و جوولەکەی دیل کرد کە ئەو ڕەحامە لای عارەبان بە بەختونەسر ناسراوە، ئیدی ڕەحام لە سەر تەخت دانیشت و نەوە و نەتەوەی بە گۆران ناوبانگیان دەرکرد. جا بە هەر بارێکدا بێت کورد بە هەر چوار لکیەوە واتە کرمانج، گۆران، لوڕ و کەلوڕ لەو گەلانەی دێرینی ئارین کە ژیاری یەکەمی ئێرانیان دارشت، لە ئەکباتانی پێتەختەوە هەتا دیجلە و فورات و خوارووی کەنداوی فارس کەوتە ژێر ڕکێفییان و زمانی ئیمپراتۆری واتە کوردی بوو بە زمانی گشتی و ناوی پەهلەوی لێنرا؛ واتا زمانی پاڵەوانەکان و ئەمەش هەر مانای گۆتۆ و کاردۆ دەگرێتەوە؛ کوردی شانامەش هەر بە مانای ئازایە.

زمانی پەهلەوی ماکەی ئەم زمانەی کوردی ئێستایە کە بوەتە زاراوەی کرمانجی و گۆرانی و لوڕی و کەلوڕی، لوڕیش لەوانی دیکە لە پالەوی نزیکترە؛

---

**٣.** لە لاپەڕەی ٨٢ هەتا ٨٥ پەرتووکی شەرەفنامەدا محەممەد عەلی عەونی باسی کردووە(بەشی دەسپێک )

چونکە لۆڕ کەمتر تخوونی کلدان و ئاشوور کەوتن. کەڵوڕی و ئەوجار گۆرانی و لـە پاشان کرمانجی زۆریان ئاشووری و کلدانی تێکەڵ بووە چونکە دراوسێی یـەکـدی بوون.

هەڵبەت هەندێ لە زاناکانی یۆنان تەنها بە ڕۆژهەڵاتی ئێـران واتـا خۆراسـان و ئەفغانیان دەگوت ئاریانە؛ بەڵام باوکی مێژوو کە هێرۆدۆتە لە سەر ئەوە سوورە کـە ڕۆژهەڵات و خۆرنشینی ئێران هەمووی مەڵبەندی ئاریانەیـە و خـەڵکـی میـدیاش بێگومان ئارین. کۆنترین زمانی ئاریانە زەند و پەهلەوانە، زەند یان زەندئاوێستا کـە زمانی پیرۆزی مەجووسانە و زمانی کەونی ئێرانیانە، لەگەڵ سانسـکریتدا کـە هـی هێندۆکانە خزمایەتـی هـەیـە و زۆر وشـەی ئـەو دوو زمانـە لـە ڕیشـەدا یـەکتـر دەگرنەوە.

زمانی پەهلەوی واتا زمانی پاڵەوان و شەڕکەران خۆیا دەکا لە عێراقی عەجەم و میدیای گەورە و پەرت یان فارسدا زۆر بـە بـرەو بووبێـت و لـە کۆشـك و دیـوانی پادشایانی بنیچەی کوورشدا هـەر زمـانی پەهلـەوی دەکـار هێنـراوە. ئـەگـەرچـی پەهلەوی گەلێك وشەی کلدان و ئاشوورانیشـی تێخـزاوە، بـەڵام هـەر لـە مێـژەوە ئاوێستای زەڕدەشت لە زەندەوە کراوە بە پەهلەوی. نووسینی دەورەی ساسانیش بە زمانی پەهلەوی ماوەتەوە. ئەمەش بەڵگەیە کـە لـە زەمـانی ساسـانیدا هـەر زمـانی دیوان بووە، بەڵام لە نێوان ساڵانی ٢١١ هەتاکوو ٦٣٢ زایینی وا دیـارە خۆیـان لـە پەهلەوی نەبان کردووە و لە برەویان خستووە، لـەوسـاوە ڕوویـان کـردە چیاکـانی فارس و بە فەرمانی پادشا زمانیان کرا بە جێنشینی زەند و پەهلەوی، چونکـە لـە هەردوویان ئاسانتر بوو. شێعرێك لەم بارەوە هـەیـە کـە جـودایی زمـانی پالـەوی و پارسی ڕوون دەکاتەوە:

خوێندن و نووسین فێری خەسـرەو کـرا ... چرای دڵی بە تیشکی زانست هەڵکرا
نە جـۆرێ نووسـین بـەڵکوو نزیـك سـی ... لە ڕۆمی و تازی هەتاکوو پارسـی
لە سۆغەدی و چینی، ڕێچکـەی پالـەوی ... لە هەر جۆر کەوا ئـەتۆ دەژنـەوی

کاتێك عەرەب لە سەدەی حەوتەمدا دەستیان بە سەر ئێراندا گرت و حکوومەتەکەیان ڕووخاند زمانەکەشیان لە برەو خست و هەتاکوو ٩٧٧ زایینی خایاند. ئینجا دەیلەمییەکان لێبڕان زمانەکەیان زیندوو بکەنەوە و برەوی پێ بدەن، بەڵام فارسییەکە بە تێخزانی وشەی عەرەب زۆر گۆڕابوو. ئیدی بوێژان و نووسەران تێکەوتن لە زەند و لە پەهلەوی[1] و لە فارسییە تێکەڵاوەکەیان زاراوەیەکی ئاسان و دەوڵەمەند و ڕەوانیان پێکەوەنا و ناویان نا فارسی تازە، کە ئێستا لە وڵاتی عەجەمدا باوە و فارسییە کۆنەکەش لە سایەی شانامەدا مایەوە و لە ناو نەچوو.

لە پوختەی ئەم باسانەدا دەردەکەوێت کە کورد یەکێکە لە گەلانی ئێرانی کۆن کە یەکەم ژیاری دامەزراند و لە سەندەوە ڕۆژهەڵاتی بە دەستەوە بووە و بەرەو خۆرنشین هاتووە و هەتا دیجلە و فۆراتی داگرتووە. زمانە کوردییەکەشی کە پەهلەوی بووە لە هەموو ئیمپراتۆری ئێراندا کە ئەسکەندەر تێکیدا برەوی هەبووە، لە پاشان وردە پاشای زۆر هاتنە سەرکار و لە مێژووی فارس بە ئەشکانییەکان ناو دەبرێن؛ ئەوانیش سەرێك لە سەر سەرداری هەموو ئێران دەستوپەنجەیان نەرم کرد و بە گژ یەکتردا ڕاچوون. هەتاکوو لە ئەنجامدا پادشای مەڵبەندی فارس هەموو وردە پاشاکانی تێكشکاند و ئیمپراتۆریەتی دووهەمی ئێرانی دامەزراند و ناوی ساسانی لێنا، ئیدی وشەی فارس لەو ساوە لەگەڵ ئێران شان بە شان هات؛ ئەگەرچی فارس لە دەسەڵاتداریدا خاوەن ڕەگە، بەڵام ئەوە کوردەکان بوون کە ڕێگەیان بۆ ئەوان ڕوون کردەوە.

پاش هێرشی ئەسکەندەر بۆ سەر دارا و گرتنی وڵاتەکەی، پەرتووکی ئاوێستا کە لە پەرسگەی شاپیگان بوو سووتێنرا. پاش ئەو کارەساتە یەکەم هەنگاو بۆ زیندووکردنەوەی ئاوێستا لە دەورەی وەلەخشدا[2] هەڵگیرا، پاشان لە سەردەمی ئەردەشیری بابەکان (٢٢٦ـ٢٤٠ زایینی)دا ڕوونووسێکی نوێ لە سەری ئەنجام درا هەتاکوو ئەوەی کە لە دەورەی شاپووری دووهەم (٣١٠ـ٣٧٩ زایینی)دا ڕێسا و

١. کوردی کەون

٢. بەلاشی یەکەم سەدەی یەکەمی زایینی

ڕێچکەی ئاوێستا بە شێوەی تۆکمە و تەواو نووسرا. بەڵام پەسەندکردن و نووسینی کۆتایی ئەم پەرتووکە لە ژێر چاودێری مۆغەکانی ئاترۆپاتندا بە ئـەنجـام گـەیشـت. ئەم شیکارییانە خۆی پیشاندەری ئەوەیە کە لـە هـەر سـەردەمێـك بـەپێی دۆخـی ڕۆژگار بابەتی پێویست بە دەقی سەرەکی ئاوێستا زیاد کراوە. بۆ نموونە، لە یاسـای زەرەدەشتیدا ناشتنی مردوو لە خاکدا کارێکی دروست نەبوو؛ چونکە بڕوایـان وابـوو خاك پیس دەکات هەر بۆیە لە پێشـدا دەبوایـە مـەل و پـەلـەوەر گۆشـتەکـەیـان بخواردایە، ئینجا لە گۆڕیان دەنا. بەڵام ئەم نەریتە لە سەردەمی هەخامـەنشـەکانـدا پێچەوانە بـوو چونکـە تـەنانـەت خـودی پاشـاکانیش زۆربـەی ژیانیـان تـەرخـانی دروستکردنی گۆڕی خۆیان یـان قوربـانی کردنـی ئـاژەڵ و هتـد دەکـرد، ئەمانـە جۆرێ زیادکردن بوو کە هاتە نێو یاسـا و ڕێسـای زەرەدەشـتی. دیـاکۆنۆف دەڵێـت هەڵسەنگاندنی ئێمە سەبارەت بـە ئایینـەکـانی هـەزارەی یـەکـەمـی پـێش زایـین گرتەیەکە لە دەق و وێنە و ناوە ئاشوورییەکان. سـەبـارەت بـە شـێوەی خوداکـانی مانـنـایی تـا ڕادەیـەك دەکرێـت لـە ڕووی مـەفـرەقـەکـانی لۆڕسـتان و وێنـە هەڵکەنراوەکانی سەر شتە دۆزراوەکانی زیویە هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین، ئەگـەرچـی ئەوانەی لۆڕستان پێدەچێت پێوەندییان لەگەڵ ئاوێستادا هەبێت، بەڵام تێکڕای ئەو بەڵگانە پیشان دەدەن کە ئایینی وڵاتانی ڕۆژئـاوای میـدیای کـۆن زۆرتـر لـەگـەڵ ئایینی هوورییەکان و تا ڕادەیەك ئاشوورییەکان یەکدەست بووە؛ بەتایبـەت وێنـە و پەیکەری سەرسووڕهێنەری تێکەڵ لە مرۆڤ و ئاژەڵ وە هەروەها شتی ترسـێنەری باڵدار و ئاژەڵی خەیاڵی بە جەستەی شێر و باڵی هەڵـۆ و سـەری واشـەوە[1] کـە لـە دیرۆکی هوورییەکاندا زۆر باو بووە و لە تایبەتمەندییەکانی ئەو ئایینە دەژمێـردران. پاشان هەر ئەو پەیکەرە سەرنجڕاکێشانە لە وێنە بەردینـەکـانی هەخامەنشـیدا وەك هێمای دێوەکان پێناسە دەکـرا. ئـەگـەر هـەنـدێ لـەو پـەیکـەر و وێنـەگـەلـەی ئوستوورەکانی لۆڕستان نزدیك بە ناوەڕۆکی ئاوێستا بزانین نابێت ئەوە لـە بـەرچـاو نەگرین کە داڕشتنی ئایینی ئاوێستایی دوور نەبووە لە ڕەخنە و کاریگەری ئـایینی

١. گریفۆن، لاماسۆ

پێشووی دانیشتووانی بانەکانی ئێران؛ بۆ نموونە، ڕێزگرتن لە سەگ - کە لە تایبەتمەندی ئاوێستایە - نەریتێکە کە لە نێوان هۆزەکانی کاسپی و ئالبانی یان هەڵوانی بڕەوی هەبووە؛ ئەگەرچی لە زەڕدەشتیشدا کاتێك کەسێك دەمرد دەبوایە تەرمەکەی بخرایەتە بەردەم سەگێکی ڕەش هەتا بۆنی بکات. یان ئەوەی کە تەرمی مردوو بخەنە بەردەم مەل و پەلەوەر داب‌ونەریتی کاسپینەکان بووە، بەڵام بێ‌گومان وێنە و پەیکەری ماننایی و لۆڕستانی لەگەڵ ئامۆژگارییەکانی مەزدا و زەڕدەشتیدا پێوەندی نییە.

ئایینی کاسییەکان و بابلییەکان تا ڕادەیەك لە قووڵایی خاکی میدیا ڕەخنەی کرد؛ بۆ نموونە، یەکێك لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکانی میدیا خانەی ئیشتاری[١] ناو بوو کە بە وتەی هێرۆدۆت پاشان ئەمەیان لەگەڵ ئاناهیتای ئاوێستایی بە یەکێك زانی. لە ناوەندی میدیا نزدیك بە ئەکباتان، ئاشوورییەکان لە مەودای بەرەوپێش‌چوونی خۆیان نەتەنیا بە بابلییەکان گەیشتن؛ بەڵکوو پەرستشی مەردووکیان بینی کە ئەم ئیزەدانە بە ناوی شێخۆی کاسییەوە دەناسران، لە مادی ڕۆژئاواشدا فەرمانڕەواکان نازناویان شێخۆ بووە.

هێرۆدۆت سەبارەت بە ئایینی میدییەکان زانیاری ئەوتۆ ناخاتە ڕوو، تەنها بەکورتی مۆغەکان وەك چینی پێشگۆ و کاهنی ماد دەناسێنێت. بەڵام ئەو دەڵێت کە داب‌ونەریتی مۆغەکان لەگەڵ هی پارسییەکاندا جیاواز بوونە؛ تەنانەت ئەو مۆغەکان وەك هۆزێکی میدیایی ناو دەبات. هەر پاش ئەمان لە سەردەمی ئەسکەندەر بە دواوە تەواوی هۆزە کەونەکان و سەیداکانی ئایینی بە مۆغ دەناسن. لە دەورەی ساسانیشدا ڕۆمی و یۆنانییەکان خزمەتکارانی ئایینی زەڕدەشتی و ئایینزای زەروانی و تەواوی ڕێچکە ئایینییەکان کە پێوەندییان لەگەڵ زەڕدەشتیدا هەبوو بە مۆغیان دادەنان. لە سەردەمی ئیسلامیشدا وشەی مۆغ بەرانبەر کرا لەگەڵ ئاورپەرستی و شوێن‌کەوتوانی زەڕدەشتی، بەڵام لەڕواڵەتدا بۆچوونێ کە لەوانی دیکە بەڕاستی نزدیکتر بێت ڕای هێرۆدۆتە کە مۆغەکانی بە هۆزێکی میدی

---

١. خودای خێر و بێر و ئەوینی بابلی

دەزانی کە بیر و بڕوا و داب‌ونەریتی ئـاییـنی تایبـەتیـان هـەبـوو. هـەروەها مـاد و پارسییەکان، سەیداکانی خۆیان لە نێو ئەو خەڵکانەدا هەڵدەبژارد.

بە وتەی هێرتێل مۆغەکان کـاهێنی ئـاییـنی کـۆنی دایـك‌پـەرسـتی بوونـە کـە زەردەشت ئەو ئایینەی بە نارەوا دەزانی و دژی وەسـتایەوە، بـەڵام پاشـان بـەهۆی پێشکەوتنی زەردەشتییەوە ئەمانیش هاتنە ڕیزی ئایینی نوێ بۆ ئـەوەی کـە بیـر و بڕوای خۆیان داڕێژنە نێو ئایینی زەردەشتی و لـە نـاوەڕۆکـەوە تێکـی بـدەن. ئـەو دەڵێت هەرچی لە زەردەشتیدا ناشیرین و ناڕاسـتە هـزری دزەکـراوی مۆغـەکانـە. هەڵبەت وشەی مۆغ لە ئاوێستادا نەهاتووە، بەڵام لە سەردەمی زێڕینی زەردەشـتی واتە ساسانی وشەی مەگۆپەت یان موووبەد جێگەی مـۆغی گرتـەوە. بـە ڕای مـن تەنانەت لە بەشەکانی دیکەی ئاوێستاشدا ناوێك لەو شوێنە کـەوا زەردەشـت تێیـدا چالاکی کردووە نەهاتووە، تەنها پشتیان بە بەڵگە ناڕوونەکـانی گاتاکـان بـەسـتووە. بەڵام هەروەها کە وتمان لەو ژێدەرانە هـیچ بابـەتێکـی ڕوون دەسـت ناکـەوێـت، چونکە مێژووی ئیمپراتۆرییـە گـەورەکـانی مـاد و هـەخامـەنشـی بیـرەوەری وردە دەوڵەتەکانی کۆنیان لە بیر خەڵك بردبووەوە؛ هەر بۆیە تەواوی ناوەندە ئایینییەکـان لە سەدەی شەش هەتا یەکی پێش زایین تێدەکۆشان کە شوێنی براقی زەردەشـت بۆ خۆیان قۆرخ بکەن؛ گرنگترین ناوەنـدی گـەورە بریتـی بـوون لـە ڕۆژهـەڵات و ئاترۆپاتێن.

شایانی باسە کە بڵێین زمـانی ئاوێسـتایی و زاراوەی گاتاکـان زمـانی میـدیایی نییە. یان زمانی هۆزی مۆغەکان لەگەڵ هۆزە میدییەکانی دیکەدا یـەکێـك نـەبـووە یان زمانی ئاوێستایی زمانی هۆزی مۆغەکان نەبووە؛ بەڵکوو یەکێك لـە زمانـەکـانی ئاسیای ناوین بووە. ئەگەر زاراوەی گاتاکان زمانی دایکـی زەردەشـت بـووە دەبێـت بزانین کە ڕەنگە خەڵکی ئەو وڵاتە نەبووبێت کە تێیدا خەبـاتی دەکـرد. بـەڵام ڕای هێرتێل لە سەر ئەوەی کە مۆغەکان دایك‌پەرست بوونە و هـەروەهاش کـە وڵاتـی میدیا لە ژێر کاریگەری ئیشتاردا بووە پێـدەچێـت ئـاییـنی ئـەو کاتـەی مـادەکـان پەرستنی ئیزەدبانووەکانی خۆماڵی بووبێت یان شتێك وەك میتـرا کـە زۆر ناسـراوە.

بەڵام بۆچی زەرەدەشت دژی ئەو بیر و بڕوایە وەستاوە؟ بە وتەی هێرۆدۆت مێژوونووسی یۆنانی لە پەرتووکی یەکەم بەندی سەدوسیویەکدا دەڵێت ئایینی ئێرانییەکان لەو کاتەدا ـ واتە دوای زەرەدەشت ـ یەکتاپەرستی بووە و زۆر ڕقیان لە بوتپەرستی بووە. بەم شێوەیە هۆکاری شۆڕشی ئەو دژی ئیزەدبانووەکان و میترا کە ئایینی ئێرانییەکان بوو، ڕوونە؛ چونکە لە ئایینی میتراییدا بە وجوودی خودا نەگەیشتبوون و هەروەها قوربانیکردنی ئاژەڵەکان کە بۆیان وەك نەریتێك بوو و لە لایەکی دیکەوە خواردنەوەی سەرخۆشکەری هائومە[1] کە مرۆڤی لە بیرکردنەوەی باش دوور دەخستەوە، جێگای پەسەندی زەرەدەشت نەبوو. شتێکی دیکەش کە ئەم ئایینگەلەی لە بوتپەرستی نزدیك کردووە دروستکردنی پەیکەر بووە بۆ ئیزەدەکان کە لە فەلسەفەی مەزدایيدا ناگونجێت. بەو بۆنەوە زەرەدەشت دژی ئەو بیر و بڕوایە خەباتی کرد و ئەوانیش خۆیان پێ نەگیرا و لە هەرێمەکە دووریان خستەوە.

ئەگەرچی سەبارەت بە زێدی زەرەدەشت ئەفسانە و وتەی ناڕاست بەزۆری پەلکێشی لاپەڕەکانی مێژوو کراوە، بەس هۆکاری سەرهەڵدانی ئاوەها بارودۆخێك کزیی زانست و زانیاری بووە؛ بەڵام ناکرێت پشت لەم باسە بکەین، چونکە زەرەدەشت لە سەردەمێکدا دەژیا کە ئەیرییەکان[2] واتە نزدیکانی زەرەدەشت لە چۆڵگەکانی ئاسیای ناوەڕاست دەژیان و وڵاتی خۆیان بە ناوی «ئەیری یەنە وێجەی نهۆی دەیتیە» دەناسی کە پاشان ئەم ناوە کورت کرایەوە بە «ئەیری یەنە وێج» یان «ئێران ویج»، ئیدی پاش کۆچکردنیان بۆ ناوچەکانی باشوور، لە وڵاتی کۆنی خۆیان بەو ناوەی پێشوو یادیان دەکرد، بەڵام ئەو وڵاتە بۆ خەڵکانی دیکە نامۆ بوو ئیدی

---

١. هێئوومی پالەوی یان سوومەی ودایی کە ئەمڕۆکە ڕووەکی ئێفێدرا جێگەی گرتووە. سەبارەت بە هێئووم ناوی زۆرتر لە سەد ڕووەک پێشنیار کراوە بۆ نموونە ئێفێدرا، ترێ، شادانە، ڕێواس، هارمالین، جینسینگ و هتد، بەڵام ڕابێرت واسن دەڵێت ئەمە جۆرێک قارچکی ئامانیت بووە کە مرۆڤی بەنگ دەکرد و شەمەنگەلی سیبری زۆر دەیانخوارد، بەڵام هەندێ لە زاناکان ئێژن ئەم کارگە سوورە، کەچی بە ڕەنگی کەسک و زەرد باس کراوە. مێری بۆیس بڕوای وایە کە زەرەدەشت تەواو نەریتی هێئوومەی بە ناپەسەند نەزانیوە.

٢-Airyas

هێدیهێدی بۆ خۆشیان وەك چوارچێوەیەكی دیاریكراوی جـوگرافی، واتـای خـۆی لەدەستدا و تەنها ئاراستەی جوگرافی باكوور لە نێوانیان وەك نەریتێ مایەوە. ئەم نـاوە لە دەقەكانی ئاوێستا كە كەڵكی بڕوایی و ئیمانییان هەیە بەدەگمـەن دەردەكـەوێـت، بەڵام لە سپێندنەسك[١] كە ئەفسانەی ژیانی زەڕدەشت دەهۆنێتەوە و لە نـەسـكەكـانی دیكەی ئاوێستادا كە سەبارەت بە جیهان و ئافراندنی باس دەكـات بـەزۆری بـەرچـاو دەكەوێت، بێجگە لە ئێرە لە زەندیشدا باسی لێكراوە. لە دەقەكـانی ئاوێسـتای نوێـدا ڕوون كراوەتەوە كە «دەیتیە» بە پاڵـەوی دەیتـی، ڕۆبارێـك بـووە و «وێجـە»ی ئـەو پارچە زەمینە بووە بە لافاوی كاتی ئاوی ڕۆبارەكە ئاودێری دەكرا، هەڵبـەت هـەر لـە ئاوێستادا باسكراوە كە زەڕدەشت لە «ئەیری یەنە وێجە»دا ناودار بووە.

بەگوێرەی وەندیدادی ئاوێستا كاتێ كە ڕەوانی ناپاك بیری لە هێـرشكـردن بـۆ سەر زەڕدەشت دەكردەوە ئەو بە گاوگەردوونكردن بۆ ئـاوە ڕەوانـەكـانی دەیتییـە خۆی ئامادە دەكرد؛ كەچی لە یەشتی پێنجەمدا باس لەوە دەكـات كـە زەڕدەشـت لە «ئەیری یەنە وێجە دەیتی»دا بـۆ خـودای ئـاو و ڕۆبـار (ئاناهیتـا) گاوگـەردوون دەكات. هەر بۆیە ئەو هەرێمە لای زەڕدەشتییەكـان پیـرۆزە و هێـدیهێـدی بۆتـە شوێنێكی ئەفسانەیی كە لە ناوەندی جیهاندایە و لە داوێنیدا كێوی بەرزی «هـەرە بێهرێزەنتی»ە، كەوا لە سەر دوندی چیاكـە هـەتـاو دەسـووڕایەوە و شـەو و ڕۆژی بەدی دەهێنا. بەپێی هەندێ پارچە وەرگێڕاوەی زەند تەواوی چیرۆكەكان، مێـژوو، حەماسەی سەرەتایی ئایینەكە لەوێدا ڕوویداوە، لە ئەویا بووە كـە ئوورمـەزد ژیـانی بە شێوەی تاقە دارێك، پیاوێك و گایەك ئافراند. گاكەی لای ڕاستی ڕۆباری دایتی و پیاوەكەشی لای چەپەوە دانا، كاتێ كە ئەهریمەن گاكـەی كوشـت تـووەكـەی بـۆ خاوێنبوونەوە برا بۆ سەر مانگ؛ ئیدی لەوێوە بە سەر «ئێران ویج»دا ڕژا و پاشـان لە تووی ئەو گایە هەموو ئافرێنراوەكان بەدیهاتن.

لە وەندیداددا كە یەكێك لە بەشەكانی ئاوێستایە هاتووە: من كە ئەهوورامـەزدام باشترین شارەكانم لە ئێرانوێجدا دروست كرد لەگەڵ ڕۆباری دائیتیدا، بەڵام دێـوی

---

١- Spend Nask

ژیان لەو چۆمەدا مار و لە ئێرانویجدا سەرما و سۆڵەی ئافراند. لەو شارەدا دە مانگ زستانە و دوو مانگ هاوینە، لەو دە مانگەدا ئاو و زەمین و گیا و ڕووەك سارد و سڕە و هەموو شتێك لە دڵی زستاندا سەهۆڵ دەیبەستێ. پێدەچێت ئەم بەشەی وەندیداد ئاماژە بە نیشتنگەی سەرەکی ئێرانییەکان بکات کە بەهۆی هەڵکشانی ماوەی ساردی و سەرماوە لە ناوچەکانی خۆیان کۆچیان کرد (ڕەحیم ڕەزازادە مەلەك، ل. ٥٠).

هەڵبەت هەر ئەم بابەتە دکتۆر هاشم ڕەزی باسی کردووە کە بەگوێرەی وەندیداد یان ویدوودات فەرگەردی یەکەم بەندەکانی دوو و سێ هاتووە کە باشترین وڵات کە من ئەهوورامەزدا ئافراندم «ئاریا ویج» خاکی ئارياييەکان بوو کە لە باری کەش‌وهەوا زۆر لەبار بوو، بەڵام ئەهریمەنی مەرگ‌ئافرێن دژی ئەوان مارگەلی گەورە و سەرمای تاقەتپڕووکێنی بەدی هێنا. لەوێدا دە مانگ زستان و دوو مانگ هاوین بوو؛ لەو ماوەدا زەمین و ئاو و هەوا ڕچەی بەست و گیا و گوڵ شین نەدەبوو (هاشم ڕەزی، ل. ٤١).

لە ئاوێستای کۆن یان سەرەکیدا کە لە وتەکانی خودی زەردەشتە ناوێك لە هیچ شوێنێ نەهاتووە، بەڵام لە دوو پارچەی دەنگۆسازی ئاوێستای نوێدا ناوی شوێنگەلێ هاتووە کە هەموویان لە دەڤەری ڕۆژهەڵاتی ئێرانن واتە لە ئاسیای ناوەڕاست، ئەفغانستان و ڕۆژهەڵاتی ئێرانن، بۆ نموونە چیا و دۆڵەکانی جوان و بژوێنی خواریزم و سوغەدی کەون لەو شوێنانەن. هەڵبەت بێجگە لە خواریزم ناوی تەواوی ناوچەکان دووبارە لە یەکەم فەرگەردی وەندیداددا خۆیان پیشان داوە، ئەو فەرگەردە سیاهەی شازدە دەڤەرە کە ئەهوورامەزدا بە جوانترین شێوە ئافراندوویە، بەڵام ئەنگرەمینۆ نەهامەتییێکی خستۆتە سەر شانی هەموویان. پێشتر باس لە پازدە دەڤەری ئاوەدانی «ئێران ویج» دەکرا کە لە سەرەتادا ئایینی زەردەشتی تێدا بڵاو بوویەوە، لە مێهری‌یەشتدا ئەم پازدەیە خرایە سەر ئەو شازدە دەڤەرە؛ بۆ نموونە هەرە وەیتی[1] ئەرخوزیە بۆ یۆنانیەکان، هەتومەنت یان زەرەنگیەنە، سیستانی ئەمڕۆژی

١-Harah vaiti

و هەیتە هێندوو یان پەنجاب. هەڵبەت لە وەندیدادا باسی لە شارێك بە نـاوی ڕەغـە کراوە، بەڵام مێری بۆیس ڕای وایە ئەمـە نابێـت لـەگـەڵ ڕەگـەی میـدیادا یـەکێـك بووبێت.

تەنها وڵاتێ کە لە مێهری یەشتدا هاتووە و لە وەندیدادا باسـی لـێنـەکـراوە، خواریزمە، بەڵام بۆچی ئاوەها وەك مەتەڵێکی لێهاتووە؟ ئەگەرچـی خـەڵکـی پێیـان وابوو خواریزم هەمان «ئێران ویج»ە هەر بۆیە بە ناوە کەونـەکـەی هـاتووە، بـەڵام هیچ بنەمایەکی دروستی نییە.

یۆنانیەکان دوو مێژوویـان سـەبـارەت بـە زەردەشـت پێشـنیار کـردووە کـە لـە سەردەمی هەخامەنشەکاندا ڕێچکەی ئەفلاتوونی، زەمانی زەردەشتیان بۆ پێـنجهـەزار ساڵ پێش شەڕی تێروا(troy) دەگەڕاندەوە یانی بۆ ٦٠٠٠ ساڵ پێش زایین. کـەچـی لە سەردەمی هێلێنیدا واتە یۆنانیخوازی مێژوویێکی دیکە برەوی هـەبـوو؛ ٢٥٨ سـاڵ پێش ئەلکساندر یانی پێش سلووکیەکان و ٥٧٠ پێش زایین. هەڵبـەت بناغـەی ئـەم گومان و بیرۆکەیە چیرۆکێکە کەوا پێدەچێـت هراکلیـدێس پونتیکـوس لـە ئـاخری سەدەی چواری پێش زایین بڵاوی کردبێتەوە کەوا فیساغوورس لەگەڵ زەردەشت لە بابلدا هاوپۆل بوونە، بەڵام ئەرستوخەنووس بە پێدانی پەل و پۆی زیاتر بـەم چیرۆکـە بەرگی ڕاستەقینەی کردە بەری کـە پاشـان لـە سـەدەی دووهـەمـی پـێش زایـین ئاپولودوروس ئەوەی دەرخست کەوا شوێنپێی ئـەو بیـر و بۆچوونـە کـە زەردەشـت ٢٥٨ ساڵ پێش ئەلکساندر بووە دەبێت لێرەدا بیدۆزییـەوە. پاڵـدانی ئـەم مێـژووە بـۆ لای زەردەشت جێگەی بایەخ بووە بۆ ڕووداونووسەکان، ئیدی ئەم ڕێبازە لە ئەنجامـدا بوو بە سەرەتای هەموو بەراوردەکانی ڕووداونووسـی و کتێبـەکـانی پالـەوی کـە زانـا ڕۆژئاواییەکان لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهـەمـدا لـەگـەڵیـا بـەرەوڕوو بـوون، ئەگەرچی زۆر کەس بە دەمەتەقێ لە سەر ئـەم مێـژووە کـات و سـاتی خۆیـان پـڕ کردۆتەوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەمەش وەك گەڤە ناوخۆییەکان بایەخی مێژوویی نـەبـوو. جا کەوایە ڕاستی چییە و ژیانی زەردەشت بۆ کوێ دەگەڕێتەوە؟ ئایـا پـێش کـۆچی ئارياييەکان بوو یان پاش کۆچیان؟ لەڕاستیدا بۆ کام سەردەم دەگەڕێتەوە؟

سەرچاوەی سەرەکی زانیارییەکان سەبارەت بە ژیانی زەرِدەشت ئاوێستایە، بەتایبەت بەشە کۆنەکان کە سروودەی خودی زەرِدەشتن و دەکرێت لەگەڵ پەرتووکی رِیگیوێدا هەڵیسەنگێنین و لە تەنیشت دۆزینەوەکانی ئاسەوارناسەکان و زاناکان داینێین. ئەگەرچی لە سەر زێدی زەرِدەشت زۆر باس و خواس هەیە کە هەندێك بە خەڵکی رِۆژهەڵاتی ئێرانی دادەنێن و هەندێکیش بە میدیایی، بەڵام هەرکەس و لایەنێك بەپێی بەرژەوەندی خۆی ئەم بابەتەی شرۆڤە کردووە. سەرچاوە زمانناسییەکان پێیان وایە ئاوێستای کۆن پێشینەیەکی دووردرێژی هەیە کە هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی لە زمانی وێدایی کۆنترە.

یەکەم زانای رِۆژئاوایی کە لە سەر بنەمای زمانناسی، سروودەکانی گاهانی لەگەڵ رِیگیوێدا هەڵسەنگاند، رِایگەیاند کە رِۆژگاری زەرِدەشت ناکرێت کەمتر لە ١٠٠٠ ساڵی پێش زایین بووبێت. لە یەسنی حەوتەمدا باس لە کۆمەڵگەیەکی زەرِدەشتی کراوە کە گشت خەڵکەکەی لە یەك ئاستدان و لە رِەگەزی ئارین، لەو کۆمەڵگەیەدا یاسایەکی رِێكوپێك هەیە و پێکهاتەی کۆمەڵگە پێك دێت لە بنەماڵە، گوند[1]، هۆز یان تیرە[2]، وڵات[3].

هۆزەکان زەمینی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بە Dahyu دەناسن، لەو دەقانەدا ناوی شوێنێکی تایبەت نەهاتووە، ئیدی رِوون نییە لە کۆمەڵگەی ئەوان «ئەیری یەنە وێجە»دا یەك Dahyu بووە یان چەند دانە. زەرِدەشت بەپێی ئەم پێکهاتە ساکارە بیسەرەکانی خۆی بە ژنان و پیاوان بانگ دەکرد و وشەی گەلەوانی[4] بۆ پیاوەکان بە کار دەهێنا، هەروەها لەرِواڵەتدا وشەی تێکەڵ و کۆنی گەلە پیاوەکان[5]ی کردبووە نازناوی تەواو خەڵکەکەی و بەو رِێبازە تێکەڵییێکی لە پیاوان

١. ویس
٢. زنتو؛ زەند
٣. دەهیۆ

٤–Vastrya
٥–Pasu-Vira

و ئاژەڵەکان کە بناغەی ژیان بوون ڕەچاو دەکرد. ڕێژێ کە لـە گاهانـدا بـۆ گـەلـە دانراوە ئاماژە بە گرنگی ئەو دەکا لە ئاوێستای کۆندا؛ چونکە لـە گاهانـدا جگـە لـە ئاماژەی زۆر بە نێرەگا ناوی حوشتر و ئەسپیش بە تەسەلی هاتووە. لە یـازدە نـاوی تایبەت کە لە گاهاندا هاتووە بێجگە لە ناوی یەمە یان جـەم شـەش نـاو لـەگـەڵ یەکێك لەو ئاژەڵانەدا تێکەڵ کراون؛ یەکیان بە پاشـگری گـەوە، گـا ← هوگـەوە؛ دوو ناو بە پاشگری ئوشترە، حوشتر ← زەرەئوشترە و فرەشەئوشترە؛ سێ نـاو بـە پاشگری ئەسپ← ویشتاسپە، جاماسپە و هەئەجاتئەسپە. ئەم ناوانە هی خەڵکانی ئاژەڵدارن کـە لـە گاهانـدا هـاتووە، بـەڵام بـۆچی باسـی لـە ئـامێری کشـتوکاڵ نەکردووە؟ پێدەچێت ئەو خەڵکە ژیانی ئاژەڵدارییان بووبێت یان کشـتوکاڵیـان بـە پێشکەوتوویی ئاژەڵداری نەبووبێت.

به دروست بوونی گاری و پێتوون[١] لەم ئاژەڵانە بۆ ڕاکێشانی شتومەك کەڵکیـان وەرگرت (١٨٠٠ ـ ١٦٠٠ پ.ز) و ئەم ئامێرە بوو بەهۆی ئاسانبوونی هـەنـدێ کـار. ئیدی خێرایی و هێزی ئەم ئامێرە نوێیە وەهای بە خەڵکی سەردەمی ئاوێستا کـرد کە ناوی ئەو ئاژەڵانە تێکەڵی ناوی خۆیان بکـەن، هەڵبـەت ڕەنگـە پاشـگری هـەر ئاژەڵێك بە سەر ناوێکەوە ئاماژە بە پێوەندی ئەو کەسە بکات لەگەڵ ئاژەڵەکە.

لە یەشتەکاندا باس لە کێبەرکێی پێتوونێ دەکات کە پاڵەوانەکەی کەیخەسـرەوە کە زۆر پێشتر لە زەردەشت دەژیا، هەڵبەت ئاماژەکانی گاهانیش ئەو دەردەخـات کـە زەردەشت وەك خەڵکەکەی، سواری پێتـوون و گـاری پـێ خـۆش بـووە، بـەڵام لـە گاهاندا باس لە کشتوکاڵ ناکات وەك چۆن لە وتەکانی زەردەشـت بـاس لـە ژیـانی کۆچەرایەتی و ڕەوەندایەتـی نـەکـراوە. هەڵبـەت هـەنـدێ وشـەی وەك demana-šoithra بە مانای ماڵ و خانوو گوزارشت لە ژیانێکی نیشـتەجێـی بچـووك دەکـات، بەڵام ئاواتی زەردەشت ئاسوودەیی بنەماڵەکان بووە لە شوێنێکی هـەتاهـەتاییـدا. ئـەم ڕامانە لەگەڵ زانیاری زاناکانی یەکیەتی سۆڤیەتدا دەگونجێت کە ژیـانی گـەڕۆکییـان بە هی قۆناغی پاش چۆڵگە ئیستەپیەکان دەزانی یانی بەهرەگرتن لە پێتوون و گـاری

١. گالیسکە

جێگەی دا بە ئەسپسواری گشتی. ئیدی ئەم گۆڕانکارییە ئەو هێزەی پێ بەخشین کە ڕان و ڕەمەی زۆرتر پێکەوە بنێن و ئاسانتر هاتوچوو بکەن؛ چونکە لابردنی پێتوون یانی پشتکردن لە ژیانی خۆجێ و ڕووکردن لە ژیانی گەڕۆکە. هەر بۆیە بە سەر پشتی ئەسپەکانیانەوە دۆڵ بە دۆڵ و ناوچە بە ناوچە بە شوێن لەوەڕگای بژوێندا دەگەڕان. گا، مەڕ، بزن، ئەسپ و حوشتر پێنج ئاژەڵی هەرە بەسوود بوون بۆیان، بەڵام لە ژیانی گەڕۆکیدا ژمارەی گاکان دابەزی؛ چونکە بەهۆی کەمسمی و بێهێزی لە ڕۆیشتندا بە کەڵکی کۆچەرایەتی نەدەهات. کەوایە دەتوانین بڵێین ئەوانە کە لەگەڵ زەڕدەشت بوون و بایەخی زۆریان بە گا و گوێرەکانیان دەدا ئاژەڵداری خۆجێ بوون نە گەڕۆك، کە لە دەڤەرێکی پڕ ئاو و لەوەڕگای بژوێن و سەرسەوزدا دەژیان کە ئەو ناوچە هەمان «ئەیری یەنە وێجە» بوو.

ئاماژەی یەشت بە داستانەکانی کا خەسرەو[1] هەبوونی دارستانگەلێ لە «ئەیری یەنە وێجە»دا نیشان ئەدا و ناو لە سێ دارستان دەبات: یەکێك پێی دەڵێن دارستانی گشت ئارياييەکان کە لەوێدا پەرستگەیك هەبووە هی ئایینی کەونی ئێرانی کە تەواوی ئارییەکان ڕێزیان لێدەگرت. هەروەها دارستانێکی دیکە بێشەی سپیدسانیان پێ دەوت کە ئەم دوو لێڕەواره دارستانی سپی شاخساری تووسیان وە بیر دەهێنایەوە کە نە لە دارستانی خۆماڵی ئێران بەڵکوو تایبەتی ئیستەپەکانی ئاسیای ناوەڕاستن.

یەسنی حەوت تایبەتمەندی کۆمەڵگەیەك پیشان دەدات کە لەگەڵ هێماکانی کۆمەڵایەتی گاهاندا یەکێکن: بۆ نموونە باس لە گرنگی گا و خۆشەویستی مرۆڤ بۆ ئەو ئاژەڵە دەکات: ستایش دەکەم ڕەوانی گا، پاشان ڕەوانی خۆم و ڕەوانی ئاژەڵە لینییەکانی دیکە و هتد. ئەم وتەیە نیشانەی خۆشەویستی و پێوەندی کۆمەڵگەی مرۆڤ و ئاژەڵە، تەنانەت لە هزری زەڕدەشتیدا پێیان وایە هەموو ئافرێتراوەکان لە تووی گایەکن لە کەناری ڕۆباری دائیتی کە پاش خاوێنبوونەوەی تووەکە لە سەر مانگ لەوێوە ڕژاوە بە مل «ئەیری یەنە وێجە»دا. ئەم بۆچوونە ڕادەی پیرۆزیی گا لەو

[1]. هەمان کەیخەسرەوە کە وشەی کا یان کاک هەمان مانای کەی دەگەیەنێت.

هزرەدا پیشان دەدا کە لە ئایینی ئامۆزاکانیان واتە هێندییەکاندا ڕێزگرتن لە گا زۆر بەرچاوە و لە هەموو شتێکدا بەزەقی خۆی پیشان داوە کە ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە ئاوێستای کۆن و ڕیگیویدا لە باری زمان و ناوەرۆکەوە لەگەڵ یەکدا تەبان.

دەتوانین بڵێین بە داکشانی ڕۆڵی گا، ئەسپ باشتر خۆی نواند هەم بۆ ڕاکێشانی پێتوون و هەم بۆ کاری جەنگاوەری. هەڵبەت دەوری سەرەکی گا وەك ئامێری کشتوکاڵ مایەوە؛ ئەگەرچی ئەسپ لەوەشدا تا ڕادەیەك بەشداری کرد. کاریگەریی هێز و وزەی ئەسپ هێندە سەرنجڕاکێش بووە کە تەنانەت پاشا گەورەکان لە بەردەنووسەکانیاندا باسیان لێوە کردووە، وەکوو دارای یەکەم کە دەڵێت: سپاسی ئەهوورامەزدا دەکەم کە ئەسپ و پێتوونی باشی خەڵاتی من کردووە. هەڵبەت هۆزەکەی دارا ئەسپسواری و لەبەرکردنی جلوبەرگی سوارکاري لە میدییەکانەوە فێر بوون.

دانیشتووانی تەپۆڵکەی سیلك لە ئێران وێنەی پیاوان و ئەسپەکانیان لە سەر هەموو شتێك دەکێشا؛ چونکە ئیتر لە ژیانی گەڕۆکیدا پێتووندارەکان وەك توێژی دەوڵەمەند و بەدەسەڵات چاویان لێدەکرا. هەر بۆیە پیاوچاکان و سەیداکانی ئۆلی و ئایینی لە سروودەکانیاندا، یەزدانەکانی خۆیان لەسەر پێتوون و گاری وێنا و بەرجەستە دەکرد کە لە سەرەتادا بە دوو و پاشان بە چوار ئەسپ پێتوونی خوداکان ڕادەکێشرا. لە ئاوێستای نوێدا ئاماژە بە ئەسپسواری کراوە و وەك پێوەرێکی پێوانەیی ئەژمێردراوە؛ بۆ نموونە لە زۆر شوێندا هاتووە کە دەڵێت سوارچاکێ بە ڕۆژێ ئەو ڕێگەیە دەپێوێت. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە سوارکاری پێش ئەوەی کە لە ئێستەپەکاندا بەشێوەیەکی گشتگیر بڵاو بێتەوە تایبەت و قۆرخی هەندێك لە خەڵکان بوو، بەڵام کاتێ کە هەمووان سوارییان بۆ ئاسان بوو کەڵکوەرگرتن لە پێتوونی جۆری سووك هەڵپێچرا و تەنها لە پێتوونی قورس و یەکپارچە کە توانای تێپەڕینی بە هەموو شوێنێکدا بوایەت بەهرە دەگیرا. لەم بارەوە کاتێ کە ئێرانییەکانی ئیستەپنشین پێیان نایە دەورانی مێژوو واتە سەردەمی پێشکەوتن، شێوەی ژیانیان لەگەڵ هی سەردەمی زەڕدەشتدا گۆڕانی

زۆری بە سەردا هاتبوو. سەرنجڕاکێشترین کۆڵینەوە لە کۆمەڵگەیەکی ئیستەپنشین کە لەگەڵ کۆمەڵگەی گاهانیدا زۆر لێکدەچن هەڵدانەوەی پێگەیەکە لە باکووری کازاخستان لە ڕۆباری سینتاشتای پارێزگای چلیابینسک[١] لە باشووری ئیستەپگەلی سەر کەوشەنی ئۆراڵ. لە گۆڕستانێك لەو شوێنەدا بوو کە یەکەم ئاسەواری پێتوونی ئەسپکێش وێکڕای شتی تایبەتی دیکە لە ئیستەپەکەدا دۆزرایەوە. خەڵکەکەی ژیانی خۆیان لە جۆرێك ئاژەڵداری پێشکەوتوودا مسۆگەر دەکرد؛ ڕانەمەڕیان بەزۆری هەبوو و هەندێ بزن و ئەسپ و گاگەلیان بوو لەگەڵ کشتوکاڵێکی سووك. ئەو خەڵکە سەگیان بۆ پاراستنی ڕان و ڕەمەکەیان و هەروەها بۆ ڕاوکردن چەشت کردبوو، هەر بۆیە دۆزینەوەی چەند ئێسقانی بەرازێك کاری ڕاوکردنیشیان دەسەلمێنێت. لەو پێگەیەدا دە ماڵ دۆزرانەوە کە بینایان لە یەك مەتری زەمینەوە دەستی پێکردووە و لە تەنیشت یەکەوە لە یەك ڕیزدا بوون، ئەم هەڵکۆڵینە زانستییە لە باری ئاسەوارناسی و هەڵسەنگاندنی لەگەڵ بارودۆخی نێو گاهانی زەردەشتییەوە جێگای بایەخە کە ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە لە سەر باری ئاسەوارناسی بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان.

بە وتنی ئەم وتە نادیارانە دیاردەکانی ڕێنوێنی بۆ دەرخستنی مێژووی ڕۆژگاری زەردەشت جوان خۆی ڕیز کردووە. ئەگەر ئەو مێژووە لە سەر بناغەی ئەم ڕاستییە دابنێین کە پێتوونگەلی سووك لە ژیانی خەڵکی سەردەمی زەردەشتدا ئامێرێکی ناسیاو و بەکەڵکهاتوو بوونە و خودی ئەویش بۆتە هێمای بزواندنی خەون و خەیاڵی شاعیرانە و هەروەها پاشگری ئەسپ لە ناوەکانی سەردەمی ئەودا بۆ بەکارهاتوویی پێتوونەکان بگەڕێنینەوە، دەتوانین ئەم گۆڕانە لە مێژوویێکی پێشتر لە ١٥٠٠ی پێش زایین بزانین. مێژووی نزیکتریش لە سەر ئەو بنەمایە دەگرین کە خەڵکانی ڕۆژگاری زەردەشت ئاژەڵدار بوونە و کشتوکاڵێکی سادە و ساکاریشیان هەبووە و هەروەها خانوو و لانیان خۆجێ بووە. ئەو ڕاستییە لەگەڵ سروشتی یەکدەستی کۆمەڵگەی زەردەشت ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو کۆمەڵگایە

---

١- cheliabinsk

پێش سەردەمی کۆچەرایەتی ژیاون و لە نێو ئیستەپەکاندا بوونە. ئـەو ڕاسـتییە بـۆ ئەو کۆمەڵگایە مێژوویێك لە نێوان ۱۰۰۰ هەتـاکوو ۹۰۰ سـاڵی پـێش زایـین دیـاری دەکات کە لەگەڵ مێژووی ۱۱۰۰ پێش زایین باشتر تەبایە؛ یانی هەمـان مێـژووێ کە ئێرانییەکانی ڕۆژهەڵات کۆچی گەورەی خۆیان بەرەو باشـوور دەسـتپـێکـرد. هەڵبەت زەڕدەشت لە سەردەمێکدا ژیاوە کە خەڵکی هۆزەکەی هێشـتا بیریـان لـە کۆچ نەکردبووەوە[1] و ئەمەش هاوڕایە لەگەڵ شایەتیەکانی ناو ئاوێستا کە ڕۆژگـاری زەڕدەشت بە مێژوویێکی زۆر دوورتر لە ۱۱۰۰ی پێش زایـین دەگـەیێنێتـەوە. لـەم ڕووەوە سنوورەکانی دیاريکردنی مێژووی ئێمە بۆ ڕۆژگاری زەڕدەشت لە نزیکـەی ۱۵۰۰ هەتا ۱۲۰۰ی پێش زایینە. بەڵام مێـژووی نزیکتـر یـانی دەوروبـەری ۱۲۰۰ دەتوانین بە بیرۆکەی سـەلمێنـراو بـزانین؛ چونکـە لـەگـەڵ تـەواو داتـا و ئامـارە لێکدراوەکان یەك دەگرێتەوە و هێندەش غەریب و نامۆ نییە. هەروەها مەودایـەکـی درێژ ناخاتە نێوان ئاوێستای کۆن و نوێ (مێری بۆیس، ل. ۱۹ هەتا ۸۸).

شتێکی سەیر و سەرنجڕاکێش هەیە کە لە باری ناوەڕۆکەوە زۆر لە ئەم باسەی مێری بۆیس نزیکە کەچی ئەو ئاماژەی پـێ نـەکـردووە، ئـەویـش جـامی زێڕینـی حەسەنلووە کە ساڵی ۱۳۳۶ی هەتاوی کاتێ کە ڕابێـرت دایسـۆن لـە تـەپۆڵکـەی حەسەنلوو[2] خەریکی هەڵکۆڵین بـوو دۆزرایـەوە و ئێسـتا لـە مـۆزەخانـەی ئێرانـی باستانە. بەپێی ڕاپۆرتی کەونینەناسەکان مێژووی ئەو گـردە بـۆ ۶۰۰۰ سـاڵ پـێش زایین دەگەڕێتەوە کە هەتا سەردەمی ئیسلامی ژیانی تێدا بـەردەوام بـووە، چـەنـد جارێ بەهۆی ئاورکەوتنەوە سووتاوە و پاشان نۆژەن کراوەتەوە. لە ئەو شـارە کۆنـە جگە لە جامیلکەی ناوبراو، زەڕ و زیوەری ژنانە، پەیکـەرگـەلـی جـوان و ئاراسـتە، خەنجەر و ڕمی بچووکی ئاسنی و بڕۆنزی دۆزرانەوە.

۱. شایانی باسە کە هۆکاری کۆچ کردنیان زۆرتر بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا و هەروەها گەڕان بە دوای لەوەڕگا بۆ ئاژەڵەکانیان بووە؛ چونکە لەو کاتەدا ئاژەڵدارییەکەیان زۆر گەورە بووە، بۆیە هەر هۆزێک ڕووی کرد لە باسک و قۆڵێک.

۲. نەغەدە km ۱۲ی باشووری ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ.

جامیلکەی حەسەنلوو ٣٢٠٠ ساڵ مێژووی هەیە کە نەخش و نیگارە هەڵکۆڵراوەکانی سەری باس لە چیرۆکێکی حەماسی دەکەن. ئەم ئاسەوارە ٢١ سانتیمەتر بەرزە، ٢٥ سانتیمەتر دەوری هەیە و ٩٥٠ گەرامیش کێشیەتی. لە ڕووی جامەکە وێنەی سێ خواوەندی زەمین، ئاو و هەتاو هەڵکۆڵراوە؛ هەروەها وێنەی پاڵەوانێك کە لەگەڵ زیندەوەرێکی نارەسەن شەڕ دەکات و خودایەك ڕاوەستاو لە سەر پشتی دوو نێرەوس کە ئەم دوو قۆچە بۆ قوربانی دەبرێن. وێنەی جەستەی مرۆڤێك لە سەر پشتی پەلەوەرێك لە نیگارەکانی سەر ئەم جامیلکەن. سەرباسی وێنەی جامەکە بە لەدایکبوونی منداڵێك دەستپێدەکات کە منداڵەکە لە نێوان دایکی خۆی و مامۆستایەکی ئایینیدا دەست بە دەست دەکرێت. هەڵبەت هەندێ سەرچاوە بە دایك و بابی منداڵەکەی دەزانن و لە پشت سەری دیمەنی لەدایکبوونەکە دیمەنی مەرگ و ئەشکەنجەی دێوێك دەبینرێت. ئەو کوشتارە بە دەستی پاڵەوانێکی بەهێز و کەڵەگەت دەکرێت کە ڕمێکی بچووك بە دەستی ڕاستییەوەیە و بە دەستی چەپیش کەوانێکی هەڵگرتووە کە بۆ پیشاندانی هێز و توانایی، سەری کەوانەکەی ناوەتە سەر قاچی خۆی.

دیمەنی سەرەکی ئوستوورەی ماننایی لە جامی حەسەنلوودا جەنگی زیندەوەرێکی نارەسەن لە جەستەی مرۆڤدا لەگەڵ مارێکی سێ سەر و تاشەبەردێکی گەورە پیشان دەدا کە پاڵەوانەکەی قەڵغانی ئاسنی لە دوو دەستیدایە. لە دیمەنی سەرووی جامەکەوە خودای مانگ سواری پێتوونێکە کە دوو نێرەگا ڕایدەکێشن و یارمەتی پاڵەوانە شەڕکەرەکە دەدات. بە فەرمانی خودای مانگ باران لێی دەبارێت و لە دەمی گاکەوە لافاوێ دێتە دەر هەتا تاشەبەردی ئەو زیندەوەرە ڕاماڵێت. خودای مانگ وا لە نێوان خودای هەتاو و زەمیندا. دیمەنی سەرووی جامەکە باس لەم سێ خودا گەڕۆکە دەکات کە هەرکامیان سواری پێتوونێکن. ئەم جامیلکەیە لە باری مێژوویی‌یەوە بۆ سەردەمی ژیاری مانناکان دەگەڕێتەوە واتە پێش میدییەکان (ڕۆژنامەی جامی جەم/ ل. ٨). بەڵام بەڕاستی چ پێوەندییەك لە نێوان ئەو دوو باسەدا هەیە کە مێری بۆیس سەبارەت بە گا و پێتوون کردوویە و هەروەها شەڕی

پاڵەوانەکە لەگەڵ مار و دێودا کـە بەڕاسـتی مـار لـە هـزری زەروانییـەتـدا جێگـە و پێگەیەکی تایبەتی هەیە؟ ئایا پێتوونێ کە لە سەر جـامی حـەسـەنلـوو هـەڵکـۆڵراوە لەگەڵ ئەو جۆرە پێتوونەی چۆڵگە ئیستەپیەکان چ لێکچوونێکیان هەیە؟

ئەگەرچی مێری بۆیس ڕاشکاوانە ئاماژەی بە ئەو جامیلکەیە نەکردووە، بەڵام لە پەرتووکی «ئایینی زەڕدەشت»ی خۆیدا ئاماژە بە شتێك لەم بارەوە دەکات کـە زۆر گرنگە؛ ئەویش ئەوەیە کە دەڵێت ژێدەرەکانی زمانناسی ڕوونی دەکەنەوە کە هێند و ئەورووپیەکان لە ناوەڕاستی سەدەکانی ١٨ هەتا ١٩ی پێش زایین لـە ڕۆژئـاوای ئێران هەبوونە کە ڕەنگە هەندێ لەوانە وەك سوپایی لە خزمـەتـی دەسـەڵاتـدارانی خۆماڵی هەرێمەکەدا بوونە، لە وڵاتی میتانی و مانایی و هتد. لـە سـەدەی پـازدەدا برێ لەوانە بە پلەی بەرز گەیشتن کە دەیانتوانی وەك پایەبەرزێك لە سـەر پێتـوون سوار ببن و بە پێوە بوەستن، بەڵام ئەوانی دیکەیان کە بە هیچ ئاستێ نەگەیشـتن بۆ وڵاتی خۆیان ـ ڕەنگە بۆ ئیستەپەکان ـ گەڕانەوە؛ ئەوان لەگەڵ خۆیان جگە لـە ڕازی لێخوڕینی پێتوون و بەخێو کردنی ئەسپ، ئـامێری نـوێی شـەڕ و هـەروەهـا ئەزموونی ژیانی مزدووری و شەڕکردنیان بۆ ئیستەپەکـان بـردەوە. بـە ئاشـنابوونی خەڵکی ئەو ناوچانە لەگەڵ ئەو دونیا نوێیەدا کێشی سەقامگیری و ژیانی ئاژەڵداری بەرەو ژیانی گەڕۆکی و جەنگاوەری داکشا. هەڵبەت گریمانەی بـەهێز ئـەوەیـە کـە ئەمانە ڕەنگە بیر و باوەڕی بەهێزی ئەم دەڤەرانەشیان بۆ لای خۆیـان گوازتبێتـەوە. کەواتە دەتوانین بەم بۆچوونە تەسك و نە چەندان ڕوونە بە وڵامـی ئـەو پرسـیارانە بگەین. (مێری بۆیس، ل. ٧٧)

هەڵبەت دەمەوێت ئەوە ڕوون بکەمەوە کە سەرچاوەی ئەو هەموو بەلاڕێداچوونـە فیکرییە لە بـاری ژیـان و گـوزەرانـی زەڕدەشـتەوە، بـۆ سـەردەمـی ساسـانییەکـان دەگەڕێتەوە کە بە مەبەستی یەکپارچەکردنی دیـن و دەوڵـەت، هـەروەهـا ئـایینێکی تۆکمـە و تـەواو کـە سیاسـەتـیش لـە پشـتی بێـت دەسـتیان دایـە کۆکردنـەوەی «خودای‌نامە» یان مێژووی پادشاکان کە کارێك بوو لە بـۆ پڕوپاگـەنـدەی سیاسـی و ئایینی بە قـازانجی دەوڵـەت و زەڕدەشـتیگەری؛ بـەڵام بـۆ دەسـپێك بـەهۆی کـزی

سەرچاوەی مێژوویی پێش هەخامەنشییەکان کەوتنە شوێن چیرۆك و ئەفسانە کۆنەکان؛ بۆ نموونە چیرۆکە ئایینی و حەماسییەکانی ماد و داب‌ونەریتی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران بەهۆی پێگەی سیاسییەوە کاریگەری زۆری لەم ڕەوتەدا دانا. ئەم مووبەدانە کە کۆکردنەوەی «خودای‌نامە»یان لە ئەستۆ بوو هەمیشە لە دڵەڕاوکێی ئەوەدا بوون دەقی پیرۆز و کاریگەر پەیدا بکەن بۆ سەر و ساماندانی دۆخەکە، هەڵبەت هەر ئەمانە بوون کە بە تاوتوێ‌کردنی ئەفسانەی دروست‌کردنی ئاتەشگای ئازەرنووشی بەلخ و تێکەڵ‌کردنی لەگەڵ ئاوێستا و ژیانی زەردەشت و چیرۆکی کوژرانی بە دەستی براترۆرس ئەم دووبەرەکییەیان نایەوە کە بوو بەهۆی دووبەرەیی بەلخ و ئازەربایجان واتە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. ئەگەرچی لە «دینکەرد»دا ئەفسانەیەك هاتووە کە بەهۆی پیلانی عفریتەکانەوە دایکی زەردەشت دۆدۆ یان دووغدۆ لە زێدی خۆی واتە ڕۆژهەڵات وەدەر نرا و لە وڵاتی سپیتامایان لە ڕۆژئاوا گیرسایەوە و لەوێ لەگەڵ بابی زەردەشت یەکیان گرت، بەڵام شەهرستانی لە پەرتووکی «الملل و النحل»دا دەڵێت هیچ ڕاستییێك لە سەر بنەما و کات و ساتی ئەم باسە نییە، بەڵام دەتوانم ڕاشکاوانە ئەوە بدرکێنم کە دووبەرەیی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا واتە باوكسالاری و دایكسالاری لەم باسەدا ڕەنگی داوەتەوە و نووسینی خودای‌نامە و هێنانی چیرۆکی سەیروسەمەرەی وەها و پەڕ و باڵدان بە شۆپێك وەك زەروانییەت، تەنها بۆ یەکپارچەکردنی ئایینی زەردەشتی بووە و بەس؛ ئەگینا لەڕاستیدا بۆچوونی مێری بۆیس لە سەر ژیانی زەردەشت زۆر ڕاست‌ترە هەتا بۆچوونەکانی دیکە، چونکە لانیکەم نەرینی خۆی دەسەڵمێنێ، بەڵام توێژەرانی دیکە تەنها پشت بە چیرۆك و ئەفسانە دەبەستن. هەڵبەت شتێکی دیکە کە دەتوانێت پاساوی ئەم هەموو باس و ڕاسە بدات ئەوەیە کە ڕەنگە زنجیرەیەك چاکساز و پێغەمبەر دوای خودی زەردەشت هاتبێتن و خۆیان هەر بە ئەو ناوە ناساندبێت یان ڕەنگە وەك چۆن ناوی قەیسەر و کیسرا و فیرعەون نازناوی دەسەڵاتدارانی ڕۆم و ئێران و میسر بووە، زەردەشتیش ناوێکی گشت‌گیر بووە بۆ پێغەمبەرانی ئاریایی و هەرکامیان لە ناوچەیەکدا سەریان‌هەڵدابێ.

## دێوپەرستی یان ئایینی دایكسالاری

دابـەشبـوونی كۆمـەڵ بـە سـەر دوو بـەرەی دایكسـالاری و بـاوكسـالاریدا بـۆ سەردەمێكی زۆر كۆن دەگەڕێتەوە كـە ڕەنگـە ڕیشـەی قـووڵی هـەبێـت. كـۆنترین جێگەی هۆزەكانی هێند و ئەورووپی ئیستەپەكانی باشووری ڕووسیا لە دەوروپشـتی ڕۆباری وۆڵگا و یەنیسئی[1] بووە. كەلتووری ئەم هۆزانە لە ئاسەوارناسیدا بە گوورکان ناوی لێبراوە و لە نزدیكەی ٣٥٠٠ هەتاكوو ٣٢٠٠ پێش زایین بە هەمـوو لایـەكـدا بڵاوەیان كرد و دوو فەرهەنگی بەناوبانگیان بەدی هێنا: ١. ئافاناسـیڤۆ كـە لـەگـەڵ سەردەمی مەفرەقیدا هاوچەرخ بووە و خەڵكانی ئەو چاخەش هەتاویان دەپـەرسـت. ٢. ئاندرۆنڤۆ كە بەدرێژایی هەزارەی دووهەمی«پ.ز» هەبووە و تایبەتمـەنـدی ئـەم فەرهەنگە دروستكردنی چەكوچۆڵ و كەلوپەلی برۆنزی بووە.

گەرچی بەگوێرەی نیشانەی ئاسەوارناسی، كۆنترین نموونەی ئایینداری لەم دوو كەلتوورەدا ئایینی خۆرپەرستی بووە؛ بەڵام بـەپێی سـەرچـاوەكـانی ئوسـتوورەیـی، كۆنترین ئیزەدگەلی هێند و ئەورووپی یەزدانەكانی ئاسمانی بـوون كـە هـەموویـان خودای نێرینە بوونە و ساختی باوكسالاری كۆمـەڵگـەیـان دیـاری دەكـرد؛ چونكـە شوانكارەبوونی هۆزەكان ببوو بە هۆكاری سەرهەڵدانی یـەزدانـی نێرینـە. بـەڵام بـە

١. هەزارەی سێهەمی پ.ز

تێکەڵبوونی ئەم هۆزانە لە دوای کۆچ و بڵاوەکردنیان لەگەڵ خەڵکانی وەرزێڕ و کۆمەڵگەی کشتوکاڵی ئەو هەرێمانە کە دەکەوتە ژێر حوکمیان، وەهای کرد خودا مێینەکان هاتنە نێو بازنەی بیر و بڕوایان؛ چونکە ئەم کۆمەڵە خەڵکانە بە پێچەوانەی شوانکارەکان دایکسالار بوونە.

هەروەها کە وتمان یەزدانەکانی هێند و ئەورووپی ئوستوورەی ئاسمانین. دەیئوس باوکخودایەکە کە لە هەمبەر زئووسی یۆنانی و ژوپیتێری ڕۆمیدا دانراوە و مێژووی بۆ سەردەمی فەرهەنگی ئاندرۆنۆ دەگەڕێتەوە. ئەو خودایەکی دوو ڕەگەزەیە. ئەم خوداگەلە کە لە ئیزەدەکانی سەرەتایی کات[1] یان ئاسمانن بەخێرایی لە کردەوە دەکەون و بە دووی پێوەندی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێناندا دەڕۆن و جێگەی خۆیان بە یەزدانە چالاکەکان دەدەن کە زۆرتر هێمای سروشتییان هەیە یان هێماکانیان لە سروشتدا هەوێنی خێر و بێرن. هێند و ئەورووپییەکان بە خوداکانی خۆیان دەوت «دەئیوە» کە لە ڕیشەی دیۆ هاتووە کە بە مانای درەوشانەوە و پرشنگلێدانە و پیشان دەدات کە خوداکان لەگەڵ هێما سروشتییەکاندا لە پێوەندیدان.

بەگوێرەی ئاسەواری مێژوونووسانی یۆنان و ڕۆم یەکەم نەتەوەیەك کە بە شێوەیەکی ڕێکخراو لە کۆمەڵگەدا بە پلە و پایەی ژن گەیشت، میدییەکان بوون کە ڕێزیان لە ئاستی ئەوان دەگرت. میدییەکان بناغەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەیان لە پەروەردەی ڕێكوپێکی ژندا دەزانی و ژنیان وەك بەشێکی گرنگ لە کۆمەڵدا دەناسی. تەنانەت لە کێشە سیاسییەکاندا ژنان دەوری سەرەکییان دەگێڕا؛ بۆ نموونە «ئامیتیس» کچی پاشا هۆخشەترەی ماد وەك هێمای ئاشتی و پەیمان مێرد بە کوڕی پاشای بابل دەکات و ئەم دوو دەوڵەتە وەك هاوپەیمانێك داڕێژراو لە سەر خوێن، دەبن بە خەنجەرێك بۆ سینگی دوژمنی هاوبەش واتە ئاشوورییەکان. ڕەنگە هۆکاری بایەخدان بە ژنان هەر ئەوە بووبێت کە خەڵکانی هەرێمی میدیا بەهۆی

١. زەمان

ژینگەی لەبار و پڕئاو جگە لە ئاژەڵداری، کشتوکاڵیان کردبێت یان خەڵکانی خۆجێی ئەم دەڤەرە ڕەنگە لە بنەڕەتدا وەرزێڕ واتە دایكسالار بووبێتن، هەر بۆیە هزری دایكسەردەستی و باوكپاشایی پێکەوە گەشەی کردبێت و بە پێچەوانەی بەرەی ڕۆژهەڵاتی ئێران ژنان پێشەنگ بوونە لە ژیاندا. هەڵبەت بەڵگەی سەلمێنراو بۆ ئەوەی کە هەرێمی میدیا وەرزێر بووبێتن هەیە، ئەویش بنچاخی هەورامانە کە بەڵگەی کڕین و فرۆشتنی ڕەز و باخە لە نێوان دوو کەسدا کە مێژووی بۆ سەردەمی ئەشکانەکان دەگەڕێتەوە.

زۆر درێژەی پێ نەدەین، بەڵام ئەم بۆچوونەی میدییەکان تا ڕادەیەك کاریگەری دوولایەنەی فەرهەنگی میدیایی بوو لەگەڵ خەڵکە خۆجێکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی و خەڵکانی هەرێمی مێزۆپۆتامیا کە ئاسەواری باڵادەستی ژن لە خشتەیەکی گەورەتر وەك دایك خۆی دەنوێنێت و تەنانەت لە نێو زمانیشدا جێگەی خۆی کردۆتەوە. وشەگەلی کۆنی دادە و دایك کە هێشتا لە زمانی کوردیدا ماونەتەوە لە ئەم بابەتەدا گرنگ و جێگای سرنجە و ئەگەر لەم وشەگەلە بەوردی بڕوانین تێدەگەین div,dios کە لە زمانی هێندی و یۆنانی بە مانای خودا بە کار دەهێنرا، لەڕاستیدا هەمان دا یان دایکی کوردییە کە لەگەڵ ئایینی دێویسنای ڕۆژگاری کەون دەخوێنێت و ئەم وشەگەلەش لەگەڵ پەرستنی خودا مێینەکاندا پێوەندی هەیە. پێدەچێت ئەو پەرستگانە کەوا پاشاکانی هەخامەنشی تێکیاندا لەڕاستیدا هی ئەم ئیزەدبانووانە بووبێتن کەوا لە هەرێمی میدیا بۆیان ساز کران. سەرنجڕاکێشترین نموونە لەم ڕاستەدا لە وشەی ئەیا ـ ئەئا دەبینرێت لە زاراوەی هەورامیدا بە مانای دایکە کە لەڕاستیدا دایکی خودای زریانە و شوێنپێی لە هەرێمی زاگرۆس و لە سەر جامی حەسەنلوودا بینراوەتەوە.

لە «نێوانچۆمان»دا ئەئا لە بەرگی ماردا لەگەڵ خودای زانایی و فڕوفێڵی زەمین پێوەندی هەیە و لە هێندی کۆندا ئاداد بە ژنی خودای زریان و برووسکە دەژمێردرا. بۆ ناسینی تەواوی ئەم خودایە هێنانی ئەم خاڵە گرنگە کە لە زمانی

کوردیدا دوو وشەی کانی و کەنیز[١] لە ڕیشەی هاوبەشی «کن» گیراون و لـە بـاری لێکچوونەوە لەگەڵ شێوەی ئاوێستایی kanya و هەروەها شێوازی پالـەوی kani و kanicak هاوشانن. هەروەها وشەی کنا kna لە هـەورامیـدا بـە مانـای کچـە کـە لەباری ڕەگ و ڕیشەوە لە یەك بنەماڵەن و ئەم لێکچوونەش تەنها لـە سـەرچـاوەی ئایینی دایکسـالاری ئـاو دەخواتـەوە. بـە هـەبـوونی ئـەم وشـانە زیـاتر لـە بـوونی پەرستگەی خودای خێر و خۆشی واتە ئەیا لە پانتایی زاگرۆسدا دڵنیا دەبینەوە.

لە ئایینی سوومێریدا خودای تەمووز لە بەرگی ماردا بوو کە حـوکمی بـە سـەر زەمیندا دەکرد و مەردووك لە شێوەی نێرەگایەکدا بوو کە لە نێـو تـالاو و زەلکـاوی تاریکدا دەژیا. هەڵبەت مەبەستی سەرەکی ئـەوەیـە کـە لـە هـەردوو شـێوازدا مـار شتێکی پیرۆزە کە تەنیا کەسایەتییەکان گۆڕدراون و جێگۆڕکێ بە ئەیا و تـەمـووز کراوە، ئەگینـا هـەر یـەك ڕۆڵ دەگێڕێـت. (دکتـۆر باقرعـەلـی عـادڵفـەڕ و سـاڵح ئەمینپوور، ل.١٥)

وڵاتی میدیا کە خەشایارشا لە بەردەنووسی خۆی وەك نـاوەنـدی دێوپـەرسـتی ناوی لێدەبات هەمان پەرستنی خودای دایك بووە کـە لـەگـەڵ ئـایینی دەسـەڵات نەیدەخوێند. ئێمە بۆ یەکەم جار ناوی ئاناهیتا وەك یەکەم ئیـزەدبـانووی ئێـران لـە زاگرۆسدا دەبینین. بوونی ئەو ناوە لە بـەردەنووسـەکـانی ئـەردەشـیری دووهـەمـی هەخامەنشیدا بەرەو ئەو ڕوانگەمان دەبات کە بە خۆمـانی بسـەلمێنـین لـەڕاسـتیدا ئاناهیتا خودایەکی زەڕدەشتی نەبووە؛ چونکە لە بـەشـی هـەرەکـۆنی ئاوێسـتا واتـە گاتاکاندا ناوێك لە ئاناهیتا نەهاتووە. هەندێ لە زاناکان وەك ئـارتوور کریسـتەنسـێن بڕوایان وایە کە دەقی زەڕدەشتی ئابانیەشت کە بەسراوە بـە ئاناهیتـاوە، لـە وڵاتـی میدیا نووسراوە. ئێمە لە وێنە بەردینەکەی پاشا نەرەسی «٢٩٣.ز» کە لە کوردستان دۆزراوەتەوە دەبینین کە بازنەی هێز و دەسەڵات لە ئاناهیتا وەردەگرێـت، هەڵبـەت ژمارەی ئەو پاشایانە کەوا لە دەستی ئەو ئیزەدە میدییە بازنەکە وەردەگرن، لە باری

١. کارەکەر

پێگەی سیاسی و ئایینی و جوگرافی وڵاتی میدیادا گرنگی خۆی هەیە.

پۆلیبۆیس مێژوونووسی یۆنانی سەدەی دووهەمی پێش زایین لە پەرستگەی ناهید[١] لە هەمەدان باس دەکات کە لە مەودای شەڕی ئانتیخووس و ئەسکەندەر خاپوور کرا. گیرشمەن بڕوای وایە کە تەواوی پەرستگەکانی سەردەمی ئەشکانییەکان بە ناوی ناهیدەوە بووە، بەڵام بە هاتنی ئایینی زەڕدەشت ئەو یەزدانە میدیاییە بایەخی پێشووی نەماوە و پلەیەك هاتە خواری مەزداوە، بەڵام هیچکات ناوی نەکوژایەوە و لە ڕەنگی جۆراوجۆری دیکەدا پیرۆزیی ئایینی دایکسالاری پاراست. بەپێی پێوەندییێك کە لە نێوان ئاناهیتا و ئایینی دێویسنایی بەتایبەت ساراسواتی ڕیگیویدای هێندیدا هەیە، هەروەها بەهۆی ئەوەی کە یۆنانییەکان دەسەڵاتی کاویانەکانی ڕۆژئاوای ئێرانیان بە ناوی دێوسید دەناسی، دەبێت قبووڵ بکەین کە ئایینی دێوەسنی ڕۆژئاوای ئێران هەمان ئایینی کەونی ئیزەدبانووەکان و ئاناهیتا بوو کە بە لەناوچوونی کاویانەکان هێندێکیان لە سەر هەمان باوەڕی خۆیان مانەوە؛ لە ئێستاشدا ئاسەواری لە سەر ناوی هەندێ شار و گوندی کوردستان ماوەتەوە وەك گوندی دێوەزناوی هەورامان و شارەکانی دیواندەرە و دینەوەر.

مانەوەی وشەکانی ئەیا، دا، دایك، دادە یان دادا لە زمانی کوردیدا بوونی ڕێکخراوی دایکسالاری هەرێمی زاگرۆس دەسەلمێنن و بەپێی بڕوای هەرە بەهێز پەرستگەی دێو لەڕاستیدا شوێنێك بووە کە بۆ یەزدانە میدییەکانی وەك ئیندرە، زەروان، وایۆ، میترا و ئاناهیتا و هتد دروست کرابوو.

هۆزە ئارییەکان لە سەر بنەمای باوکسالاری یان باوکخودایی بیر و بڕوای خۆیان دارشت، ئەوان لەگەڵ داگیرکردنی هەر وڵاتێك باوەڕی خۆیان بڕەو پێدەدا. پێش هاتنی ئارییەکان بۆ بانەکانی ئێران، پەرستنی خودای دایك بایەخێکی زۆری هەبوو، پێدەچێت پێش جودابوونی دوو تیرەی ئێرانی و هیندی جیاوازییێکی گەورە لە نێوان دوو دەستە لە خوداکانی ئەواندا بووبێت؛ یەك دەستەیان کە پێیان دەوتن

---

١. ئاناهیتا

دێوەکان[1] گەورەیان خودایەکی شەڕکەر بووە بە ناوی ئیندرە یان ئیندرا و ئەو دەستەکەی دیکە ئەهوورایی‌یەکان بوونە کە سەردەستەیان بە ناوی ورون[2] یان میشر[3] بووە و زۆربەی زاناکان لە سەر ئەوەش کۆکن کە مەزدای ئێرانییەکان هەمان ورونە. هەڵبەت لێرەدا پەرستشی میترەیان وەك دێوپەرستی ناو لێ بردووە. من پێم وایە مەبەستی کریستەن‌سێن لە ئەم جیاوازییە ئەوەیە کە هەخامەنشەکان دایانڕشتووە؛ چونکە لێرەدا باس لە دێوەکان بە سەرپەرشتی ئیندرە و میترە دەکات کە ئەمانە خۆیان خوداگەلی ئایینی دایکسالارین و لەگەڵ هزری باوکسەردەستی چینی دەسەڵاتدار ناگونجن هەر بۆیە وەها ناشیرین باسیان دەکەن. (ئارتوور کریستەن‌سێن، ل. ١٥ـ١٣)

کۆنترین شوێن کەوا هێمای هێزی ژنانی تێدا بەرچاو بوو مێژووی بۆ ٦٠٠٠ ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، پێدەچێت خۆنیشاندانی ئەم نەریتە لە هەموو ئێراندا بەتایبەت لە زاگرۆسدا زەقتر بووبێت؛ بۆ نموونە پەرستنی خودای ئیلامی manzat و پەیکەرەکانی کە لە هەڵکۆڵینی پەرستگەی نین‌ئیلی چۆغازەنبیلدا دۆزرایەوە نیشانەی بەهێزیی ئەو بڕوایە بوو، تەنانەت پاش هاتنی ئارییەکانیش پیرۆزیی مەن‌زەت تا ئەو ڕادەیە بوو کە لە هەزارەی دووهەمی پێش زایین خۆی تێکەڵی ناوی زۆرێك لە ژنانی ئیلامی کرد، هەروەها لە گۆڕی ژناندا پەیکەری ئەو خاتووخودایە ئەسپەردە دەکرا.

ڕۆمەن گیرشمەن ساڵی ١٩٣٢ زایینی لە کاتی هەڵکۆڵینی تەپۆڵکەی گیان لە نەهاوەند زۆرێ پەیکەری گچکەی لەو خاتوونە خودایە دۆزییەوە کە هەموویان دوو دەستیان لە سەر سینگ دانابوو، باش وایە بزانین بۆ یەکەم جار پەیکەرەکانی دۆزراوەی خودای دایك بۆ هەزارەی چوارەمی پێش زایین لە زاگرۆس و شووش دەگەڕێتەوە و ژمارە و تەمەنی ئەو پەیکەرانە بەباشی نیشان دەدات کە پەرستنی

١- Daiva

٢- Varuna

٣- Mishra

خودای دایك بۆ یەکەم جار لە بانەکانی ئێرانەوە دەستی پێکرد و لەگەڵ کۆچی ئارییەکان بۆ شوێنەکانی دیکە گوێزرایەوە.

لە نزیکی گردی چوغاگاوانە لە ئیسلامئابادی غەرب (شاباد) پەیکەرێکی حەوت سانتیمەتری دۆزرایەوە کە ئەو خاتوونە خودایە بە جۆرێك پیشان دەدات کە هەر دوو دەستی لە سەر سکی داناوە و مێژووی بۆ ٢٩٠٠ ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، هەروەها لە کەلوپەلە برۆنزییەکانی لۆڕستاندا پەیکەری خودای دایك دۆزراوەتەوە. گیرشمەن بە خوێندنەوە و تێڕامان لە سەر ئەم بابەتانە بەو ئاکامە گەیشت کە لە نێوان هۆزی گۆتی ـ کە یەکێك لە تیرەکانی زاگرۆس بوون ـ ژنان تەنانەت فەرمانداریی سوپاشیان لەئەستۆدا بووە.

بوونی ئیزەدبانووی کوێستان لە دەڤەری نێوانچۆمان بە ناوی «نینهۆرساك» و هاتنی ناوی لە دەقەکانی ئاخری هەزارەی سێهەمی پێش زایین بە دروستی پیرۆزیی ژن لە زاگرۆس و کوێستانەکانی دەوروپشتیدا پیشان دەدات. تەنانەت لەو سەردەمەدا کوێستاننشینانی زاگرۆس لەو بڕوایەدا بوون کە ژنان فەرمانڕەوایی ژێر زەمینیان لە ئەستۆیە. لە ئایینی ئۆرارتۆییەکانیش چەندخودایی هەبووە، «خالدی» کە مەزنترین خودای ئەو گەلە بووە ژیانی هاوبەشی هەبووە و «ئارۆبانی» ژنیشی خودای باخ و بێستان بووە کە لە ئاردینی یان مووساسیر وەك ژنەخودایك پەرەستش دەکرا.

## دۆزینەوەی پەیکەرەی ناپیراسوا[1]

لە ئیلامدا خۆی شایەتێکە لە سەر ئاشنایی خەڵکە ناوخۆییەکانی زاگرۆس بۆ پەرستنی خاتووخوداکان؛ ئەگەرچی ئەم خودایە هی کۆمەڵگای کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییە، بەڵام ڕۆڵی خەڵکی وەرزێڕی زاگرۆس لە پێداچوون و ناساندنی ئەم بانوویەزدانە نابێت بە کەم سەیر بکەین[2]. لە گەنجدەڕەی کرماشان کە شوێنێکی

---

١-Napirasow

٢. ناپیراسوا ١٢٥٠پێش زایین ژیاوە، گرنگترین پەیکەری ئەم خاتووخودایە لە خشتەیێکی سێتوێدا لە توخمی برۆنز، زێڕ و مس دروست بووە و ١٣٠ سانتیمەتر بەرزە و ١٧٥٠ کیلۆ کێشیەتی.

کۆنی زاگرۆسە لە باری ئاسەوارناسییەوە، پەیکەرگەلێ دۆزراونەتەوە کە پیرۆزیی ژن لە کوردستاندا پیشان دەدات بە شێوەیەك کە ئەوان وەك دابینکەری تەواوی پێویستییەکانی ژیان ناسێنراون.

لە وێنە دۆزراوەکانی خەڵکانی هەرێمی کۆنی زاگرۆس و نێوانچۆماندا بە بابەتی سەرنجڕاکێش و گرنگ دەگەین، لە زۆربەی ژیارەکانی نێوانچۆمان، وێنەی ژنان لە تەنیشت نەخشی جوانی مار و ماسیدا دەبینین. زۆرێ لە ئەو وێنانە کە ئاماژەمان پێکرد لە ڕوانگەی ئایینی و ئایینزاییەوە جێگای بایەخن. لە پاڵ هەندێ لەو وێنانەدا وەك نەخشی خاتووخودای ناروەندی کە لە زاگرۆسدا پەرستش دەکرا بڕێ جار وێنەی شێر دەبینرێت؛ هەڵبەت هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زاناکان ویستوویانە هێزی بێسنووری ژنان لە پێش چاوی بینەر بنوێنن؛ بۆ نموونە شێر و مار لە کەلتووری زەروانییەتدا پێگەیەکی پتەویان هەیە و هێمای هێز و دەسەڵاتن. هەروەها بە بڕوای خەڵکانی چیانشین مار لە نێو ماڵدا هێمای خێر و بێرە، بە پێچەوانەی زەڕدەشتییەکان کە بە سیمبولی ئەهریمەنی دادەنێن. بڕێ لە وێنە دۆزراوەکانی زاگرۆس ژنان بە شێوەیەك پیشان دەدەن کە بەبێ سەرن، وەك ئەو پەیکەرە کە لە سەرای کرماشاندا دۆزرایەوە و مێژووی بۆ هەزارەی پێنجەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە. لەڕواڵەتدا ئەم کارە بەو بۆنەیەوە بووە کە ئەو پەیکەرانە هی ئێزەدبانووە پیرۆزەکان بوونە و پەیکەرتاشەکان نەیانویستوو سەری بۆ دروست بکەن، چونکە بڕوایان وابووە ئەو ئێزەدانە لە خەڵکی جودان و کەسانێکی سەرتر لە مرۆڤن.

توێژەرانی دیرۆك و ئاسەوارناسەکان لەو بڕوایەدا بوون کە لە جیهانبینی مرۆڤی کەونی ئێراندا مرۆڤە بەرزەکان ژنان بوونە و نەتەنیا ژنیان وەك خودای یەکەمی مرۆڤ بەڵکوو بە خودای ئاژەڵ و گیانلەبەر و گیا و شتە زەمینیەکانیان دەزانی. دۆزینەوەی پەیکەری ئەو خاتووخوداگەلە کە ئاژەڵ و گیا و ڕووەك دەوریان پەرژین کردووە پیشان دەدات کە چەندە ئەو پەیکەرانە دوور لە تایبەتمەندی مرۆڤی ئاسایی بوونە، بوونی هێماگەلێك وەك گوڵە هەنار و لەیلووپەڕ و داری سەوڵ و پەلەوەرێك وەك مراوی لە تەنیشت ئاناهیتا، لەڕاستیدا پتەوبوونی هەوێنی ئایینی پیشان دەدات.

ڕەگەی پیرۆزیی ئەم ئیزەدبانووانە لە ناو دەسەڵاتەکانی پێش ئیسلامی ئێراندا هەبووە؛ بۆ نموونە لە تاجدانیانی خەسرەوپەرویزدا لە تاقەوسان، پاشا تاجەکە لە ئاناهیتا وەردەگرێت. هەروەها دروستکردنی پەیکەر بۆیان نموونەیەکی دیکەیە لە تێکۆشانی مرۆڤی هەزارەکانی ڕابردوو بۆ ڕێزگرتن لێیان بە بۆنەی مسۆگەرکردنی پێداویستییەکانی ژیان لە لایەن ئەو ژنانەوە.

ڕەنگە بتوانین بڵێین کە نەخشی ٦٠٠٠ ساڵەی ئەو ژنە کە لە گردی سەرای کرماشاندا دۆزرایەوە کۆنترین نیگاری ژنانی زاگرۆسە. ئەو پەیکەرە قوڕە کە تەنیا ٦ سانتیمەترە پێدەچێت وێنەی خودای خێر و خۆشی بێت کە پێش هەزارەی پێنجەم لە تەواوی ئاسیای ڕۆژئاوادا ئیزەدی ئاوەدانی بووە کە پاشان ئاناهیتا لە ڕۆژهەڵات، ونووس لە ڕۆژئاوا جێگەی ئەویان گرتەوە. ئەو وێنەیە کۆنترین وێنەی خاتووخوداکانی ئێرانە کە ماوەتەوە و پێدەچێت لە هەزارەکانی شەشەم و پێنجەمی پێش زایین پەیکەری لەو چەشنە لە هەموو شوێنێکی زاگرۆسدا بووبێت؛ چونکە خەڵکەکەی بڕوایان وابوو خێر و بێریان بۆ دەکاتە دیاری.

لە کەلوپەلە بڕۆنزییەکانی لۆرستاندا کە دۆزرانەوە پەیکەری خودای دایکی تێدا بووە کە گشت ئەمانە بەڵگەیە لە سەر پیرۆزیی ژن لە کەلتووری چیانشینانی زاگرۆسدا. لە هەرێمی ئیلامدا وێنەیەك دۆزرایەوە کە ژنان لە حاڵی ئەنجامی نەریتی ئایینیدا پیشان دەدات و لە یەکێك لەو نەخشانەدا خاتووخودایەك دەبینین کە چۆکی داداوە و سەری بەرەو ئاسمان هەڵبڕیوە.

ساڵی ١٩٣٤ لە کاتی هەڵکۆڵینی هەرێمی ڕۆژئاوای ئێران[١] لە گۆڕی منداڵێك وێنەی ژنێك دۆزراوەتەوە کە لە سەر بەرزییێك وەستابوو. نیگارکێش لەو پەیکەرەدا دەستەکان بە هەڵبڕاوی پیشان دەدات کە گوایە خەریکی پاڕانەوە و نیایشە. تایبەتمەندی بەرچاو کە لە نەخشی ئەو هەزارانەدا دیاری کراوە کێشانی ڕواڵەتی خوداکانە لە شێوەیەکدا کە دەستیان بۆ ئاسمان بەرز کردۆتەوە یان دەستی خۆیان

١. ئیلام

ناوە بە سینگەوە، لە هەر دوو دۆخدا خودا وا بە شوێن ئاوەدانی و بەرهەم هێنانەوە و هەروەها پیشاندانی ژنان لە چوارچێوەی وێنەدا کە لـە ئـەو سـەردەمـەدا بـڕەوی هەبووە لەڕاستیدا گرتەیەك بوو لە هونەری نێـوانچۆمـان کـە ڕەخنـەی کـردە نێـو خشتەی چالاکییە هونەرییەکانی زاگرۆس، هەڵبەت هێشتا مەبەست لە کێشانی ئەو وێنانە بە چاکی دیار نییە، ڕەنگە ئەو شێوازە تەنیا بۆ جوداکردنی ژن و پیاو بووبێت یان نەریتێکی تایبەت بە ناوخۆ بووبێت کە هەنووکەش ڕوون نەبۆتەوە.

لە هەندێ وێنەی دۆزراوی خاتووخوداکانی زاگرۆس دەتوانین زانیاری بەرفراوان لە سەر شێوازی کەلتووری دەربخەین؛ بۆ نموونە ئامادە بوونی ژن لە هەڵپـەڕکـێ و مۆسیقای کوردەکاندا کە ئێستاکەش ماوەتەوە. لە پارچە سواڵەتێکدا کە لە نەهاوەنـد دۆزرایەوە و ئێستا لە مۆزەخانەی لوڤری پاریسـە چـەنـد ژنێـك پیشـان دەدات کـە هەموویان دەست لە نێو دەست بە ڕیز لە چۆپی هەتا گاوانی خەریکی هەڵپەڕکـێن، ژنان لە وێنەکەدا دەستیان داخستووە - بـە شـێوەی هـەڵپـەڕکێـی کرمـانجی - و ڕوومەتیان بەرەو لای ڕاست هەڵچەرخاندووە کە وەها دیارە چاویان خسـتۆتە سـەر بینەرانی خۆیان کە سەرقاڵی تماشای ئەمانن. زاناکـان بـەپێی توێژینـەوەی خۆیـان مێژووی سواڵەتەکە بۆ ۴۵۰۰ پێش زایین دەگەڕێننـەوە. ئـەو نیگـارە کـە چـوار ژن پیشان دەدات بۆ دەرخستنی مێژووی هـەڵپـەڕکـێ و سـەمـا لـە نێـو دانیشـتوانی زاگرۆسدا جێگای بایەخە.

لە وێنە بەرجەستەکانی سـەر تاشـەبـەردی تاقـەوسـاندا کـە دڵـی ئیمپراتـۆری ساسانییە ئێمە ژنانی ژەنیار دەبینین کـە لـە نـاو بـەلـەمگـەلێکـدا دانیشـتوون. لـە پەیکەری مەفرەقی دۆزراوە لە گردی گیان کە ئێستا لە مـۆزەخانـەی هێرتسـفێڵدە، سەمای تاکە ژنێك دەبینین کە دەستەکانی ئاوەڵایە و خەریکی دیلانە کە ئەم جۆرە ئاسەوارە لە ڕەچەڵەکناسی نەتەوەی کوردا بەبایەخە. پێدەچێت ئەم ژنـە لـە هـۆزی کاسی بێت کە لە هەزارەی سێهەمی پێش زایین لە دۆڵەکانی زاگرۆسدا دەژیان.

گرنگییێکی دیکەی ئەم وێنانە بوونی ئایینە لە تەواوی کون و کەلێنەکانی ژیـانی ئەو خەڵکانەدا. لە وێنەی سەر جامی حـەسـەنلـوو ڕۆڵـی ژن دیـارە، لـە خـوارووی

جامەکە نیگارکێش بەشێك لە جەنگی خودای چیا و کوێستان واتە کۆماریس لەگەڵ خودای زریانی هەڵکەندووە. چیرۆکی شەڕی کۆماریس لەگەڵ خودای زریان ئەئا (ئەیا) ـ کە خودای دەریای هێناوەتە یارمەتی خۆی ـ لە ڕوانگەی بیر و بڕوای دیرۆکی و ئوستوورەییی‌یەوە گرنگ و بایەخدارە.

ڕوانینێکی خێرا بە هەڵکۆڵینەکانی ئاشووری و سۆمەری پیشان دەدات کە ئەو وێنەگەلە سەرەڕای ناوەرۆکی خەمناکی شاراوە دەتوانن داتای زۆرتر بە زانستی ئێمە زیاد بکەن. پاشاکانی نێوانچۆمان لە هێرشەکانی خۆیان بۆ سەر زاگرۆس چەندەها جار لە دیلکردنی ژنان باسیان کردووە و لە سواڵەت و کەنەکارییەکانی خۆیاندا وێنەی ئەو دیلانەیان لە هەرێمەکانی زاگرۆس بۆ ڕای خەڵکی بەجێ هێشتووە. ئەو پاشایانە لە وێنە بەردینەکانی خۆیاندا شانازییان بە خۆوە کردووە کە توانیانە ڕەخنە بکەنە دڵی ئەو چیا و شاخە هەڵەمووتانە.

ئێمە لە نێوان دەسکەوتی پاشاکانی ئاشوور لە چیاکانی زاگرۆس بە چەند بابەتی گرنگ دەگەین. لە نێوان دەسکەوتەکانی سارگۆنی دووەم لە کاتی هێرش بۆ سەر وڵاتیماننا، وێنەی دوو ژنی دیل دەبینین کە یەکیان چارشێویکی بەسەرەوەیە و ئەوی دیکە کچۆڵەیەکە کە پرچی لە سەر شانی ئاڵۆزە و هەر دوو دەستی بەرەو ئاسمان هەڵبڕیوە کە هێمای ترس و لەرز بە ڕوومەتیەوە دیارە. ئەم تراژێدیایە کە چەندین جاری دیکە لە لایەن پاشاکانی ئاشوور لە زاگرۆسدا دووپات بوویەوە تەنیا وێنەی ڕاستەقینەن کە مێژووی ئەم وڵاتە دەگێڕنەوە. لە یەکێك لە نەخشە کنراوەکانی ئاخری هەزارەی دووهەمی پێش زایین وێنەی کەلوپەل و پێداویست دەبینین کە بۆ ئوردووی ژنە دیلەکانی سەردەستی یەکێك لە زنجیرە پاشاکانی سێهەمی ئوور دەنێردرێت. بوونی ئەم ڕاستییە یارمەتی ئێمە دەدات کە قبووڵ بکەین لە سەر گالیسکە جەنگیەکانی سۆمەر لە چیاکانی زاگرۆس هەموو کات ژنان وەك دەسکەوت بوونیان هەبووە.

ئەو شتانەی دیکە کەوا لە کاتی هەڵدانەوەی دەڤەرە مێژووییی‌یەکانی زاگرۆسی کۆن بەدەست هاتوون پیشان دەدەن کە سەردەمی دایکسەردەستی لە زاگرۆس پڕە

لە بیر و بڕوا و هزری کۆن کـە دەتوانێـت هاریکـاریێ بێـت لـە سـەر ڕازی ئایینـە کەونەکـانی دانیشـتوانی زاگـرۆس. کـەلتووری ڕێزگرتنـی ژن لـە زاگـرۆس هـەتـا سەردەمی زەڕدەشت درێژەی هەبوو، لەم سەردەمەشدا ئەو ڕێزگرتنە هەر هـەبـووە، بەڵام لە ئاوێستا و دەقە پالەوییەکاندا بە کۆمەڵێك خەڵکی نالەبار دەگـەیـن کـە لـە خشتەی ژندا پیشاندراون، سەرنجڕاکێشترین نموونە لەم دەستەیە پیێریکایـە[1]. ئـەم وشە ئاوێستاییـیە کە لە پالەویدا پەری[2] بە مانای ژنی خراپەکار و جادووگەر دێـت، ئەگەرچی زۆر هۆزی چیانشین هەبوونە کە ژنسالاری لە نێویاندا بـاو بـووە، بـەڵام بەزۆری بڕوا لە سەر ئـەوەیـە کـە ئـایینی ستایشـی خـاتووخودایی لـە زاگـرۆس و کوێستانەکانی هەورامان مێژووی کۆنی هەیە و پێدەچێت لە ژیاری نێـوانچۆمانـەوە گیرابێت، ئەوانە بەهۆی پەرستنی خودای مەزنی مێینە ـ پەریگان یان پـەریکان ـ ەوە دەناسران. لە دەقەکانی ئاشووری کـە لـە سـەردەمـی سـارگۆنی دووهـەم بـۆ ئێمـە ماوەتەوە ئەم پاشایە لە شانشینی میدیایی بەریکـانوو یـان وڵاتـی پـەریکانیـان کـە پاشاکەی satar banu بوو ناو دەبات. هێرۆدۆدت لە پەرتووکی سێهەم بـەنـدی۹۲ لە هەندێ شاری ژێر دەسەڵاتی هەخامەنشەکان ناو دەبات کە لە ئایینی بێ یاسـا و بنەما لایەنگرییان دەکرد. یەکێك لەو شارانە پـەریکـانی بـوو کـە بـەگوێرەی وتـەی گەزەنفۆن پەرتووکی چوارەم بـەشـی۲ بـەنـدی۱ ئـەمانـە واتـە بـەریکانـەکـان بـە شارۆمەندی ئاشووری دەزانێت کە لە نزدیکـی ئـەم وڵاتـەوە دەژیـان و باجیـان بـە هەخامەنشی دەدا. لە ئاسەواری گەزەنفۆن و هێرۆدۆتدا لە سوارچاکانی پەریکانی لـە سەر ئەسپی ڕەسەنی میدیایی ناوبراوە.

تەواوی ژێدەرەکان هاوڕان لەگەڵ جیاوازی نێـوان ئـایینی پـەریکـانی مـادی و ئایینەکانی دیکەی ئەو ئیمپراتۆرییە. گەرچی هیچ سـەرچـاوەیـەك بـە دڵنیاییـیـەوە سەبارەت بە بیر و بڕوایان باسی نەکردووە، بەڵام هەموویان لـە سـەر دیـنکـزی و

---

۱- pairika

۲-pari

چەوتی ئایینەکەیان هاوڕان. هێرۆدۆت لە سەرکردەی بە ناو سیرۆمیتریس[1] ناو دەبات کە سەرۆکی پاریکانەکان بووە لە سوپای خەشایارشادا کە هاوشانی پادشا بە سواری ئەسپی میدیایی شەڕی دوژمنیان دەکرد. بێگومان بوونی ناوی ئێرانی mitra دەبینین کە بەرەو ئەو ڕوانگە پاڵمان پێوە دەنێت کە گوایە پاریکانییەکان خەڵکانێکی میدیایی بوونە، بەڵام گوێڕایەڵی زەردەشت نەبوونە. کەوایە ناسینی پەریکانی بە بێدین جێگەی سەرسووڕمان نییە؛ چونکە زەڕدەشتییەکان جگە لە خۆیان هەموو کەسیان بە ناڕاست و بەلاڕێداچوو دەزانی. (مێهرداد مەلەكزادە، ل.٧٤)

سەبارەت بە ئایینی پەریکانییەکان پێویستە بۆ زاگرۆس بگەڕێینەوە. ئێمە پێشتر سەبارەت بە بوونی خاتووخودا و هەروەها یەزدانی دایك و پیرۆزییەکانی ئەو ئایینە لە خاکی میدیا بەتایبەت لە هەرێمی زاگرۆسدا دواین؛ بەڵام ئێستا دەبێت سەبارەت بە پێوندییەکانی ئەوان لەگەڵ دێو و دێویسنا باس بکەین. خاڵی ڕوون ئەوەیە کە دێو نەتەنیا لە لای خەڵکی زاگرۆس بەڵکوو لە کن تەواوی هۆزە هێند و ئەورووپییەکان وەك ژنەخودا دەژمێردرا. ناوی هۆزی دێو لە زمانی ئۆرارتۆیی٩٠٠ ساڵی پێش زاییندا بە شێوەی وشەی دیا بە مانای ژن هاتووە و لە زمانی فەرانسیدا وشەی دیوا بە واتای ژنی سترانبێژە. لە زمانی ئەڵمانیدا بە ژنێك کە خاوەنی ڕێز و حورمەت بێت دەوترێت دیوا، بە ئاوازخوێنی ئۆپەرا و ژنە پایەبڵێندەکان دیوا diva دەبێژرێت، هەروەها لە ڕووسیدا بە کچ دەڵێن دوا. (ڕاست نیکۆلا، ل. ٢٧٢)

گەرچی تەنها جارێك لە یەشتەکاندا دێو بە مانای مێینە بەکار هێنراوە لەگەڵ ئەوەشدا لە ئایینی زەڕدەشتیدا ژمارەیەکی زۆر لە یەزدانەکان خاتووخودان و لە نێو ئەو ئیزەدبانووانەدا ئەمشاسپەندان لە ڕیزی باشەکاندان؛ هوروتات بە مانای دروستی[2]، ئەمێرتات یانی بێمەرگی و ژیانی هەتاهەتایی[3]، ئەشیئەرد واتە ڕاستی[1]،

---

١- Siromitrh

٢- haruatat

٣- amertat

چیستا cista، پارێندی parendi، ڕسستات rasastat، دەئنا daena و هتـد. جگـە لەمانە هەندێ دێوەژن هەن کە ناوی خراپـەیـان هـەیـە: جیـە یـان جهـەی jahi، چشمەگ cismag، ئی‌هیا Ayehya، بوسیاش/ بوشیاش bosyash.

مەبەست لە هێنانی ئەم ناوانە پێوەندی ئەمانە لەگەڵ ئەو بیر و باوەڕانەیە کە لە چیاکانی زاگرۆس بوون و ئێستاش لە هەندێ دەڤەردا هەر باوی ماوە ئـەوەیـە کـە وشەی دێویسنا یان جێژنی[2] دێو هەمان جێژنە کە بۆ خاتووخوداکان بەڕێوە دەچوو؛ بۆ نموونە لە گوندی دێوەزناو ئێستاش ئەم نەریتە تا ڕادەیەك ماوەتەوە و نـاوی دوو خاتووخودای ئەرشتات یان ئەرستات arstat, arshtat، سپەندارمـەد spandarmad لەگەڵ ئەم بابەتەدا سەر و سرِیان هەیە؛ بۆ وێنە لە ناو میرەکانی دێـوەزنـاو ژنـی و ئەرشتات لەڕاستیدا جگە لە پلەی سەرۆك وەك کەسێکی پیرۆزیش سەیـر دەکـران. ئەرشتات لە ئایینی زەڕدەشتدا خودای ڕاستی و دروستییە کە ڕۆژی ٢٦ی مانگ بە ناوی ئەوە. لە مێهری یەشتدا بەندی ١٣٩ سەبارەت بەم یەزدانە ئاوەها باس کـراوە: ئەو کەسانە کەوا مەزدا و ئەمشاسـپەنـدان و مێهـری خـاوەن مـەزرای دڵڕفـێن و هەروەها ڕەشن و ئەرشتادی ڕاست و دروستی ڕەش و ناشیرین کرد، نە مەزدا و نە ئەمشا و مێهر و ئەرشتادی هیچکام شاد نەکردووە.

هەروەها لە بەندی١٨ فەروەردین‌یەشت ئاوا هاتووە: هەرکەس لە هەموو ژیانیـدا ڕەوانی کەسە پاکەکان بـە باشـی لـە بیـردا بهێڵێتـەوە و مێهـری خـاوەن مـەزرای دڵڕفێن و ئەرشتادی پەروەرێنەر و فراوانکەری جیهان بـە باشـی بپارێزێـت ئیـدی فەرمانڕەوای هەرێمێ بێت یان سەرۆکی وڵاتێك، ئەو سەرکەوتی‌ترین خەڵکە.

پێش هاتنی زەڕدەشت، ئیندرە یەکێـك لـە فریشـتەکـانی دێویسـنا بـووە کـە بـە سەرهەڵدانی ئەو پلەی خۆی دۆڕاند، بەڵام لە لای خەڵکی زاگرۆسـدا تـا سـەدەکـانی دواتر پەرستش دەکرا؛ بوونی شاری دیواندەرە کە لە بناغەدا دیوئینـدرە یـان دیوانـدرە بووە هۆکارێکی پتەوە بۆ مەزنیی ئەم خودا کەونە. ئیندرە کـە خـودای چـەخماخـە و

---

١- asi ard

٢. یەسن یان یەزن: جێژن

هەورە برووسکەیە پاش زەڕدەشت چووە ڕیـزی دێـوەکـان و پاشـان جێگـەی خـۆی ڕادەستی میترا کرد. وەها دەردەکـەوێـت کـە مێهرپـەرسـتەکـان بەتـەواوی لـەگـەڵ دێویسنەکاندا یەکڕا نەبوونە. ئەو جۆرە لە یەشتەکاندا هاتووە دێویسـنەکـان باڵێـك لـە مێهرییـەکـان بوونـە کـە خـودی زەڕدەشـت بـە دەسـتی ئـەوان کـوژرا؛ مۆغـەکـان شوێنکەوتووی ئایینی دێویسنە بوونە کە بە کاریگـەری لـە سـەر ئـایینی زەڕدەشـت توانییان زۆر نەریتی دایكپەرستی لە زەڕدەشتیدا برەو پێدەن. نووسەر هاشم ڕەزی لـە زاری کریستەنسێن دەگێڕێتەوە کە ئەمانە یەکەم کەس بوونە لـەگـەڵ زەڕدەشـت و ئامۆژگارییەکانی ئاشنا بوون و تەنانەت پێش ئەوەی کە زەڕدەشت بۆ لای پارسیەکـان بڕوات، لە میدیادا ئایینەکەی بڵاو کردەوە، بەڵام ئەوان واتە مۆغەکان ئـەو ئایینـەیـان تێکەڵی هزری خۆیان کرد و شتێکی نوێیان لێ دروست کرد کە لە هەنـدێك شـوێندا لەگەڵ سەرچاوەکەیدا دەخوێنێت و هەندێ جاریش پشت لە یەکن.

هەر جۆرێك تێفکرین هزری باڵادەست لـە هـەرێمـی زاگـرۆس و دەوروپشـتیدا دایكسالاری بووە، تەنانەت دوای سەردەمێك ئەم نەریتە لە ناخی ئایینی زەڕدەشتیدا ڕەگی داکوتا؛ بۆ نموونە جێژنی سـپەندارمـەز کـە بـۆ ڕێزگـرتن لـە ڕۆڵـی دایـك و شوبهاندنی ئەوە لە باری بەخشندەیی و بەرهەمهێنانەوە بە زەوی، هـەر بـەو جـۆرە کە لە ئایینی دایكسالاریدا برەوی هەبوو لە زەڕدەشتیشدا ڕەنگی دایەوە و هەر ساڵ لە پێنج ڕۆژی ئاخرین مانگی ساڵدا (پێنجە) بە یـادی سـپەنـدارەوە جێژنێـك ڕێـك دەخرا. سپەندار یەکێك لە ئەمشاسپەندەکان بـووە کـە وەکـوو فریشـتەی خـاوەنـی زەوی ناسراوە و لە ڕیزی ژنانی بادیندا بـووە. سـپەنـد بـە مانـای پـاك و پیـرۆزە و ئارمەت یان ئارمەز بە مانای سـازگاری و لـەخۆبوردوویی‌یـە. سـپەنـدار چـوارەمـین ئەمشاسپەندە و ڕۆژی پێنجەمی هەر مانگ بە ناوی ئەوە، بەڵام پێنجـەمـی مـانگی ئاخر جێژن دەگێڕن. سپەندار لـە خشـتەی مینۆییـدا مینـاکی لـە خۆبـوردوویی و سازگاری ئەهوورامەزدایە و لە جیهانی مادییدا پارێزەری زەمینە. یەکەم مەراسم کـە لەم جێژنەدا بەڕێوە دەچێت مەردگیران یان مژدگیرانە کـە تایبـەت بـە ژنانـە و بـۆ ڕێزگرتن لە پلەی ئەوانە. ئەبووڕەیحانی بیروونی یەکەم مێژوونووسی موسـڵمانە کـە

باسی لەم جێژنە کردووە کەوا لە زاگرۆسدا بەڕێـوە دەچـوو. ئـەو دەڵێـت سـپەنـدار فریشتەی نێردراوە بۆ زەمین کە لە ژنانی پـاك و دروسـتکارە و زۆر مێـردی خـۆش دەویێت. ئەو تەنانەت ئەم ڕۆژە بە جێژنی ژنان ناو دەبات و دەڵێت ژن لەم ڕۆژەدا بە ئازادی مێردی خۆی هەڵدەبژێرێت، هەڵبەت گردیزی لە پەرتووکی «زین‌الاخبـار»دا ئەمەی پشتڕاست کردۆتەوە، بەڵام ئەو دەڵێت ژنانی شوودار لەم جێژنـەدا خـەڵات و دیارییان لە مێردەکانیان وەردەگرت. جگە لەم بابەتانە نەریتـی دیکـە لـەم ڕۆژەدا پەیڕەو دەکرا کە بە «ڕقعەی کەژدەم» ناسراوە کە هەڵبەت تایبەتـی شـوێن‌گـەلێـك بووە کە دووپشك یان کەژدەمی بووە. لەو ڕۆژەدا تـەلیسـم و جادوویـان دەکـرد بـۆ دەمبەستی دووپشك و گیان‌لەبەری خشۆك کە مەترسییان هـەبـوو. ئـەبـووڕەیحـان دەڵێت ئەم نەریتە هی خەڵکی ئاسایی بووە و نەتەوەی فارسیش ئەنجـامی نـەئـەدا. دوور نەچین سەرلەبەیانی ئـەو ڕۆژە دەنکـی هـەنـار و مێوژیـان پێکـەوە دەکوتـا و مەڵهەمێکیان ساز دەکرد کە دەرمـانی ژەهـر و گـەسـتن بـوو. هـەروەهـا لـەسـەر قاقەزێکی چوارگۆش هەندێك شتیان دەنووسی و لە سێ سووچی ماڵـدا دەیـان‌کوتـا بە دیواردا و گوزەری درکەیان لێ دەردەکرد و بڕوایان وابوو کە ئەم کارە ئەگـەر لـە کاتی هەڵاتنی خۆردا بکرێت ئیدی تـا سـاڵی داهـاتوو دووپشـك و خشـۆکی بگـەز مەترسییان نامێنێت؛ گوزەری چوارەم کە قاقـەزی نـەبـوو بـۆ ئـەوە بـووە کـە ئـەو گیان‌لەبەرانە لەوێوە بڕۆنە دەرێ. ئەبووڕەیحان ئەو نزایـە کـە لـە سـەر نووشـتەکـە دەنووسرا گێڕاویەتەوە کە ئەمەیـە: بـە نـاوی ئوورمـەزد، ئـەسـپەندارمـەز مانـگ و سپەندارمەز ڕۆژ، بەستم دەمی هەموو شتێکی ورد و بچووك، هەڵاتن و چوون جگە لە چوارپێکان، بە ناوی یەزدان و جەم و ئافەرەیدوون.

جێگای باس و تێڕامانە کە لەم جێژنەدا هەندێ شت هەن کە دیرۆکی درێژیـان هەیە؛ بۆ نموونە دووپشك و مار لە کـاتی کوشـتنی گـا بـە دەسـت میتـرا وەتـەی دەگەزێت و تووەکەی دەمژێت، وە هەروەها هەنـار وەك میـوەیـەکـی ئـەهووراییی و پیرۆز مەڵهەمی دژە ژەهری دووپشکە کە ئێستاکەش ئەم گیان‌لـەبـەرە بگـەزە لای یارسانەکان هەر پیرۆزە و گرنگتر لە هەموو شتێك گرنگی دۆعا و نزایـە کـە دەمـی

دوژمن دەبەستێت. بەڵام ئەوەی کەوا لەم بوارەدا زۆر بەنرخە ئەوەیە ئەگەر لە ناوەرۆکی ڕێکخستنی وەها جێژنێك بکۆڵینەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هەمووی باندۆڕی ئایینی دایكسالاری بووە کە تەنانەت زەردەشت بەو هەموو دژایەتییەوە بەرگەی ئەو هزر و ڕامانەی نەگرت و لە ئاکامدا ئایینەکەی لە بەردەم زۆرێك لە نەریتی ئایینی چیانشینان چۆکی دادا.

درێژەی پێ نەدەین، بەڵام لەڕاستیدا شتێك بە ناوی دێوپەرستی قسەڵۆکێ بوو کە بە زاری ئایینی دایكسالارییەوە بەسرا، چونکە شوێنکەوتوانی زەردەشتی وەك هزری باڵادەست خۆیان پێ نەگیرا کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی سیاسی ئەواندا بیر و بڕوایەکی دیکە سەر هەڵبێنێت؛ هەر بۆیە هەتا توانییان بەربەرەکانێیان لەگەڵی کرد و لە دوای ئەوەش هەزاران تانەوتەشەریان بۆ هەڵبەست بەڵکوو بتوانن ئەو هزرە خۆماڵییە سووك بکەن. تەنانەت ئێستاش ئەو وشەگەلە لە ئاخاوتنی خەڵکیدا ماونەتەوە؛ بۆ نموونە بە شوێنی ترسناك و تۆقێنەر ئێژن دێوەڵان واتە جێگە و پێگەی دێو. یان بەخەروار وشەی ناحەز و ناشیرین لە باری مانا و ناوەرۆکەوە وەك دێوانە بە مانای شێت و لێوە، دێو سوار، دێوجامە، ئەدوێت کە بە کەسی زۆربلّە و فرەبێژ دەڵێن و دەیووس و هتد، لەو وشە نالەبارانەن کە هەمووی ڕەگی لەو ئاوەدایە کە وەك گەنکاوێ خستیانە ناو ڕۆباری ئایینی چیانشینان بۆ ئەوەی پیسی بکەن. (کامل سەفەریان و زەهرا سەجادی، کورتکراوەیەك لە تەوای کتێبەکە).

## ئایین لە سەردەمی پێش زەڕدەشتدا

گەشە و نەشەی مرۆڤ لە ژیانی سەرەتایی و ئەشکەوتنشینییەوە بەرەو ژیار و شارستانییەت پێوەندییێکی تایبەتی هەیە بە گەشەی فیکری و هزرییەوە کە وەك لێكتێگەیشتنێك بوو کە توانی بە دیدێکی کراوە لە دنیای دەوروبەری پێی بگات. هەڵبەت ئەم شێوە بیرکردنەوە وای لێ کرد بە مل دنیای ئاڵۆزی هەستەکاندا سەر کەوێت، بەڵام نابێت لە بیری بکەین کە گەشەی هزری هاوتا بووە لەگەڵ گەشەی زمانیدا کە هەر ئەم گەشەکردنە بوو بەهۆی سەرهەڵدانی مێژوویێکی نوێ و دروستبوونی تاقمە زمانییەکان کە پاشان خەڵکانیش دابەش بوون بە سەر بنەماڵەی زمانیی جیاوازدا کە ژیاری جیاجیایان لێکەوتنەوە؛ بۆ نموونە ئەگەرچی ئارییەکان کەلتوورێکی مادی دەوڵەمەندیان نەبوو، بەڵام خاوەنی زەینێکی کراوە و هزرێکی بڵیند بوون کە یەکەم هەنگاوی گەورە بەرەو فەڵسەفە و زانستی عیرفانی لە لایەن یۆنانییەکان و ئارییەکانەوە هەڵگیرا نەك بابلی و میسرییەکان کە خاوەنی ئەو هەمووە ماڵ و سامانە بوون. ئارییەکان ئایینیان بە شێوەی ئاکار و ئەخلاق دەرهێنا و کردییان بە یاسای کۆمەڵگە. یەکەم هزر و بیری نزیك لە ئایین کە هەموو مرۆڤایەتی بەبێ جیاوازی بۆ لای خۆی بانگهێشت دەکرد، زەڕدەشتی و بوودایی بوو؛ بۆ نموونە زەڕدەشت لە گەشەپێدانی بڕوای ئێرانییەکاندا بۆ یەکتاپەرستی و ڕزگاربوون لە دەست وزەگەلی سروشتی کە داڕێژرابوونە خشتەی خوداکان، ڕۆڵێکی تەواو گرنگی هەبووە. تا ڕادەیەك دەتوانین بڵێین بیرۆکەی گەورەی شەریعەتی یەزدانی ئافرێتراوی هزری یەکەمی ئارییەکانە، ئەگەرچی یەکتاپەرستی ئەمان هەندێ ساکار بووە، بەڵام بە سەرهەڵدانی ئارییەکان و بەریەككەوتنی هزری ئەمان لەگەڵ هی مێزۆپۆتامیا

هەندێ شت بە زەقی دەهاتنە پێش چاو.

ئەگەرچی لە دەقە ئاشوورییەکاندا هەتا سەدەی نۆهەمی پێش زایین ناوێک لە میدییەکان و پارسییەکان نەبراوە، بەڵام بە لێکدانەوەی دەقە ویدایییەکانی هێند و پێکهاتە پێش زەردەشتیەکان کە ماونەتەوە بەتایبەت لە یەشتەکاندا، دەتوانین یەکەم ئایینی ئێرانییەکان سەر لە نۆ ساز بکەینەوە. ئەم ئایینە لەگەڵ ئایینی هێند و ئارییەکان زۆر لێکدەچن و هەردووکیان لە ئایینەکانی چەندخوداییین؛ لە کۆنترین بەشی ویدادا لە یەزدانگەلێک وەک «ئەسوورە»کان و «دێوا»کان ناو براوە. پەرستشی «دێوا»کان لە پلەی هەستیدارە ئاسمانییەکان لە ئایینی هێندوودا برەوی پێدرا؛ کەچی «ئەسوورە»کان پلەیان بۆ ئاستی «دێو»ەکان دابەزی، بەڵام ئەم گوزەرە لە ئایینی ئێرانیەکاندا بە پێچەوانەوە بوو، «ئەهوورا» بوو بە هەمان «خودا» و «دایوا»کانیش بوون بە «دێو».

کۆنترین بەڵگەی نووسراو لە سەر بوونی خودای هێند و ئارییەکان لە پەیمانێکی نێوان سووپیلولیوما پاشای هیتییەکان و میتوازا شای میتانییەکان (سەدەی ١٤ پ.ز) دەدۆزرێتەوە کە لەم دەقەدا لە خوداگەلێکی ویدایی وەک ئیندرە و ناساتیا ناو براوە کە لە وەندیدادا بۆ پلەی ئەهریمەنی ئیندرە دابەزیون. میترا یان میسرەی ئاوێستایی کە لەم دەقەدا ناوی هاتووە هەم هێند و هەم ئێرانییەکان پەرستشیان دەکرد و لە هەر دوو کۆمەڵگەشدا خودا لەگەڵ هەتاودا هاوشانە. ناوی «ئیندرە» لە دەقەکانی ئاوێستادا هاتووە، بەڵام ناوی خودا گەورەکەی ویدایی واتە «وەروونە» نەهاتووە، وشەی بەگە[1] یان بەهاگای ویدایی لە زۆربەی ناوەکاندا خۆی پیشانداوە و زۆربەی توێژەرانیش بەگە و میسرەیان بە یەکێك زانیوە، بەڵام مێری بۆیس پێی وایە بەگە لەگەڵ وەروونەدا کە ناوی لە ئاوێستادا نەهاتووە دەبێت یەکێك بێت.

برێ لە توێژەران وەك ژاك دوشن گییەمەن بڕوایان وایە کە دابەشکردنی کۆمەڵگە لە سەر سێ چینی سەیداکان و شەڕڤانەکان و خەڵکی ئاسایی کە لە

---

١. خودا

نێوان هێند و ئارییەکاندا برەوی هەبووە و ژۆرژ دومزیل بەتـەواوی سـەبـارەت بـەم دوو تیرە ئەم چینایەتییەی پەسند کردووە پێی وایـە لـە کۆمـەڵگـەی سـەرەتـایی ئاوێستادا ڕەنگی داوەتەوە. (ئێدوین یامائۆچی، ل. ٤٧٣_٤٧٢)

یەکێك لەو بەڵگانە کە ناوی هەندێ لە خوداکانی هێنـد و ئێرانـی تێـدا هـاتووە پارچـە سـواڵەتێکـی کاسـییەکانـە کـە لـە ئاشـوور دۆزراوەتـەوە و لـە ناویـا نـاوی «سووریاش» خودای هـەتـاو، «بووریـاش» خـودای زریـان و «ماروتـاش» خـودای نەخۆشی تاعوون نووسراوە. (نوسرەتوڵلا موعتەمێدی، ل.٧)

پێش زەردەشت مرۆڤ لە بەندی یەزدانە سروشتییەکاندا بوو، بۆ هەموو شتێکی چ بەسوود و چ بێ‌کەڵك خودایەکـی داتاشـیبوو، بـەڵام لـەڕاسـتیدا ئـەم داڕێـژەیـە چاکسازییەکی لە بواری ئایینیدا هێنایە گۆڕێ کە توانی بـە هـەنـدێ بـان و خـوار کردن لە پلەی خوداکاندا بە یەکتاپەرستییێکی سـادە و سـاکار بگـات. ئـەگـەرچـی هەندێك بۆنی دووبڕوایی پێوە بوو، بەڵام بۆ سەرەتا و دەستداشۆردن لـەو کۆمـەڵـە خودایە هەنگاوێکی باش بوو. هزری زەردەشت لە هەمبەر هەندێ لە بیر و بڕواکانی ئەوکات زۆر پێشڕەو بوو، بەڵام بەتەواوی نەیتوانی بیانگۆڕێت؛ چونکە پـاش مردنـی هەرزوو دیسان سەریان هەڵدایەوە کە پاشان بوو بە هـەوێنـی چـەنـد بزووتنـەوە و ئایینزای دیکە کە ڕێ‌خۆشکەر بوو بۆ ڕێچکەیەکی بەربڵاوی فەلسەفی.

زەردەشت وەك ڕیفۆرمخـوازێ هـەوڵیدا مـەزداپـەرسـتی کـە لـەگـەڵ یـەزدانـە سروشتیەکان تێکەڵ ببوو بکاتەوە بە یەکتاپەرستی. لـە ئامۆژگارییـەکـانی ئـەودا ئـەو ئیزەدە جیاوازانە بەرەو فریشتە بوون دەڕۆن واتە پلەیەك خـوار خـودایی، پاشـان هـەر ئەمانە بوون بە پرشنگی گەورە و نووری خودایی کە وەك فەڕی ئیزەدی دەژمـاردران، بەڵام دوای چەند سەدە کوتـوپڕ ئـایینی مـەزدایـی گـەڕاوە سـەر خـاڵی دەسـپێك و یەزدانەکان دیسانەوە گەڕانەوە و هەندێك بە سەر هـەنـدێکی دیکـەدا زاڵ بـوون یـان تایبەتمەندی فراوانتریان پێ‌درا. یەشتەکان و یەسنا پڕە لەو ئیزەدانە کە زەردەشت لـە گاتاکان دەری کردن. ئەم گۆڕانکارییە پێشتر لە مێزۆپۆتامیا ڕووی دابـوو چونکـە ئـەو خواوەندانە کەوا کاریگەری زۆریان لە سەر گەشـەی ئـابووری بـوو لـە نێـوانچۆمـان،

بەرەبەرە ژمارەیان زیادی کرد. لە هێندیشدا دوای سەردەمی ویدایی هەر ئەم شێوازە هاتە ئاراوە؛ سیوسێ ٣٣ خودای سەرەتایی دوای هاوسانبوون لەگەڵ ئیزەدە سروشتییەکان بوون بە ٣٣٠٠٠٠ خودا کە ئەبوورەیحان بیروونی لە پەرتووکی خۆیدا[1] ئەم زیادبوونە هەزاران کەسییەی پشتڕاست کردۆتەوە. بەڵام بەڕاستی گەڕانەوەی یەزدانەکان بۆچی بووە؟ ڕەنگە هۆکارێکی ئەوە بێت کە زەڕدەشت خۆی لە ئایینەکانی هێند و ئێرانیدا کە پڕ بوو لە خودای جیاواز، نوێکاری[2] کرد؛ هەر بۆیە گەڕانەوە، بەڵام بیرۆکەیەکی دیکەش ئەوەیە کە گێرشووم شوولێم فەیلەسووفی جهوو سەبارەت بە سەرهەڵدانی هزری عیرفانی لە دڵی هزری مەعنەویدا باسی کردووە بۆ پرسیاری هاتنەوەی دووبارەی ئەم ئیزەدانە جێگای بایەخە. شوولێم هزری مەعنەوی دەکات بە سێ بەشەوە: ١. هزری ئوستوورەیی: ئوستوورە و ئیزەد بەزۆری سەرچاوەی سروشتییان هەیە و بە سەر دنیادا حوکم دەکەن، بێبڕانەوەش لە ژیانی خەڵکیدا هەن و مرۆڤیش لەگەڵیان هەست بە یەکسانی دەکات. ئیزەدەکان لە ڕەوتی گووران[3]ی خۆیاندا بەرەبەرە دوورەدەست دەبوون، ئیدی مرۆڤیش یان سیمایانی دەگۆڕی یان کەسی دیکەی دەنایە جێگەیان.

٢. هزری ئایینی: لەگەڵ پێغەمبەرانی بەنیئیسرائیلدا ئیمان مانایەکی دیکەی دۆزییەوە. ئەگەر لە سەردەمی ئوستوورەییدا کۆمەڵگەی سەرەتایی مرۆڤ بە دەستی کۆمەڵێك خەڵکی ڕیشسپی و کوێخا ڕێبەری دەکرا و ئەوان دەمڕاستی خەڵك بوون، لە سیمای ئاسمانیشدا هەندێك خودای جیاواز هەبوون کە سووڕ و گەڕی کات و ساتیان لە دەستدا بوو. جا ئەو کوێخایەتییە سەرەتاییە وەك جۆرێك دیموکراسی بوو کە تێیدا ئیزەدەکان خێری تەواو نەبوون، مرۆڤ لەگەڵیان پێوەندی هەبوو. نیایشی ئەم خوداگەلە پڕ بوو لە شەوق و زەوقی عیرفانی کە جۆرێك تایبەتی کۆمەڵگەی دایکسالار بوو، بەڵام بە هاتنی یەهوە خودای جوولەکە جۆرێکی دیکەی

١. تحقیق ماللهند، لاپەڕەی ٦٨

٢. بدعت

٣. تکامل

ئیمان هاتە گۆڕەپانی تاقیکردنەوە. کۆمەڵەی هۆزیش بەرەو سنووردابوونی هێزی سیاسی و کۆبوونەوەی لە یەك کەسدا هەنگاوی نا.

شێوەی سەرەتایی تری یەهوە لە نێوان‌چۆمان و میسر «مەردووك» و «ئاموون» بوون. لێرەدا بەگوێرەی شرۆڤەی شوولیێم لە نێوان مرۆڤ و یەزداندا پچڕانێك ڕوودەدات کە دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە خودای تاك و تەنیا، کە ئەم دووربوونە هەستی یەك‌بوونی کۆمەڵگەی دایك‌سالار کز دەکات و بەندایەتییێکی بێ هەل‌ومەرج جێگەی دەگرێت، بەتایبەت ئەوەی کە یەهوە ئیزەدێکی ترسناکە و هێشتا بەتەواوی لە شەڕ و شۆڕ خاوێن نەبۆتەوە. هەر لەم سەردەمەدا شتێك ڕوودەدات کە ئەویش مانای مێژووە. پێش‌تر هێڵی کات و مێژوو بۆ مرۆڤی سەردەمی ئەساتیر بێ‌مانا بوو؛ چونکە ئەو بە کاتی بازنەیی بڕوای هەبوو کە هەموو شتێك دووپات دەبووەوە و پاش گەڕانێکی بەردەوام نوێ دەبووەوە. لەو نوێ‌بوونە ساڵانەیی‌یەدا کە پێی دەڵێن فەرشگەردێ، جیهان هەر جارە بۆ کاتی سەرەتایی[1] دەگەڕێتەوە، کاتێك کە تێیدا بوونەوەرە ئیزەدییەکان جیهانیان دروست کرد. سەرچاوەی نەورۆزیش هەر بۆ ئەم هزرە دەگەڕێتەوە، بەڵام جوولەکە ئەم ڕێچکەیە دەگۆڕێت. میرچا ئێلیادێ دەنووسێت: بۆ یەکەم جار پێغەمبەرانی بەنی‌ئیسرائیل بایەخیان بە مێژوو دا و بە سەر بۆچوونی پێشوو کە بڕوایان بە جووڵەی بازنەیی کات بوو و دڵنیایی دەدا هەموو شتێك دووپات دەبێتەوە سەر کەوتن. ئەمان توانییان کاتێك بدۆزنەوە کە یەك‌لایەنە و تاك‌گوزەرە. لە هزری ئوستوورەییدا ڕووداوەکان لە سووڕی فەلەکیدا دەهاتن و دەچوون، بەڵام لە هی تەوراتدا هەموو شتێك بە ئیزنی یەهوە ڕووی دەدا کە خۆی ڕێ‌خۆشکەر بوو بۆ ئەوەی کە ڕووداوەکان ئیزنی خودایان لە سەرە.

٣. هزری عارفانە: بە هاتنی پێغەمبەرانی سامی دوو ڕووداوی گەورە لە هزر و ڕامانی مرۆڤدا خولْقا: ١. جودایی لە نێوان مرۆڤ و خودا کە خۆی بەدیهێنەری هەستی بەندایەتی و ترسە لە مرۆڤدا. ٢. دۆزینەوەی مانای مێژوو کە ئەویش

---

١. ازلیت

هەستی ترس و لەرز لە ڕەوتی یەکلایـەنـی کـات بـەدی دەهێنێـت. لـە هـەر دوو هەستدا مرۆڤ لەگەڵ ترسدا دەژییێت. بـە وتـەی گنۆسـییەکـان مـرۆڤ بیـرەوەری بەهەشتی ونبوو و هەمسانی لەگەڵ سروشتی لە بیر کردووە؛ ئیدی شتێك دەبوایـە ئەم دووری و ترس و لەرزەی بڕەواندایەتەوە کـە ئـەویـش دروسـتبـوونی هـزری عیرفانی و گنۆستیکی بوو لە دڵی هزری ئایینیدا. چونکە هزری عیرفـانی پچـڕان و دووری مرۆڤ و خودا بەجۆرێك قبووڵ دەکات گەرچـی بڕوایشـی پێـی نییـە. ئـەم هزرە لە تەنیشت قبووڵکردن و بێبڕوابوونیشی پێی، تێدەکۆشێت مرۆڤ لـە خـودا نزدیـك بکـات. زۆر دوور نـەکـەوینـەوە، بـەڵام لـە هـەمـوو ئایینێکـدا ئـەم هـزرە تێدەکۆشێت مرۆڤ بۆ هەستی تاك و تەنیایی سـەردەمـی ئوسـتوورەیـی بباتـەوە و ئەمەش وڵامێکە بۆ ئەو پرسـیارە کـە دوای زەڕدەشـت ڕووی‌دا؛ چونکـە تـا پـێش دەورەی گاتاکان مرۆڤ خۆی لەگـەڵ ئیـزەدەکانـدا بـە نزیـك دەزانـی، قوربـانی بـۆ دەکردن و ئەوانـیش ویسـتی ئـەمیـان مسـۆگەر دەکـرد. دێـوەزناکـان لـە وڵامـی زەڕدەشتدا دەڵێن: هەرکات داوای فەرمانڕەوایەك و پێشـەوایـان لـێبکـەیـن پێمـان دەدەن و ئەگـەر بمانـەوێـت مـەڕ و مـاڵات و دەسـەڵاتمـان بـاتێ پێمـانی دەدات. «دینکەردی حەوتەم، فەرگەردی ۴، بەندی ۵۰».

ئایین وەك ڕێگەیەکی بەربڵاو و گۆڕەپانێکی پان و بەرین دنیایەکی نوێی خسـتە بەردەم مرۆڤ. ئەویش بە تێگەیشتنی خۆی دەستی کرد بـە تـاوتوێکردنـی. بـەڵام ئایینە سەرەتایی‌یەکان زۆرتر وەك جەمسـەری ژیـانی خـەڵـك و سروشـت بـەرچـاو دەکەون، چونکە بە هەر گۆڕانێك ئەویش ئاڵوگۆڕی بە سـەردا دەهـات. زۆر جـاران بەهۆی ئەوەی کە هێما سروشتییەکـان بـاوی دڵـی خـەڵـك نـەبـوون پشـتیان لـە خوداکەشی دەکرد و ڕوویان لەوی دیکە دەکرد کە ئـەمـەش بـە جێگـەی سـەر و ساماندانی خەڵك ببوو بە هۆی ئاڵۆزیی ئەقڵ و ئاوەزیان. ئەگەرچی زەڕدەشت لە نێـو گەلی ئارییایدا چاکسازی کرد و خەڵکی بەرەو تاکخودایی پاڵ پێوەنا، بەڵام بـەهۆی ئەوەی کە ئەم باوەڕانە تێکەڵی باری ژیان و گوزەرانی خەڵك ببوون بەئاسانی لە نـاو نەچوون و تەنانەت هەتا ئێستاکەش هەر شوێن‌پێیان ماوە.

## بنەماكانی ئایینی زەردەشتی

بەگوێرەی گاتاكان زەرده‌شت لە ناو كۆمەڵێك ئاژەڵداردا دەژییا كە كـەوتبوونـە ژێـر هەڕەشەی هەندێك چەتەی ئاژەڵدزەوە كە هەموو كـات مـاڵ و سـامانی ئـەمانیـان تالآن دەكرد و مەڕ و گا و گوێرەكانیان سەر دەبڕین. زەرده‌شت لـە یەسـنەكاندا لـە بێتوانایی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دزانە دواوە، تەنانەت ڕۆح و ڕەوانی گا لـە بێهێزیی زەرده‌شت سكالآ دەكات. (یەسنی٢٩ـ٩)

زەرده‌شت خـۆی وەك زئـۆترە بـە وێـدایی هۆتـار یـان مامۆسـتا و یـەكێـك لـە مانسرەكان[١] زانیوە[٢]. كاتێك كە ئامۆژگارییەكانی خۆی سەبارەت بە پـەرسـتنی مـەزدا دەستپێكرد، گەورەكانی هۆز دژایەتییان كرد. ئەو بە پـەیـڕەوانـی خـۆی وت كـە دوژمنی شەڕخوازەكان بن و گوێڕایەڵی چاكە و باشـە بـن. بـەگوێرەی دەمباسـێكی دینكەرد سەبارەت بە ژیانی زەرده‌شت، ئەو لە تـەمـەنـی سـی سـاڵیدا بـە یـەكـەم هەستی خۆی لە نێو هەشت هەست سەبارەت بـە مـەزدا گـەیشـت. لـە دە سـاڵی سەرەتادا جگە لە كوڕە مامێكی كەس شوێنی نەكەوت؛ پاشان مامی ژنـەكـەی بـوو بە گوێڕایەڵی. ئیدی دوو ساڵ دوای ئەو ماوەیە یەكێك لە ناودارترین كەسـانی واتـە ویشتاسپ و هاوژینەكەی بوون بە پشتیوانی. سەبارەت بە وشەی مانسر كە قەول و بەیت دەهێنن ئێستاش لە ناو ئێزدییەكان كەسـانێك هـەن كـە خـاوەنـی قـەول و بەیتن وەك چۆن لای یارسانەكان هەر ئەم كەسانە خاوەنی كەلامن.

زۆر لە بابەت دوور نەكەوین، بەلآم هەر لەسەر ئـەم مـژارە قورئـانی پیـرۆزیش[٣] باسی كردووە هەڵبەت بە جیاوازییەكەوە كـە ئـەم بـە جێگـەی زەرده‌شـتی وشـەی

١. ئەوانەی كە قەول و بەیتی پیرۆز دەهێنن.

٢. یەسنی٨.٥١

٣. سوورەتی حەج، ئایەی ١٧.

مەجووس بەکار دەهێنێت و لە ڕیزی جوولەکە و سابئە و خاچپەرست و بێباوەڕاندا باسی لێ کردووە و وەك ئایینێك ناوی بردووە. بەڵام ئەمەش خۆی جێگای سەرنجە کە مەجووس وشەی بەعەرەبیکراوی ماگۆس، مەگۆس یان مۆغە کە تیرەیەك بوونە لە میدییەکان و تەنانەت دژبەری زەردەشت بوونە. بەڵام زۆربەی زاناکانی یۆنان زەردەشت بە مۆغێکی چاکساز دادەنێن. وشەی مەگ یان مۆغ لە بەگ گیراوە و مانای خودا دەگەیێنێت، هەر بۆیە مۆغەکان یان بەگەکان گەورەگەلێ بوونە کە نوور و فەڕی خودایییان تێدا بووە وەك پیرەکانی یارسان، کە ئەگەر وتەی یۆنانییەکان پەسند بکەین و بە ڕای منیش لە ڕاستی نزدیکترە زەردەشت پێشڕەوێك بوو کە پێشتریش لە ناو هۆزەکەیدا جێگای ڕێز بووە، هەر بۆیە وەك کەسێکی خاوەن پلە و زانا ڕیفۆرمێکی ئایینی خستە ڕێگە و پاشان ڕێڕەوانی وەك ئایین وەریانگرت. بەڵام لە بیرمان نەچێت لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەکاندا ئەم ئایینە زۆر بەلاڕێدا برا و ئەویش خۆی مەبەستی سیاسی لە پشتەوە بوو، تەنانەت ئاوێستایەك بە بچووکی گاتاکان کرا بە هەنبانەیەك وشە و ڕاز کە هەر سەردەمێك بۆ خۆی شوێن پێی لێدانا.

دوور لە ڕەوشی سیاسی کۆمەڵگە، هەندێ بارودۆخ بوونە هۆی ئەوە کە زەردەشت بناغەی ڕیفۆرمی ئایینی خۆی لە سەر سێ تەوەری کردەوەی چاکە، وتەی چاکە و بیری چاکە بنیات بنێت. ئەو بە ڕامان و بیری بەتوانای خۆی تێگەیشت کە بناغەی تەواوی بزوێنە و بەساتی دنیا کردەوە و دژکردەوەیە، چونکە وڵامی هەر کردەیەکی چاکە وەرگرتنی کرداری چاکترە؛ کەوایە لە شوێنێ کە خەڵکی لە تەنیشت یەکەوە دەژین ئەگەر ڕوو بکەنە چاکەکردن، بێجگە لە باشیوبۆشی شتێك نابینن؛ وە ئەگەر دەست بدەنە کاری خراپە، بێ سەر و سامانی و خراپەکاری باڵ بە سەریاندا دەکێشێت.

دەبێت باش بزانین لەم هزرەدا هەر کەس بەتەواوەتی سەربەستە کە بە یارمەتی بیر و ڕامانی خۆی ڕێگای دروست هەڵبژێرێت، چونکە ئەقڵ و ئاوەزی مرۆڤ بەشی هەرە زۆری ڕامانی چاکەی داگیر دەکات. دەبوایە زەردەشتیەکان بۆ فێربوونی

زانست و کەلتووری سەردەمی خۆیان زۆر تێکۆشایەتن، بەو شێوەیە فەلسەفەی ئایینی زەرڕدەشتی هەمیشە پێشڕەو و پتەو دەمایەوە و لە گوزەری زەماندا تووشی دواکەوتن و چەوتی نەدەهات. خودایێ کە زەرڕدەشت بانگەشەی بۆ دەکرد ئەهوورامەزدایە کە عیلامییەکان بە «ئوورمەسدە» دەیانناسی. هەڵبەت مێری بۆیس ڕای وایە کە تەنانەت پێش زەرڕدەشتیش میدییەکان و پارسییەکان، ئەهوورامەزدایان وەك خودای خۆیان دەناسی؛ بەڵام شائۆل شاکێد لە سەر ئەو ڕایەیە کە زەرڕدەشت خودایەکی نوێی بە خەڵك دەناساند. لە «گاتا»کاندا ناوی مەزدا ١١٦ جار و ئەهوورا ٦٤ جار و مەزدائەهوورا ٢٨ جار و ئەهوورامەزدا تەنیا ٦ جار هاتووە.

هەندێ نووسەر وەك داگلاس فاکس پێیان وایە کە یەکتاپەرستی زەرڕدەشت زۆر پوخت و پەتی نەبووە، چونکە هیچ ڕستەیەکی پتەو لەو بارەوە نییە کە تێیدا زەرڕدەشت بێ سێ و دوو بانگەشەی یەکتاپەرستی کردبێت. مێری بۆیس دەڵێت چەندخودایی تایبەتمەندی سەرەکی ئایینەکانی ئێرانە و سەبارەت بە تاكخودایی لە هیچ سەرچاوەیەکدا تەنانەت لە وتەکانی زەرڕدەشتیشدا شوێنپێیك دیار نییە. بە ڕای من ئایینەکان هەمیشە بە پەتی نامێننەوە، چونکە ئایین بەرنامەی ڕزگاری مرۆڤ لە خۆ دەگرێت، بەڵام بە پێچەوانەوە زۆربەی خەڵك بەتایبەت ئەوانەی کەوا حەز و خولیای دەسەڵاتیان لە سەردایە زۆر جار ئایین دەکەن بە داردەستێك بۆ داپڵۆسان و گوێڕایەڵکردنی خەڵکی، هەر بۆیە لە جێبەجێکردنی یاساکاندا زۆر پێوە نارۆن یان کەمتەرخەمی دەنوێنن و بە ویستی خۆیان شتی لێ دەگۆڕن کە ئەم شێوازە بە تێپەڕبوونی کات دەبێتە هۆی لەدەستدانی ڕووی ڕاستەقینەی ئەو هزرە کە زەرڕدەشتیش لەم شتە بێبەش نەبووە؛ بۆ نموونە جێگیر بوونی ئاناهیتا و میترا لە ژێر باڵی زەرڕدەشتیدا بۆ سەردەمی دەسەڵاتدارانی هەخامەنشی دەگەڕێتەوە کە بوو بە هۆی ئەوە دەسەڵاتی مەزدا دابەش بێت بە سەر دوو یەزدانی دیکەدا کە ئەگەر هاوشانی نەبن کەمتریش نین.

## فرووهەر یان ڕەوانی مرۆڤ

بەگوێرەی ئاوێستا مرۆڤ لە پێنج وزە یان پێکهاتەی مینـۆیی دروسـت بـووە، ئـەم پێنج بنەما بۆ سازکردنی وجوودی مرۆڤ هەندێکیان نوێ و هەنـدێکی دیکـەشـیان کۆنن و لە ئاست و پێگەدا لە یەك ڕیزدا نین. برێ لەم پێنج پێکهاتە بە مردن لەنـاو دەچن، بەڵام هەندێکیان دەمێننەوە.

لە ئاوێستا یەسنی ٢٦ بەندی ٤ و ٦ و هەروەها یەشتی ١٣- کە بە فەروەردیـن یەشت ناوبانگی هەیە - بەندگەلی ١٤٩ و ١٥٥، لەم پێنج وزەیـە نـاو بـراوە و هـی پیاوباشەکانیش ستایش کراوە: ١. یەکەم وزە یان پێکهاتە «ئـەهـوو»ە ahu کـە لـە ئاوێستا بە ئـەخـو akhu ناسـراوە و بـە مانـای «گیـان» هـاتووە و وزەی ژیـان و جموجووڵە، هەر پەیکەرێك دوای ئافراندن تێکەڵی گیان دەبێـت، ئـەو وزەیـە لـەش دەجوێنێت و بە مردنیش لە نێو دەچێت. ٢. دووهەم «دێئنا»یە Daena کە مانـای «دین» دەگەینێت، بەڵام کرۆکی ویژدانیش دەپێکێت. هەڵبەت لە گاتاکـان[1]دا هـەر بەم مانایە هاتووە و بە پێچەوانەی یەکەمـین وزە، ئـەم نـە سـەرەتای هـەیـە و نـە کۆتاییش؛ بە مردن لە ناو ناچێت بەڵکوو دەمێنێتەوە. چـاودێری کـردەوەی مـرۆڤ دەکات، چاك و خراپ لێك جیا دەکاتەوە و مرۆڤ لـە خراپـەکـاری دەگـەڕێنێتـەوە، سووچ و تاوان کاری لێ ناکات و دوای مردن دەڕوات بۆ شوێنێکی سەرتـر. ئـەگـەر تاك لە دنیـادا چاکـەکـار بووبێـت، لـە پـردی «چینـووت»دا وەك کچێکـی جـوانی تازەپێگەیشتوو دێتە پیریەوە؛ ئەگەریش خراپ بووبێـت وەك پیـرەژنێکـی ناشـیرین دێتە پێش چاوی. پێم وایە ئەمە بـۆ دڵخۆشـی پیـاوان بـووە، ئـەگینـا چ پێویسـت

١. (٣٣/١٣)

دەکات کچێکی شۆخ و شەنگ بەپیری ئافرەتێکی چـاك و دروسـتکارەوە بـڕوات. ٣. سێهەم وزە «بئووز»ە Baodha کە بە مانای ئاوەز و ئـەقـڵ و هۆشـە. ئـەم وزەیـە مرۆڤ لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە و تێدەکۆشێت لە خراپە لایدات و بەرەو چاکـە پـاڵی پێوە بنێت. لە سەر پردی «چینووت» بەگوێرەی بەنـدی ٢٩ لـە فـەرگـەردی ١٩ی «وەندیدات»، «بئووز» و «ئوروون» (ڕەوان) لە سەر کردەوەکـانی مـرۆڤ دەکـەونـە ژێر لێپرسینەوە. ٤. چوارەم وزە «ئوروون» urvan یان ڕەوانە کە لـە هـەمبـەر کـار وکردەوەی مرۆڤ بەرپرسە و هاوکاری لایەنی سێهەمە بۆ ڕێكوپێکی ژیانی خـەڵـك. ٥. پێنجەم وزە دەبێتـە «فـەرەوەش» یـان «فرووهـەر» کـە بـە مانـای پاسـەوان و پشتیوان هاتووە؛ هەڵبەت لە یەشتی سێزدەدا بە مانای پاڵەوانی پێشڕەو هاتووە کـە کاری پاڵەوانیش هەر پاسەوانییە. کاتێك کە کەسێك دەمرێت گەر چاکەکـار بووبێـت فرووهەری دەڕوات بۆ عالەمی سەرتر، بەڵام گەر خراپ بووبێت دەڕوات بـۆ بـەرزەخ و لە کن ڕەوان دەمێنێتەوە هەتا لـە خراپـە و پیسـی خـاوێن بێتـەوە، پاشـان بـۆ عالەمی مینۆ یان ئاستی نوورانی هەڵدەبەزێت.

فرووهەر نوورێکە خودا بە هەموو شتێکی داوە، لە مرۆڤ بگرە هـەتـا ئـاژەڵ و گیا و دار و بەرد. هەڵبەت ئەم نـووره خـەلاتـی خودایـە بـۆ شـتە باشـەکـان وەك قەڵغانێکی پاراستن؛ کاتێك دەوری هەرکەس تەواو بێـت فرووهـەری دیسـانەوە بـۆ سەرچاوەی خۆی واتە لای خودا دەگـەڕێتـەوە. ئەهوورامـەزدا خـۆی سـەرچـاوەی نووری فرووهەرییە. دوای مەرگی مرۆڤ، چوار پێکهاتـەی سـەرەکـی هـەرکامـەیان دەچێت بۆ لای چارەنووسی خۆی، بەڵام فرووهەر بۆ مەکۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە.

بەگوێرەی باوەڕی ئارییەکان مەرگ بەهۆی کـردار و سـەرکـەوتنـی ئەهریمـەن بەدی دێت. لە کاتی لەدایكبووندا پێنج پێکهاتەکە تێکەڵـی یـەکـدی دەبـن، بـەڵام پاش مەرگ لاشە بۆ خاك دەگەڕێتەوە و گیان بـۆ بـا و، ڕواڵـەت یـان ئائیۆنیـك بـۆ هەتاو بەرز دەبێتەوە و ڕەوانیش ئەگەر هی خاسخـوا بێـت لـەگـەڵ فرووهـەر بـۆ جیهانی مینۆ و ئەگەریش وا نەبێت لە بەرزەخ دەمێنێت تا خاوێن دەبێتـەوە ئینجـا دەڕوات بۆ مینۆ. (هاشم ڕەزی، ل. ١١٩ هەتا ١٢١).

فرووهەر یەکێك لە هێماکانی ئـاینی زەڕدەشـتییە، بـەکورتی دەتـوانین بڵێـین فرووهەر و ڕەوانی مرۆڤ کە پێش لەدایكبوون بوونی هەبووە، پـاش مـردنیش هـەر دەمێنێتەوە و نابێت بینێینە جێگەی ئافرێنەر یان ئەهوورامـەزدا. تـەنهـا بـەشـێکی نووری خوداییین کـە وەك دیـاری بـە ئـافرێنراوەکـان بەخشـراوە و تـەنهـا ڕۆڵیـان پاراستنی کەسەکەیە لە خراپە؛ چونکە زەڕدەشت بە پێچەوانەی زۆربەی ئایینـەکـان سازکردنی ڕواڵەت و پەیکەری بۆ یەزدان بە ڕەوا نەزانی، هەروەها لە هـیچ بـەشـێك لە گاتاکاندا لە ڕواڵەتی ئەهوورامەزدا ناوێك نەهاتووە. گاتاکان سروودی چوارەم (٣١) بەندی ٨ دەڵێت: ئەی مەزدا، کاتێ کە بە هێزی ئاوەز و بیر و ڕامـانی قووڵـەوە بـە شوێن تۆدا دەگەڕام و بە چاوی ئەقڵەوە لە تۆم دەڕوانی تێگەیشتم کە تۆ سەرەتـا و ئاکامی هەموو شتێکی؛ تۆ سەرچاوەی بیر و ئاوەزی و ئافرێنەری ڕاستی و پاکیت و دادوەر و دادگەری کردەوەی هەموو خەڵکێکی. ئەگەرچـی هـەنـدێ لـە نووسـەران بوختی بوتپەرستی بۆ ئایینی زەڕدەشت دەکەن و بۆ ئـەم کـارەیـان بـەردەنووسـی پاشایەکی ساسانی بە شایەت دەگرن کە هەزار ساڵ دوای زەڕدەشـت ژیـاوە، بـەڵام ئەگەر ئەو بەڕاستی پەرەی بە بوتپەرستی ئەدا بۆچی دژی ئایینەکـانی سـەردەمـی خۆی شۆڕشی کرد و پەیکەری خوداکانی بە بوت ناو دەبرد؟ هەڵبـەت ئـەگـەر ورد تێفکرین بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەو شتانە بە بیردا نایەن. بەگوێرەی نووسراوێکی هێرۆدۆت مێژوونووسی یۆنانی کە نزیکەی (٥٠٠ پ.ز) ژیاوە: لە ئێراندا واتە لـە نـاو زەڕدەشتییەکاندا دروستکردنی پەیکەر و خانوو بۆ خوداکان ناڕەوایە و هـەر کـەس ئەم کارە بکات لە چاو ئەواندا بە نەزان دەناسرێت. هەروەها هێـرۆدۆت خۆشـی بـە بوتپەرستیان نازانێت چونکە لە پەیکـەری فرووهـەردا دوو هێـزی سـپەنتـامینۆ و ئەنگرەمینۆ هەڵکەنراوە کە گوایە وەها بەرداشتیان کردووە کە ئەوە ئەهوورامـەزدایـە لەگەڵ ئەنگرەمینۆدا دەجەنگێ، بەڵام ئەوە تێڕوانینێکی چەوت و ناڕاستە کـە هـیچ پێوەندییێکی بە ڕامانی زەڕدەشتییەوە نییە.

بەگوێرەی وتەکانی هاشم ڕەزی یەکێك لەو شتانەی کـە لـە ئـایینی مـەزداییـدا سەرنجڕاکێشە ئەم بابەتەی فەرەوەشە کە هەویرەکـەی ئـاوی زۆر هـەڵـدەگرێـت و

لێکدانەوەی جۆراوجۆر و ڕوون ئەدرکێنێ و لە فەلسەفە، حیکمەت، وێژە، عیرفان و هزری سۆفیگەریدا جێگە قسەی هەیە. فرووهەر دوای مەرگ بۆ جیهانی مینۆ واتە سەرچاوەی خۆی دەگەڕێتەوە؛ هەڵبەت مەزدا خۆی سەرچاوەی سەرەکی فەرەوەشە، هەر بۆیە لە ئاوێستادا فەرەوەشی ئەهوورامەزدا جوانترین، باشترین، ڕووناکترین و بەهێزترین فرووهەرە. فرووهەر پاش مەرگ بەتەواوی لەگەڵ لەشدا پێوەندی ناپچڕێنێت؛ بەڵکوو هەر ساڵ بە ماوەی دە ڕۆژ لە ئاخری ساڵدا دێتەوە ناو بنەماڵەکەی هەتا کەسەکانی خۆی بەرەکەت بدا و لە کاروباردا یارمەتییان بدات. ئەمانە لە شەڕ و شۆڕدا شانبەشانی کەس‌وکاریان دژی دوژمن دەجەنگن و هەمیشە پاڵپشتی چاکەن هەڵبەت نابینرێن.

مانای فرووهەر زۆر بەربڵاوە کە لە مێشکدا بگونجێ، بەڵام سەردەمێك لە مێژووی ئایینەکان دەگەینێت کە مرۆڤ بڕوای بە Animisme هەبووە؛ هەڵبەت بەم ئاسانییە نەبووە، بەڵکوو لایەنی ڕوونی ئەم بابەتە جۆرێك بڕوا بە ڕۆح یان لایەنی مینۆیی وجوودی مرۆڤە.

چەند شرۆڤەیەك لە سەر لایەنە جیاکانی فرووهەر:

١. چونکە فرووهەر شەڕکردن دژی ئەهریمەنی قبووڵ کردووە و هاتۆتە جیهانی مادی کەواتە هەمان نەفسی زمانزانە.

٢. فرووهەرەکان شێوەی مینۆیی و مەعنەوی گیانلەبەرەکانن.

٣. چونکە دوای مەرگ بۆ جیهانی مینۆ دەڕوات و دواتریش جارجار دێتەوە دنیا، دەتوانێت جێگری ڕۆحی مردووەکان بێت.

٤. چونکە لە وجوودی مەزدا و ئەمشاسپەنداندا هەیە و ئەهوورامەزدا بە یارمەتی ئەمان جیهانی ئافراندووە و دەیپارێزێت، دەتوانن نموونەی عەقڵ و نەفسی هەمووان بن.

٥. چون لە هەموو بوونەوەرێکدا هەن و هێزی جووڵەش لای ئەمانە، دەکرێت بڵێین وزەی ژیانن.

٦. چونکە پارێزگاری لە هەموو بوونەوەرێك لە دەستی ئەواندایە، پلەی فریشتە و

مەلەکی ئایینەکانی سامییان هەیە و بە فریشتە دەژمێردرێن.

٧. چونکە مانگ و خۆر و هەموو تەنە ئاسمانییەکان بە تیشکی فرووهەر دەسوووڕن و پێکهاتەی زا و زێ بە وزەی ئەوان کار دەکەن، دەکرێت جێگەی هەموو چارە و قەدەر و برج و کەلووێ بگرن کە لە حیکمەتی ئیشراق و فەلسەفەی تئۆسۆفیدا Theosophie دەوترێتەوە.

لە زۆر جێگەی تەورات و قورئانی پیرۆزدا لەم بوارەدا واتە ئەرکی هاوشێوەی فرووهەرگەل لە یەشتەکان بۆ فریشتە و مەلەکی ئاسمانی باس و ڕاس هاتووە. سوورەتی (زاریات ئایەتی٣١-٢٤) و (عەنکەبووت٣١)، باسێك سەبارەت بە حەزرەتی ئیبراهیم و لووت هاتووە. لە سوورەتی (ئەنفال٢١) و (تەوبە٢٦-٢٥)، (ئالی عیمران ١٢٦-١٢٣) بەجوانی باسی کردووە کە چۆن هەزاران فریشتە و مەلەك بە ئالا و عەلەمەوە دژ بە دوژمنان هاتنە یارمەتی موسوڵمانەکان. هەروەها بەگوێرەی ئاوێستا و ژێدەرەکانی پالەوی ساسانی، یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی فەرەوەش پاراستنی مرۆڤە لە مەترسی و دەرد و بەڵای ناو ژیانی، هەڵبەت هاوشێوەی ئەمە لە قورئاندا ئایەی یازدەی سوورەتی ڕەعدە کە دەڵێت: بۆ هەر شتێك پاسەوانگەلێکمان لە پێش و پاشیەوە داناوە کە بە فەرمانی خودا دەیپارێزن.

بە شێوەی گشتی دەتوانین بڵێین فرووهەر وزەیەکە کە ئەهوورامەزدا بۆ پاراستنی خوڵقێنراوە باشەکان لە ئاسمانەوە ناردوویەتی و هێزێکە هەموو ئافرێنراوێکی چاك لە سێبەری ئەودا لە سەر پێیە. پێش ئافراندنی ئەم دنیایە بە دەستی مەزدا، ئەهوورامەزدا فرووهەری هەرکام لە ئافرێنراوە چاکەکانی ئەم جیهانەی لە دنیای مینۆییدا ئافراند و بە نۆرە بۆ پاراستنی دنیا بەڕێی کردن و دوای مەرگی هەرکامیشیان فرووهەری دەگەڕاوە بۆ ئاسمان و بە هەمان خاوێنی سەرەتا دەمایەوە، بەڵام هیچکات ئەو لەشەی کە تێیدا بوو لە بیری نەدەکرد و هەرساڵ جارێك دەهاتەوە دیتنی کە هاوکات لەگەڵ جێژنی هەمەسپەتمەدەم Hamaspatmadam یان پەنجەی ئاخری ساڵ بوو.

## ڕوومەتی فرووهەر

١. ڕوومەتی فرووهەر بە چەشنی سیمای مرۆڤە و نیشانەی پێوەندی لەگـەڵ ئـەودا هەیە.

٢. دوو باڵ لە هەر دوو لای فرووهـەر کـە سـێ شـاپەڕی هـەیـە، هێمایـەکـە بـۆ دەربڕینی هەر سێ بنەماکەی ئایینی زەڕدەشتی واتە بیری چاکـە، وتـەی چاکـە و کردەوەی چاکە کە مەبەستێکە بۆ پتەوبوونی هەنگاو و پێشکەوتـن و فـڕین بـەرەو ئاستی بەرزی فرووهەری واتە ڕێخۆش‌کردن بۆ گـەڕانـەوەی دوای مـەرگ لـە بـۆ جیهانی مینۆ.

٣. خوار پشتێنەی کە دەبێتە سێ بەشەوە نیشانکردی بیر و وتە و کردەوەی خراپە کە هەموو خراپە و کارێکی ناحەز لەوێوە سـەرچـاوە دەگرێـت و دەبێتـە هـەوێنـی لەناوچوونی مرۆڤ.

٤. لە هەر دوو لای ئەم پەیکەرەوە دوو چەمەرە یان بازنـە هـەیـە کـە دوو هێـزی سپەنتامینۆ و ئەنگـرەمینـۆ وەبیـر دەخەنـەوە کـە یـەکـەمیـان بـەرەو ڕوویـەتی و دووهەمیان لە پشتی پەیکەرەکەیە، ئەم هێمایە ئاماژە بەوە دەکات کە ئێمە دەبێـت ڕوو بکەینە چاکە و پشت بکەین لە خراپە.

٥. لە پشتێنەیدا بازنەیەك هەیە کە پیشاندەری بێ‌سەرەتایی و بێ‌کۆتایی ڕەوانە.

٦. یەك دەستی فرووهەر بەرەو بانە کە هێمای تێکۆشانە بۆ گەیشتن بە ئاستی بەرز و گەورە.

٧. لەو دەستەکەی تردا بازنەیەك هەیە کە بازنەی سۆز و پەیمانە و هێمـای نـرخ و بەهای وەفادارییە لەو ئایینەدا.

لە ئایینی زەڕدەشتدا فرووهەر یان ڕەوانی مرۆڤ دوو هێمای باش و خراپی هەیـە کە ئەمە لە خۆیدا هەوێن و بناغەی فەلسـەفـەی زەڕدەشـتییە و هـەرکـەس دەبێـت تێکۆشێت هەتا هێزی سپەنتامینۆی خۆی بەشکۆتر بکات و ئەنگرەمینۆی بخاتـە ژێـر پێ و ڕیشەکێشی بکات. بە ئەم ململانێ دوولایەنە ڕەوان بەرەو گەورەیـی دەچێـت و ڕێگە بۆ گەیشتن بە ئاستی بەرزتر وە هەروەها ڕزگاری مینۆیی ئاوەڵا دەبێت.

گاتاکان سروودی سێهەم (٣٠) بـەنـدی٤: ئێسـتاکە ئـەو دوو مینـۆوە[1] کـە لـە سەرەتاوە لە نێو بازنەی بیر و هۆشدا بەدیهاتن، یەکیان چاکە دەنوێنێـت و ئـەوی دیکە خراپە؛ تاکی زانا و ئاقڵ لەو نێوەدا چاکە هەڵدەبژێرێت و نەزانیش خراپـە. لـە لایەکی دیکەوە چونکە بازنەی دەوری پشتێنە هێمای بێکۆتـایی ڕەوانـە، دەتـوانین وەهای لێتێبگەین کـە تـا هـەر ڕادەیـەك مرۆڤـەکـان بـۆ بـەرزبوونـەوەی ئاسـتی فرووهەری خۆیان تێبکۆشن دوای مردن بۆ گەیشتن بە ئامانجـەکـانی خۆیـان، بـە پێگەیەکی بەرزترەوە سەردەمێکی نوێ ساز دەکەن. بـەو هۆیـەوە بـوو کـە لـە نـاو ئارییەکانی کۆندا دوای مردنی کەسوکاریان شین و زاریان نـەدەکـرد. بۆیـە کاتێـك ئێمە قبووڵ بکەین کە ڕەوانی کەسەکانمان بـە تێپـەڕین لـەم جیهانـە سـەردەمـی پێگەیشتن و ڕەسابوونیان پێواوە و لە پێگەیەکی نوێ و بەرزترەوە ڕێگـەی ڕزگـاری درێژە دەدەن، دەبێت شاد و بەکەیف بین نەك پەشێو و دڵگـران؛ هـەرچـەنـدە کـە نەبوونی ئەوان دڵتەزێنە بۆ کەسوکارەکەی. کەوایە لـە فـەلسـەفـەی زەردەشـتیدا هەرکەس بەپێی وجوودی فرووهەری خۆی وڵامـدەری ئاکـار و هـەڵسوکـەوتـی خۆیەتی.

گاتاکان سروودی چوارەم (٣١) بەندی ١١: ئەی یەزدانی خـاوەن بیـر و ڕامـان، کە لە سەرەتاوە بۆ ئێمە جەستە و گیان و ویژدانت ئافراند و هەروەها هێـز و وزەی بیرکردنەوە و توانای کارکردن و ئاخاوتنت پێمان بەخشی، تا هەرکەس بـە ویسـتی خۆی لە ئەوپەڕی سەربەستیدا ئایینی خۆی هەڵبژێرێت.

فەرەوەش یان ڕەوانی پادشا کە هەندێ لە توێژەران بە هێمـای ئەهوورامـەزدای دادەنێن و هەندێکیش بە هێمای ڕۆح و ڕەوانی دەزانن، لە بنەڕەتدا نەخشـێك بـووە کە پێوەندی بە «حorووس»ی میسرییەوە بـووە و ئاشـوورییەکـان وەکـوو هێمـا و نیشانەی خۆیان هەڵیانبژارد و پاشان ئارییەکان کردیان بە سەمبول(هێما)ی خۆیان. هەڵبەت لە چەند ئاسەوارێکی سەردەمی ماد لە باشووری کوردستان ئەم هێمایە بێ

---

١. سپەنتامینۆ و ئەنگرەمینۆ

سەرە، بەڵام لە وێنەیەکی دیکەدا ئەم پەیکەرە چوار باڵی هەیە کە دوو باڵی سەرروویان بە شێوەیەکی کەوانەیی بەرەو سەرە و جامێکیشی لە دەستدایە و دوو باڵی خواریش ڕاستەن. بەگوێرەی وتەکانی دیاکۆنۆف لە گۆڕی قیزقاپاندا - کە بە هی هۆخشەترەی دەزانێت - هێماگەلێك هەن کە تایبەتی خوداکانن. لە سەرووی ئەم گۆڕەوە نەخشێکی بێ سەر هەیە کە بەتەواوەتی لەو نیگارەی بێستوون دەچێت، بەڵام ئەگەر ئەم بەردەنیگارە بە هێمای مەزدا دابنێین ڕەنگە میدییەکان ئەو جیاوازییەی نێوان خودا و مرۆڤیان لەلا پەسند بووبێت کە سەریان بۆ نەکێشاوە.



## فەلسەفەی مانەوەی هزری زەردەشت

هەروەها کە دەزانین زەردەشت ئایینی خۆی لە سەر سێ بنەمای بیری چاکە، وتەی چاکە و کردەوەی چاکە دارشت. لە سروودی هەشتەم (٤٣) بەندی هەشتی گاتاکاندا دەڵێت: پاشان وتم منم زەردەشت و هەتا ئەو جێگەی لە توانامدا بێت دوژمنی درۆزنەکان و یاوەری ڕاستبێژانم. ئەی مەزدا دەمەوێت کە بێبڕانەوە ستایشت بکەم و بتپەرستم و لە هێز و وزەی بێسنوورت بەهرەمەند بم.

سەبارەت بە ڕاستبێژی زەردەشتییەکان لە بەشی ١٣٦ پەرتووکی یەکەمی هێرۆدۆتدا هاتووە کە دەڵێت: کوڕەکانیان لە تەمەنی پێنج هەتا بیست ساڵەیی هەموو شتێك فێر دەبن، هەڵبەت ئەسپسواری، تیرهاویشتن و ڕاستبێژی زۆر گرنگی پێدەدرا. هەروەها لە بەشی ١٣٨ درێژە بەم بابەتە دەدات و دەڵێت: قسەی خراپ ناکەن و هیچ شتێك لە درۆ بە ناشیرینتر نازانن. لەمەش بگەڕێتەوە سوود و سەلەمکردن لایان باش نییە، چونکە پێیان وایە کە هەرکەس قەرزدار بێت بە ناچار درۆش دەکات.

لە ئایینی زەردەشتدا هەرکەس تەنها پەیڕەوی بیری چاکەی خۆیەتی و هەر خۆشی وڵامدەری ڕەوشت و ئاکاریەتی. لە لایەکی دیکەوە بیری چاکە زۆرتر پێوەندی بە کەلتوور و زانستەوە هەیە، ئیدی هەرکات شوێنکەوتووانی، ئامۆژگارییێك لە زەردەشت وەربگرن کە لەگەڵ زانستی ڕۆژدا نەخوێنێت دەبێت خۆیان لە ئەنجامی بە دوور بگرن وە ئەمەش یەکێك لە شتە هەرە باشەکانی ئەم ئایینەیە.

بە گەواهی مێژوونووسان و توێژەرانی ئایینی زەڕدەشــت، زۆرێـك لـە یاسـاكانی ئایین كە سەبارەت بە ئاكـاری گشـتی و پێـوەندییـەكـانی مـرۆڤ ئاخاوتیـە، دوای تێپەڕینی چەندهەزار ساڵ مرۆڤی پێشڕەو بە باشی و شیاویی پێگەیان گـەیشـتووە. ئەمە لە حاڵێكدایە لە زۆربەی ئایینەكاندا ئەو پێشكەوتنە نەبووە؛ بۆ نموونە:

١. یەكسانی ژن و پیاو كە لە گاتاكاندا، زەڕدەشت ئاماژەی پێداوە و لە مێـژووی كۆنی ئێراندا لە حكوومەتی ژنانێـك وەك پوورانـدوخت ئـەم یـەكسـانبوونـە خـۆی پیشانداوە. ئەم ڕێسایە كە زەڕدەشت هەزاران ساڵ پێش ئێستا دایڕشت ئـەمڕۆكـە خەڵكی بەرەبەرە دوای ئەو هەموو مشتومڕە كە لە درێژایی مێژوودا كراوە تازە بەو ڕاستییە دەگەن. هەڵبەت نابێت ئـەوەش لـەبـەرچاو نـەگـرین كـە لـە سـەردەمـی هەخامەنش و ساساندا ڕوانینێكی سووك لە ژێر پەردەی ئاییندا لە سەر ژن هـەبـوو، واتە كەسایەتی و كەرامەتی ئەوان لە ژێر سێبەری حەزی پیاودا بووە؛ ئەگەرچی لـە دەسەڵاتی ساسانیدا چەند بزووتنەوەی چاكسازی سەری هـەڵـدا كـە گرنگترینیـان مەزدەك بووە و چاوەڕوان دەكرا كە زۆر شت بگۆڕێت، بەڵام بـڕوای ئـەو زۆرتـر لـە سەر یەكسانی بوو لە هەموو بابەتێكدا؛ چونكە مـەزدەك ناهاوسـەنگـی بـە هۆكـاری سەرەكی ڕق و قین لە نێوان خەڵكیدا دادەنا. ئەو دەیگوت دەبێت هـەمووكـەس لـە یەك ئاستدا بن و ناهاوسەنگی لابچێت هەتا شەڕ و ئـاژاوەش نـەمێنێـت. هـەروەهـا بڕوای وابوو چون خودا هەمـوو شـتێكی داوە و خـەڵكـیش سروشـتێكی برسـی و سەركێشی لە باری حەز و ئاواتەوە هەیە، دەبێت هەمووان ئەم ئاواتە شاراوەیان تێـر بكەن و خەڵك بەبێ بەربەست و بەوپەڕی سەربەستییەوە بگات بە خۆشی مـادی و؛ لە بوونی ماڵ و سامان، ژنی جوان و تایبەت بەشدار بێـت یـان لێـی ڕزگـار بێـت. بەڵام چونكە ڕزگاری لە حەز و ئارەزوو ئاستەمە كەوایە دەبێت مرۆڤـەكـان ئـەمانـە بەشێوەی یەكسان لە نێوان خۆیاندا دابەش بكەن یان لە دەسەڵاتدارەكـان بسـتێنن و بە هەژارەكانی بدەن. بە وتەی شەهرستانی مەزدەك دەڵێت: ژن دەبێـت وەك ئـاو، ئاور و سروشت لە بەردەستی هەمووانـدا بێـت. هـەر ئـەمـە بۆتـە هـۆی ئـەوە كـە

دوژمنانی، ئەم ڕێبازە واتە ڕێبازی مەزدەکی بە بەرەڵایی ناو لێ دەبەن[١].

هەڵبەت بە بڕوای ئوتیکۆس[٢] هاتنی قاتوقڕی بوو بە هـۆی ئـەوە کـە سـامانی وڵات بکەویتە چنگ تاقمێ لە چینی سەرووی کۆمەڵگە و خەڵکی بێدەسـەڵاتـیش نوقمی هەژاری و نەگبەتی بن، هەر بۆیە ڕێخۆشکەر بوو بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشـێك کە ڕەنگ و بۆنی یەکسانی و بەرابەری پێوە دیار بێـت. ئیـدی بـە هـاتنی مـەزدەك قوباد شای وڵاتیش ملی بۆ کەچ کرد. تەنانەت بەو یاسا و ڕێساگەلەش لـەو دۆخـە پڕ لە نەهامەتییەدا بە زەقی نەهاتە پێش چاوی خەڵك؛ چونکە ئەوان لە بیری ژیاندا بوون بە هەر شێوەیەك بێت. بەڵام ئەم ڕوانینە ناشیرینەی مەزدەك بـۆ ژن، شـتێکی نامۆ نەبوو؛ چونکە پێش ئەویش هەر برەوی هەبووە. هەڵبەت شتێکی گرنگ هـەیـە کە ئاوەها ڕوانینێك بۆ ژن لە هزری مەزداییدا نەبووە، بەڵکوو دواتـر دەسـەڵاتـدارانی هەخامەنشی و ساسانی بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان بە هاریکاری مۆغـەکـانی دەربـار ئەوەیان وەك یاسا دارشت و پاشان لە نێو خەڵکـدا وەك نـەریتـی لـێ هـات، بـەڵام لەڕاستیدا ئەوە فیکری ڕاستەقینەی زەردەشتی نـەبـوو. (کریستەنسـێن، ئێـران لـە سەردەمی ساسانییەکان، ل. ٣٦٢ و ٣٦٣)

خارەزمی لە پەرتووکی «مفاتیح‌العلوم»دا دەنووسێت: مەزدەك پیاوێك بوو کـە لـە سەردەمی پاشایەتی قوباد سەری هەڵدا، ئەو مووبەدی مووبەدەکان بوو، بڕوای وەهـا بوو کە دەبێت هەموو کەس وەك یەك لە ژن بەهرە بگرێت و وەك یەك بە هیواکـانی بگات. پەرتووکی مەزدەك ناوی «زەند» بـوو کـە تێیـدا ئاوێسـتای شـرۆڤە کردبـوو. پەیڕەوانی مەزدەك ناوی ئەم کتێبەیان لە خۆیان نا و بە «زەندیك» ناویان دەرکرد.

نووسەر مێهرداد بەهار دەڵێت کە حەزی کەڵـکوەرگـرتن لـە ژن پێـوەنـدی بـە کۆمەڵگەی دایكسالارەوە هەیە و سەرکێشـی ئـاوات و ئـارەزووش بـە بزووتنـەوەی وەرزێڕی گێئۆماتی مۆغەوە گرێ دراوە. ئەبووعەلی مەسکوویە لە «تجـارب‌الامـم»دا

---

١. مەزدەک چاکسازێکی کۆمەڵگە بوو کە شوێنکەوتووانی خوازیاری ئەوە بوون کە حەز و ئاوات لەگەڵ ژندا شتێکی وەکهەڤ بێت لە نێوان خەڵکدا (واتە ئێشتراکی)!.

٢- Eutychius

لە زمانی مەزدەکەوە دەڵێت: ئێمە خواستی خواپێداوەکان بۆ خەڵکانی کەمدەسەڵات دەگێڕینەوە و لە دارا دەگرین و بە نەداری دەدەین، هەرکەس لە دارایی و خـواردن و ژن و شتومەکدا دەبێت وەك یەك بێت. ڕاستە مەزدەك ئەم بیروڕایەی بـوو، بـەڵام بە ڕای من پێوەندی بە کۆمەڵگەی دایكسالارەوە نەبـوو، بـەڵکـوو بـە پێچـەوانـەوە حەزی یەکەم، هۆکاری دیکەی لە پشتەوە بـوو؛ بـۆ نموونـە پـەرەپێـدانی نـەریتـی «خویدوودە» یان ژن و مێردایەتی مەحرەم ببوو بە هۆی ئەوەی کە هەمـوو شـتێك بکەوێتە ژێر ڕکێفی هەندێ کەسـەوە یـان ئـەوەی کـە هـەمـووان وەك یـەك لێـی بەهرەمەند نەبن، هەر بۆیە تاقمی هەژاری کۆمەڵگە لە هەندێك شت بێبـەری بـوون وەك بلێی هەرکەس کچی خۆی لە کوڕەکەی مارە دەکـرد کـە ئـەمـەش هۆکـاری چاوچنۆکی و بەرەڵایی بوو کە هزری وەهای هێنایە گۆڕێ. هەڵبەت ئەم خواسـتەی مەزدەك هۆکاری لەناوچوونی دوو شت بوو: یـەکـەم ڕەگـەز یـان نـەژاد و دووهـەم چینایەتی کە ئەمەش بە دڵی چینی سەرووی کۆمەڵگە نەبوو. (دینکەردی٩، بەشـی ٦٠، بەندی ٣ـ٢)، (ئێلیـزە لانگێلـوا، بـەرگـی ١؛ ل. ٨٣)، (ئـارتوور کریستێنسـێن، ئێران لە سەردەمی ساسانییەکان، ل. ٢٣٣ـ٢٣٢).

لـە زۆر دەقـی پیـرۆزدا باسـی «خویـدوودە» بـە تێروتـەسـەلـی کـراوە و بـە نموونەیەکی هەرە باش بۆ پاراستنی پێز و پەتیبوونی ڕەگەز و نەژاد دادەنرێـت. لـە بژاردەکانی زادسپێرمدا [1] هاتوو:؛ خویدوودە بکەن کە بۆ بەردەوامی تۆرەمەی پـاك و خاوێن باشترین کارە و هۆکاری سەرەکی بۆ منداڵ لەدایكبوونی باشە. (محـەمـەد ڕەزاییڕاد، ل. ١٤٧). هەڵبەت هۆکاری سەرهەڵدانی ئاوا بزاڤێك زۆرتـر یاسـای ژن و مێردایەتی سەردەمی ساسانی بووە کە چەندژنەبوون بـرەوی هـەبـووە و خـەڵکـانی دەوڵەمەند خاوەنی چەند ژن بوونـە و یـەکێـك لـەم ژنانـە وەك نـازداری پیـاوەکـە دەژمێردرا و ناوی شاژنیان لێدەنا و پلەپلە تا دەگەیشت بە نزمترین ئاست، ئەویـش ژنە کارەکەر بوو کە زۆرتر زەڕخرِید یان دیلی جەنگ بوون. کارەکەر تەنها خزمەتـی

١. ف٢٦، ب٣

ئـەوانـی دیکـەی دەکـرد و مـافێکی دیـاری‌کـراوی لـە ئـەسـتۆی پیـاودا نـەبـوو. (کریستێن‌سێن، ئێران لە سەردەمی ساسانییەکان، ل. ٢٣٣)، (مافـەکـانی ساسـانی، بەرگی ١، لاپەڕەی ٣١)، (ژن لە مافی ساسانییەکاندا، بارتلۆمە، ل. ١٣)

٢. خاوێن‌ڕاگرتنی ئاو، خاك، هەوا و ئاور کە زەردەشت خەڵکی بۆ هان‌داوە، تـازە لەم سەردەمەی نوێدا بۆتە دروشمی ژینگەپارێزی. زەردەشتیەکان هیچکات لە ئـاوی ڕۆباردا میز و پیسایی ناکەن و تفی تێ ناکەن و خۆیانی تیا ناشۆن. هێرۆدۆتیش لە بەشی ١٣٨ پەرتووکی خۆی ئاماژەی پێ کردووە. ئەوان پێیـان وایـە هـەرچـی لـە جەستەی مرۆڤ دێتە دەر ناپاکە، وەك تف کە هەر بەو بۆنەوە مووبـەدەکـان دەمـی خۆیان دادەپۆشی؛ بەگوێرەی وەندیداد[1] مرۆڤ نابێـت مـوو، گۆشـت، میـز، خـوێن، نینۆك، ئێسقان بکاتە ناو ئاوە ڕەوانەکان.

ژنان لە کاتی سووڕی مانگانەدا بە شـێوەیـەکـی تایبـەت ناپـاك ئـەژمێـردران[2]. زەردەشتییەکانی ئێران لەم حاڵەتەدا ژنانیان لە جێگەیەك دادەنا کە نەتوانن ئاسمان، ئاو، ئاور، ئەستێرەکان ببینن. ئافرێنراوە زیان‌بەخشـەکـان وەك زەرگـەتـە، سووسـك، مشك و هتد ناپاك دەژمێردران و تەنانەت زەردەشتیی باوەڕدار دەسـت بـە مێشـەوە نادات ئەوەندە بە ناپاکی دەزانێت. هەڵبەت ئەو پیس‌بوونانە کە قەدەغەی ئایینی لـە سەر بوو بە میزی گا خاوێن دەکرایەوە. زەردەشتییەکان تەرمی مردوویان لـەپێشـدا ئەسپەردەی خاك نەدەکرد بەڵکوو لە شوێنێکی بەرز دایان‌دەنا هەتـا لاشـخۆرەکـان بیخۆن، ئینجا ئێسقانە ڕووتەکانیان لە خـاك دەناشـت. لـە وەندیـداد[3]دا هـاتووە کـە تەرمی مردوو لە زووترین کاتدا دەبێت بخرێتە پێش لاشخۆرەکـان نـەکـا بایـەکـی ناپاك لێی بێتە دەر و بێتە هـۆی نـەخۆشـی و ئـازاری خـەڵکـانی دیکـە. هەڵبـەت هێرۆدۆت ئەم ڕەسمە بە هی مۆغەکان دادەنێت.

٣. لە فەلسەفەی زەردەشتدا کۆیلەداری و سەرسـپێری مـرۆڤ جێگـا و ڕێگـای

١. (٢٩.۶)

٢. وەندیداد١٦

٣. (۴۶.۶)

نییه و ئاماژەی پێ نەکراوە.

٤. شتێکی دیکە لە ئەم ئایینەدا نەشیاوە تەنبەڵی و تەوەزلبوونی مرۆڤە کە لە کارکردن دووری دەخاتەوە، بۆیە زۆر جار لە گاتاکاندا ئاماژەی بە ئەو دیاردە ناشیرین و نەشیاوە کردووە. بێکاری و خۆ لە بێعاریدان یان دزینی ماڵی خەڵك زۆر ناشیرینە و پێیان وایە هەرکەس وەها بکات ستەمکارە و هەمووان دەبێت دژی ڕاوەستن و زۆرلێکراوەکە ڕزگار بکەن. هەرکەس دەبێت ڕەنجی شانی خۆی بخوات و لە ڕێگەی تێکۆشانیەوە شوێن ئامانجەکانی بکەوێت، نەك بەتەمای پووڵ و پارەی خۆڕایی بێت.

کەسێك کە لە سەر دەستی فەرمانڕەواکان گۆڵ بخوات و فێڵی لێ بکرێت لە ماوەی ژیانیدا زەڕدەشت شاد ناکات، چونکە هەرکەس بە کار و تێکۆشانی خۆی بە ئاستی بەرز دەگات و ڕەسایی بە دەست دەهێنێت. ئەم ڕێنوێنییە باشترین لەمپەرە بۆ دروستبوونی دەوڵەتی دیکتاتۆر[١].

٥. بوتپەرستی، دار و بەردپەرستی کە هەمووی ساختەی دەستی مرۆڤە، زەڕدەشت پشتی تێکردوون. ئەو ماڵی خودا بە خانوویێکی خشت و قوڕینە نازانێت، بەڵکوو دەڵێت ماڵی خودا بیر و ڕەوانی مرۆڤە.

٦. ئایینی زەڕدەشتی نە تەنها هیچ جۆرە ستەم لە مرۆڤ بە ڕەوا نازانێت، بەڵکوو تەنانەت ستەمکردن لە گیانلەبەریش ڕەت دەکاتەوە و قوربانیکردنی ئاژەڵەکان بە جۆرێك ستەمی مرۆڤ دەزانێت لە حاند گیانلەبەران.

ئەم یاسا و ڕێساگەلە دەمبەدەم هاتوون و شوێنکەوتووانی ئەم ئایینەش شانازی پێوە دەکەن. بەڵام لەڕاستیدا ناتوانین بڵێین بەتەواوی ڕاستن؛ چونکە ئاوێستا چەندین سەدە دوای زەڕدەشت و بەرەبەرە نووسرا، هەر بۆیە بابەتەکانی ئاوێستا ـ پێش ئەوەی کە بەتەواوی پەسەند بکرێن ـ شرۆڤەی زیاتری دەوێت.

١. گاتاکان سروودی شازدەهەم(٥١) بەندی(١٢)

## ئاوێستا له وتنه‌وه هه‌تا نووسین

بۆ یه‌که‌م جار له سه‌رده‌می ساسانییه‌کاندا له په‌رتووکه پاڵه‌وییه‌کاندا ئاماژه به وشه‌ی «ئابستاك» کراوه. پێ‌ده‌چێت ئه‌م وشه‌یه مانای په‌سن و ستایش بدات. هه‌ڵبه‌ت مانایه‌کی دیکه‌ی ئاوێستا یانی قسه‌ی پته‌و و زانیاری‌به‌خش که ده‌توانێت له به‌رسڤ و هۆکاری ڕاسته‌قینه، زانیاری بداته خوێنه‌رانی. ئه‌م په‌رتووکه وه‌ك ڕێشانده‌ری زه‌ڕده‌شتییه‌کان زۆر پیرۆزه و به یه‌کێك له زمانه ئێرانییه‌کانی بنه‌ماڵه‌ی هێندوئه‌ورووپی نووسراوه و هه‌نووکه‌ش ئه‌وه ڕاست نه‌بۆته‌وه که ئه‌و ئاسه‌واره به‌نرخه له وڵاتی میدیادا نووسراوه یان شوێنێکی دیکه، به‌ڵام هه‌ردوو بۆچوون لایه‌نگری خۆی له نێوان زاناکاندا هه‌یه.

بابه‌تی ڕێخستنی کۆنترین به‌شی ئاوێستا هێشتا ڕوون نه‌بۆته‌وه. هه‌ندێ له توێژه‌ران بڕوایان وایه زه‌ڕده‌شت که گاتاکان واته بناغه‌ی سه‌ره‌کی ئاوێستا و زه‌ڕده‌شتیگه‌ری هی ئه‌وه له سه‌رده‌می دارای یه‌که‌م(۴۸۵ـ۵۲۲ پێش زایین)دا بووه، به‌ڵام زاناکانی دیکه وتنی ئه‌م به‌شه به کۆنتر ده‌زانن. چوار به‌شی یه‌سنه، ویدوودات(وه‌ندیداد)، یه‌شته‌کان و ویسپه‌رد که له سه‌رده‌می ساسانییه‌کاندا نووسراون هی سه‌ده‌کانی سێهه‌م هه‌تا پێنجه‌من، به‌ڵام گاتاکان له ژێر چه‌تری یه‌سنه‌دا دانراون؛ زمانی ویژه‌یی گاتاکان زۆر له پارسی کۆن له‌مێژینه‌تره، تا ئه‌و ڕاده که له‌گه‌ڵ ویدای هێندییه‌کاندا زۆر لێکده‌چن.

دەقەکانی ئاوێستا بەپێی تایبەتمەندی و مێژووی زمانی دەکرێن بە دوو بەش:
١. ئاوێستای پێشوو یان گاتاکان
٢. ئاوێستای دواتر کە خۆی هەڵگری چەند بەشە: ١. یەسنەکان کە لە پاڵەویدا دەبێتە یەزشن yazeshn بە مانای قوربانی کە دەقێکی حەفتاودوو بەشەیە و مووبەدەکان لە کاتی گرتنی شیلەی ڕوەکی «هێئوومە»دا لەبەر دەیانخوێندەوە. ٢. ویسپەرد بە مانای هەموو گەورە و پێشەواکان یان گشت هێزە پاسەوانەکان کە ٢٤ بەشە. ٣. یەشتەکان بە مانای نزا و نیایش بۆ یەزدانەکان. ٤. وەندیداد یان یاسای دژەدێو کە تەنها نەسکە کەوا لە بیستویەك نەسکی ئاوێستای ساسانی ماوەتەوە. ٥. هیربەدەستان. ٦. وردەئاوێستا یان ئاوێستای بچووك کە بریتییە لە هەندێ نزا تایبەت بە خەڵکی ئاسایی زەردەشتی.

گاتاکان هەتا سەردەمی دارای یەکەم بە شێوەی سەرزارەکی بەرەبەرە هات، ئینجا لە سەردەمی ئەودا بە کەڵکوەرگرتن لە ڕێنووسی ئارامی، خەتی ئێرانی ساز کرا و گاتاکانیش نووسران. ئەم بەشە بریتییە لە حەڤدە سروود کە ئێستاکە لە ئاوێستادا بەشێك لە پەرتووکی یەسنە دەژمێردرێت و یەسنەکانی ٢٤ هەتا ٢٨ و ٤٣ هەتا ٥١ و ٥٣ دەگرێتە خۆ. بەشەکانی دیکەی یەسنە بریتییە لە نیایش و نزا بۆ یەزدانەکانی ئایینی زەردەشتی؛ بۆ نموونە ئەو نزاگەلە بەم شێوە خۆیان دەردەخەن: ١. هێنانی ناوی یەزدانە ئارییەکان و ئەو قوربانییانە کە پێشکەشیان دەکرێت[١]. ٢. وتوویژ لە نێوان مەزدا و زەردەشت[٢]. ٣. نزای دانپیانان یان شەهادە[٣] بە ئایینی زەردەشتی[٤]. ٤. لە پەسنی ئەو شتانە کە لە ئایینی زەردەشتی بەکار دەهێنرین وەك هووم، شیر، گۆشت[٥]. ٥. لە پەسنی ئەشە یان ڕاستی[١]. ٦. پەسن و ستایشی ئیزەدی

١. یەسنی ١ هەتاکوو٨.
٢. یەسنی ٩ هەتاکوو ١١.
٣. فەرەوەرنە.
٤. یەسنی١٢ و ١٣.
٥. یە سنی٤٢

ڕێكوپێككاری ئایینی[٢]. ٧. لە پەسنی نوێژدا[٣]. ٨. پەسنی ئاور[٤].

ویسپەردیش شتێكی تەواو كراوە و لێكچوویە لە باری ناوەرۆكەوە كە دەكێشێتەوە سەر یەسنە كە دواتر نووسرا؛ بەڵام یەشتەكان سروود و داواكارین لە هەندێ خودا كە بڕێ لەو سروودانە بە زاراوەی گاتاكان نووسراون. گرنگی سروودەی گاتاكان لە تاوتوێكردنی مێژووی كەونی ئارییەكاندا ئەم بابەتانە لە خۆ دەگرێت: ١. كۆنترین بەڵگەی مێژوویین. ٢. سروودی خودی زەڕدەشتن و لە تاوتوێكردنی هزر و بیری ئەودا گرنگی بەرچاویان هەیە. ٣. گاتاكان پیشان دەدەن كە خودای تاك ئەهوورامەزدایە و هێمای تایبەتی ئەو ئەمشاسپەندانە كە لە هەمبەر ئەواندا ئەهریمەنەكانن. ۴. هزر و ڕامانی زەڕدەشت لەم سروودانەدا ڕەنگی داوەتەوە. ۵. لە باری وێژەییەوە لەگەڵ ویدای هێندییەكاندا زۆر لێكدەچن و ئەمەش سەرچاوەی ڕەگەزی ئەم دوو نەتەوەیە لێك نزدیك دەكاتەوە.

كۆنترین ڕێنووس كەوا یەكەم دەقی ئاوێستای پێ نووسراوە سەرچاوەیەكی پارتییە لە سەدەی یەكەمی پێش زایین كە بە شێوەنووسی ئارامییە. ئەو بڕوا و ئەفسانەگەلە كەوا خزاونەتە ناو ئاوێستاوە زۆر لە دەورانی هەخامەنشەكان كۆنترن، كەچی بارودۆخی ژیانی سەردەمی ئەو نووسەر و كۆكەرەوانەی ئاوێستا بە شێوەیەكی نەخوازراو تێیدا ڕەنگی داوەتەوە، بێ ئەوەی كە نووسەر مەبەستێكی دیاریكراوی بووبێت.

بەگوێرەی دەمباسە زەڕدەشتییەكان، ئاوێستا لە سەرەتادا ٢١ نەسك بووە كە بەشێك لەو نەسكانە لە كاتی هێرشی ئەسكەندەر بۆ ئێران لە ناو چوون و ئەویان وەك هۆكاری سەرەكی لە فەوتانی ئاوێستادا داناوە و دەڵێن بە جەوهەری زێڕین لە سەر دوازدەهەزار پارچە پێستی ئاژەڵ نووسرابوو، بەڵام ئەم دەنگۆیە بنەمایەكی

---

١. یەسنی ٥٢

٢. یەسنی ٥٧

٣. یەسنی ٥٨

٤. یەسنی ٦٢

مێژوویی پتەوی نییە، چونکە لەم وتەدا بێگومان ڕاستییێك هەیە و ئەویش ئـەوەیـە بەشە سەرەکییەکانی ئاوێستا پـێش ئـەسکەنـدەر نووسـراون،بەڵام دوای سـەدەی چواری پێش زایـین زانایـەك بـە زیندووکردنـەوەی زمـانی ئاوێسـتا بـوو بـە هـۆی نووسینی بەشی یەکەمی ویدوودات و بەشەکـانی دیکـەی ئاوێسـتا. بـەڵام یـەکـەم تێکۆشان بۆ نووسینی ئاوێستا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمـی وەلـەخـش یـان بـەلاشـی یەکەم لە سەدەی یەکەمی زایینی؛ پاشان لە دەورانی یەکەم پاشـای ساسـانی واتـە ئەردەشیری بابەکان «٢٢٦-٢٤٠» زایینی ڕوونووسێکی نوێی لێ هاتە گـۆڕێ هـەتـا ئەوەی کە ڕێگە و ڕێچکەی تەواوکراوی ئاوێستا لە سەردەمی شاپووری دووهەم لـە نێوان ساڵەکانی «٣١٠-٣٧٩» زایینی جێگیر کرا. بە ڕای مێری بۆیس هـەنـدێك لـە دەمباسەکانی ئاوێستا لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا نووسراون، بـەڵام ئیلیـا گرشـویچ پێی وایە کە ڕێكوپێككردنی ئەم پەرتووکە نزیکەی٤٢٥ (پ.ز) دەستی پـێ کـردووە. هەڵبەت هەندێ لە توێژەران بە پشـتبـەسـتن بـە ئامـاژەکـانی کفالایـای مـانی و دینکەرد، لە سەر ئەوە سوورن کە لە سەردەمی بەلاشی یەکـەم «٥١ــ٧٧» زایینـی واتە سەردەمی ئەشکانییەکاندا شرۆڤە لە سەر ئاوێستا کراوە، بەڵام ئەمەش جێگـای گومانە؛ چونکە نیشانەی نووسینی هەندێك دەمباسی زارەکی لە سەردەمی شاپووری یـەکـەم «٢٤٠-٢٧٠» زایینیـدا هـەن. کـەچـی کرتییێـر گـەورەی مووبـەدەکـانی هاوچەرخی شاپوور لە وتەکانیدا دان بەم بابەتەدا نانێت. بەم پەیڕەوە ڕەنگە ئاوێسـتا تا سەردەمی خەسرەوی یەکەم «٥٣١-٥٧٩» زایینی نەنووسرابێت.

ئێستاکە ئەو خاڵـە زۆر دیـار و بـەرچـاوە کـە ئاوێسـتایەك کـە لـە سـەردەمـی ئەشکانییەکان و سەرەتای ساسانییەکان کۆ کراوەتەوە بە یارمەتـی مۆغـەکـان و بـە ڕێنووسی ئارامی نووسراوە، بەڵام مۆغەکان بەپێی ئەو خەتە کە لە وڵاتی پارتەکانـدا برەوی هەبووە ڕێنووسێکی تایبەتیان کە وردە دەنگەکانیشی دەدرکان دروست کرد. بەهۆی ئەوە کـە لـەمێـژ بـوو زمـانی ئاوێسـتا کوژابـووەوە مۆغـەکـان هەنـدێ لـە تایبـەتمـەندییـەکـانی ئاوێسـتایان بـەلاوە گـران بـوو، هـەر بۆیـە دەربڕینـی وشـە دەنگدارەکانیان بۆ قورس بوو. ئـەوەش بـووە هۆکـار کـە نووسـەران زۆرینـەی ئـەو

وشانەیان بەهەڵە بۆ دەخوێنرانەوە. هەر بۆیە ناڕاستی و چەوتی کەوتە نـاو ئاوێسـتا. بە ڕای هەندێ لە زانایان ئەم ساختەکاریانە ئەو بیرۆکەیە بەهێز دەکەن کـە زمـانی ئاوێستایی زۆر نزیکترە لە زمانی خەڵکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێران. خـاڵێکی گرنـگ ئەوەیە کە زمانی پارسی کۆن لە باری دەنگـەوە (واتـە فۆنـەتیـك) لـە نێـوان زمانـە ئێرانییەکاندا پلەیەکی تایبەتی هەیە، بەڵام سەبارەت بە زمانی میدییـەکـان دەبێـت بڵێین کە لە باری دەنگەوە لەگەڵ پارسی کۆن جیاوازییێکی زۆریان هەیە و لـەگـەڵ زمانی هۆزەکانی ئاسیای نـاوین وەك ئاوێسـتایی، پاشـان سـوغەدی و خـواریزمی و زمانی کۆنی ئەو هۆزانە ـ واتە ئسکیتەکان ـ کـە لـە وڵاتـی ئـۆکراین و قـەوقـازی باکوور دەژیان نزدیکترە.

ئاخرین نووسینی ئاوێستا لە ژێر چاوەدێـری مۆغـەکـانی ئاترۆپاتێنـدا بـە ئاکـام گەیشت. بە گومانی هەرە بەهێز لە ماوەی زاڵبوونی فەرهەنگی یۆنانیـدا ئاترۆپـاتێن لە ژێر دەسەڵاتی سەیداکانی لایەنگری مۆغەکاندا بووە چونکـە زەوی‌وزاری زۆریـش لەو دەڤەرەدا بوو بە پەرستگە، ئیدی بەو بۆنەوە ئاترۆپاتێن وەك زێدی زەڕدەشـت و ئایینەکەی دەژمێردرا. بەڵام پێ ناچێت ئاوێستای یەکـەم لـەوێـدا بووبێـت چونکـە دۆخی ئەو کۆمەڵگەیە کەوا لـە گاتاکانـدا شـرۆڤە کـراوە تـەنانـەت لـە بـارودۆخی سەردەمی دەسەڵاتی میدییەکان[1] کۆنترە. ئـەمـە خـۆی بێسـتێ کـە لـە ئاوێسـتادا جیـاوازی نێـوان ئاسـنگ و مـەفـرەق ڕوون نییـە؛ بـۆ نموونـە زۆرتـرین زانیـاری ئاسەوارناسان و مێژووزانان لە ژێر بەردی گۆڕەکان دەرهێنراون، بەڵام زۆر شتی نـاو ئەو گۆڕانە پێش هەڵدانەوەی زانستی، بە دەستی تالانکـەرانـی مێـژوو ژێـر و بـان کرابوون کە زۆرتر بە دوای کەل‌وپەلی کانزاییـدا دەگـەڕان. دەبێـت بـزانین کـە لـە ئاخری سەدەکانی هەزارەی پێنجەمی پێش‌زایین لە وڵاتانی باشوور واتـە ئـەنـادۆڵ، ئێران و نێوانچۆماندا کانزای مس و قـاڵایی ڕۆژانـە بـەکـار دەهێنـران و تـەنانـەت شتومەکی مسی هی دوایین دەیەکانی هەزارەی پێنجەم کە پێدەچێت لـە ئێرانـەوە

١. سەدەکانی٧و٦ پ.ز

هەناردە کرابێت لە هەڵکۆڵینەکانی کـەونینـەناسـی لـە باشـووری تورکمـەنسـتان و سەرکەوشەنی قەوقاز دۆزراوەتەوە. بەڵام خەڵکانی ئیستەپنشین بـە هـەر هۆکارێـك بووە لەم گۆڕانکارییە بەدوور بوونە و هەتا هەزارەی دووهەمی پێش‌زایـین هـەر لـە سەر شێوازی چـاخی بـەردیـن دەژییـان. پاشـان خێـرا نزیکـی ساڵەکانی ١٧٠٠ی پێش‌زایین، سەرەتا مس و دواتر مەفرەق بۆ سازکردنی چـەك‌وچـۆڵ و شـتی دیکـە بەکار هێنران، ئیدی قۆناغی تەواوکاری بڕی هەتا گەیشت بە سەردەمـی پێتـوون و گالیسکە دروست‌کردن کە بەگشتی ژیانی ئەو خەڵکە گۆڕا، تەنانەت ئەم گۆڕانـە زۆر هەستی خودی زەڕدەشتیشی بزواند.

دەمباسەکانی[1] ئەم دوایی‌یەی سەدەی ناوەڕاست ڕایان لـە سـەر ئـەوە بـوو کـە زەڕدەشت خەڵکی میدیا بووە، هەڵبەت وێڕای ئەمە زێدی ئەویان هەنـدێ جـار بـە ئاترۆپاتگان و برێ جاریش بە ڕەی لە ڕۆژهەڵاتی میدیا دانـاوە، بـەڵام لـە یـەسـنی ١٩،١٨ی ئاوێستادا زەڕدەشت یان جێگرەکەی بە فەرمانڕەوای ڕەی ناو براوە. ڕەنگـە ئەو هۆزە مۆغەی کەوا سەیدا و گەورەکانی پەرەپێدەری ئامۆژگارییەکانی زەڕدەشتی تێدا هەڵدەبژاردرا لە وڵاتی ڕەی بووبێتن، هەڵبەت ئەمە تەنها گریمانـەیـە. ناکرێـت بڵێین ئاوێستا میـوەی کـام چڵـە داری زمـانی ئێرانییـەکانـە، تـەنهـا خاڵێـك کـەوا سەلمێنراوە ئەوەیە کە جێگەی پەیدابوونی ئاسیای ناوەڕاست یان ڕۆژهەڵاتی ئێـران بووە یان ئەوەی کە لە بەشـی خۆرهـەڵاتـی هـەرێمـی میـدیادا بـووە، بـەڵام ئـەو سەردەمە کە ئاوێستای تیا نووسرا لە نێوان ڕۆژهەڵاتـی ئێـران و میـدیادا چـەنـدان جیاوازی نەبووە، چونکە ئەو جۆرە کە ژێدەرە ئاشوورییەکـان سـەبـارەت بـە میـدیا دەڵێن زۆر لە ناوەرۆکی ئاوێستا نزدیکە. شـتێکی دیکـەش ئـەوەیـە کـە زۆر بیـر و بڕوای ناو ئەم پەرتووکە لە زەڕدەشتیگەری هەرە کۆنترە وەك بڵێی هزرێکـی ئامـادە یان خۆڕسك بووە کە پێش زەڕدەشت لە کۆمەڵگەدا هەبووبێ.

ئاوێستاش وەك پەرتووکە ئایینییەکانی دیکەیە، گەرچی وێنەیەکی ناڕەزایی خەڵـك

١. روایت.

و هەروەها ئاوات و خۆزگەی ئازادیخوازانەی ئەوانی لە گاتاکانـدا پیشـان داوە؛ بـەڵام پێدەچێت کاهینەکان بەمەبەستی پـێشخسـتنی ئامانجـەکـانی خۆیـان لـەم شـتانە کەڵکیان وەرگرتبێت، هەر بۆیە بە پاڵدان بە کۆڵەکەی ئایینی زەردەشتی واتە جەنگـی خێر و شەڕ ـ کە مەزدا نوێنەری خێر و ئەهریمەنیش هی شەڕە ـ و بە کـەڵكوەرگرتن لەو شتانە کە خەڵکی بە هێمای خێریان دادەنا ـ واتە ئاو، ئاور، زەمینی بەپیت و هێـز و وزەی خەڵکی ئاریایی وەرزێڕ و ئاژەڵانی بەکەڵك وەك گا و گوێرەکە و مەڕ و هتـد ـ توانییان بەزم و بەساتێك ڕێکبخەن کە قازانجی دوو لایەنەی هەبێت. بـەڵام پیرۆزیـی ئەم شتانە تەنها بەهۆی بەرژەوەندی و قازانجەوە بووە؛ چونکە شتانی بێکـەڵکیـان بـە هێمای ئەهریمەنی دادەنا؛ دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵـە بیـر و بـڕوای فیـۆدالیزمی بـۆ هزری ئێرانی دەگەڕێتەوە.

## هۆکاری ئافراندن چییە؟

سەرسووڕهێنەرترین شتی ئەم دنیایە عەقڵ و ئاوەزی مرۆڤە کە توانیەتی لە هەموو سووچ و کەلێنێکی ئەم دنیایە سەر دەربێنێت و لەگەڵ ئافرێنەری خۆشیدا لە پێوەندیدا بێت و ئاشنا ببێت. بەپێی ئەم ڕاستییە ئێمە لە سەر دوو ڕێیانێکین کە بەناچار دەبێت یەکیان هەڵبژێرین؛ کە ئەگەر دان بەوەیا بنێین کە ئێمە وەك بەشێك لەم دونیایە هیچ ڕۆح و هەست و نەستێکمان نییە و بێئامانجین، دەبێت ئەوەش قبووڵ بکەین کە دنیاش ماکێکی بەسراو و بێڕۆحە کە هیچ ئاکام و ئامانجێکی نییە. بەڵام ئەگەر ئەم ڕێگەمان پەسەند نەکرد و دانمان بەوەدا نا کە دنیا مەبەستی دیاریکراوی هەیە و ڕەوان و ئیرادەی ئێمەش سێبەرێکە لەو ئامانجە گشتییە و، هەروەها چون هیچ کەسێکی عاقڵ و زانا ناتوانێت عەقڵ و ڕەوان و ئیرادەی خۆی ـ کە بەشێکە لەم دنیایە ـ ڕەت بکاتەوە کەوایە ڕێگەی یەکەم کە هەنگاوێکە بۆ هزری بێخودایی جێ دەهێڵێت و لە ڕێگەی دووەم بە عەقڵ و ئیرادەی خۆی دان بە بوونی یەزدانی بێهاوتادا دەنێت. هەبوونی پێکهاتەیەکی ڕێكوپێك لە گەردووندا عەقڵی مرۆڤ وەها لێدەکات کە دان بە بوونی ئافرێنەرێکی بێوێنەدا بنێت. هەڵبەت لایەنی جوانی ئەم دنیایە وێڕای هەموو جیاوازییێك خۆی هۆکارێکی دیکەیە بۆ سەلماندنی بوونی خودا کە مرۆڤی خاوەنبیر بە تماشاکردن و تێفکرین، دڵ و دەروونی ملکەچی هێزی باڵادەست دەبێت.

ئافراندن وەك هزرێکی قووڵ کە دڵ و دەروونی خەڵکی داگیر کردووە لە هەموو دین و ئایینێکدا چیرۆك و داستانی خۆی هەیە، بەڵام هەموویان دوای زۆرێك بگرە

و بەردەی فیکری، لایەن یان وزەیەك دەکەن بە هێزی باڵادەست و وزەگەلی دیکـە دەخەنە ژێر دەسەڵاتی ئەوەوە. بـەڵام مـەبـەسـتی هـەمـوو ئافرانـدنێ بـە هـەمـوو جیاوازییێکەوە ڕووکردنە لە دین و ئایین کە تەنانـەت ئـەوانـەش کـەوا لـە ڕێگـەی زانستی سروشتییەوە[1] دەیانەوێت سەر لە ڕازی دروستبـوونی دنیـا دەربهێـنن، لـە ئاکامدا مل بۆ هزری مەعنەوی دادەنەوێنن. بۆ نموونە شاعیر و نووسەری فـەرانسـی لامارتین دەڵێت دڵێ کە خودای تێـدا نـەبێـت وەك دادگایـەکـە کـە دادوەری لـێ نەبێت؛ یان پاسکاڵ فەیلەسووفی ناودار دەڵێت: هیچ شتێ بێجگە لە باوەڕ بە خـودا ناتوانێت دڵ و دەروونی ئێمە ئاسوودە بکات. بەکورتی دەتوانین بڵێین مەبەسـت لـە ئافراندن، ستایش‌کردن و پەرستنی خودایە. لە قورئانیشدا هاتووە کـە هـەرچـی لـە ئاسمان و زەویدایە سپاس و ستایشی خودا دەکات.

## ئافراندن لە ناو گەلانی مێزۆپۆتامیا هەتا باڵادەستبوونی زەردەشتی

دیرۆك و کەلتووری مێزۆپۆتامیا وێڕای ئەوەی کـە بانـدۆرێکی قـووڵی لـە سـەر ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، یۆنان، میسر و ڕەخ و بەستێنەکانی مـەدیتـەرانـە دانـا خـۆی لـە خۆیدا فەرهەنگێکی تێکەڵ بوو. ئەمڕۆکە نـاتوانین مکـوڕ بـین لـە سـەر ئـەوە کـە کەلتووری مێزۆپۆتامیا تەنها هی بابلە، چونکە ئەم فەرهەنگە خۆی پاشماوەی ژیاری سوومێرییە و لە پێوەندییێکی پتەو لەگەڵ هزر و ڕامانی عیلامی، ئاشووری، سـامی و ئەکەدیدا بووە، بەڵام دەتوانین بڵێین بناغەی شارستانییەت لە مێزۆپۆتامیـا لـەگـەڵ کۆچی سوومێرییەکان بۆ ئەو هەرێمە داڕێژرا.

بەگوێرەی دۆزراوە کۆنەکان و خوێندنەوەی دیرۆکی ئەم هەرێمە کە بناغەی لـە سەر کشتوکاڵ و ئاودێری بووە فەرهەنگی دایكسالاری زاڵ بووە. حوکمی سیاسـی و دەسەڵاتداری تێیدا بە شێوەی دەوڵەتشار بووە کە هەرکامیان بە حوکمێکی جیا لە سەر بیر و بڕوایەکی جیاواز، بەڵام لە چوارچێوەی کەلتوورێکی گەورەدا دەژییان.

---

١. علوم طبیعی

خوداكانی ئەم دەوڵەتشارانە پێوەندی تەواویان بە سروشتەوە هەبووە و خاوەنی سێ تایبەتمەندی بوونە: ١. تایبەتمەندی مرۆڤیان هەبووە. ٢. هیچکامیان بەتەنها هێزی باڵادەست نەبوونە. ٣. چالاكییان لە چوارچێوەی جیهانی سروشتیدا بووە نە لە دەرەوەی سروشتدا.

هزری سوومێرییەکان لە خشتەی سروشتدا داڕێژرابوو چونکە یەزدانەکانی سوومێری تایبەتی ئەم جیهانە بوون، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەبێت بزانین لە ژیانی خەڵکی نێوانچۆماندا ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە و ئەمەش ئاکامی ئیمانێکی ڕێكوپێك بوو کە سوومێرییەکان دایانهێنا، بۆیە دەوڵەتشارەکان لەگەڵ کێشمەکێشی سیاسیشدا یەك ڕامان و دنیابینی تایبەتیان لە سەر یەزدانەکان و جیهانی هەستی هەبوو.

گرنگترین خوداکانی سەرەتایی مێزۆپۆتامیا بریتین لە: ١. ئانۆ، خودای ئاسمان[١] کە پیری خوداکان بووە؛ لە شاری ئوروك. ٢. ئێنلیل، خودای تۆف و زریان[٢] لە شاری نیپوور. ٣. ئێنکی یان ئەیا خودای زەمین و ژیانبەخش. ٤. سین، خودای هەیڤ یان مانگ لە شاری لارسا. ٥. نینتود ناسراو بە عەشتەر(ئیشتار) کە لە ئافرادیتی ڕۆژهەڵات دەچێت لە شاری کیش (جان بایرناس، عەلیئەسغەر حێکمەت، ل. ٦٦).

بەگوێرەی دیرۆکی مێزۆپۆتامیا دروستبوونی جیهان بەرهەمی کێشەی نێوان هێزەکانی خێر و شەڕ و ئافراندنیشی لە ئاژاوەی یەکەمەوە هاتۆتە گۆڕێ. بەپێی ئوستوورەی بابلی ئافراندن یان ئەنووماعەلیش، خوداکانی خێر و شەڕ لە دێوەژنێك زاون بە ناوی «تیامەت» کە دواتر مەردووك خودای گەورەی بابل ئەم و خودا شەڕەنگێزەکانی دیکەی لە ناو برد. لە جیهانی کۆندا بنەما و بنچاخی زاوزێی وزەگەلی خێر و شەڕ لە یەزدانێکی سەرەتایی، جێگای پەسند بووە؛ بۆ نموونە کرونووسی یۆنانی، زەروانی ئێرانی، پرجاپتی هێندی لەو ڕیزەدا جێ دەگرن.

---

١. خودای نەزم و ڕێکوپێکی.

٢. هێمای هێز و دەسەڵات، شەڕ و شەڕڤان.

بەگوێرەی ئوستوورەکانی سامی «یەهوە» لە ڕۆژی یەکەمدا «هاویە»ی کە تێکەڵی بووە لە خاك و ئاو ئافراند، ئافراندنی ئەویش دوای شەڕێکی ئاسمانی لەگەڵ ئەژدیهای لویاتان دیاري کرا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە مەردووك وزە شەڕەکانی لە ناو برد کەچی ئوستوورەکانی دواتر بەبێ شەڕ نین و هێزی شەڕ و ئاژاوە وەك پەلەوەری ئەنزو، دێوی خومبەبە، لیلیس و هتد هەر هەبوونە.

لەڕاستیدا مرۆڤ لە هەمبەر یەزدانە سروشتییەکان هەڵس‌وکەوتی دوو لایەنەی هەبوو؛ کاتێك بەسوود و بەکەڵك بوو ستایشی دەکردن و کاتێکیش قازانجی بۆی نەبوو خۆی لێ دوور دەگرتن؛ بۆ نموونە خودای ڕۆبارەکان کە تۆفانی دەبوو نفرینیان دەکرد. تەنانەت هەندێك لە ژنە خوداکان وەك تیامەت، ئیشتار، ئینانا و ئەرشکیگل کە تایبەتمەندی خودایی‌یان هەبوو بڕێ جار بێ‌ڕەحم و دڵڕەق دەردەکەوتن کە ئەمەش بەهۆی سووڕی دەسەڵاتەوە بووە کە کۆمەڵگە لە ساختی دایكسالارەوە بەرەو حوکمی پیاوسەردەستی دەڕۆیشت. لە باسەکە دوور نەکەوینەوە، بەڵام لە هزر و ڕامانی مێزۆپۆتامیادا کێشمەکێشی هەمیشەیی لە نێوان ڕێك‌وپێکی و ئاڵۆزی لە گەردووندا بابەتێکی گرنگ بووە، کێشەیەك کە هەموو سەری ساڵێك بەگوێرەی بڕوای ئەوان نوێ دەبوویەوە؛ بۆ وێنە چیرۆکی ئافراندن کە لە سەر حەوت لەوحە نووسراوە و بە زمانی ئەکێدی پێی دەڵێن «ئەنووم ئەلیش» لە کاتی گێڕانی ئایینەکەدا کاهێنەکان دەیانخوێندەوە.

لە ئوستوورەی ئافراندنی مێزۆپۆتامیا خوداکان بۆ ڕزگاربوون لە کارکردن و مسۆگەرکردنی پێویستییەکانی خۆیان مرۆڤیان ئافراند. بابەتەکە بە کێشەی خوداکان لە پەیداکردنی نانی خۆیان بەتایبەت دوای پەیدابوونی ژنەخوداکان دەست‌پێ‌دەکات. خوداکان لە لای ئێنکی Enki لە چۆنیەتی بارودۆخەکە گازندە دەکەن، بەڵام ئەو لەو کاتەدا نووستووە و دەنگی ئەوان نابیستێ، دایکی ئێنکی سکاڵاکە دەباتە لای کوڕەکەی خۆی و دەڵێت هەستە داخوازی خوداکان وەربگرە و بهێڵە کە جووتی خۆیان دروست بکەن. ئێنکی تاقمێك لە خودا ئافرێنەرەکان دەنێرێتە لای دایکی خۆی و پێی‌دەڵێت ئەو کەسە کە وتوومە دروستی بکەن، کە

مەبەست لە کەسەکە مرۆڤە.

بەپێی بڕوای سوومێریەکان خوداکان لە چیرۆکی ئافراندندا ئەپسۆ، تیامەت، مەمۆ، لاخمۆ و لاخامۆ بوونە، بەڵام لای بابلییەکان خوداکان دەبن بە ئەیا، دامکینا و مەردووك؛ گەرچی بابەتی سەرەکی یەکێکە و تەنها ناوی خوداکان گۆڕاوە. یەکێك لە نموونەکان باسی ئیشتار و ڕۆیشتنیە بۆ ژێر زەمین کە لەم ئوستوورەدا خودای بەرهەمهێنان ئینانای سوومێری، ئیشتاری ئەکەدی وا لە سنووری مردووەکاندا. ئیشتار دوای ئەوە دەڕوات بۆ جیهانی بێ‌گەڕانەوە و تاریکی، شوێنێکە کپ و بێدەنگ و گژ و گیا تێیدا گەشە ناکات، ژنان دووگیان نابن و ئاژەڵەکان جووتگیری ناکەن، هەر بۆیە تەمووز شەیدای ئیشتار دەبێت و دەڕوات بۆ ژێر زەوی، لە حەوت دەروازە تێدەپەڕێت و ئیشتار دەگەڕێنێتەوە بۆ سەر زەوی. هەڵبەت ئەم ئوستوورەیە ئاڵوگۆڕی وەرزەکان پیشان دەدات کە هەر ساڵ دەسپێکی پاییز جیهان سارد و سڕ دەبێت و سەوزی و جوانی بار دەکات و خەڵکی تووشی تەنگ و چەڵەمە دەبن. ئیدی بەو پێیە ئەوان وەها هەستیان دەکرد کە خودایەك کە جوانی و گەشەی باخ و دارستانەکان بە دەست ئەوە و کەسکایی دەخاتە وجوودی گژ و گیا، ڕۆیشتووە بۆ جیهانی مردووەکان و تەمووز بە دوویا ڕۆیشتووە و دوای ماوەیەك دەیهێنێتەوە. ئەم گەڕانەوە هەر ساڵ لە سەرەتای بەهاردا ڕوو دەدات و ئەم دوو کەسە بە ژیانەوەی دووبارەی سروشت بۆ دنیا دێنەوە. بەگشتی بەگوێرەی بڕوای خەڵکی مێزۆپۆتامیا گۆڕانی وەرزەکان هێمای هاتن و چوونی خوداکانە، هەر بۆیە بە هاتنەوەی ئیشتار جێژنی ساڵانەی نەورۆز لە دەڤەرەکەدا دەکرا و تێیدا سروودی ئافراندن دەخوێنرایەوە. ئاڵوگۆڕی ژیانی سوومێرییەکان بەند بوو بە دوو شتەوە: یەکەم بە شێوەکی ڕاستی وەك مێژووی ساڵانەی هەڵکردنی ئاو و بەرگرتنی لافاو و لەهی، دووهەم هاوکات لەگەڵ ئایینگەلی ڕەمزی و هێمایی لە ژێر چاوەدێری پێشڕەوی ئایینیدا. لەم جێژنانەدا کە لە نەریتە حکوومییەکان بوو مرۆڤ لە بەندکردنی سروشت و پارێزگاری لە جیهاندا بەشدار دەبوو. خەڵکی بڕوایان وابوو کە بە گێڕانی ئەم جێژنانە دەبنە پارێزەری دووبارەی ژیانی سروشت لە ساڵی

داهاتوودا و دەبنە هۆكاری سەركەوتنی پەیكاری دژ بە ئاڵۆزی و بشێوی.

گرنگترین چیرۆك لەم بوارەدا لـە وێـژەی سـوومێریدا مـاوەتـەوە كـە ئـەویـش گیلگەمێش تێدا دەوری سـەرەكـی دەگێـڕێ و وەك شـازادەیـەك بـە دووی ژیـانی هەتاهەتاییدا دەگەڕێ، بەڵام دوای گەڕانێكی زۆر لەگەڵ «ئوتنـەپیشـتم» ئاشـنا دەبێـت و ئەویش ڕازی گیایەكی پێ دەڵێت لە بـن دەریـادا، كـە دەڕوات دەیهێنێـت و دوای گەڕانەوە لە دوورگەیەك لە كن كانیاوێـك لا دەدات بحـەسـێتەوە و خـۆی بشـوات، بەڵام مارێك گیاكـەی دەخـوات و ژیـانی نـەبـڕاوەی پـێ دەبـەخشـرێت. هەڵبـەت مەبەستی داستانەكە پێوەندی گیلگەمێش و ئوتنەپیشـتمە پێكـەوە، چونكـە ڕۆڵـی ئوتنەپیشتم لەگەڵ نووحی پێغەمبەردا زۆر لێكدەچـن و هـەردووكیـان قـارەمـانی ژیانەوەن لە دوای تۆف و زریان.

ئایین لە مێزۆپۆتامیا بنیچەی سوومێری هەیە، پەرستنی خودا جیـاوازەكـان لـە نێوان هەموو خەڵكدا پەرەی ستاندبوو. لە سەدەی نۆیەمـی پـێش زایـین لـە بابلـدا زیاتر لە شەش‌هەزار خودا پەرستش كراوە، كە خودا هەبـووە بـە چـەنـد ئـاوەڵنـاو چەندان تایبەتمەندی هەبـووە؛ بـۆ نموونـە خودایـەك وەك شـەمـەش كـە ئیـزەدی یەكسانی و عەدالەت بووە لە ناو گوندەكاندا خودای وەبەرهێنان بووە، ڕیشـی درێـژ، تاجێكی شاخدار، بازنەی دەسەڵات، گاڵۆكی پاشایەتی و دوو بڵێسە گڕ لە سـەر دوو شانی هێمای ئەم خودایە بوونە[١]. جگە لەم خودایە ئێنلیل، ئەیا، سین و تـەمـووز و ئیشتار لە وڵاتدا فەرمی بوونە، بەڵام ساڵانە تەمووز و ئیشتار پێكـەوە زەمـاوەنـدیان دەكرد و گۆڕانی وەرزەكانیان دروست دەكرد، لە ناو خەڵكیشدا نەریتێك هەبـوو كـە پاشا وەك تەمووز و ژنە كاهینێك وەك ئیشتار بە شێوازی هێمایی ئەو زەماوەنـدەیـان دەكرد.

جگە لە ئەم داب‌ونەریتانـە لـە جێژنـی ئـەكیتـۆدا ڕۆڵـی مـرۆڤ لـە ژیانـەوەی سروشتدا بەگوێرەی دوو گریمانە دەخرێتە بەر چاو كـە یـەكێـك ژیـانی هاوبـەشـی

١. یاسانامەی حەموورابی.

پیرۆز لە نێوان تەمووز و ئیشتار و دووهەم بەدیهاتنی جیهانە کە بە وتەی کاهینەکان ئافراندنی دنیا بە دەستی ئێنلیل بووە و ئەکیتۆ وەك جەمسەری نواندنی ئافراندن بەم دوو گریمانەوە بەسراوەتەوە. ئێنلیل دوای سەرکەوتن بە سەر تیامەت و هێزە بشێوێنەکان جیهانی ئافراند و کۆمەڵێ لە خوداکان بە سەرۆکایەتی خودای «با» چارەنووسی زەوی و مرۆڤ دیاری دەکات. ئافراندن و ڕوونکردنەوەی چارەی دنیا بەیەکجاری نەبوو، بەڵکوو ساڵانە و بە مەرجی تایبەت دیاری دەکرا. لە جێژنی ئەکیتۆ سروشت لە وشکی و قاقڕییەوە بۆ ژیان و بووژانەوە لە ژێر چاودێری خوداکان گوزەر دەکات کە دەوری سەرەکی هی مەردووکە و کەسایەتی ئێنلیل وەك قارەمان و پاشای خوداکان لەگەڵ کەسایەتی خۆی کە خودای بەرهەمهێنان بووە یەك دەخات، ئەم جێژنە لە مانگی نیسان[1] دەستی پێدەکرد و یازدە هەتا دوازدە ڕۆژی دەخایاند، لەم ماوەیەدا هەر ڕۆژ مەراسمێ بەڕێوە دەچوو و دۆعای ئەنومالیش دەخوێنرایەوە و قوربانی دەکرا. هەڵبەت لایەنی بەنرخ و هێمایی ئەم جێژنە ئەوە بوو پادشا دەبووە قەڵغانی دەرد و بەڵای کۆمەڵگە و بە بۆنەی تاوانەکانی باجی دەدا و دەیسەلماند کە هێزی خۆی تەنها لە خوداکان دەگرێت و بەس. لە شەوی ئەو ڕۆژەدا پاشا دەچووە مەراسمێکی دیکە کە تێیدا تەرمەکێکی گەورەی قامیشیان گڕ دەدا و گامێشێکیان تیایدا دەسووتاند. لە ڕۆژی شەشەم پەیکەری نەبۆیان لە بورسیپا یان بیری نمروودەوە دەهێنا و لەگەڵ دوو پەیکەری ئەهریمەندا سەریان دەبڕی و ئەوانیشیان لە ئاگرەکە دەخست، هەتا ڕۆژی دوازدەیەم هەر ڕۆژەو نەریتێك جێبەجێ دەکرا و لایەنێك لە هێزی خوداکانیان بۆ خەڵك ڕوون دەکردەوە. ئینجا لە ئاخردا هەر خودایەك بۆ شاری خۆی دەگەڕایەوە و چارەنووسی ئەو ساڵی سروشت دیاری دەکرا هەتا ساڵی داهاتوو؛ یانی بەجۆرێ ژیان و سروشت پێکەوە گرێ دەدران و مرۆڤ وەك دەورگێڕێکی سەرەکی و کاریگەر لە چۆنیەتی داهاتووی سروشت دەستی تێکەڵی خوداکان دەکرد، بەڵام مەبەستی سەرەکی

١. مارس ـ ئاوریل.

وێڕای هەموو جیاوازییێك، جۆرێك ڕەخساندنی هەل بوو بۆ ژیان و نوێبوونەوە.

## ئافراندن لە ئایینی زەڕدەشتیدا

لە کاتێکی سنووورداردا ئافراندنی مادی دەستپێدەکات و لە ماوەیەکدا ڕووداوگەلێ ڕوو دەدەن و پاشان جیهان بە ئوستوورەیەکی دیکە تەواو دەبێت. لەم نێوانەدا ئەو شتەی کە زۆر بەرچاوە پەیکاری نێوان ڕاستی و درۆ، خێر و شەڕ، خودا و دۆزاکە[1]. با بڵێین کە مرۆڤ لە دەروونی خۆیدا ئەم دوو هێزەی ڕاستی و درۆ هێندە زەق دەبینێت کە هەموو کات بە شوێن ئەوەیە کە ڕووداوەکان بەوانەوە پێوەند بدات. لە چیرۆکەکانی ئافراندنی جیهاندا بە بەرانبەرکێکردنی ئەم دوو هێزە باسەکە دەستپێدەکات و ئاکامی بە سەرکەوتنی هێزی چاکە دەبڕێتەوە. لە ئایینی زەڕدەشتدا ئەم دووبەرەکییە زۆر زەقە، هەتا ئەو جێگە کە لە شێوەیەکی مادییەوە دێنە دەرێ و دەبن بە دوو هێز و وزە و لە ناو دەروونی مرۆڤدا دەست دەکەن بە بەربەرەکانێ. ئەنگرەمینۆ و سپەنتامینۆ لە دەروونی مرۆڤدا خەریکی پەیکارن و سەرکەوتنی هەرکامیان شادی یان خەمی بەدواوەیە بۆ مرۆڤ.

لە ئایینی زەڕدەشتیدا گەردوون یان ئاسمان کۆمەڵێک کاتی بێسنووورە کە دەبێت بە دوو بوونی تاریکی و ڕووناکی، هەڵبەت نە بە شێوەی مادی؛ فەرمانڕەوای تاریکی ئەهریمەنە و هی ڕووناکی ئەهوورامەزدایە. ئوورمەزد لە وجوودی ئەهریمەن بەئاگایە، بەڵام ئەهریمەن بەهۆی نەزانینەوە هیچ زانیارییێکی لە ئوورمەزد و ڕووناکی نییە هەتا ئەوەی کە ئوورمەزد ترووسکەیەک دەنێرێت بۆ سنووری تاریکی و

---

١. ئەهریمەن

ئەهریمەنیش بە بینینی یەکەم هێرشی دەستپێدەکات. بەڵام بۆچی ئوورمەزد ئـەم تیشکە کزە بۆ سنووری ئەهریمـەن دەنێرێـت؟ ئوورمـەزد دەیویسـت فـەلسـەفـەی ئاکامی جیهان کە شەڕی تاریکی و ڕووناکییە ئەنجام بدات، بـەڵام بـە نـاردنی ئـەو تیشکە ئەهریمەن ئاگا دەکاتەوە هەتا شەڕ و هێرشی دەستپێبکات بەڵکـوو هێـزی کەم ببێتەوە ئینجا خۆی لە ناوی ببات. هەڵبەت ڕوانگـەیـەکـی دیکـە لـەم بـارەوە ئەوەیە کە دەڵێن ئوورمەزد دەیەوێت دەست بکـات بـە ئافرانـدن، بـۆ ئـەم کـارەش دەبێت کاتێکی سنووردار لە ناو بازنەی کـاتی بـێسـنوور دروسـت بکـات، بـۆ ئـەم سەرەتایەش کات بـە شـەڕێکـەوە دەسـتپێدەکات، ئوورمـەزد دەیـەوێـت هێـزی ئەهریمەن کەم بکات و خۆی لە ناوی ببات.

لە سەرەتای شەڕەوە ئوورمەزد پێشنیار بـە ئەهریمـەن دەکـات کـە لـە ئـاخری دوانزەهەزار ساڵدا شەڕی کۆتایی بکەن، ئەهریمەنی نەزانکاریش بـەبـێ بیرکردنـەوە لەوەی کە لە ماوەی هەزارەکانـدا هێـزی کـەم دەبێتـەوە پێشـنیارەکـە بـە هـەنـد وەردەگرێت. لەو کاتەدا ئوورمەزد دۆعای ئـەهۆنـەوەر دەخوێنێـت و ئەهریمـەن بـۆ ماوەی سێهەزار ساڵ لە سەرخۆ دەچێت، ئیدی ئوورمەزد هەلی بۆ دەڕەخسێت لـە سێهەزار ساڵی دووهەمدا ئافراندن بکات.

دۆعای ئەهۆنەوەر یان یەتائەهۆ هەنووکەش لە نیایشە گرنگەکـانی زەڕدەشـتییە کە ڕۆژانە دەیخوێنن، هەڵبەت ئەم بەشە لە داستانەکە گرنگی و بـەنرخیـی نیـایش پیشان دەدات کە هەر لە سەرەتای قۆناغەکانی شارسـتانییەتـی مرۆڤـەوە هـەبـووە. دۆعاخوێندن و بەراوردبوونی نیاز و پێویستی تەنها تایبەت بە ئایینەکانی ئیبراهیمی نییە، تەنانەت خـودی ئوورمـەزدیـش بـۆ گـەیشـتن بـە دەسـپێکی ئافرانـدن لێـی بەهرەمەند دەبێت؛ ئەمە کورتەیەکە لـە نیایشـی ئوورمـەزد: ئـەو جـۆرەکـە ئـەهـۆ سەروەری هەستی هەڵبژاردەیە، بەو شێوەکە ڕتۆ گەورەی ئایین بە ئـەشـۆیی، واتـە ڕاستی و خاوێنی هەڵبژێردراوە بەخششی وەهۆمەن یان بیری چاکـە لـەو کارانـەی

ژیانە کە بۆ مەزدایە. هەروەها خشترایی[١] بۆ ئەهوورا و تایبەت ئەو کەسانەیە کە دەبنە داڵدە بۆ خەڵکە بەنیازەکان[٢].

## سێهەزارەی دووهەم:

لە یەکەم هەنگاوی ئافراندندا پاش دروستبوونی کاتی سنووردار، ئوورمەزد شەش نموونە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی ئافراندن دروست دەکات کە بریتین لە ئاسمان، ئاو، گیا و ڕووەك، زەمین، گیانلەبەر، مرۆڤ. ئاسمان: بە شێوەی دژێکی یەکپارچە و پتەو بۆ پاراستن و ڕاگرتنی زەمین. ئاو: دڵۆپێك بە پانتایی تەواو ئاوەکانی زەمین. گیا و ڕووەك: چڵێك کەوا هەموو گیاکانی سەر ئەم زەمینەی تێدایە. زەمین: گۆیەك بەبێ بەرزی و نەوی بوون. گیانلەبەر: پێشنموونەکەی گایەکە لە کەناری ڕاستی ڕۆباری دائیتی. مرۆڤ: پێشنموونەی گەورەی مرۆڤ، کەیۆمەرسە لە کەناری چەپی ڕۆباری دائیتی. مەبەستی ئافراندن لە پێشنموونەکان چییە؟ ئەوەیە کە بۆ جیهان بنەما و بناغەی لە بەرچاوە کە ئەو سەرچاوەیە کە لە پێشدا دروست دەبێت لە سەرەتاوە بە شێوەیکی تۆکمە و تەواو نەئافرێنراوە بەڵکوو قۆناغ بە قۆناغ شێوەی ڕاست و دروستی یان تەواوبووی بە خۆوە گرتووە، بەڵام بۆچی شەش دانە پێش نموونە؟ بۆچی لە هەموو داستانێکدا جەخت لە سەر ژمارەی شەش کراوە؟ ئایا ئەم نیشانەی لێکچوونە بەرداشتکردنی چیرۆکەکانە لە یەکتر؟ لە بەرانبەر داستانی سامیدا کە تەواوی ئافراندن بە شەش ڕۆژ دەزانێت، لێرەدا ژمارەی ڕۆژەکان جێگەی خۆی دەدات بە ئەو شەش پێشنموونە کە لە سەرەتاوە ئافرێنران.

کەیۆمەرس و گا چ جۆرە گیانلەبەرێکن؟ پاشان لە ئایینی میترایيدا دەبینین کە ئەمانە دەکەونە پێوەندییەوە، بەڵام بە جێگەی کەیۆمەرس، میترا لەگەڵ گاکەدا دەجەنگێت، گاکەی میترا دەمرێت و تووی دەڕوات بۆ سەر مانگ. لە ئایینی هێندییەکاندا گا گرنگیی زۆری هەیە. گرنگیی دەوری گا لە هزری ئێرانییەکاندا

---

١. پاشایی

٢. درگۆ

شتێکی ڕوون و ئاشکرایە: زەڕدەشت لە بارامیەشتدا[١] لە پیرۆزبوونی گا و بایەخدان پێی قسەی کردووە.

لە دینکەرد پەرتووکی٧، بەشی٢ و بژاردەکانی زادسپێرم بەشی٢ چیرۆکێك سەبارەت بە گا هاتووە کە پیشان دەدات لە هزری ئێرانییەکاندا پێش زەڕدەشت تا چ ڕادەیەك بایەخی هەبووە. ئوورمەزد گایەکی ئافراند کە خووێکی سەرنجڕاکێشی هەبوو کە هەرکات سەبارەت بە سنوور دووبەرەکی دەکەوتە نێوان ئێران و تووران ئەو پێی خۆی ئەکوتا بەو جێگەدا کەوا کەوشەنی دوو وڵات بوو. ئیدی بەپێی نێونجی ئەو گایە ناکۆکییەکەیان دەڕەواندەوە. کەیکاوس ویستی بیکوژێت چونکە ئەو کەسێکی چاوچنۆك بوو و دەیویست بەشێك لە تووران داگیر بکات، بەڵام بوونی ئەو ئاژەڵە بەربەستێ بوو لە بەردەم ئامانجەکەی ئەودا؛ هەر بۆیە سریتی پاڵەوانی ڕاسپارد کە بیکوژێت. ئەگەرچی بەگوێرەی باسەکانی دینکەرد گوناهی کوشتنەکە لە ئەستۆی توورانەکان بوو؛ چونکە نێونجیکردنی گاکە هەمیشە دژی ئاواتەکانی ئەوان بوو، ئیدی کاوسشایان جادوو کرد و ئەویش خڵەتا و لە ڕێگەی سریتەوە ئامانجەکەی پێکا. هەڵبەت لە سەرەتادا گا هاتە زمان و بە سریتی وت ئەم هەڵەیە مەکە ئەگینا ویژدانت ئاسوودە نابێت و زەڕدەشت پێغەمبەری داهاتوو بە خراپە ناوت دەهێنێت، بەڵام کاوس مکوڕ بوو لە سەر کوشتنی، ئەویش بە ناچار کارەکەی جێبەجێ کرد، کەچی پاشان پەشیمان بووەوە و چووە لای پاشا پێی وت نەمکوژی من تۆ دەکوژم. ئیدی کاوس شا فەرمانیدا هەتا بڕواتە دارستانێك و پێی وت جادووکراوێ بە شێوەی دێڵە سەگ دەتکوژێت. سریت ڕۆیشت بۆ دارستان و سەگ هێرشی کردە سەری و ئەمیش لێیدا و کوتوپڕ سەگ بوو بە دوو دانە، ئیدی بە هەر لێدانێك ژمارەی سەگەکان دووقات دەبوو هەتاکوو گەیشتن بە هەزار و ئیدی پاڵەوانیان لە پێ دەرهێنا.

هەڵبەت پیرۆزیی گا و گوێر بەگشتی لە ناو هەموو پێکهاتەکانی ئاریایی و

---

١. یەشتی جەنگ

نێوانچۆمان و تەنانەت هێندیش شتێکی بەرچاو بـووە و ئـەم ئـاژەڵـە لـە هـەمـوو دابونەریتەکانی ژیاندا بەتایبەت لە بواری ئایینیەوە شوێنپێییێکی دیاری هـەبـووە و هەتا ئەمڕۆش ئەو شوێنپێیە هەر ماوەتەوە. نووسەر جـان بایرنـاس لـە پـەرتـووکی خۆیدا وتەیەکی بەناوبانگی ماهاتمـا گانـدی کـە لـە سـەر پیرۆزیـی گـا وتوویـەتی دەگێڕێتەوە کە زۆر بە گرنگی باس لەم ئاژەڵە دەکات و دەڵێت لە ڕوانگـەی منـەوە یەکێك لەو شتانە کە بوو بە هۆی گۆڕانی ژیانی مرۆڤ، گا بووە و پێم وایە بنەمـا و بناغەی جیهانە. ئەو ئاژەڵە مرۆڤ دەخاتە چوارچێوەی ڕەگـەزی مرۆڤایـەتـی خـۆی. تەنانەت مرۆڤ لە ڕێگەی ئـەم ئـاژەڵـەوە پێناسـەی خـۆی دەدۆزێتـەوە و لـەگـەڵ ئاژەڵەکانی دیکەدا دەکەوێتە پێوەندییەوە. ئەو مانگا وەکوو دایك، واتە پـەروەرێنـەری ملیۆنان هێندی ناو لێدەبات و ڕێز و حورمەتگرتن لەو ئاژەڵە وەك ڕێزگرتنی تەواو ئافرێنراوەکانی خودا دەزانێت.(جان بایرناس، عەلیئەسغەر حێکمەت، ل. ٢٨٨)

هەڵبەت بە پێچەوانەی هێندییەکانەوە کە گا ناکوژن و کوشتنیشی بە تـاوانێکی گەورە دەزانن، لای هەندێ لە نەتەوەکانی دیکە قوربانیکردنی ئـەم ئـاژەڵـە دەبێتـە هۆی نوێبوونەوەی ژیان و سەرلەنوێ هەڵدانەوە؛ بۆ نموونە ئێزدییەکان لـە جێژنـی جەمادا کە هەموو ساڵ لە لالش بەڕێوە دەچێت بەزم و شایی دەکەن و بـە دەف و شمشاڵ بۆ یادکردنەوەی ئیمانداره کۆچکردووەکانیان گایەك ڕاو دەنـێن و لـە سـەر گڵکۆی شێخ شەمس سەری دەبڕن. لەم مەراسیمەدا نوێنەری سـێ هـۆزی جیـاواز بەشداری دەکەن وەك پێشبڕکێ بۆ بەدەستهێنانی گاکە؛ بۆیـە هـەر هۆزێـك ئـەو گایە بەدەست بهێنێت لە لایەن میرەوە خەڵات دەکرێت و بـەمـەش شـادییێکی زۆر بەرۆکی شێخ و میر و ئیماندارەکان دەگرێـت و دەسـت دەکـەن بـە هـەڵپـەڕکـێ. هۆکاری ئەم بەختەوەرییە ئەوەیە کە هەر دڵۆپە خوێنێك لە خوێنی ئەو گایە دەبێتە هۆی ڕووان و سەوزبوونی نەمامێکی نوێ کە ئەمەش خۆی هێمایەکە بـۆ شـێوازی ئافراندن کەوا هەندێك لە بوونەوەر و گیاکان لە جەستەی گـا کـوژراوەکـە دروسـت دەبن کە پێشتر باسمان لێ کردووە. ویڕای باوەڕمەنـدبوونێکی ڕەهـا کـە لـە لایـان بۆتە یەقین، هەموو ساڵێك لەم ڕۆژەدا و لە کاتی ڕاوەدوونانی گاکـە یـەکـەم بـارانی

وەرز وەکوو بارانی ڕەحمەت دادەبارێ کە ئەمەش جگە لەوەی کە هەوێنــی ژیـان و ژیانەوەیە ئاماژەیە بۆ یەکێك لە چوار پێکهاتە پیرۆزەکەی سروشت.

دکتۆر هاشم ڕەزیش باس لە جێژنێك دەکات بە ناوی گاوگێڵ، گاگێڵ، گاگنــەڵ یان گاوگەمەڵ کە گرنگی دەوری گا دەگەیـەنێـت. ئـەم جێژنـە لـە کۆتـایی ڕۆژی پازدەی مانگی بەفرانبار دەمەو تاریکان لە ئێرانــی کــۆن بــەڕێـوە دەچـوو. هەڵبــەت لێرەدا بە پێچەوانەی چیرۆکی دینکەرد و زادسپێرم هۆی بەڕێوەچوونی ئەم نەریتـە ئەوە بووە کە وڵاتی ئێران لە تورکستان جیا دەبێتەوە و ئەو گاگەلە کە توورانەکـان لەمانیان دزیبوو دەیگێڕنەوە و هۆکاری دووهەمیش ئەوەیە کاتێك کە زەحاك بە مـل ئێراندا زاڵ بوو، گاکانی ئەسفیان باوکی فەرەیدوونی دزی، بـەڵام لـە ئـاوا ڕۆژێکـدا فەرەیدوون زەحاکی تێکشکاند و گا و گوێرەکـەی لـێ ئـەسـتاندەوە؛ ئیـدی چـون باوکی پیاوێکی بەدەستودڵ و بەخشندە بوو بۆ شاییـیانــەی بــەدەســتهێنانــەوەی سامانەکەی، شتی زۆری بە خەڵکی دا. ئەوانـیش هــەر ساڵە لـەو ڕۆژەدا جێژنیـان دەکرد.

هەڵبەت هەر لەم ڕۆژەشدا بوو فەرەیدوون لە شیری دایکی گیرایـەوە و سـواری گایەکیان کرد. ئەبووڕەیحان بیروونی زۆر شــتی بـاس کـردووە لـەم بـوارەدا، بـەڵام زۆرتر لە زمانی خەڵکەوە بژاردەی کردووە کە دەڵێت لـە شـەوی ئـەم ڕۆژەدا یـانی شەوی شازدەیەم گایەك لە نووری پەتی کە شاخەکانی لە زێڕە و سمەکانی لە زیـوە چەرخی مانگ ڕادەکێشێت و بۆ چەند کاژێرێ لە ئاسـمان دەبینرێـت و پاشـان ون دەبێت. لەو کاتەدا هەرکەس ببینێت دۆعا و نزای گیرا دەبێت. دەڵێن ئەم گایە لـە بەرزاییـیەکان دەردەکەوێت، ئەگەر دوو جار بقۆڕێنێ ئـەو سـاڵە بـەفـەڕ و بـەخێـر دەبێت، بەڵام ئەگەر یەك جار بقۆڕێنێ ئەو ساڵە وشـك و قـاقڕ دەبێـت. لـەم ڕۆژەدا شیری تازەی گایان دەخواردەوە و پێش یەکەم ئاخاوتنیش هەرکەس میوەی بەهــێ بۆن بکات ئەو ساڵەی لە شایی و خۆشیدا دەبێت.

هەڵبەت ئەبووڕەیحان لە زمان کەسێك بە ناوی بابلی دەگێڕێتەوە کـە ئـەم ڕۆژە لای ئێرانییەکان بەدفەڕە و جێژنی خەڵکانی جادووکار و دێوەکان بووە؛ چونکە لـەم

ڕۆژەدا بێوراسپ بە مل جەمشیددا زاڵ بوو و جەم کوژرا و خراپکاران سواری بەختی خەڵکی بوون و شادییان گێڕا. هەڵبەت دیسانەوە دەڵێت جەمشید گاگێڵێ دەبینێت بە ڕواڵەتێکی جوان و سواری پشتی گایەکی سپی، چەپکێ گوڵە سۆسەنی لە دەستە و بۆنی دەکات. ئەو گایە لە حەوت توخم بوو: زێڕ، زیو، مس، قورقوشم، ئاسنگ و مەفرەق و هتد. هەرکەسی دەبینی بانگی دەکرد و لە چارە و بەختی بۆی دەوت و نووری خۆشی لە ناو خەڵکدا بڵاو دەکردەوە، جەم دەیبینێ و دەڵێت تۆ کێی ئەویش دەڵێت من بەختم. دەڵێت مەبەستت چیە؟ دەڵێ بەختی خەڵکی بڵاو دەکەمەوە، لەم سەر و باسەدا لە ئاسماندا ون دەبێت.(هاشم ڕەزی، ل.٤١٩_٤١٧)

لە هزری و بیر چیانشیناندا هەنووکەش ڕێز و حورمەتی گا هەر بەرچاوە؛ تەنانەت بڕوایان وایە گۆی زەوی لە سەرپشتی گایەکە و جگە لەمەش ناوی گا خۆی تێکەڵ بە ناوی پەلەوەرگەلێ وەگ گاوانی، گاکۆتر، گامارۆ، کۆترە گاوانە و هتد کردووە و هەروەها بە قوربانیکردنی ئاژەڵ لە زمانی کوردیدا دەڵێن گاوگەردوونکردن. هەڵبەت بە هۆی دەوری سەرەکی گا لە ژیانی ئاژەڵداری ئارییەکاندا زەڕدەشت خۆی لە کوشتنی بواردووە و شوێنکەوتووانیشی لێ ئاگا کردۆتەوە؛ کەچی لە ئایینی مێهری ئەم کارە ڕەوایە. هێرۆدۆت دەڵێت ئێرانییەکان پەرستگە و پەیکەریان بۆ خوداکان ساز نەدەکرد، بەڵام دەچوونە بەرزترین شوێنی کوێستان و لەوێدا گاوگەردوونیان بۆ مەزدا و خۆر و مانگ و زەمین، ئاو، ئاور و با دەکرد. گەزەنفۆن ئاماژەی پێ کردووە کاتێ کە کوورش گەیشتە وڵاتی ئاسوور، فەرمانی دا گایەك بۆ مەزدا، ئەسپێك بۆ میترا و ئێسترێك بۆ زەمین قوربانی بکەن. لە نووسراوەکانی کتزیاسیش شوێنپێی قوربانی بۆ میترا بە دەستی پاشاکانی ئێران بەرچاو دەکەوێت کە ئەوە پیشان دەدات لە ئایینی مێهریدا بەپێچەوانەی ئایینی زەڕدەشت گاوگەردوونکردن شتێکی سەرەکییە. لە گاتاکاندا ئەوانە کەوا گا و گوێرەکان دەکوژن نفرینیان لێکراوە.

پیرۆزیی گا لە بناغەی فولکلۆری زاگرۆسدا و هەروەها قوربانیکردنی شتێکە

ئێمە بەرەو مێهرپەرستی پاڵ پێوە دەنێت. بە وتەی هێرۆدۆت خۆر چاوی ئەهورامەزدایە و جگە لەمەش مانگ و خۆر وەکوو پشتیوانی مەزدا دژ بە ئەهریمەن ناو لێدەبات. گا لەم ئایینەدا هێمای مانگ و خێروبێرە کە پێوەندی لەگەڵ مانگ و ئاودا هەیە و تەنانەت پاش کوشتنی دەڵێن تووەکەی برا بۆ سەر مانگ، هەربۆیە پێیان دەوت گائۆچیسرا واتە بە چەشنی گا کە گوایە مانگ لە کاتی کەلبووندا وەك شاخی گا وایە. هەروەها لە زۆر پەیکەری بەردینەدا وەك هێمای ئاناهیتا ئەژمێردراوە. هەڵبەت لە زمانی کوردیشدا مانگ و مانگا لەباری ناو و نووسینەوە لێکچوونی زۆریان هەیە کە دەکرێت شرۆڤەی ئایینی مێهری بۆ بکرێت. تەنانەت میسرییەکان بڕوایان وایە کە ئاپیس گای پیرۆز بەبێ باوك لە دایك بوو و لە ڕێگەی نووری مانگەوە ئاوسیایە زکی دایکییەوە.

لە ئەستێرەناسی نێوانچۆماندا مانگ هێمای زاوزێیە و لەگەڵ پەرستشی ئیشتاری بابلی و ئاناهیتای مادیدا ئامێتە بووە؛ لە هەردوو وڵاتدا پەرستشێ لە سەر خولگەی مانگ و ئاو دەبینرێت، بەڵام لە سەر پەرستشی مێهر و ئاو و مانگ لە هەرێمەکانی میدیا هەتاکوو ئێستاش ئەو ئاسەوارە هەر ماوە و ناوی خۆی لە سەر دەشتودەر داناوە؛ بۆ نموونە ئەو شوێنانە کە جێگەی ڕاز و نیازی مێهرپەرستەکان بووە واتە مەڕ، بە زاراوەی هەورامی بەمانای ئەشکەوتە کە هەنووکەش ئەم وشەیە لە سەر زۆر شوێنی کوردستان ماوەتەوە وەك مەڕەگاوان لەسەر ڕێگای مەریوان—هەورامان، مەڕەجیکێ و مەڕیتەکیە لە چیای شایەن لە گوندی باقلاوای مەریوان.

ڕوونە کە ئوستووورە ئاماژە بە کوشتنی گا بە دەستی مێهر دەکات کە مێهر گا ڕادەکێشێتە ناو مەڕێك و بە خەنجەرێ دەیکوژێت. هەڵبەت لە سەر ئەم مەڕانە لێکۆڵینەوە نەکراوە بێجگە لە مەڕەخێری گوندی بێستوون لە نزیك ڕۆباری گاماسیاب و مەڕافتاو یان شوێنی پەرستشی هەتاو لە نزدیك بێستوون. شتێکی سەرنجڕاکێش سەبارەت بەم مەڕانە ئەوەیە کە هەموویان بەبێ جیاوازی یان خۆیان ئاویان هەیە یان لە تەنیشت ئاو و ڕۆباردان.

گرنگترین شوێن کە ئاسەواری مێهرپەرستی تێدا بەرچاوە ئەشکەوتی کەرەفتووە

که مێژوونووسی ڕۆمی تاسیت به ناوی پەرستگەی هەتاو دەیناسێت. هەڵبـەت ئـەم ئەشکەوته هەزاران ساڵ پێش زایین شوێنی ژیـانی خـەڵکـی بـووه و تـەنانـەت لـه سەدەی سێهەمی زایینی کاتێ که حکوومەتی ڕۆم لـەگـەڵ ئێـران لـه شـەڕدا بـوو یەکینەیەکی سوپای ڕۆم لەم ئەشکەوتەدا نیشتەجێ کرا. بەهۆی بوونی نیگارێـك لـه هێراکلیس خودای یۆنانی به ناوی پەرستگەی هێرکول ناوی دەرکردووه.

سەبارەت به کەیۆمەرس، ئەو له ئوستوورەی ئێراندا پێگەیەکی دیکەی هەیـه. لـه شانامەدا وەك یەکەم پاشای جیهان ناسراوه؛ ئەگـەرچـی زۆر شـێوەی مرۆڤـی لـەخـۆ گرتووه، بەڵام له داستانی ئافراندندا دەورێکی گەوره و بەرچاوی هەیه. کەیۆمەرس بـه مانای زیندووی بێجووڵەیه به جۆرێ که دەڵێن تووی گشت مرۆڤەکـان لای ئـەوه و پاش مەرگیشی لـه تـووی ئـەم یـەکـەم جـووتی مـرۆڤ «مـەشـی» و «مـەشـیانه» دەکەونەوه. کریستەنسێن دەڵێت ئوورمەزد چون له داهاتوو بەئاگا بـوو مـاوەی ٩٠٠٠ ساڵی بۆ ئەهریمەن دانا، ئەویش که هەر له ڕابردوودا بوو ڕەزامـەنـدی دەربـڕی، لـەو کاتـەدا ئوورمـەزد بـه پێشـگۆییێکی وت ئـەم شـەڕە بـه شکسـتی دونیـای تـاریکی دەشکێتەوه. ئەهریمەن به بیستنی ئەم هەواڵه هەڵچوو و بەتوندی هەڵەشه بـوو؛ هـەر بۆیه کەوتەوه بەنـدی تـاریکی و بـه مـاوەی ٣٠٠٠ سـاڵ تێیـدا بـێ جووڵـه مایـەوه. ئوورمەزد لەم هەلەدا دەستی دایه ئافراندنی جیهان و گایەکی دروست کرد، پاشـانیش مرۆڤی گەورەی خوڵقان به ناوی گیۆمەرد که میناکی سەرەکی جۆری مرۆڤ بوو.

لەم کات و ساتەدا بوو ئەهریمەن هێرشی کرده سـەر ئـافرێنراوەکـانی مـەزدا و پێکهاتەکانی پیس کرد. ئوورمـەزد لـه پـێش ئاسـماندا خـەنـدەکێکـی هـەڵکـەند، ئەهریمەن پەیتاپەیتا هێرشی دەکرد. له ئاکامدا گا و گیۆمەردی کوشـت، بـەڵام لـه تووی گیۆمەرد که ڕژابووه سەر خاك، پاش چل ساڵ ڕوەکێك شین بوو که یـەکـەم جـووتی مـرۆڤ واتـه «مەشـی» و «مەشـیانه» لێـی هاتنـه دەر. ئیتـر سـەردەمـی تێکەڵبوونی ڕوونی و تاریکی که پێی دەڵـێن «گـەمیزشـن» دەسـتیپـێکـرد. لـه تێلموودیشدا که شرۆڤەیەکه له سەر تەورات ئەم باسه پەسـەنـد کـراوه کـه بنچـی ڕاستەقینەی مرۆڤ گیـا بـووه. مـرۆڤ لـەو جـەنگـەی خێـر و شـەڕدا بـەگوێرەی

کردەوەی چاك و خراپی خۆی دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی ڕووناکی یان ڕەهێڵەی تاریکی، ئەوەی کە بە ڕاستیدا بڕوات دوای مەرگی بەئاسانی لە پردی چینووت دەپەڕێتەوە و بۆ خراپکارانیش لە دەمی گوێزان ناسکتر دەبێت و ئەگەر کەسێکیش چاکە و خراپەی هاوسەنگ بێت لە بەرزەخدا بێ پاداش و جەزا دەمێنێتەوە. هەڵبەت هەموو ڕا و بۆچوونەکان بە تۆزقاڵێك جیاوازییەوە لە سەر ئەوە کۆکن کە یەکەم جووتی مرۆڤ بۆ تووی گیۆمەرد دەگەڕێتەوە.

**سێهەزارەی سێهەم:**

ئەهریمەن دوای سێهەزار ساڵ کە لە خەودا بووە، هەڵدەستێ و لە چاوترووکانێکدا ئاوری شەڕ هەڵدەگیرسێنێ، بەڵام ئوورمەزد تەنها نییە. ئەهریمەن وەها بیر دەکاتەوە کە بە لەناوبردنی پێش‌نموونە(میناك)کان ئافراندن لە ناو دەبات، دەس دەکات بە هێرش‌کردن؛ کەچی ئەو کارە دەبێتە هۆی گۆڕانی جیهان لە مینۆوە بۆ مادی.

ئەهریمەن خۆی لە ئافراندندا ڕۆڵی هەیە. بە پێچەوانەی داستانی سامییەکان ئەو خۆی ئافرێنراوی دەستی خودا نییە، هیچ‌کاتیش بەندەی نەبووە. ئەرکی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ هەموو شتێکی باشەدا و هەروەها هیچ پێوەندییێکی بە سەرچاوەی چاکەوە نییە؛ ئەگەر کاری لەخشتەبردنی مرۆڤەکانە ئەمە سروشتی ئەوە نەك ئەوەی کە بلێی فەرمانی خودا بێت. لەم داستانەدا وەك داستانی «مانی»، بنەمای ئافراندن بەهۆی ڕووداوێکی بەدفەڕ[1] دەست‌پێ‌دەکات. بەڵام ئەم دۆخە درێژە پەیدا ناکات، بەڵکوو ئافراندنی شتەکان بۆ یارمەتیدانی مەزدایە؛ چونکە بۆ شکست‌پێ‌هێنانی ئەهریمەن پێویستی بە یەکەیەکەی خوڵقێنراوەکان بەتایبەت مرۆڤ هەیە.

ئەهریمەن بە پلتۆکێ دەبێتە هۆی ڕێخستنی ئافراندن، دەیویست لە پێشدا ئاسمان لە ناو ببات و شەقی بکات، بەڵام بە جێگەی لەناوچوونی، ئەلماس و

١. واتە هێرش کردن بۆ سەر ئافراندنی مینۆیی.

ئەستێرەکان لە ڕووی ئاسماندا دەرکەوتن. ئەهریمەن ویستی ئاو بۆگەند بکات، تیشتێر خودای ئەستێرە هات بە هانای ئوورمەزدەوە، دڵۆپێك هەڵدەگرێت و بە سواری وایۆ خودای با ئاوەکە دەپرژێنێت بە سەر زەمیندا هەتاکوو دەستی ئەهریمەنی پێ نەگات. لە هەمان سەرەتاوە بەتایبەت ئەمشاسپەندان لە ئافراندندا یارمەتی ئوورمەزد ئەدەن، ڕامکردنی ئافراندن لە دەستی ئەواندایە. دەریا و گۆل و ڕۆبار دروست دەبن. بەتایبەت لە دەریای «فەراخکەرد» و ڕۆباری «دائیتی» ناو براوە، هەڵبەت ئەم دوو دەریا و ڕۆبارە لە ئوستوورە ئێرانییەکاندا زۆر بەناوبانگن. ئەهریمەن دەڕوات بە شوێن زەویدا دەیەوێت پیسی و چەپەڵی لێ بڵاو بکاتەوە، بەڵام گۆی زەوی بەم تەك و جمانە لە ترسان زۆر دەلەرزێت، کوتوپڕ شاخ و کێوەکان سەر بەرز دەکەنەوە. ئەهریمەن لە وشككردن و ژاکاندنی گیادا سەر دەکەوێت، ئەمرداد ئەمشاسپەند گیا ژاکاوەکە هەڵدەگرێت و ئەیسوێتەوە و دەیداتە دەست تیشتێر، ئەویش بە تەواو زەویدا بڵاوی دەکاتەوە، ئیدی ڕوەکی جۆراوجۆر لە پانتایی زەمیندا شین دەبن. ئەهریمەن گا بریندار دەکات، ئوورمەزد بۆ ئارامکردنی، گیای بەنگی پێدەدات، بەڵام گێژ دەبێت و دەمرێت. لە پاشماوەکەی دانەوێڵە و گیا دەرمانییەکان شین دەبن. تووی گا دەڕوات بۆ مانگ، خودای مانگ دەیپاڵێت و دەیگەڕێنێتەوە، ئیتر گایەکی نێر و مێ لێی دروست دەبن، پاشان تەواوی گیانلەبەرەکان لە ئەو پەیدا دەبن. ڕەنگە ئەم گایە کە ئەهریمەن دەیکوژێت لەگەڵ ئەوەی کە میترا کوشتی، خودا تووەکەیانی پێکەوە خاوێن کردبێ و هەناردبێتی بۆ زەوی.

گا دەورێکی گرنگی هەیە، تەواوی ئاژەڵەکان لە ئەو سەرچاوە دەگرن و گیا دەرمانییەکان لە پاشماوەی ئەو دەڕوێن. گا هێمای هێزی ژیانی بوونەوەرەکانە و پێدەچێت هەر لەو سۆنگەوە بێت کە لە کەلتووری ڕۆژهەڵاتدا پیرۆزە. ئەم ڕوانگەیە لەم داستانەدا ڕەنگە بە هۆی ئاژەڵ و ژیانی ئاژەڵدارییەوە دروست بووبێت. گا لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لە ناو کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا ڕۆڵی هەیە، چونکە گا وەك ئاژەڵێکی بەهێز بۆ شێف و وەردی زەوی کەڵکی لێ وەردەگیرا. ئیدی هێز و وزەی

ئەم دەبوو بە هۆی بزواندنی ژیانی خەڵك و تەنانەت ئاژەڵەكانی دیكـە؛ چونكـە لـەو بەرهەمانە كە لە كشتوكاڵ بە دەست دەهات، هەمووی بە شان و پێلـی گـا دەس دەكەوت؛ هەر بۆیە هێندە بە قەد و بالا‌یا هەڵچوونە. هەڵبەت مێژووی ڕامكردنیشـی زۆر كۆنترە لە وشتر و ئەسپ، هەر بۆیە باری ئابووری لە سەر شـانی ئـەم بـەڕێـوە دەچوو.

نۆرەی كەیۆمەرس دەگات ئوورمەزد خۆی پێش هێرشەكە ماوەی تەمەنـی ئـەو بۆ سی ساڵ كەم دەكاتەوە و هەروەها دەیكاتە خەویش؛ هەلـی ئـەوە نـاڕەخسـێت كەیۆمەرس لەگەڵ ئەهریمەن پێكەوە شەڕ بكەن، بەڵام بـۆچی؟ بـۆچی مـرۆڤ لـە پێشدا لەگەڵ ئەهریمەن دەستەویەخە نەبن؟ كەچی یەزدانەكان و ئەمشاسپەندەكان و هەموو پێكهاتەكانی سروشـت لـە شـەڕی دژە ئەهریمەنـدا پشـتی ئەهوورامـەزدا دەگرن. بۆچی كەیۆمەرس چاوی دەچێتە خەو؟ ئایا ئەو ئەركێكی دیكەی هـەیـە و دایدەنێت بۆ دواتر؟ ئایا ئوورمەزد لەم قۆناغەدا نایەوێت كەیۆمەرس لەگـەڵ خراپـی ئەهریمەندا بجەنگێت؟ ئایا شتێكی بەنرخ هەیە كە دەبێت هەروا بە چاكە بمێنێتەوە و كاتێ كە منداڵەكانی كەیۆمەرس لە تووی ئەو كەوتنەوە بەوان بگات بـێ ئـەوەی كە بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەهریمەندا لە خاوێنی شتە بەنرخەكە كەم ببێتـەوە؟ بەڵام كەیۆمەرسی ناو شانامەی فیردەوسی ئەم تایبەتمەندییەی نییە، ئەو كوڕەكەی لە شەڕی ئەهریمەندا دەكوژرێت، بەڵام لە داستانەكەدا كـەیۆمـەرس كـە لـە خـەو هەڵدەستێ بەبێ ڕووبەڕووبوون لەگەڵ ئەهریمەن، تەنها جیهان تەم و تار دەبینێـت و زەویش ڕەش و پڕ جم و جووڵ دێتە پـێش چـاوی. لـەو كاتـەدا دەمرێـت، لـەو جیهانە شێواو و ئاڵۆزەدا بە نەبوونی كەیۆمەرس كانزاكان دەست بـە دروسـتبـوون دەكەن، بەڵام بۆچی ئوستوورە بۆ دروستبوونی كانزاكان بە گرنگی باسـی دەكـات؟ گەلۆ ئوستوورە بناغەكەی بۆ چاخی كانزاكان دەگەڕێتەوە.

ئوستوورەكە باسی ئەوە دەكات تووی كەیۆمەرس دەڕژێتە زەوی و بـە تیشـكی خۆر خاوێن و پاڵفتە دەبێت. ئەم تووە سێ بەشە، دوو بەشی ئیـزەد نـەریوسـەنـگ هەڵیدەگرێ و ئەوی دیكەش ئەمشاسپەنـد سـپەندارمـەز ـ كـە هێمـای زەمینـە ـ

وەریدەگرێت. تووەکان دەسپێرن بە زەمین، لە تێکەڵبوونی جیاجیای هەر تووێك لەگەڵ زەمین یەکەم جووتی مرۆڤ «مەشی» و «مەشیانە» دەکەونەوە. لێرەدا دەبینین یەکەم مرۆڤی ڕاستەقینە لەگەڵ دروستبوونی کانزا لە باری کاتەوە هەمسانن، بەڵام بۆچی؟ پێدەچێت ئەم جووتە واتە «مەشی» و «مەشیانە» هێمایەك بن بۆ دەسپێکی نیشتەجێ بوون و کشتوکاڵ لە سەرەتای چاخی کانزادا.

## گەورەیی و شکۆی کات لە هزر و بیری مرۆڤی کۆندا:

کات هەمیشە بە ڕواڵەتێکی تێکەڵ بە گومان و دوودڵی و پرسیار، پێتوونی ڕۆژگاری بەرەو پێش ڕاکێشاوە و بیری مێژوویی مرۆڤی لە گلۆڵەی بێ سەر و بنی خۆیدا گرێکوێرە لێداوە. لە ڕوانگەی مرۆڤی کۆن کات ئەوەندە بەهێز و دیرۆکی بووە کە خودای بۆ دروست کردووە و ئایین و فەلسەفەی بۆ داتاشیوە. ئەگەر چاوێ بە سەر مێژووی ئایینی کۆنی ئارییەکانی ئێراندا بخشێنین بەرەولا چوونی ڕەمز و ڕازئاسا بۆ پەرستشی خواوەندێ لە سەرووی هەموو شتێك دەنگ دەداتەوە. ئەگەر بمانەوێ ئاوا ئایینێکی فەلسەفی پڕ لە ڕەمز و ڕاز لەگەڵ کات و ساتی مێژوویی نۆژەن بکەینەوە دەبێت بۆ ڕابردوو بگەڕێینەوە و تەواوی ئەو شتانە کە لە گەشەکردنی ئایینەکەدا ڕۆڵیان هەبووە لێك بدەینەوە.

هەڵبەت گەڕان بە دوای شتانێ کە ڕیشەیان لە مێژووی کۆندا هەیە و بە تێپەڕینی کات پیر و پەردوو بوون و ناویان لە بیر کراوە لە نێوان بەڵگە و ژێدەرگەلی جێگەگۆمان و دەگمەن زۆر دژوارە. نووسەر مێهرداد بەهار لەم بارەوە دەنووسێت ناتوانین لە ئایینی زەروانی لە ئێراندا باس بکەین چونکە بەڵگەی دیاریکراو و نووسراوی لە بارەوە نییە؛ بەڵکوو دەمباس و ئاماژەی زۆر پرژوبڵاو لە سەری هەیە کە زۆرتر دەبێت لە زنجیرە بڕواکانی زەروانی بڵێین کە لەگەڵ هەر دین و ئایینێ تێکەڵ دەکرا، نەك لە ئایینێکی تاك و تایبەت کە بە شێوەی سەربەخۆ و دیاریکراو بوونی هەبووبێت و ئایینزای جۆراوجۆری لێ کەوتبێتەوە. (مێهرداد بەهار، ل. ٦١)

هەڵبەت سەرهەڵدانی ئاوا هزرێك لە هەر ئایینێكدا زۆرتر خاوەن بنەمایە و ناكرێت بێبناغە بێت، بەڵام هۆی دروستبوونی وەها هزرێك لە مەزداییدا چی بووە؟ بۆ نموونە هزری قەدەر و چارە لە یۆنان لە مەكتەبی سووفستاییی سەرچاوەی گرت. لە هێندووستانی پاش ئوپانیشادەكان كارما و چەرخەی سامسارا هاتنە ئاراوە و لە مێزۆپۆتامیاش چیرۆكی خۆی هەیە. مێهرداد بەهار لەم بارەوە دەڵێت: لە مێزۆپۆتامیا هەموو شتێك گرێ درابوو بە چارە و قەدەرەوە؛ بۆ نموونە شیمتۆ[1] تەنها كەسایەتی مرۆڤ و ژیان و مەرگی ئەو دیاری دەكات. هەڵبەت جگە لە شیمتۆ «سورۆتۆ»ش وەكوو نەخشەیەكی ئاسمانی هەبووە كە بە وردەكاری تەواو چۆنیەتی هەموو ڕووداوێكی ژیانی پێش ڕوودان ڕوون دەكردەوە. ڕەنگە هەر ئەمانە كاریگەر بوونە كە هزری وەك زەروان و مانی پێك بێن. زەروان لە دەقە پالەوییەكاندا بە مانای «برینگەر» هاتووە. برین بە مانای دابڕانی شتێكە واتە بەشێك لە شتێ كە مانای مەجازی قسمەت دەدات. (محەممەد ڕەزاییڕاد، ل.١٣٣)، (مەسعوود جەلالیموقەددەم، ل. ٢٤٧). بەڵام بە هەموو توند و تیژبوونیەوە هزری چارە و قەدەر لای زۆربەی خەڵك پەسندكراوتر بوو كە ئەمەش بە ڕای من لاوازیی مرۆڤ لە هەمبەر دەسەڵاتی یەزدانیدا پیشان دەدات؛ چونكە ترسی مرۆڤ لە مردن و بێدەسەڵاتی لە هەمبەر ئەم ڕاستییە وەهای كردووە كە بكەوێتە داوی فەلسەفەوە و خۆی خەریك بكات بە چارە و قەدەرەوە، بۆیە لە ئاستی مەرگدا ئیدی ئیرادە هێزی نامێنێت و ناتوانێت بڕاردە بكات. بۆیە مەرگ لە ناو هزری مرۆڤدا وەك ڕاستییێك كە ناتوانێ لێی دەرباز ببێت لە بازنەی ئیرادە دێتە دەر و دەڕواتە ژێر باڵی چارە و قەدەرەوە.

ڕەنگە ئاوەها بەرداشتێ هەڵقوڵاوی ئەو ڕاستییە مێژوویییە بێت كە زەروانییەت لەڕاستیدا ڤەدانی دۆخی دەروونی و ڕەوانی مرۆڤگەلێ بووە كە بەهۆی پێوەندی نەپساوەی لەگەڵ ڕۆژگار بە جۆرێك زۆر و بڕوا بە چارەنووس باوەڕی پەیدا كردبوو.

---

١. قسمەت

له بیرمان نەچێت لە قامووسی فـەرهـەنگـی و بازنـەی وشـەدا، زەروان بـە مانـای «ڕاستی کات» هەمیشە بەرانبەری چارەنووس بـووە کـە ئـەمـەش خـۆی لایـەنـی زۆرخوازانە و چارەنووسباوەڕی ئەو ئایینە کۆنە پیشان دەدات.

لە تەنیشت وەها ڕوانگەیەك دەبێت بە ڕاستییێکی دیکە ئامـاژە بکرێـت کـە ئـەم دوورکەوتەیی‌یە گەشتر دەکاتەوە و ئـەمـەش نـەبـوونی کـەسـایەتـی ئـایینی واتـە سەیدای پایەبڵیندە بۆ ئەم ئایینە؛ گەرچی تەم و تارێك کاریگەر لە چوارچێوەی ئـەو ئایینە ماوەتەوە لە پەرتووکـە مـەزدایی‌یـەکـانی ئـەم دوایی‌یـە کـە زۆریـش زەق و بەرچاوە، لەڕاستیدا دەبێت زەروانییەت بە زادە و دەستپەروەردەی هەندێ گریمانـە لە دڵی ئایینی زەڕدەشتی بزانین.

سێ‌گۆش یان هەرەمـی زەروانییـەت شـتێکی نـوێ نییـە، وەهـا هـەرەمـێ لـە گاهانیشدا هەیە و زەروانییەت تەنیا بەو سێ‌گۆشە گاهانییە پەڕ و باڵی فڕینـی داوە، بەڵام بەهەرحاڵ ئەم ڕێبازە هەمیشە وەك خاڵێك بە ڕوومەتی ئایینی زەڕدەشـتییەوە بووە، بە جۆرێ کە دکتـۆر تـەیمـووری قـادری لـە دەسـپێکی پـەرتـووکی زەروان نووسـراوی ئـار. سـی. زنێـر دەنووسـێت: زەروانییـەت لـە مێـژەوە بـۆ زۆربـەی ئێراناسەکان گرفتێکی پڕ لە کار و کێشە بووە کە نە دەکرێت دەستبەرداری بین، نە دەتوانین لەگەڵ هێزیدا چنگاوەش ببین؛ ئەگەرچی هەندێك بە سەریا تێپەڕین و هەندێکیش نەزانکارانە زۆرانێکیان لەگەڵ کرد، بـەڵام ئـەم کـارە دەبێـت بیـدەینـە دەست ئەوانەی کەوا شەیدای وەها بابـەتگـەلـێکن. (ن. زنێـر، دکتـۆر تـەیمووری قادری، ل.٧)

## کرونووسی یۆنانی یان ڕوومەتێك لە زەڕدەشتیگەری؟

جان هینلێز، نووسەری پەرتووکی ناسینی ئوستوورەکانی ئێران بە دڵنیاییی‌یەوە ئایینی زەروانی بە نوێکارییێك لە زەڕدەشتیدا دەزانێت و ئەمەش پیشان دەدا کە زەروانییەت شتێکی نوێ نەبووە و ڕەگی لە خاکی مەزداپەرستیدا هەبووە. ڕەنگە شکۆی «کات» بیری مرۆڤی کۆنی بەرەو خولْقاندنی خودای بەهێزی نوێ ڕاکێشاوە. پێدەچێت هەموو شتێك لە ژێر کاریگەری هزری یۆنانیدا دروست بووبێت، لە ژێر کاریگەری خوداگەلی کۆنی یۆنان واتە کرونووس کە کاتی لە ناو دەستیدا دەگووشا. ئایا ناتوانین ئەم ڕاستییە مێژووییی‌یە بە هەمان کاریگەری دانانی دوولایەنەی کەلتوورەکان لە سەر یەکتر بزانین؟ ڕاستییێك کە لە مێژەوە هەتا ئەمڕۆ درێژەی هەبووە ئەوەیە هەر کۆمەڵگەیەك گوێیەکی لە بیر و بڕوا و ژیاری کۆمەڵگەی دیکە دەقرتان و لەپارێك لە پێناسەی خۆی دەدا بە ئەوان. سەلماندنی ئەم گریمانەیە ئەگەرچی ساکار دێتە پێش چاو، بەڵام لەڕاستیدا گرێ نەکراوەیە؛ چونکە هەروەها پێشتر وتمان بناغەی ئەم ئایینە لە دڵی هزری زەڕدەشتیدایە*. پێکهاتەی سێ‌گۆشی ئەهوورامەزدا وەك ئافرێنەری بێ‌هاوتا و دوو هاوزادەکەی واتە ئەنگرەمینۆ و سپەنتەمینۆ، دەلاقەیەکی نوێی ئاوەڵا کرد هەتا ئێرانی لە ژێر کاریگەری شکۆی کرونووسی یۆنانی بە لاسایی‌کردنەوە لەم هەرەمە، سێ‌گۆشێکی نوێ بخولْقێنێ بە

ئەم شێوەیە: زەروان وەك ئافرێنەری بێهاوتا و باوكی مەزدا و ئەهریمەن و هەموو شتێ، یانی پێش بوونی ئاسمان و زەوی زەروان هەبووە؛ ئەو بە هیوای كوڕێكە و هەزار ساڵ قوربانی كرد، هەڵبەت نە بەو مانایە بۆ كەسێكی دیكە قوربانی دەكرد چونكە بە بڕوای ئێرانییەكان پێشكەش‌كردنی قوربانی خۆی متمانە و هێز دەبەخشێت. بەڵام دوای هەزار ساڵ لە قوربانییەكەی گومانی كرد و ئەو گومانە بوو بە هۆی ئەوەی كە تووی دووانە لە سكیدا ببەستێ، چونكە زەروان وەك بوونێكی بێلایەن وجوودێكی دووڕەگەزەیە. یەكێك لە ئەو دوو جووتە مەزدا بوو، ئەوی دیكەش ئەهریمەن كە بەهرەی گومانەكەی بوو. زەروان بەڵێنیدا كە هەركامیان زووتر بێت پاشایەتی دنیا بداتە دەستی، ئوورمەزد لەو كاتەدا چون دیاردەی زانستی بێپایانی تێدا دیار بوو لەم بابەتە بەئاگا بوو براكەی لێ ئاگادار كردەوە، ئیدی ئەهریمەن سكی باوكی هەڵدڕی و خۆی بە ئەو ناساند، بەڵام زەروان گریا و وتی تۆ كوڕی من نیت چونكە كوڕی من دەبێت ڕووناك و بۆن‌خۆش بێت، بەڵام تۆ تاریك و بۆگەنی. ئیدی بە ناچار فەرمانڕەوایی دنیای بەخشی بە ئەهریمەن بۆ ماوەی ٩٠٠٠ ساڵ، هەروەها پاشایەتی دنیای گەورە واتە مینۆی بە ئوورمەزد بەخشی و ئەویش ئاسمان و زەوی ئافراند. (جان هینلێز، ژاڵە ئاموزگار و ئەحمەد تەفەززولی، ل. ١١٣ـ١١٤)

هەندێ بەڵگە ئەوە پیشان دەدەن كە ئەم چیرۆكە ئەفسانەیی‌یە ساختەی مۆغە زەڕدەشتییەكانە. زنێر لە زمانی تازە زەڕدەشتییێكەوە دەنووسێت: مۆغەكان لە زەروان باوكی خوداكان دەگێڕنەوە كە ئەو ماوەی هەزار ساڵ ئایینی مووبەدی بە جێگە هێنا، بەهۆی دروستكارییەوە نزاكەی وەرگیرا. ڕەنگە ئەم چیرۆكە بۆ پیشاندانی بایەخی دۆعا و نزا و هەروەها ئەنجامی مەراسمی ئایینی بووە، بەڵام بەگشتی ڕەگ و ڕیشەی قووڵی درەختی زەروانییەت دەخاتە بەر چاو و خاڵی هەرە بەهێزیشی بەرجەستە كردووە و سووچ و قوژبنی زۆریشی ڕووناك كردووە. هەڵبەت تێكۆشانی بیردۆزەكان لەم بابەتەوە بۆ نزیكبوونەوەی یەكیەتی ئایینی و یەكتاپەرستی بووە؛ چونكە بوونی هاوكاتی مەزدا و ئەهریمەن وە هەروەها هەڵدانی خێوەتی دووخودایی

وەهای کرد هەتا هیوا و ئاواتی کۆن لە یەکتاپەرستیدا بەرگی تـازە لـەبـەر بکـات و ئایینی زەردەشتی لە چەقی دووخودایی بەرەو ئیزەدی تاك و تەنیا پاڵ پێوەنێت.

لە تەنیشت ئاوەها بیر و ڕایەکەوە دەبێت بە تێکەڵی هێواداری و بێهیوایی لـە هەوێنی چیرۆکە زەروانییەکان ئاماژە بکەین. زۆربەی توێژەرانی مێژوو بڕوایـان وایـە کە زەروانییەت هەڵقولاوی بێئومێدی و دڵمردەیی‌یە کە لە جەسـتەی کـەلتووری ئەو کاتی ئێرانی کۆن ڕەگی داکوتابوو. شڵەقیانی مێشکی مرۆڤی مەزدایی لە هـزری گشتگیر و جیهانی خەیاڵی بەرەو بیرێکی تاڵ ڕایکێشـا کـە مـەزدا لـە ئەهریمـەن شکستی خواردووە و ئەهریمەن توانیویەتی پاشایەتی دنیا بگرێتە دەست.

ڕەنگە شوێنکەوتوانی زەروانییەت بـە بـاوەڕ لـە سـەر وەهـا بڕوایـەك توانیویانـە نەخوازراوی پاشا بێفەڕەکان پاساو بدەن. ئەگـەر قبـووڵ بکـەیـن بـە لایەنـەکـانی بەرهەڵستی و ڕەخنەیی ئەم ئایینە لە سەردەمی ساسـانیدا بـڕوا پـەیـدا بکـەیـن و ئەویش وەك مانەوییەت و مەزدەکی هزرێکی نوێ و دژی پێکهاتەی لە هەم چنـراو و تەنراوی چینی مۆغی بەدەسەڵات بژمێرین، چەندان دوور لە ئەقڵ و ئـاوەز نییـە. مۆغەکانی زەردەشتی لە سەردەمی ساسانیدا بـە فـەرمـیبـوونی ئـەم ئایینـە بوونـە پێشڕەوی گۆڕەپانەکە و هەوڵیان دا بە لەبەرکردنی بەرگی کـرداری لـە جـەسـتەی بڕواگەلی ئایینی، تێکەڵکردنی لەگەڵ ویستی دەروونی خۆیان، وێنەیەکـی پتـەوی ئایینی زەردەشتی لە چوارچێوەی زەین و بیری کۆمەڵگەدا بکێشـن. ئـەم تێکۆشـانە هاوڕێ بووە لەگەڵ سەرکوت و کوژانـەوەی هـەر هـزر و ڕوانگـەیـەکـی نوێـدا کـە دەیویست لەو گێژاوە مێژوویی‌یەدا شتێکی تازە بڵێ و ئالایەکی نوێ هەڵبدات.

کارکردی بەهێزانەی کرتیەر و تەنسەر دوو سەیدای ئاستبـەرزی ئـەو ڕۆژگـارە نموونەیەك لەو سەرکوتکارانە کە بە ئەوپەڕی هۆڤیەتییەوە بەرهەڵسـتکارەکانیـان لـە ناو دەبرد. بەڵام لە تەنیشت ئـەم بێزارییـە فـەلسـەفییـەدا دەکرێـت ڕەگـەیـەك لـە هیواداری بە داهاتوو بدۆزییەوە؛ ئەوەی کە زەروان فەرمانڕەوایی هەموو دنیا دەداتـە دەستی ئەهوورامەزدا و ئومێد بە داهاتوویەکی ڕوون لـە زەینـی بـڕوادارەکـانی ئـەو ئایینەدا بەرز دەکاتەوە. گەرچی بەڵگەکانی مێژوویی کاریگەری پڕڕەنگی زۆرخـوازی

و بێئومێدی شاراوە لە زەروانییەتدا بە هۆکاری کوژانەوەی دنیاخوازی و حەزی خۆشی و مادەپەرستی دەزانن کە لە هەوێنی بناغەی مەزداپەرستی بوونە، وە هەر ئەمەش بوو بە هۆکاری بێزاری لە ژیان. بە ڕوانینێ بۆ چیرۆکی ئافراندن لە زەروانییەتدا دەردەکەوێت کە ویست و ئیرادە بەئاسانی کەمڕەنگ بووە و تەنانەت لەبەرچاویش نەگیراوە و ئەوەی کە چارەنووس لە پێشدا بژاردەی کردووە خۆی پیشان دەدات. لەم بوارەوە بوو کە بە جێگەی مەزدای ئاواتەخواز ئەهریمەنی ستەمکار بەڵگەی سەرکەوتوویی ئەستێنێ. ئەوەی کە ئەم بێئومێدییە پەرە پێدەدات، بێبڕوایی بە پاداشتی ئاخرەت بوو کە خۆی لە باوەڕی مادەخوازی زەروانیدا سەبارەت بە پەیدابوون و ئافراندنی جیهان دەبینییەوە. زەروانپەرستەکان لەو باوەڕەدا بوون کە خودا ئافرێنەری جیهان نییە بەڵکوو جیهانی ئێستا بەهۆی ڕەوتی تەواوکاری مادەی سەرەتایی بەم شێوەیەی لێهاتووە و پێویستی بە ئافرێنەر نەبووە. وەها بڕوایێ بۆتە هۆی ئەوە بەئاسانی هزری بەهەشت و دۆزەخ لەبیر بکرێت، ئیدی ڕەوانی خەمۆکی و نائومێدی چووە لەشی کۆمەڵگەی زەروانی؛ وەها بڕوایەك بە داهاتوویەکی ناڕوون هەڵبەت لە دژایەتی لەگەڵ ڕیشەی چیرۆك و ئوستوورەی زەروان لە شێعری فیردەوسیدا ڕەنگی داوەتەوە و دەڵێت:

گەر کۆشکی ئێمە بگاتە ئاسمان — خێوەتێك دەبێتە ژوور و تەلارمان
ئەماندروێنێ هەر وەکوو گیا — بچووك و گەورە هەرکەس کە ژیا
هێندە لاسارە لە کەس نابیسێ — تەڕ و وشك ناخات هەر گڕ داگیرسێ
وا بووە و وا دەبێ دنیای بێبنیا — کە بۆ مەرگ نەبێ کەس پێی تێ نەنیا
لە دەرکەی بچێ لەوەو دێتە ژوور — عومرت دەژمێرێت کاتی بێسنوور

هینلێز لە ئاسەواری خۆیدا بەم بەیتانە ئاماژە دەکات و ئەمانە وەك پەتێ دەزانێت کە لەگەڵ زەروانییەتدا گرێ دراون. لە دەقەکانی پێوەندیدار بە زەرەدەشتییەوە وەك «شکەند گومانیك وێزار»، هاتووە کە جیهان بە گۆڕانکارییەوە،

ڕێكوپێكی پێكهاتەكان یان دژایەتی پێكهاتەیەك لەگەڵ ئەوی دیكە و تێكەڵبوونیان لەگەڵ یەك بە تێكڕا لە سەرچاوەی بێ‌پایانی زەروانەوە ئاو دەخۆنەوە، پاشان دەڵێت چاكە هیچ پاداشتێكی نییە و گوناهیش هیچ جەزایەك، واتە دۆزەخ و بەهەشت بوونی نییە و هەموو شتێك مادییە و بەس.

لە لایەكی دیكەوە دووڕەگەزبوونی زەروان نیشانەی بەستێنی باوكسالاری سەردەم و زەمانێكە كە ئەو بیر و بڕوایە تێیدا لە دایك بووە و ئەمەش خۆی نوێ‌بوونی دەسەلمێنێ، ئەگەرچی لە دروستی وەها بڕوایەك گومان هەیە؛ چونكە مێهردادی بەهار دەڵێت: زەروان لە زۆربەی دەمباسەكاندا خاوەنی هاوسەرە. پرۆفیسۆر كریستەن‌سێن لەو بارەوە دەنووسێت: لە ئەفسانەكانی كۆندا زەروانیان وەك بوونێكی نێر و مێ پێناسە دەكرد، بەڵام لە دەمباسگەلی نوێدا هاتووە كە زەروان ژنێكی هەبووە بە ناوی «خوەشیزەك» كە نیبرگ دەڵێت ئەم ناوە بچووك‌كراوی وشەی خوەشە بە مانای جوان و باش، هەڵبەت بڕوایشی وایە كە مەزدا و ئەهریمەن هەر لەم ژنە بوونە. تەنانەت نووسەرە عیسایی‌یەكانیش ئاماژە بە ئوستوورەیەك دەكەن كە لە سەردەمی ساسانیدا بڕەوی هەبوو (ماربەها. زاخو، یاسای سریانی، ب. ٣، ل. ٢٦٥)؛ بۆ وێنە لەدایك‌بوونی تەنە ئاسمانییەكان دەگێڕێتەوە بۆ خەوتنی مەزدا لەگەڵ دایكی یان خوشكی یان وەك زانایەكی دیكە (ئێلیزە لانگلوا، بەرگی٢، ل. ١٩٣و١٩٤) دەڵێت میترا بەرهەمی ژیانی هاوبەشی ئوورمەزدە لەگەڵ دایكی كە ژنی زەروانە. بەڵام لە دەسنووسێكی مانەویدا كە بە زمانی سوغەدی ماوەتەوە دەڵێت ژنی پادشای ڕووناكی واتە زەروان ناوی ڕامڕاتووخە Ramratuk بە مانای شادی‌بەخش.

نەبوونی ژن لە چیرۆكی زەرواندا دەتوانێت هێمای ڕوانینی ناشیرینی ئایینەكە بێت لە سەر ژن، هەڵبەت ئەوەش جێگای سەرنجە كە لە مەراسمی ئایینی زەروان‌پەرستیدا ژنان بەشدار نین. بەڵام تیۆدۆر باركۆنای لە دوای هێنانی ئەفسانەی زەروان و لەدایك‌بوونی مەزدا و ئەهریمەن ئاوا دەڵێت: كاتێ كە ئوورمەزد ژنی دا بە پیاوباشەكان، ژنان بەرەو لای ئەهریمەن هەڵاتن، چونكە مەزدا چاكەكانی

ئاسوودە و بەختەوەر کرد، ئەهریمەنیش بۆ بەرانبەرکێ لەگەڵ مەزدا ژنانی خۆشبەخت کرد و ئیزنی دان هەرچی دەخوازن پێی بڵێن، مەزدا ترسا کە نەکا ژنان بیانەوێت لەگەڵ چاکەکاندا بخەون ئەمەش بێتە هۆی خراپی ئەمانیش و تووشی چەرمەسەری بن، هەر بۆیە خودایەکی بە ناوی نەرسا narsa کە لاوێکی پازدە ساڵان بوو ئافراند و بە ڕووتوپەتی خستییە دووی ئەهریمەن هەتا ژنەکان ببینن و ئاشقی بن، ئینجا بیانەوێ ئەهریمەن بیانگەیەنێ بەو. ژنان داوایان لێکرد و وتیان ئەهریمەن ئەی باوکی ئێمە خودای نەرسامان پێ ببەخشە. هەڵبەت لێرەدا بارکۆنای مەبەستی وایە کە بە ڕای زەروانییەکان ژن سروشتی ئەهریمەنی هەیە، بەڵام ئەگەر وایە بۆچی زەروان خۆی ژنی هێناوە؟ جگە لەمەش لە ناوەکانیان دەردەکەوێت دوو ژنی هەبووە و ئەگەر دووڕەگەزبوونی زەروانیش قبووڵ بکەین خۆی لە خۆیدا ئەوە دەسەلمێنێت کە خودی زەروان کەسایەتییێکی نیمە ئەهریمەنی هەبووە و ئەمەش ئەو پرسیارە ڕاست دەکاتەوە کە ئایا ڕۆحی ئەهریمەنی لە خوداکانەوە خزاوەتە ناو لەشی ئافرێنراوەکان؟ پێدەچێت ئەم ڕوانینە بۆ ژن سەرچاوەیەکی دێرینی هەبێت؛ چونکە لە سەردەمی هەخامەنشەکاندا بەربەرەکانێی زۆر لەگەڵ ئایینی دایكپەرستییدا کرا، تەنانەت پاشاگەلێ وەك خەشایارشا لە بەردەنووسەکانی خۆیاندا شانازییان دەکرد بە تێکدانی پەیکەر و پەرستگەی ئەم ئایینە. هەر بۆیە دایكپەرستی لای ئەمان بوو بە دێوپەرستی و لە ئاکامدا بەرگی ئەهریمەنییان کێشایە بەری، تەنانەت بە پەلکێش‌کردنی زەروان بۆ ناو دەسەڵاتی هەخامەنشی هەزری سەرەکی بۆ بەرانبەرکێ لەگەڵ ئایینی دایكپەرستی خۆی ڕاست کردەوە کە وەك شەڕێکی سیاسی و ئایینی لێهات و دیسانەوە بەرەی ماد و پارس شەڕیان خستە بواری ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە. جگە لەمەش هەر لەم سەردەمەدا بە لاسایی‌کردنەوەی بابلییەکان خوشك و برا و هەروەها مەحرەمەکان لە یەك مارە دەکران؛ بۆ نموونە کەمبووجیە دوو خوشکی خۆی کە یەکیان ئاتووسا بووە لە خۆی مارە دەکات و هەروەها دارای سێهەمیش کچی خۆی بە ناوی ئێستاتێرا statèira لە خۆی مارە دەکات تەنها بە بیانووی

پاراستنی خوێنی پاشایەتی. هەڵبەت ئەم هزرە دەرەکییە وەك کارێکی پیرۆز ڕووی خۆی دەرخست و تەنانەت بوو بە هێمای فەڕی ئیزەدی. نەرەسی شرۆڤەکاری گەورەی ئایینی زەڕدەشتی دەڵێت هاوژینی نێوان خوشك و برا بە فەڕی ئیزەدی ڕوون دەبێتەوە و تەنانەت دێوەکانیش دوور دەکاتەوە، هەر بۆیە لە سەر ئەو بڕوایەشە کە خویدوودە گوناهە گەورەکان پاك دەکاتەوە. هەڵبەت ئەم نەریتە لە گاتاکاندا نەهاتووە، بەڵام پێنج جار لە ئاوێستادا باسی لێوە کراوە. لە دەمباسێکی پالەویدا هاتووە کە خویزوگدەس یان خویدوودە هێندە گرنگە کە ئوورمەزد بە زەڕدەشتی وت ڕەوابوونی چوار شت لە سەرووی هەموو شتێکە: نیایش و ستایشی ئوورمەزد، دار و چیلکە و بۆنی خۆش کردنە ناو ئاور، شادکردنی پیاوی چاك و بەئیمان و کەسێ کە لەگەڵ دایك و خوشکی خۆی خویدوودە بکات.[1]

لە جێگەیەکی دیکە لەم پەرتووکەدا هاتووە کە ئوورمەزد خویدوودە بە باشترین و گەورەترین کار دادەنێت کە تەنانەت جادووکاریش لە دۆزەخ ڕزگار دەکات. لە بژاردەکانی زادسپێرمدا[2] گرنگترین هۆکار بۆ مانەوەی توو و تۆرەمەی پاك و خاوێن و هەروەها زاوزێی باش هەر ئەمەیە. خویدوودە لە عالەمی زەمینیدا لاسایی‌کردنەوەی ئوورمەزد و سپەندارمەزە کە پێکەوە ژیانی هاوبەشیان پێك‌هێنا. دەڵێن سپەندار لە تەنیشت ئوورمەزدەوە دانیشتبوو و دەستی کردبووە ملی، زەڕدەشت لێی پرسی وتی ئەمە کێیە کە ئەوەندە یەکترتان خۆش دەوێت؟ ئەویش وتی ئەمە سپەندارمەز کچی من و کەیبانووی بەهەشت و دایکی ئافرێنراوەکانی منە[3].

لە مێژووی یەعقووبیدا ئەم باس و ڕاسە بەپوختی هاتووە. تەنانەت لە شانامەی فیردەوسیشدا شتێکی وا هەیە کە هانی سیاوەش دەدرێت کە خوشکی خۆی بهێنێت کە تەنها هۆکار بۆ ئەم نەریتە پاراستنی ڕەسەنایەتی بووە. ئەم کارە

---

١. دەمباسی پالەوی ف٨، ب١.

٢. دەمباسی پالەوی ف٢٦، ب٣.

٣. دەمباسی پالەوی ف٨، ب٤ ـ٢.

ناشیرینە هات هەتاکوو لە سەردەمی ساسانەکاندا واتە دەورەی زێڕینی زەروانییەکان ژن وەك کاڵایەك لە دەستی مێرد دەستاودەست دەکرا و حەزی خۆیان پێ دەمراند، ئەگەرچی هەندێك ژن وەك سەرکردە و سەرۆك لە چوارچێوەی دەسەڵاتدا هەبوونـە، بەڵام بەگشتی ژنانی چینی خوار ئامێری دەستی دەسەڵات بـوون، هـەر بۆیـە ئـەو نەریتە کەوا ڕوانینێکی ناحەزیان بەرانبەر بە ژن هەبوو وای لێهات بووە بەشـێك لـە ئایینی زەڕدەشتی دەسەڵاتدار و زەروانییەتیش وەك باڵێکی چاکسازی زەڕدەشـتی و هەروەها ئامێری سەرکوتی دەسەڵات لە هەندێ بابەتدا نە تەنیا پشتی تێنـەدەکـرد بەڵکوو ڕێگەی بۆ ئەنجامدانیشی خۆش دەکرد.

## زەروانییەت لە دەسەڵاتی ساسانیدا

زەروانییەت چلۆن بەهێز بوو؟ زنێر نوسەری پەرتووکی بەنرخی زەروان ویڕای ڕوون‌کردنەوەی دەقێکی سەردەمی تەخت‌نشینی ئەردەشیری یەکەم پیشان دەدات کە ئایینی زەڕدەشتی لەو ماوەدا بەرەبەرە خەریك بوو لە ناو دەچوو، ئیدی بەهێزبوونی مووبەدێك وەك تەنسەر لەو سەردەمەدا خۆی ئەو بیر و باوەڕە دەسەلمێنێ کە بارودۆخی بێ سەر و سامانی ئایینی ئەوەی دەویست کە سەیدایەکی بەهێز بەرپرسیاریەتی ئایینی کۆمەڵگە بگرێتە ئەستۆ و کەم‌وکورتیەکان بنەبڕ بکات؛ لەڕواڵەتیشدا هێندە دڵڕەقانە ئەو ئەرکەی بەڕێوە برد کە هێدی‌هێدی بێ‌دەنگییێکی ترسێنەر باڵی بە سەر بیر و بڕوای بنەمایی زەڕدەشتیدا کێشا. لە دینکەرددا سەبارەت بە تەنسەر هاتووە کە نە شۆڕش، نە دیۆپەرستی، نە بوخت و قسە و قسەلۆك لە وڵاتدا ڕیشەکێش نەکرا هەتا ئەو کاتەی خەڵکی تەنسەری دروستکار و پیرۆزیان وەك مووبەد و سەرۆکی گشت مووبەدەکان قبووڵ کرد.

بە درك‌پێ‌کردن بە گرنگی و یەکدەستی ڕێکخراوی مووبەدەکان لە پەرەپێدانی ئایینی فەرمی و بێ لق‌وپۆ و هەروەها ئاواتی یەکپارچەکردنی بیر و بڕوای کۆمەڵگە بۆ باش‌کردنی بەستێنی لەباری دەسەڵاتی ستەمکارانە و تاکڕەو، ئۆپۆزسیۆن‌بوونی زەروانییەت دەخاتە بەر گومانەوە، چونکە گەروەها نەبوایە ئایینی دەسەڵاتدار بەوپەڕی هێزەوە لەگەڵ ئەو هزرەدا بەربەرەکانێی دەکرد و ڕێگەی گەشەکردنی لێ

ئاستەنگ دەکرد وەکوو چۆن لەگەڵ بزاڤی مانی و مەزدەکدا کردی و هەردووکیانی بردە سەر پەتی سێدارە و شوێنکەوتووانی یەکلەدوای‌یەك سەلاخی کرد، بەڵام وەها کارەساتێك ڕووبەڕووی زەروانییەت نەبوویەوە تەنانەت هەندێك لە بیر و بڕوای ئەم ئایینەش ڕەخنەی کردە ناو ڕێبازی مەزداپەرستی. گەرچی تەنها جارێك لە پەرتووکی نۆیەمی دینکەرد بە بنچاخی ئوستوورەکە ئاماژە کراوە، بەڵام ئاکامی زەروان هێدی‌هێدی کوژایەوە و لە بازنەی بڕوای مەزداپەرستی چووە دەر و ئاسەوارەکانی خۆی سپاردە پێکهاتەی خۆڕاگری ئەم ئایینە.

ئایا ئاکامێ کە مێهردادی بەهار بۆ زەروانییەت کێشاویە ڕاستییێکی مێژوویی هەیە یان هەمووی زادەی هزری بڵیند و بەرزەفڕانەیە؟ لە درێژەدا بەهار دەنووسێت: ئەو زنجیرە بڕواگەلە بە ئاڵوگۆڕێکی فراوان دەگات بە سەردەمی ئیسلامی و بە گومانی نووسەر زەروانییەت بە شێوەی هزری تێکەڵ خۆی لە دەروونی ئیسلامدا تواندەوە. لەو ئایینەدا پاڵەوانەکان، جوامێرەکان و عارفان جێگەیان هەبوو، هەرچەندە ئەمڕۆ چۆنیەتی بڕوای زەروانییەت بەتەواوی لە بیر کراوە، بەڵام بە گومانی نووسەر لە زۆرخانە و ئایینی پاڵەوانیدا شوێنپێی زەروانی و مێهری ماوەتەوە. (مێهرداد بەهار، ئایین‌گەلی ئاسیایی،ل٧٣)

هەڵبەت هەندێ لە نووسەران بڕوایان وایە کە بە هاتنی ئیسلام گەورەکانی زەڕدەشت بەئەنقەست و لە ڕووی مەبەستەوە زەروانییەتیان لە ناو زەڕدەشتیدا لابرد، بەڵام نابێت لەبیرمان بچێت کە دروستبوونی شۆپی زەروانییەت بۆ ئەوە بوو کە لە پێشدا دەمی قسە و قسەڵۆکی خاچپەرستەکانی پێ ببەستن کە دەیانگوت زەڕدەشتی ئایینێکی دووخودایی‌یە و ئەمانیش زەروانییان وەك هێزێکی بێ‌ڕکابەر لە لووتکەدا دانا و کردییان بە ئامێری سەرکوت و دەسەڵات. کەچی پاشان هەر ئەمانە بۆ ئەوەی لە ژێر ڕەخنەی عەرەبەکاندا دەربیبێنن دیسانەوە دەستیان دایە نوێکاری؛ بۆ نموونە پرۆفیسۆر کریستەن‌سێن بڕوای وایە کە بە هاتنی عەرەبەکان و تێکچوونی دەسەڵاتی ساسانی، سەیداکانی ئایینی زەڕدەشتی تێگەیشتن کە دەبێت بۆ پاراستنی ئایینەکەیان لە هەرەسی لەناوچوون تێبکۆشن، هەر بۆیە بڕوا بە

زەروانیان لە ئۆلی زەرەدەشتی سڕییەوە و مەزدیسنایی ڕووتوپەتی بوو بە هزری نوێ. جگە لەمەش پەرەستنی خۆریان قەدەغە کرد هەتا یەکتاپەرستی مەزدایی باشتر خۆ بنوێنێت. ئەوان ئەو بەشانەی ئاوێستایان کە تێکەڵی هزری زەروانی ببوو لە زەرەدەشتی دابڕی و شەریعەتێکی تازەیان دارشت و وەها پیشانیان‌دا کە هەمان ئایینی سەردەمانی ڕابردووە. ئیدی ئەم سەیداگەلە خۆیان بە چەکی زانست و وڵام بەهێز کرد و لەگەڵ ئایینەکانی دیکە دەستیان دایە وتوویژ و پرسیار و بەرسڤی خۆیان لە نامیلکەیەك بە ناوی «شکەند گومانیك ویزارد»دا کۆ کردەوە. ئیدی لەم کاتە بە دواوە زەروانییەت بوو بە باڵێکی جیا لە زەرەدەشتی نەك هاوشانی، هەر بۆیە شەهرستانی لە پەرتووکی «الملل و النحل»دا لە سەدەی دوازدەی زایینی زەروانییەت بە باڵێکی جیا لە زەرەدەشتی دەزانێت.

هەڵبەت دەتوانین شوێنی زەروان لە دەقەکانی ئاوێستاییدا هەڵبگرین. لە وەندیداددا زەروان وەك ئافرێنەری چینوود ناسێنراوە؛ ئەم شوێن‌پێیە لە ئاسەواری دواتری زەرەدەشتی بەتایبەت بۆندهێش و بژاردەکانی زادسپێرمدا زەقترە. گەڕانێك بە ناو ژێدەرە مانەوییەکاندا پیشان دەدات کە لە دیدی ئەوانەوە زەروان لە لووتکەی خوداکاندا بووە هەر بۆیە لە دەسپێکی ئافراندندا مانی لە سەرووی دووانەی خێر و شەڕ باوکی گەورە یان سروشاو srôshäv دادەنێت کە بە زەروان دەیناسێت. ئەم ڕێزدانانە بۆ زەروان لە مانەوییەتدا پیشان دەدا کە زەروانییەت تا چ ڕادەیەك لە دروستکردنی ئایینی فەرمی و سەربەخۆ دوور بووەتەوە و زۆرتر جێگای سەرنجی بیری ئایینی نوێ‌خوازەکان بووە. ڕەنگە باشتر ئەوە بێت بە هەمان بیرۆکە بڕوا بکەین کە کریستەن‌سێن پەسەندی کردووە، ئەویش ئەوەیە کە زەروانییەت ڕواڵەتی زاڵی زەرەدەشتیگەری ئێرانی ساسانی بووە نەك ئایینێکی دژبەری ئایینی ناوەند. بەڵام قبووڵ کردنی بیرۆکەی میانەڕەوی دیکە لە لایەن سەندونگەوە جێگای پەسەندترە، ئەو بڕوای وایە زەروانییەت لە درێژەی زەماندا بۆتە جێگری زەرەدەشتی. ئەگەر قبووڵ بکەین کە یەزدگردی دووهەم و مێهرنەرەسی زەروان‌پەرست بوونە و تەنانەت ناوی کوڕەکانیان ناوە زەرواندا، لەڕاستیدا ئەم

بیرۆكەمان وەرگرتووە.

مانی بڕوای وایە مرۆڤ سەرچاوەی ئیزەدی هەیە، كەسایەتی مرۆڤ گەرچی لـە ژێر پەردەی كردەوەی بێئیرادە و بێبنەمادا داپۆشراوە، بەڵام بەو جۆرەش ناتوانێـت ببێت بە هاوڕەنگی دنیایەكی هیچوپووچ. ناسینی كەسایەتی وەها دەكات مـرۆڤ بـۆ پەیداكردنی ڕاستییەكـان و ڕزگـاربوونی خـۆی مـل بـە ناسـینی مـرۆڤ، جیهـان، سروشت و هتدەوە بنێت. مانی بۆ مرۆڤ و دنیا دۆخێكی بناغەدار و سـەرەكـی بـە دوو پێكهاتەی تاریك و ڕوون هەركام بە شێوەی جیا و هەڵبەت سەربەخۆ لەبەرچاو دەگرێت. هەركەس بە بوونی دوو ڕۆح و سێ كات بڕوای هەبێت بە شوێنكەوتووی مانی دەناسرێت.

لەم ئایینەدا دوای مەرگ، ڕۆح بۆ بەهەشت[1] كـە جێگـەی سـەرەكـی خـۆی و لانكەی ئاشتی و ئارامییە دەگات، بەڵام ئەگـەر ڕۆح خـاوێن نـەبێتـەوە بـە گـۆڕانی هەیكەلی خۆی سزا دەدرێت و دەبێـت بڕواتـە لـەشـێكی دیكـەوە؛ واتـە دۆنـادۆن دروست دەبێت. لەم ئایینەدا ئەگەر ڕۆح خـاوێن نـەبێـت، بـە پێچـەوانـەی ئـایینی ئێزدی و یارسانی دنیایەكی دیكە هەیە كە بەهەشـتی هـەبێـت. لـە ئـایینی مانیـدا ئامۆژگاری، دەروێشایەتی و زیكر و وێرد گرنگی خۆی هەیە و لە هەمـوو شـوێنێكدا بە ڕێبازی سەرەكی خۆی واتە دووبڕوایـی[2] وەفـادارە و تـەركـی دنیـا كـە ئاكـامی هزرێكی ئاوایە لە نێوان شوێنكەوتوانیدا برەوی هەیە. (كۆمـەڵـێ لـە ئێـرانناسـانی ئەورووپی، ڕەزا. م، كازم عابدینی، ل. ٢٤٣ـ٢٣٦)

بە ڕای من مەزداپەرستی و زەروانپەرستی دوو ئایینی جیـا لـە یـەكتـر نـین، بەڵكوو هزری زەروانییەت بریتییە لە ڕایەكی تایبـەت سـەبـارەت بـە ئافرانـدن كـە ئاكامی دیدێكی جیاوازە دەربـارەی ژیـان و ئـەم نـەریتـەش لـە مـەزداپـەرسـتی و مێهرپەرستی و ڕامانی مانەویدا دەتوانێت هەبووبێـت. گـەرچـی هـزری زەروانییـەت بێباندۆر نەبووە لە ئەستێرەناسی كلدانی و بنەماكانی مێهرپەرستیدا، بەڵام هەر ئـەم

١. نیروان

٢. ثنویت

ئایینانە خۆیان زەروانییەتیان لا پەسند بووە. هەڵبەت هەبوونی زەروانییەت لە کۆمەڵگەی ئەم دوایییەی زەردەشتیدا شتێکی ژیرانە دێتە بەر چاو، ئەگەرچی ڕۆحی زۆرخوازی پەرە پێدەدا و بڕەوی ئیرادەی تاکی بەرتەسک دەکرد، بەڵام بەرگی یەکیەتی و یەکپارچەیی کردە بەر زەردەشتی و لە گێژاوی دووخودایی دەربازی کرد[1] کە هەم لەگەڵ بەرژەوەندی خۆیان دەگونجا و هەم ڕواڵەتێکی بڕواپێکراوی دەبەخشی بە ئایینەکە و لای خەڵکیش پەسەندکراوتر بوو؛ هەر بۆیە مەزدا و ئەهریمەن دوو برای دژبەر بوون بە کوڕی خواوەندی کات کە هەموو شتێك لە بازنەی دەسەڵاتی ئەودا دەهاتە ئاراوە، یانی بە تێپەڕینی کات[2] شوێن[3] دروست بوو، هەر بۆیە کاتیان پێش هەموو شتێك دانا و ئیدی بەم چەشنە بنەما سەرەکییەکان واتا دەسەڵاتی خێر و شەڕ کەوتنە ژێر ڕکێفی هێزێکی بالادەستی کات بە ناوی زەروان کە وەك باوکیان دەژمێردرا و دووبڕوایی بوو بە هەرەمێکی سێ لایەنە[4] کە لە لووتکەی ئەم هەرەمەدا خواوەندی کات واتە زەروان وەك کەسێکی بێڕکابەر دەبینرێت و هێزی خێر و شەڕ لە یەك خاڵدا دەبن بە یەك یان لانیکەم چارەیان گرێ دەدرێت بە خودای تاك و تەنیا واتە زەروان. بەم نوێکارییە هەم بەرگی فەلسەفەیان لەبەر زەردەشتی کرد و هەم بە ڕوخسارێکی شۆخ و شەنگتر بە خەڵکیان ناساند. ئەگەرچی هەندێ زانای ئایینی بنەماخوازی سەر بە دەسەڵات دژی ئەم نوێکارییە وەستانەوە، بەڵام ئەم ڕێبازە زۆر خێرا لە سەر سینگی زەردەشتیدا ڕەگی داکوتا. فەرگەردی نۆیەمی وەندیداد بەندی ١٩ ئاماژە بە زەروان وەك چوارچێوەی ئافراندن دەکات، بەڵام دەمباسگەلی پالەوی وەك ئاماژەیەك بۆ

---

١. وەها دەزانم هەندێ لە مۆغە چاکسازەکان بۆ نوێکردنەوەی ئایینەکە و دەرهێنانی لە نێو قووڵگەی دووخودایی واتە مەزدایی و ئەهریمەنی کە هەندێ کەس مۆرکی دووبڕوایییان پێوە دەلکان دەستیان دایە نوێکارییێکی وەها.

٢. زەمان

٣. مەکان

٤. تثلیث

ئافراندنی ئاو شرۆڤەی دەکەن.

ئۆســتوورەی زەروان خــودای ســەردەم بــنوەچــەی دوو بــرای هــەمــزادی ئەهوورامەزدا و ئەهریمەنە کە یەکەمیان ئافرێنەری جیهانی چاکـە و دووهـەمیـان خودای شەڕ و ئـاژاوە و وێرانکارییـە، ئـەگـەرچـی ئـەمـە تاکـە لاڕێیـە لـە ئـایینی زەڕدەشتدا کە پێدەچێت لە سەردەستی مۆغە فارسەکـان لـە ئـاخرەکـانی سـەدەی پێنجەمی پێش زایین دروست بووبێت، بەڵام ئـەم ئـایینزا نوێیـە خـۆی لـە خۆیـدا جۆرێك پەرەستنی خودای تاك و تـەنیـا بـوو. زەروانییـەکـان ئەهوورامـەزدایـان بـە ئافرێنەری تەواوی باشە و چاکەکان لە ژێر چاوەدێری زەرواندا دەزانی کە بـەم هـزر و بیرەوە توانییان وەك بادینێکی تۆکمە بە ئەنجامدانی هەمان ئادابی ئـایینی پێشـوو لە جیابوونەوەی ئایینی بەرگری بکەن.

بەگوێرەی ژێدەرەکانی یۆنانی، سریانی و ئەرمەنـی ئـاخری سـەدەی چـوارەمـی زایینی سەردەمی ساسانی، ئۆستوورەی دروستبوونی جیهان لە ئێراندا بە زەروانەوە دەستپێدەکات، ئەگەرچی ئەهوورامەزدا و ئەهۆنوور دوو بوونی یـەکـەمـن، بـەڵام زەروانییەکان ئەهۆنوور و زەروانیان بە یەکێك دەزانی.

سێ مانای بناغەیی ئایینی ساسانی هەن کە هەندێ جار تەڤلی یەکدی دەبن و لە کاتی پێویست بۆ دروست کردنی خاڵێکی تایبەت بە کار دێن. ئەم سـێ دەسـتە ڕامانە لە ئاوێستا کە وەك هێما دەرکـەوتوونـە بـریتین لـە جیـاوازی لـە سـاخت و پوختی نێوان وردیلە ئاسمانیەکانـدا، جیـاوازی نێـوان مینـۆ و جیهـان و هـەروەها جیاوازی لە نێوان توێژەکانی خەڵکدا کە ئەمانـە بـە تێکـڕا زنجیـرەی پـڕ لـە ڕازی ئایینیان دروست کردووە.

بەرتەسكبوونی چوارچێوەی ئامۆژگارییەکانی زەڕدەشتی کە بەڕواڵەت ئایینەکەی بە شێوەیەکی ڕازوەرانە پیشان داوە خۆجێ نییە، بەڵکوو تەنها بۆ پارێزگاریکردن لە گیان و بەرگریکردن لە خۆ دروست کراون؛ ئەگەرچی بـە ئاشـکرایش نـاوەرۆکـی هەمەگیر و گشتییان هەیە.

وشەی ڕاز کە زۆر جار لە دەقە پالەوییەکاندا هاتووە پێوەندی بـە دەسـتەی ڕاز

و ڕەمزی ئایینیەوە هەیە کە زۆرتر ئافراندن، ئاکامناسی، و هەروەها شێوەی تایبەت بە شەڕ لەگەڵ دێو و ئەهریمەن لەخۆ دەگرێت. ئەم ڕازگەلە زانست و ئامۆژگاری شاراوە ناسەلمێنن بەڵکوو بەزۆری ڕوونکەرەوەی هۆکاری شاراوەی ناوخۆ و پێوەندیدارن کە بێ ناونجی ئاشکرا نییە؛ بۆ نموونە ڕازی ئەوەی کە بۆچی جوولەکەکان لە ڕۆژی شەممەدا پشوو دەدەن ئەوەیە کە پێیان وایە خودا لە ڕۆژی حەوتەمی ئافراندندا وچانی داوە. ڕەنگە بە یارمەتی ئەم تێڕوانینانە بتوانین بە ناوەرۆکی ڕاز و ڕەمزی نێوان بەندەکانی دینکەرد و بەشەکانی دیکەی ئاوێستا بگەین و هەروەهاش بتوانین پێوەندییێك لە نێوانیاندا بدۆزینەوە.

جیا لە دووانەی ئەخلاقی کە تایبەتمەندییێکی تایبەتی ئایینی زەردەشتە جۆرێکی دیکە لە دووانەیی هەیە کە بە سەر جیهانبینیدا کاریگەری هەیە، دوو مانای هاوزادی ئەم دووانەییە یەکێك مینۆیە[1] و دووهەمیان گیتیە[2] کە یەکەمیان بە سەر جیهانی نەبینراودا دەڕوانێت و دووهەمیان بە سەر جیهانی بینراو و مادیدا. بە ڕای مێری بۆیس دوو بڕوایی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خودی زەردەشت، ئەگەرچی هەندێ کەس بە هی پاشتری دەزانن و دەڵێن لە نووسراوە پالەوییەکاندا هاتووە، بەڵام بە بڕوای شائۆل شاکێد تەنیا ئوورمەزد و ئافرێنراوەکان لە گیتیدا هەن، ئەگینا بوونی ئەهریمەن لە گیتیدا دەوری تێکدەرانەیە، یانی بە پێچەوانەی دووبڕوایی گنۆسی کە دنیای مادی بە شەڕ دەزانێت ئەم بە خێری دادەنێت و ڕای وایە کە شەڕ لە خۆیدا هیچ دەورێکی مادی نییە. لە ڕوانگەی ئافراندندا مانای مینۆ یەکەم و سەرەکییە و مانای گیتی دووهەم و لاوەکییە[3]. پێکهاتەکانی مینۆ بە ویست و خواست دێنە ئاراوە و بەرگی گیتی لەبەر دەکەن. هەبوونی گیتی پێویستە؛ چونکە پەیکاری نێوان مینۆی چاکە و خراپە جگە لە پانتایی گیتی ڕوو نادات.

یەکێك لەو خاڵانەی کە لە مانای ئایینی زەردەشتیدا شیاوی باسن ئەم وتەیە

١-Mēnog

٢- getig

٣. فەرع

کە ئەهریمەن و هێزەکانی خراپە تەنها لە پانتایی مینۆی هەستیدا هەن و گیتی جیهانێکە کەوا بەتەواوەتی هی ئەهوورامەزدایە؛ گەرچی ئەمیش بە دەستدرێژی کردنی ئەهریمەن بۆ سەری ناپاك و نوقسان بووە، بەڵام ئەهریمەن تەنها تا ڕادەیەك لە گیتیدا دەسەڵاتی هەیە کە لە باوەڕی هەندێك خەڵکدا بوونی هەبێت و تەنها کاتێك دەکرێت لەم دنیایەدا بیرەوێنی کە بیر و هزری خەڵك لە وجوودی ئەهریمەن خاوێن بکرێتەوە. یەزدانەکان کە جیهانی مادی هی ئەوانە هەبوونیان زۆرتر لە ژیانی خەڵکە باشەکاندا ڕەنگ دەداتەوە ئەگەرچی لە سروشت و ئاو و گیا و ئاوریشدا دەبینرێن، بەڵام پێدەچێت ئامادە بوونی ئەوان لەم دنیایەدا لە سەر پێوەری کار و تێکۆشانی بوونەوەرەکانی دنیا بێت. گەورەترین ئامانجی چاکەکارەکان لە ژیاندا گەیشتن بەو ئاستەیە کە نزدیك بە یەزدانەکان بن، ئەمەش مەبەستێکە کەوا تەنها لە ڕێگەی ڕاز و نیاز و چلە و خەڵوەتەوە بەدی دێت و دەکرێت ئەو هێزە خودایی‌یە کە لە دەروونی مرۆڤدا شاراوەتەوە بێتە قۆناغی کرداری.

ئایینی زەرەدەشت خۆی لە خۆیدا ئایینێکی دووخودایی‌یە، چونکە هێزەکانی خێر و شەڕ واتە چاکە و خراپە لە ناوەرۆکی ئەم ڕامانەدا هەمیشە بەرانبەرکێی یەك دەکەن. هەروەها لە ئایینی زەرەدەشتیدا بێجگە لەوەی کە خێر و شەڕ هەمیشە وەك کارد و پەنیرن، واتایەکی دوومانایی دیکە هەیە کە بۆ درك‌پێ‌کردنی هزر و بیرەکانی زەرەدەشتی گرنگییەکی تایبەتی هەیە؛ دژایەتی نێوان مینۆ واتە دنیای ئاسمانی و نەبینراو لەگەڵ گیتی واتە دنیای مادی و زەمینی و هەروەها درك‌پێ‌کراو لە ڕێگەی هەستەوە. ئەم دووبەش‌بوونە ئەخلاقی ـ هەڵبەت بە ناوەرۆك پووچەڵـە لە سەرتاپێی ئایینی زەرەدەشتیدا بوونی هەیە، جیایی لە نێوان دوو شێوازی هەستی لە دژایەتی نێوان گیتی بینراو و مینۆی نەبینراودا خۆی پیشان داوە، بەڵام وا دیارە ئەم پێوەرە بۆ هەموو شتێك ڕاست نییە.

جیایی نێوان گیتی و مینۆ لەگەڵ هیچ دژایەتییێك لە نێوان بوونەوەرگەلی مینۆیی و مرۆڤی یان لە نێوان هێزە ئافرێنەرەکان و دنیای ئافرێنراودا لە یەك ئاستدا نین. پێدەچێت دژایەتییەکی ئاوەها لەگەڵ ئایینی زەرەدەشتیدا نامۆ بێت.

جیهان لە پێشدا بە شێوەی مینۆیی ئافرێنراوە و هەروەها ڕوویێکی ئافراندنەکە شێوەی مینۆیی هەیە و لە لایەکی دیکەوە لە گیتیدا بوونەوەرانی مینۆیی هەن، کەواتە وتەی «بە ناوی ئیزەدەکان» هەم بە ئیزەدی مینۆیی و هەم بە ئیزەدی گیتی ئاماژە دەکا. کەوایە ئەم دوو جیاییە تەنها هەڵقوڵاوی هزر و بیرە. دەکرێت بڵێین ڕاستی ئەم جیهانە تێکەڵێکە لە مینۆ و گیتی، چون بەڕاستی ئەم تێکەڵییە مەرجی سەرەکی کرداری تایبەتی ئەم جیهانەیە و پێدەچێت هەر شتێکی بینراو بناغەیەکی نەبینراوی هەبێت. وتراوە کە شتە مادییەکان مینۆیەکیان هەیە کە تێیدا هێلانەیان کردووە، پێدەچێت کە هەر تاقمێك لە شتەکان نمایشێکی بەکۆمەڵیان لە مینۆی خۆیان هەبێت؛ بۆ نموونە ئەمشاسپەندان ئاوەهان کە پێناسەی پێکهاتەکانی ئەم جیهانەن و هەرکامیان جۆرێك لە هەستین؛ بێجگە لەو وتەگەلە کە پێشتر وترا هەر تاقمێك لە مینۆکان سەرکردەیەکی تایبەتی خۆیان هەیە یانی چینی جۆراوجۆری مینۆمان هەیە کە بەهۆی مەودایێك کە لە نێوان ئەوان و جیهانی مادیدا هەیە لەگەڵ یەکدا جیاوازن. بەگوێرەی ئەم بەرداشتە ئوورمەزد گەورەی تەواوی مینۆکانە. دنیای مینۆ تایبەتەکان یانی جیهانی ئوورمەزد و ئەمشاسپەندان و هەروەها جیهانی ئەهریمەن هەتاهەتایین و لە ناو ناچن، بەڵام مینۆی وا هەیە وەك کردەوە چاك و خراپەکانی مرۆڤ کاتین و لە ناو دەچن.

بەگوێرەی ئەم بابەتانە لە جیهانی ڕاستەقینەدا مرۆڤ وێستگەی سەرەکی مینۆکانە؛ ئاکامی ئەو شەڕانەش لەڕاستیدا بەتەواوەتی بە خودی مرۆڤەوە دەبەسرێتەوە و سەرکەوتن تیایدا بە توانایی مرۆڤ لە شکستپێهێنانی دێوە وجوودییەکانی خۆیدا بەدەست دێت.

ئاکامناسی یان پێشبینی دنیا بابەتێکی سەرنجڕاکێشی مێژوویی ئایینەکانە کە بە ڕای من لە ئایینی ئێرانییەکاندا بە تاوتوێکردنی بابەتەکانی ناو ئاوێستا و دەقە پالەوییەکان دەکرێت وڵامی بۆ بدۆزرێتەوە. لە دەقەکانی پالەویدا ئاخرەت و ڕۆژی حیساب لە سەر سێ ناوەرۆکی جیاواز بنیات نراوە: ۱. ئاکامناسی تاك یانی ژیانی

دوای مەرگ، دادوەری سەبارەت بـە تـاك و برینـەوەی پاداشـت[1] یـان زەجـرەوە و دۆزەخ. زەردەشت لە دادگاییکردنی مرۆڤەکان لە سەر پردی چینوەتۆ یـان پێرێتـۆ ئاخاوتییە کە شوێنکەوتوانی لەم پردەوە دەپەڕنەوە. لە وەندیدادا[2] هاتووە کـە ئـەم پردە لە بان دۆزەخەوە دەستپێدەکات و بە مـل کێـوی ئـەلبـۆرزدا بـە بەهەشـت دەگات. لە بۆندهێشدا[3] کە تۆزێ هی پاشترە سەبارەت بەم پردە دەڵێت ئەوەی باش بێت پردەکە لە بەری پان دەبێتەوە و ئەوەش خراپ بێت لە بەری تەسك دەبێت. لە سەر ئەم پردە «میترا» و «سرەئوشە» و «ڕەشنۆ» کردەی خەڵکی هەڵدەسەنگێنن و دوای سێ ڕۆژ هەمووکەس لەگەڵ دێئنا یان ویژدانـی خۆیـدا ڕووبـەڕوو دەبێتـەوە، گەر باش بێت ویژدانی وەك کچێکی شۆخی پازدە ساڵان بـە ڕوومـەتێکـی سـپی و سینگوبەرۆکی جوانەوە دێتە پیری. وەك لەم بەشەی دینکەرداهاتووە[4]

بەڵام گەر خراپ بێت چەشنی پیرەژنێکی ناشیرین و کووڕ و کۆم وەك ئێرداویرافنامـە باسی دەکات دێتە پێشوازی. ٢. دنیا ئاخری؛ کـارەسـاتێکە دنیـا دەگـەینێتـە ئاکـام و دەوری ڕزگارکـەر دەسـتپێدەکات. یـەکـەم ڕزگارکـەر «ئوشـیدەر»ە کـە پـەیـامی زەردەشت زیندوو دەکاتەوە و هێزەکانی خراپە تێکدەشکێنێ. دوای سەردەمێ کـزی و لاوازی دووهەم کەس دێت بە ناوی «ئوشیدارما» کـە سـەردەمێکـی زێـڕین زینـدوو دەکاتەوە و پاشان سێهەم ڕزگارکەر دێـت کـە «ئاسـواتێرێتا»یـە و بـە مـل هـەمـوو نەخۆشی و مەرگێکدا سەر دەکەوێـت و دەبێتـە سـەرەتـای ژیـانی هـەتاهـەتـایی. ٣. ئاکامناسی جیهانی واتە هەسـتانەوە، دادوەری گشـتی، بووژانـەوە و نـۆژەنکردنـەوەی جیهان. ئەم باسە لە گاتاکاندا نییە، بەڵام پێدەچێت بەرماوەییێکی یـەسـنای لـە سـەر بێت. هەڵبەت تۆکمەترین باس لەم بارەوە بەشی سییەمی دەقی بۆندهێشە کە دەڵێت بە هاتنی گیۆمەرت و یەکەم جووتی مرۆڤ، خەڵکانی دیکە بە سەرهەڵـدانی ئـاخرین

---

١. بەهەشت

٢. ٣٠.١٩

٣. ١.٣٠، ٩ـ١٣

٤. ١٩،٩

سووشـیانت بـۆ دادوەری هـەڵـدەسـتنەوە. هەڵبـەت لـە یـەسـنادا[١] سۆشـیانس وەك نوێکەرەوەی دنیا و ئەو پیاوانەی کە هێشـتا لـە دایـك نـەبـوون نـاوبراوە: سـپاس و ستایش و درووود بۆ فرووهەری ئەوانەی کە پـاکن، ئـەو چاکـەکارانـە کـە مـردوون و ئەوانەش کە زیندوون، ئەو پیاوانەی کە هێشتا لە دایك نەبوون. بـەڵام سۆشـیانتەکـان نوێخوازن. ئەم بابەتانە لە دووپاتبوونەوەی ڕووداوەکانـەوە سـەرچـاوە دەگرێـت؛ بـۆ نموونـە تـاقيکردنـەوەی دوو لایـەنـە، دادوەری و پاداشـت، هـەسـتانەوە لـە دوای بەختەوەری باش لە بەهەشتدا. ژاك دوشن گییەمن دەڵێـت لـە پـێش خـودا ڕەوان و گیانی خەڵکی لە بەختەوەری بـەهرەمـەنـد دەبـن کەواتـە بـۆچی هـەسـتانەوە بۆتـە پێویست؟ لە کاتێکدا پەیکار تەواو بووە و جەستەش ئامێری پەیکارە، ئیدی بە چ کـار دێت؟ پاشان ژاك ئاوا دەگاتە مەبەست کە بێگومان تێکۆشان کراوە هـەتـا دوو بیـر و بڕۆا لێرەدا لەگەڵ یەك تێکەڵ بن و بڕوا بـە مانـەوەی ڕۆح و ڕەوان و هـەسـتانەوەی جەستە بڕەوی پێ بدرێت؛ بۆ نموونە یەکەم قۆناغ یان قۆناغی تاك لە ئاکامناسـیدا بـە مانای گواستنەوەی مرۆڤە لە جیهانی مادی بـۆ جیهـانی مینـۆیی یـان مـەرگ، لـەم گواستنەوەدا دەورەیەکی تایبەت پێـك دێـت کـە ڕوون نییـە لـە تێپەڕینیـدا جیـایی لایەنی مینۆیی مرۆڤ بەتایبەت ڕەوان و جەستەی ئەو بە ئاخرەت دەگات یان نا. ئـەو گواستنەوە بە لەدایكبوونی مرۆڤ شوبهێنراوە کە تێیدا تەواوی مینۆکان لە مینۆوە بـۆ گیتی دەگوازرێنەوە. لە هەردوو بابەتدا کارەسات ئەگەر لەگەڵ دروشـمە ئایینیـەکـانی چاك و تایبەت هاوتا نـەکرێـت ڕوو دەدات. کـەوایـە مـەرگ وجـوودی پێچـەوانـەی لەدایكبوونە یانی زادە بوونێکی تاکە لە جیهانی مینۆدا، ئیدی کاتێ کە مەرگی گیتـی دەگات ژیانی پاش مەرگ دەستپێدەکات کە دەورەی دادوەرییە سەبارەت بـە ژیـان لە ڕووی زەمیندا، وەسفی ئەم قۆناغە لە ویژەی پالەویدا بـۆ ژیـانی ئـەخلاقـی مـرۆڤ دەگەڕێتەوە و ئەم قۆناغەی ئاکامناسی بـە دەورێکـی تـەواو مینـۆیی لـە سـەر ژیـانی ئەخلاقی مرۆڤ لە گیتیدایە. (شائول شاکد، مرتضی ثاقبفر، کورتەیەك لە کتێب)

١. بەندی ٥، بەشی ٢٤

**دووبڕوایی** (ثنویت)
زۆربەی توێژەران بڕوایان وایە کە زەرەدەشت بە جێگەی یەکتاپەرستی دووبڕوایی بڕەو پێدەدا کە دوو بنەمای خێر و شەڕی هەبوو. ویلارد ئاکستۆبی دووباوەڕی ئاوەها شرۆڤە دەکات: ڕوانینێك بە مل جیهاندا لە سەر بنەمای دژ بە یەك و تا ڕادەیەك هاوسەنگ. بەڵام مێری بۆیس دەڵێت ئەم دوو هاوزادە دژبەرە لە سەرەتادا هەردووکیان نەخوڵقابوون. لە دیدی بڕواداران بە ئەم هزرە، خودا خێری تەواوە، بەڵام لە ڕەوانی شەڕدا بە تەنیا شەڕ و شۆڕ خۆی داشاردووە و خوداش هەر بە یارمەتی لایەنگرانی بە سەر ئەم شەڕەدا سەردەکەوێت؛ کەچی بە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیان تا ڕادەیەك دەسەڵاتی خودا بە هێزی خۆیانەوە گرێ دەدەن. سەبارەت بە هێزی شەڕیش واتە ئەهریمەن تەنیا جارێك لە گاتاکاندا باسی لێوە کراوە، ئەم ڕەوانە ناپاکە لە یەشتەکان[1] و بەتایبەت لە وەندیداد بەشی٢٢ بە هۆکاری ٩٩٩٩٩ نەخۆشی ناسێنراوە.

نیۆلی دەڵێت ئاوێستا بەگشتی دەربڕی دووبڕوایی ڕاشکاو نییە و لەگەڵ هەندێ زانای دیکەدا لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەم دووبڕواییە لە سەردەمی ساسانییەکاندا پەڕوپۆی دنیاناسی بە خۆوە گرت. هەڵبەت لە بۆندهێشدا هەموو ئافرێنراوەکان دابەش دەکات بە سەر هەرێمی یەکێك لەم دوو هێزەدا؛ بۆ نموونە ڕووناکی، ئاور، ئاو، با، خاك، وەرزی هاوین، تەندروستی و سەرفرازی، ئاژەڵی دەستەمۆ بەتایبەت سەگ هاوشانی ڕەوانی پاکن و؛ تاریکی و شەو، زستان، وشکەساڵی، خاکی خراپ،

---

١. یەشتەکانی ٣ و١٤ و ١٣؛ لاپەڕەی ٧٨٧٦.

نەخۆشی و مەرگ دەستەبرای هێزی خراپەن. گەورەترین ئەهریمەن «ئەئێشم» یان قـەڵسـی و تـووڕەیی‌یـە، بـەڵام پێـنج دۆزاکـی وجـوودی وەك تـەمـاع، ئیـرەیـی، ئاڵۆش(شەهوەت)، شوورەیی و تووڕەبوون لە ڕیزی ئەو شتانەن کە دەبێت مرۆڤ لە خۆی دووریان بکاتەوە. «ئەپەئۆشە» یان دێوی وشـکەسـاڵی هۆکـاری کـارەسـاتە و «نەسوو» دێوی فەسادیش کە لە ناو تەرمی مـردووەکانـە و بـە شـێوەی مێشـێکی پیس لە لای باکوورەوە دێت لەو ڕیزەدایە[1].

بەگوێرەی باسەکانی بۆندهێش لە زەرِدەشـتیدا ئـەو شـتەی کـە دەبێتـە هـۆی خراپە و دواکەوتوویی لە ڕیزی ئاوەڵناوەکـانی ئەهریمەنـدا جێگـە دەگرێـت، بـەڵام ئەوەی کە هۆکاری سەرکەوتن و چاکـەیـە دەبێتـە هـی ئەهوورامـەزدا. بـەگوێرەی باسەکانی بۆندهێش ئەهریمەن هیچ‌کات بیر لە شتی باش ناکاتـەوە و نایکـات، ئـەو ئافرانـدنی چاکـەی مـەزدای ناوێـت؛ مـەزداش وێرانکـاریی ئەهریمـەنی بـە شـیاو نەدەزانی، چون وەك ئەهریمەن بیر لە شـتێ ناکاتـەوە کـە بـۆی نـەکرێـت، بـەڵام ئەهریمەن ئەو شتە کە ناتوانێت دەیکات و هەڕەشەی زۆریش دەکا[2].

لەم بابەتەی بۆندهێش دەردەکەوێت کە کـردەوەی ئەهریمـەن ئافرانـدن نییـە، بەڵکوو لە ئاوێستاشدا بۆ کردەوەی ئەهریمەن لەجێی ئافرانـدن وشـەی «داتاشـین» هاتووە. بەگوێرەی بەندی چواری یەسنا هـاتی٣٠؛ کـاتێ کـە ئـەو دوو مینۆیـە بـە یەکدی گەیشتن سەرەتا ژیان و مەرگیان دارِشت، یانی سپەنتامینۆ ژیانی ئافرانـد و ئەنگرەمینۆ مەرگ و کاولکاری دانا؛ کەواتە کردەوەی ئەم هیچ بـوو، شـتێکیش کـە نەبێت ناوی ئافراندن لێی بێ‌بنەمایە.

هەڵبەت ئەفلاتوون لە پەرتووکی جمهووریدا[3] دەنووسێت: هەرشـتێك کـە بـاش بێت هۆکاری خێرە، بەڵام ناتوانێت سەرچاوەی هەموو شتێك بێت تەنهـا هـی خێـر دەبێ نەك شەڕ؛ هەروەها بەشێکی بچووك لەوەی کە بـۆ مـرۆڤ ڕوو دەدات لـەلای

١. وەندیداد٧، لاپەڕەی٢ ـ٤.
٢. بۆندهێش، فەرگەردی١، بەندی١٦ ـ ١٥.
٣. لاپەڕەی ١٣٤ ـ١٣٣.

خوداوه دیاری دەکرێت ئەویش خێرە، ئەگینا لایەنی شەڕ دەستی خودای تێدا نییە.

بە شێوەیەکی سروشتی لە ئاست هەر شتێکی خێر شەڕێك هەیە واتە یاسای سروشت بنەمایەك بوو بۆ داڕشتنی یاسای ئایینی. چونکە هەموو شتێك بناغەی لە سروشتدا بوو ئیدی باشتر لە بیری مرۆڤدا جێی دەگرت؛ هەر بۆیە بۆ ئەم دوو بناغە دوو کەسایەتی دانران کە یەکیان وەك خودا، ئەوی دیکەش وەك ئەهریمەن بوو، بەڵام هەموو کات هەر کاری مەزدا جێگیر دەبوو. بەپێی ئەم بۆچوونە هەموو شتێك لە سەر دوو بناغە سەری هەڵدەدا کە وەك دووبڕوایی چاویان لێدەکرد. لەڕاستیدا هیچ مەزدایێ ئەهریمەنپەرەست نەبووم بەڵکوو سەرچاوەیەك بوو بۆ ئەوەی کە بڵێن بنەمای شەڕ لە ڕەوشت و ئاکاری مەزدایی نییە بەڵکوو ئەهریمەنییە[1].

هزری دووبناغەیی نەتەنیا تەواوی دنیابینی و چۆنیەتی ژیانی دیاری دەکرد بەڵکوو لە سەر شێوە زار و ئاخاوتنی خەڵکیش باندۆری هەبوو کە تێیدا هەموو شتێك وەك دوو وشەی ئەهورایی و ئەهریمەنی لێك جیا دەکران.

بە ڕای من جۆر و شێوازی ژیانی خەڵك زۆر کاریگەر بووە لە سەر بیر و بڕوایان، چونکە حەزی پەرستن وەك شتێکی شاراوە لە سروشتی مرۆڤدا هەیە، بەڵام بە ڕەخسانی هەل و کاتی لەبار ئەم شتە خۆی دەردەخات هەڵبەت پێوەندی ڕاستەوخۆی مرۆڤ لەگەڵ سروشت و خۆزادا و هەروەها تێکەڵبوونی ژیانی مرۆڤ بە پێکهاتە سروشتییەکانەوە وەهای کرد کە هەر شتێکی باش و بەسوود کە بێئەرك بێتە خزمەتیەوە وەك هێمای باشە پێناسەی بکات و پێچەوانەکەشی وەك خراپە و شەڕ بناسێت. هەڵبەت ئەم ڕوانینە تایبەتە بە ڕوانگەی مرۆڤەکانەوە، ئەگینا ڕێچکەی سروشت تا ڕادەیەکی باش هاوسەنگە و دەتوانین بڵێین کە تەواوکەری یەکترن و هیچکامیان شەڕ نین بەڵکوو تەنها هێزی مرۆڤ بەو ئاستە نەگەیشتبوو بیخاتە خزمەتی خۆی، هەر بۆیە هەستی شاراوەی پەرستن وەهای کرد ئەم شتانە بدرێنە پاڵ خوداوە. ئیدی بۆ هەر کامێك خودایەکیان داتاشی و کۆڵێك فیکر و فەلسەفەیان بۆ ساز کرد کە

---

١. بۆندهێش، فەرگەردی٥، بەندی.٤٦

بوو بە هەویێنی هزری دووبڕوایـی. بـەڵام هـەر بـەمـەوە نـەوەسـتا چونکـە ئـەم جـۆرە بیرکردنەوە بووە بەشێك لە ژیانی خەڵك و دواتریش وەك بناغەی سەرەكـی بـوو بـە دوو لاق کە دین لە سەری سوار کرا؛ هەڵبەت بە ڕواڵەتێکی باوەڕپـێ‌کـراو و بـە بـەرگێکـی ئاخێنراو لە هزر و بیر کە توانی خەڵکیش بە سەر دووبەرەدا دابەش بکات کە هـەر ئـەم کەرتبوونە بوو بە هۆی شەڕی مرۆڤەکان و هـەتـا ئێسـتاش ئـەم دووبـەرەکییـە هـەر درێژەی هەیە، چونکە لە هەموو ئایینێکدا دووبەرەکی هەبووە. هەڵبەت بابـەتێکـی دیکـە هەیە کە جێگای باسە ئەویش ناوەرۆکی ئایینەکانە کە لە هەمبـەر فـەرمـانی ئیـزەدیـدا هەمیشە هێزێکی بەرهەڵستکار هـەیـە کـە وەك ئەهریمـەن یـان نـەفسـی سـەرکـێش دەناسرێت. لە زۆربەی ئایینەکانی ئیبراهیمیدا بەرەی شـەڕ نزمتـر لـە پلـەی یـەزدانـە و ناتوانێت هاوسەنگی بێت، بەڵام لـە ئاییـنـەکـانی وەك زەردەشـتی ئەهریمـەن لـە بـاری دەسەڵاتەوە هاوشانی مەزدا کراوە بۆیە خەڵکیش دابەش کراون بە سەر ئەم دوو بـەرەدا و جورێك لە دووبڕوایی یان ثنویت لە کرۆکی ئەم هزرەدا هاتۆتە گۆڕێ.

## مینۆگ و گێتیگ

ئەم جۆرە دووبڕوایی‌یە ڕامانێکی دیکەی زەردەشتییە کە تەنیا لە سەرچاوەکـانی ئەم دوایی‌یەدا بوونیان هەیە، بەڵام لە ئاوێستادا شوێن‌پێی نییـە بـەڵکـوو لـە دەقـە پالەوییەکانی «دینکـەرد» و «داتسـتان دینیـك»دا هـاتووە کـە مینـۆگ شـێوازێکی ڕۆحی و ڕەوانییە و گێتیگ مادی و زەمینیە. بـەگوێرەی وتـەکـانی شـائۆل شـاکێد تەنیا ئوورمەزد و ئافرێنراوەکانی بـەڕاسـتی لـە گێتیگـدا بوونیـان هـەیـە، کـەچـی ئەهریمەن و درودەستەکەی بە هیچ شێوازێ گێتیگیان نییە و بە شێوەی سـەربـار لەم ژیانەدا هاوبەشن. بە پێچەوانەی دووبڕوایی گنۆسییەوە کـە جیهـانی مـادی بـە شەڕ ناو لێ‌دەبات ئەمان بە چاك دایدەنێن و بە دووبڕوایی مینۆ و گێتـی بـاوەڕیـان هەیە کە شەڕ هیچ ڕواڵەتێکی مادی نییە. جیهان‌ناسییێکی تەواو لـە گاتاکانـدا نییـە بەڵکوو بە شێوەیەکی تۆکمە و تەواو لە بۆندهێشی (٢٨ـ٢/٢٣.١ــ١.٢٥) هـاتووە کـە ئوورمەزد جیهانی وەك ئامێرێك بۆ زاڵبوون بە سەر ئەهریمەن لـە شـێوازی گێتیـك یان مادیدا ئافراند، چونکە ئەم دوو هێزە لە باری مینۆییدا کەسیان نادۆڕێت.

جیهان لە شەش قۆناغدا دروست دەبێت: یەکەم ئاسمان لە بەردە شیشە ئافرێنرا و پاشان ئاو و لە قۆناغی سێهەمدا خاك دروست دەبێت و لە دڵی خاکەوە شاخ و کێو سەر دەردێنێ کە گەورەترینیان «هەرابێرێزنتی» یان ئەلبۆرزە لە نزیکی تاران. زەوی دەکرێت بە حەوت هەرێمی بازنەیی کە یەك بازنەی واتە «خوونیرەس» بۆ ژیانی مرۆڤە. قۆناغی چوارەم گیا و ڕوەك شین دەبێت و پاشان گیانلەبەرەکان گیان دەکرێت بە بەریاندا؛ لەم قۆناغەدا نێرەگایەکی جیاواز دروست دەبێت کە پاشان ئەهریمەن دەیکوژێت. تەواوی گیانلەبەرە سوودبەخشەکان لە تووی ئەو گایەن و لە جەستەشی جۆری جیاوازی گیا بۆ نموونە دوازدە ڕوەکی دەرمانی شین دەبن، بە مردنی ئەم گایە ۵۵ جۆر دانەوێڵە و دوازدە جۆر گیای دەرمانی لە لاشەکەی دەڕوێن. ئیدی پاش ئەمە دەگات بە قۆناغی شەشەم کە مرۆڤ پێ دەنێتە دنیا و پاشان شەڕی ئەهریمەن دەسپێدەکات.

هەڵبەت دووانەیی یان ثانویبوون تەنها بەمانەوە ناوەستێت، تەنانەت لە مرۆڤناسیدا دیسانەوە ڕۆڵگێڕەکان دوو کەسن: سیمای یەکەم جەمە کە دواتر پێیان دەوت جەمشید وەك یەکەم پاشا بە ڕواڵەتێکی نیوەخوداییەوە هەڵبەت خاوەنی کەموکورتیش، سیمای دووهەمیش گیۆمەرتەن وەك یەکەم مرۆڤی دادگەر کە پاشان ئەهریمەن دەیکوژێت و لە پارچەیەك لاشەی ئەم کەسایەتییە جۆرەکانی کانزا بەدی دێن و لە تووەکەشی چڵێ ڕێواس شین دەبێت کە دوای چل ساڵ دەبێت بە یەکەم جووتی مرۆڤ واتە «مەشی» و «مەشیانە». ئەهریمەن ئەم جووتەی وەها خڵەتان کە لە سەرەتادا منداڵەکانی خۆیان دەخوارد، هەتا ئوورمەزد ئەو مەیل و ئیرادەیەی لێ سەندن. یەکەم مرۆڤ چوار تەن یان لایەنی ناپەیدای هەبوو وەك گیان: ژیان، ئووروەن: هەناسە، بۆد: نوور، فرووهەر یان فەرەوەشی: ڕەوان و ڕۆح.[1] مرۆڤ ڕەوانی گوناه و تاوان بە میرات نابات بەڵکوو لە کاتی هەڵبژاردنی چاك و خراپدا کە لە ئیرادەی خۆی کەڵك وەردەگرێت دروستکار یان گوناهبار دەبێت.

---

۱. یەشتەکان بەشی۱۳، لاپەڕەی۱٤۹ ـ۷٤.

## ئوستووره لە ڕوانگەی زەڕدەشت و شانامەوە

باش دەزانین یەکێك لە ڕوونترین تایبەتمەندی ئایینەکان لێبوونەوەی ئایینزاکانە لـە گوزەری کات و زەماندا، هیچ ئایینێك لە ڕووی ئەم گۆی زەمینەدا نییە و نەبینـراوە کە چەند پاشلقی نەبێت وە هـەروەهـا زۆربـەی شـەڕەکـانیش هـەر لـە نـاوخۆی ئایینەکاندا سەریان هەڵداوە. بەڵام لە ئایینی زەڕدەشـتی ئێسـتادا هـیچ پـاشلقێـك نابینرێ ئەگەرچی جیاوازی هزری هەیە لە نێوان زەڕدەشتیەکـانی ئێـران و هێنـد، کەچی هیچکات باسی دوو پێگەی ئایینی نەکراوە. بەڵام دوو جۆرە نوێخوازی تێیدا سەری هەڵدا کە یەکیان زەروانییەت بوو و ئەویشیان مەزدەکـی کـە ئـەم دوایینـە بەوپەری هۆڤیەتییەوە سەرکوت و بنەبڕ کرا.

لە سەردەمی سەفەوییەکاندا زەڕدەشتییەکانی هێند بەهۆی کەموکزی زانسـتەوە دەستەوداوێنی هاوئایینەکانی خۆیان لە ئێران بوون، ئەگەر یارمەتی ئەمـان نـەبوایـە لەو کاتەدا هێندییەکان ئایینی خۆیان ئەدۆڕان. چەند سـەدە دوای ئـەم دۆخـە لـە سەردەمی قەجەرەکاندا ئێرانییەکان پەنا بۆ هێندییەکان دەبن. ئایـا دەتـوانین بڵێـین کە دوای هاتنی ئیسلام و ئاوارەیی و کەمینە کەوتنـی زەڕدەشـتییەکـان هیچکـات لقیان لێ نەبۆتەوە؟

لە ڕوانگەی دەرەکی و شرۆڤەی ئاوێستاناسەکان لە دوو سەدەی ڕابردوودا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە دووبەرەکی و دژایـەتـی لـە هـەوێنـی بناغـەیـی ئـەم ئایینـە و

ئاڵۆزییەکانی زەق دەبێتەوە کە ئەمیش لە کاتی دەسەڵاتیدا وەك ئەوانی دیکە چەند لقی هەبووە، بەڵام ئەوەی کە ئەمڕۆ بە دەستی ئێمە گەیشتووە تێکەڵێکی شپرز و شێواوە کە تێیدا هزر و ڕامان‌گەلی جۆراوجۆر بێ هیچ ڕێكوپێككردنێك لە تەنیشت یەکەوە دانراون، بەڵام هەر توێژەرێك بە چەشنێ ئەو پەل و پۆیانەی لێکداوەتەوە؛ بۆ نموونە هوومێر ئابرامیان دەڵێت کاتێ کە زەردەشت سەری هەڵدا ئارییایییەکان ڕێکخراوێکی ئایینیان لە ژێر چەتری مۆغ و کورپانەکاندا هەبووە و زەردەشت دژی ئەم ڕێکخراوە شۆڕشی کرد و بە هاریکاری گەشتاسپشا توانی سەر کەوێت، بەڵام پاش زەردەشت مۆغەکان و گەورەکانی کۆمەڵگە لە ژێر پەردەی زەردەشتیەوە ئایینی پێشوویان زیندوو کردەوە. بەو چەشنە دەتوانین جیاوازی و دژایەتی نێوان گاتاکان و ئاوێستا پاساو بدەین کە گاتاکان نوێنەری ئایینی زەردەشتن و ئاوێستای بێ‌گاتایش نوێنەری ئایینی مۆغەکانە، هەندێ لە توێژەران بۆ ئەو ئایینەی پێشوو ناوی میترایی یان مێهریان داناوە.

توێژەر هاشم ڕەزی بەتایبەت کاتی باس‌کردن لە وەندیداد بە جێگەی پاڵدان بە کات و بەلاڕێ‌چوونەکانی زەمەندا، پاڵ بە شوێن و مەکانەوە دەدات و دەنووسێت: ئایینی زەردەشت لە ڕۆژهەڵاتەوە سەری هەڵدا و یەکەم شوێن‌کەوتووانی ڕۆژهەڵاتی بوون؛ ئەم ئایینە زۆری پێ چوو هەتا ڕەخنەی کردە ڕۆژئاوای ئێران، ئەو جێگەیە کە لە سەردەمی دەسەڵاتی میدییەکاندا مۆغەکان ڕێکخراوی ئایینی خۆیان هەبووە کە ناوەندیشی ڕەی یان ڕێگا بوو. بەڵام بە گەیشتنی ئایینی زەردەشت بۆ ڕۆژئاوای ئێران بەتایبەت لە سەردەمی هەخامەنشەکاندا، ئایینێکی ئامێتەی نوێ دروست بوو کە ئەگەرچی پوختەیەکی تێروتەسەلی لە مەزداپەرستی تێدا بوو کەچی هەیکەلی هەمان ئایینی مۆغەکانی مادی بوو. بەم شێوەیە هاشم ڕەزی مەزدیسنایی ڕۆژهەڵات لە مەزدیسنای زەروانی یان مۆغەکان بە جیا دەزانێت و بڕوای وایە کە لە سەردەمی هەخامەنشەکانەوە هەتا دەورەی ساسانییەکان جەنگی نێوان ئەم دوو باڵە ئایینییە هەبووە. ڕەزی دەڵێت چونکە زەردەشتیەکان لە ئاوێستادا دەڵێن «فەروەرانە مەزدیسنۆ زەرتوشتریش»، یانی «دانی پێدا دەنێم کە

مەزداپەرستی زەڕدەشتیم» کەوایە مەزداپەرستی نازەڕدەشتیش هەبووە. پاشان ئەو ئاماژە بە هزری کریتییر لە بەردەنووسەکاندا دەکات و دەیسەلمێنێ ئایینی ئەوان لەڕاستیدا مەزداپەرستی زەروانی بووە نەك زەڕدەشتی. ڕەزی لە جودایی نێوان ئەم دوو باڵەدا هێندە دەڕواتە پێش کە مۆغەکان بە خەڵکانێ دەزانێت کە ئاریایی نین و ئایینەکەشیان هیچ پێوەندییەکی بە ئاریاییەوە نییە. بڕوا بە هەبوونی دوو باڵی ئایینی یەکێك زەڕدەشتی ڕاستەقینە و ئەوی دیکە زەروانی، بەڵام بەڕواڵەت زەڕدەشتی، جا چ بە هۆی کات دروست بووبێت یان بە هۆی شوێن، ئاخری کێشەکان نییە؛ بەڵکوو سەرەتایە، چونکە بێجگە لە گاتاکان کە هەمووان دەیخزێننە ژێر باڵی ڕاستەقینەی زەڕدەشتیەوە ناتوانین هیچ سەرچاوەیەکی دیکە بە هی یەك باڵ بزانین. سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتیبوونی زەڕدەشت ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەو لە بنەڕەتدا لە هەرێمی مادەوە واتە ڕۆژئاوا هەستا، بەڵام چون مۆغەکان دەستیان دایە بەربەرەکانێ لەگەڵیا بەناچار چوو بۆ ڕۆژهەڵات و لەوێ بە یارمەتی گەشتاسپ ئایینەکەی بڵاو کردەوە؛ ئەگەرچی مێری بۆیس ئەم باسەی پێ قبووڵ ناکرێت و دەڵێت زەڕدەشت پێش کۆچی ئارییەکان بووە.

زەڕدەشت دەڵێ بێگومان ئافرێنەر تۆی ئەی ئەهوورامەزدا!، بەڵام ئەو هیچکات نەچۆتە نێو وردەکارییەکانی ئافراندن و شێوەی پرسیاری و تەم و تاریکی گاتاکان بەبێ دەستکاری دادەنێت. ئەگەر ناوەرۆکی وێدای هێندییەکان و ئاوێستای ئێران لەگەڵ چیرۆکی ئافراندن لە بۆندهێشی زەڕدەشتی و پەرتووکەکانی مانەوی و تەوراتی عیبریدا هەڵسەنگێنین، دەتوانین بە ئەو شتە بگەین کە دیرۆکی ئافراندن چەندان کۆن نییە. لە سەرەتادا بیرمەندەکان تەنها باسیان لە شتە سەرەکییەکانی ئافراندن دەکرد؛ لە هەزارەکانی دواتردا لە سەردەمی دروستبوونی ئایینە گەورەکاندا بوو کە چیرۆکی ئافراندن ساختە و پوختە کرا.

حەکیمی تووس فیردەوسی خاوەنی شانامە، ئەگەرچی لە سەردەمی بەهێزیی دەسەڵاتی ئایینەکاندا دەژیا، بەڵام لە پەرتووکی خۆیدا سەبارەت بە ئافراندن دەمی قسە و قسەڵۆك دەبەستێت؛ بە شێوەیەکی ڕێكوپێك و تەواو، دروستی ئاوێستا و

ویداکانی هێندی دەنووسێت بەگوێرەی بیر و بڕوای ئارییەکان جیهان لە چوار ئاخشیج (عنصر) یان پێکهاتەی ئاور، ئاو، خاك و با دروست بووە. پۆلێن‌کردنی ئافراندن لە شانامەدا تا ڕادەیەك وەك ئەوەیە کە زەردەشتییەکان باوەڕیان پێیەتی و لە فەروەردین‌یەشتدا وەها ڕیزبەندی کراوە: ئاسمان، ئاو، زەمین، گیا، گیان‌لەبەر، مرۆڤ. لە درێژەدا بە یەکەم چیرۆکسازی شانامە دەگەین کە بەگوێرەی ئەوە سیامەك کوڕی کەیۆمەرس بە دەستی ئەهریمەن دەکوژرێت، بەڵام لە دەرەوەی شانامە بڕوایان لەسەر «مەشی» و «مەشیانە» هەیە کە لە تووی کەیۆمەرس دەکەویتەوە. زۆرێك هەن بەتایبەت مێری بۆیس بڕوایان وایە کە بەشی یەکەمی تەورات بە ناوی «سفری پەیدایش» کە بریتییە لە دیرۆکی ئافراندن لە ڕوانگەی جوولەکە، کریستیان و موسڵمانەکان، هەمووی لە چیرۆکی ئێرانییەکانەوە گیراوە. یەکەم جاریش بەلعەمی دەڵێت مەشی و مەشیانە هەر ئەوانەن کە ئیسلام بە ئادەم و حەوا ناویان لێ‌دەبات. لە درێژەدا شانامە باس دەکات کە سیامەك کوڕێکی هەبووە بە ناوی هووشەنگ کە بە کردەوە هێمای گوزەری مرۆڤە لە چاخی ڕاو و نێچیروانیەوە بۆ سەردەمی نیشتەجێ‌بوونی تەواوەتی و تا ڕادەیەکیش گوزەر لە چاخی بەردینە بۆ چاخی کانزاکان کە ئەم گوزەرەش بێ ئاور پێك نەدەهات، چون ئاور بوو بە هۆی دروستبوونی کانزا.

دەڵێن هووشەنگ ئاوری دروست کرد و خەڵك توانییان بە هۆی ئاورەوە شکڵ و شێوە بدەن بە کانزاکان و ئامێری ئاسنی پێك بهێنن و بە جێگەی تیژکردنی بەرد و دار، خەنجەر و ڕمی ئاسنیان ساز کرد. ئیدی چاخی بەردی بە پێشکەوتن داپۆشرا، هەڵبەت ئەم دروستبوونەی ئاور وەك شۆڕشێ دژی سەرما و سۆڵە (لە دەیەمی مانگی دووهەمی زستاندا) [واتە لە دەی ڕێبەنداندا]، بوو بە هەوێنی جێژنی سەدە یان ستە یان جێژنی ئاور کە لە ناو زەردەشتییەکاندا زۆر باوە. ئێرانییەکان ساڵیان کردبوو بە دوو بەشەوە: یەکێك مانگی هاوین و دووەم زستان. ڕۆژی یەکەمی بەهار هەتا ئاخری یەکەم مانگی پاییز هاوینە بوو، لەوە بەدواوە هەتا یەکەم ڕۆژی بەهار مانگی زستانە بوو. هەڵبەت ناونانی جێژنی سەدە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ڕۆژی

سەدی زستاندا واتە دەیەمین ڕۆژی مانگی ڕێبەنـدانی زسـتاندا ئاوریـان دۆزییـەوە. ئیدی بە خۆشی ئەو دۆزینەوە گەورەیە ناویان لێنا جێژنی سەدە کـە ڕۆژی ئـاگرە. ئەبووڕەیحانی بیروونی دەڵێت: ئارییەکان لە شەوی سەدەدا دووکەڵیان دەکرد هەتـا بەڵایان لێ دوور بکەوێتەوە. هەڵکردنی ئاور و ڕاونـانی ئـاژەڵـی کێـوی و بـەردانـی مراوی بە ناو ئاورەکەدا، هەروەها خواردنەوەی شـەراب و خۆشـیکـردن لـە دەوری ئاوردا ببـوو بـە نـەریتـی پاشـاکان. هەڵبـەت لـە شـانامەی فیردەوسـیدا بـاس لـە دروستبوونی ئاور کراوە کە چیرۆکێکی سەرنـجڕاکێشـە و دیسـانەوە لێـرەدا هێمـا زەروانییەکان بەرچاو دەکەونەوە. باس کراوە کە لـە سـەر ڕێگـەی هۆشـەنـگشـادا ڕەشمارێك پەیدا دەبێت، ئەویش بەردێکی تێدەگرێت، بەڵام بەردەکە بەر بەردێکـی دیکە دەکەوێت و چەخماخەیەك دەوەشێنێ و پووش و پەڵاش ئاور دەگرێت، ئیدی ئاور دروست دەبێت. ئەگەرچی هەندێك بەڵاجەوییە بەڵام لێـرەدا ئـاور وەك هێمـای مەزداپەرستی و ڕووناکی دەبێتە هۆی ڕاونانی مار کە هێمای ئەهریمـەنی بـووە لـە لای زەردەشتییەکان.

هەڵبەت جێژنی سەدە مەبەستی دیکەی لە پشتە؛ بۆ نموونە دەڵـێن حـەزرەتـی ئادەم کاتێ کە منداڵی گەیشت بە سەد، جێژنی کرد و سەدەی ناو لێنا کـە ئـادەم لای ئێرانییەکان کەیۆمەرسە. ئەبووڕەیحانی بیروونـی لـە پـەرتـووکی «التفهـیم» و «آثارالباقیه»دا ئەم بۆچوونە پەسند دەکات، بەڵام گردیزی نووسەری «زین‌الاخبـار» دەڵێت: چونکە منداڵەکانی مەشی و مەشیانە واتە یەکەم جـوتی مـرۆڤ بـە بـڕوای ئارییەکان بوون بە خاوەنی سەد منداڵ، بۆ شایانە ئـەم جێژنـەیـان کـرد. هەڵبـەت هەندێ کەس پێیان وایە بۆ سەردەمی شەڕی فەرەیدوون و زەحاك دەگەڕێتەوە کـە ئێرمائیل وەزیری زەحاك ڕاسپێرابوو هەر ڕۆژ مێشکی دوو کـەس بێنێـت بـۆ مـاری سەر شانی پاشا، بەڵام ئەو هەمیشە یەکیانی دەکوشـت و یـەکیـانی ئـازاد دەکـرد، ئەوانیش هەڵاتن بۆ چیا و بوون بە سـەد کـەس، شـەوێـك مـەشـغەڵ بـە دەسـت شۆڕشیان کرد. لێرەدا دیسانەوە جـێپێـی مـار دیـار دەکـەوێـت کـە وەك هێمـای ئەهریمەن لەناوچوونی مرۆڤی دەوێـت کـە داوای مێشـکی خـەڵـك دەکـات، بـەڵام

شۆڕشی ئاور وەك نووری ئەهوورایی لەناوی دەبات.

پاش هووشەنگ تەهموورس دەڕوات بۆ شەڕ لەگەڵ دێوەکاندا و خەڵك لە مەترسی ئەوان ڕزگار دەکات. هەڵبەت لێرەدا باسی لە نووسین و خەت کردووە، بەڵام زۆر لە ڕاستی ناچێت. لە دوای ئەو جەمشید نۆرەی دەگات کە باشترین هێمایە بۆ دەسپێکی شارنشینی و ژیارە گەورەکان، بەڵام لە ناوەڕۆکی شانامەدا وەها دەردەکەوێ ئەو کارانە کەوا جەمشید دەیکات خوێنەر دەخاتە هەل و مەرجێکەوە هەتا جەمشید لەگەڵ جەم قارەمانی چیرۆکە کۆنەکان کە جیهانی پڕ لە شەڕ و ئاژاوەی سامان دا و خەڵکی ڕزگار کرد بە یەکێك بزانێت؛ وەلێ جەم لە ئاکامدا سەرەڕۆ دەبێت و بە گوناهێکی گەورەوە کارەکەی تەواو دەکات، زەڕدەشتیش لە گاتاکاندا بە تاوان و گوناهی جەم ئاماژە دەکات.

هەڵبەت مەبەستم لە لێکدانەوە و بەهرەگرتن لە وتەکانی شانامە ئەوەیە کە لە درکاندنی ڕاستییەکاندا زۆرتر لە باڵی ڕاستەقینەی زەڕدەشت نزیکە و هەروەها سەبارەت بە ئافراندن زۆرتر باسی لە شتە سەرەکییەکان کردووە و خۆی نەخستۆتە ناو بازنەی چیرۆك و داستانەوە.

پاش ئەم هەموو لێکدانەوە و باس‌کردنە دووردرێژە، ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە: پەرتووکە پالەوییەکان کە بە شێوەی چیرۆك و وردبینانە باسیان لە دیرۆکی ئافراندن کردووە پێوەندی زۆرتریان بە کام باڵی ئایینەوە هەیە؟ ئایا دەکرێت بیاندەینە پاڵ زەروانییەوە؟ من پێم وایە ناتوانین بەتەواوەتی بە هی زەروانیان بزانین، چونکە جەخت کردن لە سەر زەڕدەشت لە نووسراوەکانی پالەوی و ئاماژە نەکردن بە هەرەمی زەروان، مەزدا، ئەهریمەن ئەوە پیشان دەدات کە ئەو کەسانەی ئەم بابەتانەیان کۆ کردۆتەوە زەروانی نەبوونە، بەڵام زۆر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری زەروانییەکانەوە. مۆغە مەزداپەرستەکان هەتا بڵێی خۆیان لە زەروانییەت دوور خستەوە بە جۆرێ کە هیچ پەرتووکێکمان نییە تەواو زەروانی بێت بەو شێوە کە نیمانە تەواو زەڕدەشتی بێت. کەواتە بەناچار دەبێ پەرتووکە پالەوییەکان تێکەڵێك لە هزر و بیری زەڕدەشتی و زەروانی بزانین.

## چەند خاڵێك سەبارەت بە ئەهریمەن، مینۆی خراپەكار و خولْقاندنی

وتەیەكی زۆر سەرنجڕاكێش سەبارەت بە ئەهریمەن لە پەرتووكەكانی پالەوی زەڕدەشتیدا هاتووە ئەوەیە كە ئەهریمەن قەد نەبووە و قەدیش نابێت. لە ئایینێكدا كە جەنگی نێوان سەركردەی چاكی (ئوورمەزد) و مینۆی خراپە (ئەهریمەن) ناوەرۆكەكەی دروست دەكەن لە هزر و بیردا ناگونجێت كە یەكێك لە دوو ڕەقیبەكە بوونیان نەبێت؛ ئەم حاشاكردنە لە بوونی ئەهریمەن جۆرێكە لە جنێودان و سووككردنی مینۆی خراپە بۆ بڵیندكردنی پلە و پایەی مەزدای بەتوانا. ئەگەرچی لە گاتاكاندا باس لە ئەهریمەن نەكراوە و تەنها لە سەر درۆ وەك هەوێنی خراپە ئاخاوتییە. هەندێ ئاوەڵناوی خراپ كە بۆتە هێمای ناوی ئەهریمەن بریتین لە نەزانی و دواكەوتوویی، درۆزنی، بۆگەندی و بێڕەحمی. بەزۆری ئەهریمەن جۆرێك پیشان دراوە كە هەموو كات دژ بە بەرژەوەندی خۆی و لایەنگرانی كار دەكات، هەڵبەت بە بوونی ئەم ئاوەڵناوانە و هەروەها ئەم جۆرە سووككردنە پێدەچێت حاشاكردن لە بوونی ئەهریمەن تەنها بۆ سووككردنی زێدەتری بووبێت، ئەگینا شتێ كە نەبێت خراپە وتنی چ سوودێكی هەیە؟ بەڵام ئەگەر ئەم وتەیە لەگەڵ وتەیەكی دیكە گرێ بدەین كە لە داستانی دینیدا هەیە و بەو پێیە ئەهریمەن بوونی مادی نییە، ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە كە گەلۆ دەكرێت ڕەوانی مرۆڤ (چ چاك و چ خراپ) دوای مەرگ كە دەڕۆن بۆ مینۆ، ئوورمەزد یان ئەهریمەن ببینن؟ وڵامەكە ئاوایە كە دەڵێن ئەهریمەن هەبوونی گیتی نییە و ئوورمەزدیش مینۆی

مینۆکانە یانی نە لە جیهانی مادی و نە لە مینـۆدا بینینـی بـە شـکڵ و شـێوە بـۆ کەس نالویێت، بەڵام بە ئەقڵ و ئاوەز و هێزی لێکدانەوە دەکرێت. لەم وڵامەدا ڕوون دەبێتەوە کە ئوورمـەزد و ئەهریمـەن هـەر دوو بـوونی مینۆییـیـان هـەیـە، بـەڵام هیچکام بە مانای ڕاستەقینەی وشە نابینرێن؛ کەچی لە پانتایی گیتی یانی جیهـانی مادیدا جیاوازییان لەگەڵ یەك هەیە. ئوورمەزد بە نێونجی‌کردنی دروست‌کـراوەکـانی خۆی لە جیهانی مادیدا بوونی هەیە؛ کەچی ئەهریمەن هیچ هاوشانێکی لە گیتیـدا نییە. لەم ڕوانگەوە لە جیهانی مادیدا دەکرێت بە وجوودی ئوورمەزد بگەیـن، بـەڵام بۆ ئەهریمەن ناکرێت. کاتێکە بۆ ئافراندنی مرۆڤ دەگەڕێینەوە، بوونی ئەهریمەن لـە جیهانی مادیدا هۆکارێکی تایبەتی هەیە و بابەتی خراپەکاری مرۆڤیش هەموو کـات وتوویرەی سەرەکی ئایینی زەڕدەشت بووە کە ئەگەر خراپە یەکێـك لـە هێماکـانی ئەهریمەن نـەبێـت ئـەم پرسـیارە کـە خراپـە لـە کوێـوە هـاتووە هـەم دیسـانەوە سەرهەڵدەداتەوە، بەڵام لە بەشی ئەخلاقی دینکەرددا هاتووە کە دەڵێت تەنیا کاتێـك دەکرێت ئەهریمەن لەم جیهانە دەربکرێت کە هەرکەس بەگوێرەی توانای خۆی لـە وجوودی خۆی بیتارێنێ، چونکە لانەی ئەهریمەن لەم دنیایە وجوودی مرۆڤەکانـە؛ ئەگەر ئەم نشینگەیەی پێ چۆڵ بکرێت دنیـاش بـێ ئەهریمـەن دەبێـت. هـەروەها دەڵێت ئـەگـەر وجـوود و جـەسـتەی مرۆڤـەکـان ببێتـە جێگـەی ئیـزەدەکـان (و ئەهریمەنەکان دەربکرێن)، خراپەش ڕوونادات.

لە بەشی شەشەمی دینکەرددا دەقێکی ئەخلاقی هەیە کە دەڵێت زاڵبوونی دێـو و ئەهریمەن بە مل جیهاندا شـەڕ لـەگـەڵ بوونـەوەرە مادییـەکـان نییـە؛ بـەڵکـوو شۆڕشێکە دژ بـە وجـوودی ئەهریمـەنی خـودی مـرۆڤ. هـەروەها هـەرکـەس لـە سەرکەوتن و شکستی لە هەمبەر ئەهریمەن لەم شەڕەدا خۆی بەتەنیایی بەرپرسـە. دەتوانین بڵێین ئاکامی دنیا بە تێکۆشانی خەڵك بەرەو چاکە یان خراپە بەستراوە کە ئەرکی ئەوان جەنگێکی دەروونییە بۆ دەرکردنی ئەهریمەنی وجوود، کە ئـەمـە وەك فەرمانێکی ڕاستەقینەیە بۆ شەڕ لەگەڵ ئەهریمەن لە نـاو مـاڵی خـۆدا. هـەروەهاش ئاگادارییێکە بۆ ئەوەی کە شەڕی خۆ بۆ ماڵی کەس نەبەین، ئەمـەش بـە ڕاشـکاوی

مەبەستی ئەوەیە کە لە ڕاوەدوونان و ئازاردانی بەرهەڵستکاران خۆمان بەدوور بگرین. هەڵبەت ئامانجی ئەم دەقە ئەخلاقییە ئەوەیە کە ئەهریمەن لە وجوودی خودی مرۆڤدایە نە لە جیهانی دەرەوە، کەواتە شەڕی دوژمنبەزێن دەبێت لە ناوەوەی خۆدا بکرێت نە لە دەرەوە کە ماڵی هەمووانە. هەروەها ئەم ڕامان و ڕوانگەیە لە بەندێکی بۆندهێشدا هاتووە کە جەختی لە سەر ڕاستی و دروستی کردووە.

لە ناوەرۆکی ئەم وتارانە دەردەکەوێت کە هەبوونی ئەهریمەن ڕاستییێکی دنیایی نییە، بەڵکوو تەنها وجوودێکی مرۆڤناسی یان دەروونناسییە. هەڵبەت ئەم خاڵە لە وجوودی ئەهریمەن نکوڵی ناکات بەڵکوو بە ڕەوشتێکی خراپ و ناشیرین و بە ڕواڵەتێکی نەبینراوی دادەنێت کە ئاسەوارەکانی، بوونی ئەو دەسەلمێنن.

هەروەها کە بینیمان بەرانبەرکێی نێوان ئوورمەزد و ئەهریمەن ئەوەیە کە یەکەمیان لە گیتیدایە و دووهەمیان بوونی لەوێ نییە، ئەم خاڵە گەرچی جیاوازی نێوان دوو هێز پیشان دەدات، بەڵام هاوکات ناهاوسەنگییێکی دەسەڵات لەم ئایینەدا وێنا دەکات. لە ئایینی کۆن مەبەست هەزری گاهانی پێکهاتەی دووخودایی یان دووبڕوایی بەسرابوو بە سێ وشەی ئەهوورامەزدا، سپێنتەمینۆ و ئەنگرەمینۆ. ئەهوورا سپێنتەمینۆی[١] لە تەنیشت بوو و ئەم دوو هێزە چاکسازە دژی ئەنگرەمینۆ یان مینۆی خراپە شەڕیان دەکرد. هەڵبەت ئەنگرەمینۆ لە بەرانبەر سپێنتەمینۆدا بوو نەك لە بەرانبەر ئەهوورادا. دەتوانین بڵێین سپێنتە وەك قەڵغانێك بوو بۆ ئەهوورا و ئەویش تەنها چاودێر بووە. بەگوێرەی ئەم بابەتە کێشی دەسەڵات بەرەو لای چاکە قورسایی دەکرد، چونکە سپێنتە پشتیوانی ئەهوورا بووە، بەڵام ئەنگرەمینۆ کەسێکی لا نەبووە، یانی ئەهوورا بێکێشە و بێڕەقیب بووە. لە دەقە پالەوییەکاندا دووخودایی(ثنویت) بە شێوەیەکی ڕوون جێگەی هەرەمی کۆن واتە ئەهوورا، سپێنتەمینۆ، ئەنگرەمینۆ دەگرێت، بەڵام لێرەشدا ناهاوسەنگی لە نێوان دوو هێزدا

١. مینۆی خێرۆمەند.

بەرچاوە، ئەمەش بەو هۆیەوە کە ئەهریمەن تەنها بە نـاو هێزێکـی تێکـدەر چـاوی لێدەکرێت؛ هەروەها لە سروشتیدا ئافراندن نییە بەڵکوو تەنها کـاری خـاپوورکردنی کـارە باشـەکـانی هێـزی چاکـەیـە. کـەوایـە هـەر لـە بنەڕەتـدا بـە هێزێکـی دووهەم ژمێـردراوە و ئـەمـەش چ بـە هـەڕەشـەی دابنێـین، چ بـە کـەموکـورتی، لەڕاستیدا سەروەری و گەورەیی هەر بۆ هێزی چاکەیە. لە ئایینی زەردەشتیدا ئەمـە خاڵێکی بنەڕەتییە کە ئیزەدی چاکە لە هەموو شتێك بەئاگایـە، هـەر بۆیـە دەسـتی داوەتە دروستکردنی جیهان هەتا قەڵایەکی بەرگری بێت لە بەرانبـەر ئەهریمەنـدا؛ دەتوانین بڵێین کە ئەهوورا بە دروستکردنی دنیا و ڕوونکردنەوەی هەموو ڕێگـە و شوێنێ خۆی وەك چاوەدێر دانا و هەموو شتێکی خستە ئەستۆی بوونەوەرەکان کـە ئەمانیش بە دوو شێوەی خۆڕسك وەك ئاژەڵ و بیرخوازی وەك مرۆڤ ژیـان بـەڕێـوە دەبەن. هەڵبەت مرۆڤەکان بەشێکی وجوودیـان لانـەی ئەهریمەنـە کـە تـەنهـا لـە ڕێگەی خۆپارێزی و دوورکەوتنەوە لێی دەتوانن بە ڕێگەی ئەهوورایيدا بڕۆن، ئەگینا ئەگەر لە بەرنامەی ڕاستی لا بدەن تووشی داوی ئەهریمەنی دەبن، کەوایـە دنیـای بێئەهریمەن کاتێك دەبێت کە جیهان بە ئاخر بگات.

## مێهری دادوەر یان نێونجیکار

کاری داد و دادوەری هێندە لای ئێرانییەکان بەنرخ بووە کە تەنانەت هەڵبژاردنی یەکەم پاشای ئێران واتە دیاکۆی ماد بۆ دادگەری ئەو دەگەڕێتەوە کە سەرۆك هۆز و خێڵەکان لەو کاتەدا بۆ یەکخستن و بەربەرەکانێ لە هەمبەر پەلامارەکانی ئاشوور وەك کوێخا و دەمڕاستی خۆیان هەڵیانبژارد و پاشان وەك ئیمپراتۆرێ دەوڵەتێکی دامەزران کە نەوەکانی توانییان لووتی ئاشووری ستەمکار بشکێنن. هەڵبەت بە ئەمەشەوە نەوەستا کە مێژوو شایەتی بۆ نرخ و بەهای دادوەری دەدا، تەنانەت چیرۆكنووس و ئەفسانەبێژەکانیش داد و دادگەری بۆ سەردەمی پاشا ئوستوورەیی‌یەکانی پێشدادی دەگەڕێننەوە. ئەبووڕەیحانی بیروونی لە پەرتووکێکی[1] خۆیدا سەبارەت بە پێشدادییەکان دەنووسێت: ئەوان کەسانێك بوون کە خاوەنی تەواوی گۆی زەوی بوون و شارەکانیان بنیات نا و کانزاکانیان دەرهێنا، فەنی کار و پیشەیان دۆزییەوە و لە سەردەمی پاشایەتی خۆیاندا دادگەرییان بەکار هێنا؛ بەو شێوەش کە شایەنی بوو یەزدانیان پەرستش کرد.

وشەی پێشداد یان پەرزاتە بە چەند شێوە مانا کراوەتەوە:

١. کەسێکە یەکەم جار یاسای دارشت.

٢. یەکەم ئافرێنراو.

٣. پێشرەو یان پێشەوا.

---

١. آثارالباقیه، ل. ١٤٥

لە دەمباسی پالەوی وەندیداد فەرگەردی٢٠، بەشی١٠ لە شرۆڤەی ئـەم وشـەدا هاتووە کە پێشدادەکان وەك هۆشەنگ، پێشـدادی ئـەوە بـوون کـە دادی خـودایی یەکەم جار ئەوان دایانمەزراند.

نووسەری (مجمل‌التواریخ و القصص، ل.٢۴) دەڵێت: چونکـە یـەکـەم دادگـەری هۆشەنگ کردی ناوی پێشدادیان لێنا، مەسکوویەی ڕازی[١] پێشدادی بەوە زانیوە کە پێشڕەوی دادگەری بووە، بەڵام لە مێژووی ئیبنی خەلدوون[٢] پێشدادی بە دادوەر و دادگەر زانیوە. موتەهەر کوڕی تاهێری مەقدەسی لە پەرتووکی ئافراندن و مێـژوو[٣]دا پێی وایە کە پێشداد یانی یەکەم حاکمێك کەوا لە نێو خەڵکدا داد و دادگەری پەرە پێدا و خەڵکی بۆ پەرستنی یەزدان هاندا، بەڵام کریستەن‌سـێن ڕای وایـە کـە ئـەو وشەیە چەند مانای هەبێت وەکوو کەسێ کە پـێش کـەسـانی دیکـە ئافرێنرابێـت، یەکەم کەس کە یاسای پاشایی داڕشت و هتد. زۆر درێـژەی پـێ نـەدەیـن، بـەڵام ساخت و پوخت کردنی ئوستوورە شتێکە بۆ سەلماندنی ئافرێنراوێك کە چۆن شتێك دروست بووە و ژیانی خۆی دەست‌پێ‌کردووە، هەر بۆیە دەورگێـڕەکـانی بـەشـێکی نیوەخوداییان هەیە و بەشێکی نیوەمرۆڤ. زۆربەی پاشاکانی پێشدادی وەهانە کـە زۆرێك لە ڕێکخراوەکان ئەوان دایانڕشت؛ بۆ نموونە ڕێکخستنی داد و دادگەری کـە بوو بە نازناویان. پاشان ئەم وشەیە تایبەت کرا بە باڵی ئایینی کۆمەڵگە کە هـەنـدێ لە ئیزەدەکان بەدرێژایی مێژوو لە نێو خۆیاندا دەسـتاودەسـتیان کـرد. گرنگترینیـان مێهری دادوەرە کە کاری نێونجی و جیاکردنی لایەنە دژبەرەکان بوو لە سـەرەتـادا، بەڵام دواتر ئەرکی بەرفراوانی گرتە ئەستۆ.

وشەی نێونجی(ناونجی) یان میانجی لە کۆندا وشەیەکـی جێکـەوتـی بـووە بـۆ کاری دادوەری و دادگەری. لە سـەردەمـی ساسـانییەکـان و پـێش ئـەوانیشـدا بـە کارگەلی پێوەندیدار بە دادگـا و دادوەری نێونجییـان دەوت کـە نـاوی پلـەیـەکـی

١. تجارب‌الامم، ل. ٥٥، ج/ ب ١
٢. ابن خلدون، ج. ١، ل. ١٧٤
٣. لاپەڕەی٥٠٣، ب١.

ئیداری بووە. لە هەموو دەقەکاندا وەك ئێرداویرافنامە، پازەند و هتد وشەی نێونجی هاتووە ئەگەرچی بە ڕواڵەت مانایەك ئەدرکێنێ، بەڵام لە ناوەرۆکدا هەر بۆ کاری دادوەری و حەکەمیەت دەگەڕێتەوە؛ گەرچی هەندێ جار بە نیبرگ هاتووە. ئەگەر لە ڕیشەی ئەم وشەیە بکۆڵینەوە لە زمانی کوردی ئێستادا وشەیەکی هاوشێوەی هەیە؛ نێوبرگ، ناوبڕ یان نێوبڕگە کە بە مانای جیایی نێوان دوو شتە؛ ئەم جۆرە جیاوازییانە ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە لە ئایینی زەڕدەشتیدا زۆر بەها بە داد و دادگەری دراوە.

## نێونجیکاری مێهر

لە ئاوێستادا مێهر لە یەزدانە گەورەکانە و لە دەسپێکی مێهری‌یەشتدا هاتووە کە ئەهوورامەزدا ئەوی لە گەورەیی و زاناییدا هاوتا و هاوسەنگی خۆی ئافراندووە. ناوی ئەم ئیزەدە لە سانسکریت mitra و لە ئاوێستادا بە mithra هاتووە کە بە مانای پێوەندی و جەمسەرە لە نێوان ڕووناکی دانراو و نوێ[1] لەگەڵ نووری سەرەکی یان ئەهوورایی. ئەگەرچی هەندێ مێهر بە هەتاو دەزانن، بەڵام مێهر تیشکی هەتاوە و ئەمەش لە بەندی سێزدەی مێهری‌یەشتدا ڕاست کراوەتەوە و خۆر لە ئاوێستا بە هەڤەرێ ناو براوە[2].

بە ڕای دارمێس‌تتێر مێهر بە مانای دۆستی و مێهرەبانییە و پێشڕەوی دۆستی و دادوەری گەورەیە، بەڵام بەگوێرەی باسەکانی مێهری‌یەشت مێهر زۆرتر داڕێژەری یەکسانی و چاودێری سۆز و پەیمانی خەڵکە. لە وێدای هێندییەکاندا بە مانای دۆست و هاودەم هاتووە. لە ئاوێستادا بەشی دەیەمی یەشتەکان تایبەتی مێهرە، مێهریەشت و چەند یەشتی دیکە لە کۆنترین بەشەکانی ئاوێستان و لەو سروودانەن کە پێش زەڕدەشت و سەردەمی ئەو پەیڕەوانی ئەم یەزدانە دەیان خوێندەوە[3].

١. محدث

٢- Hvare-khshaeta

٣. مێهری‌یەشت ١٤٦ بەند و ٣٥ کەردە یان بەشە.

لە مێهری‌یەشتدا سەبارەت بە مێهر هاتووە کە ئەهوورامەزدا بە زەڕدەشت دەڵێت کە من مێهرم هاوشان و هاوسەنگی خۆم ئافراند و شایانی ڕێز و ستایشە. لە دەسپێکی بەندی دووودا هاتووە کە مێهر ئەو کەسانەی کە لای ئەو درۆ لێدەدەن یان بە ناوی ئەو بەڵێن دەدەن و وەفای پێ ناکەن لە هەر شوێنێ بێت دەیانگرێت و سزایان دەدات. بە ڕای ئەو پەیمان و سۆز پیرۆزە، جا لەگەڵ مەزدایێ بێت یان کەسێکی دیکە. مێهر بە ئەو کەسانە کە خاوەن پەیمانن «ئەسەپی چرووسك» و تیژڕەو بە دیاری دەبەخشێت و پشتیوانییان لێ‌دەکات و فەرەوەشەکانیش منداڵی باش و دلێریان پێ‌دەدەن.

لە بەندی دووی مێهری‌یەشت بە دواوە ئاوا باس لە مێهر دەکرێت: «ستایشی میترا دەکەم کە خاوەن زەوی‌وزاری زۆرە، پارێزەری مافی ئارياييەکانە و لە وڵاتی ئەواندا ئاسایش و ئارامی پێك‌هێناوە؛ کارە دژوارەکانی چارە کردووە و سەرفرازی بۆ خەڵکەکە هێناوە. چونکە ئازا و دلێرە هەربۆیە هەمیشە جێگای ڕێزە[١]. مێهر لە نێوان ئیزەدەکاندا بەهێزترینە و ئەو لەگەڵ زاتر Zaothra یان ئاوی پیرۆز کە لە مەراسمە دینییەکاندا جێگای بایەخ بوو و هەروەها لەگەڵ «هەئوومە» و «بەرسەم» بە چاکی و زمانێکی ڕەوان ستایش دەکەم.» هەڵبەت هەتا بەندی چل‌وهەشت بەم شێوەیە بە بەژن و باڵای مێهردا هەڵچوونە؛ بۆ نموونە لە هەندێ شوێن بە ئیزەدی جەنگی دەزانن و لە هەندێکی دیکە بە چاودێری کردەوەی خەڵك کە هەزار چاو و هەزار گوێی هەیە و لە ئاسمانەوە سەرنجی کار و کردەی خەڵکی دەدات.

مێهر لە دژایەتی‌کردنی درۆ و درۆزندا نوێنەری ڕەوشتی پاکی ئاریایی‌یە؛ چونکە ئەو لە ڕادە بەدەر ڕقی لە درۆزنە و دژیان دەوەستێتەوە، هەروەها چون پاڵپشتی جەنگاوەری بەئیمانە، دژمنی ئەوانەشە کە بڕوایان پێی نییە. ئەو جگە لەوە خودای جەنگە خۆشی جەنگاوەرێکی بێ‌وێنەیە. هەڵبەت بە هاتنی زەڕدەشت هەموو خوداکانی بە درۆ زانی و پەرستنیانی قەدەغە کرد، بەڵام دوای مەرگی زەڕدەشت،

---

١. مێهری‌یەشت، بەندی ٥ ـ٤.

میهر دیسانەوە بەڕێز بووەوە و سەرلەنوێ بوو بە دەورگێڕی سەرەکی و ئیدی ناوی لە نێو خەڵکدا هاتە دەر و بوو بە خاوەن‌پلە لای دەسەڵاتدارەکان کە پاشان ناوی لە هەندێ بەڵگەدا هات و ئیدی ئەو ناوە بەرەبەرە زیندوو بووەوە. هەڵبەت شایانی باسە کۆنترین بەڵگە کە ناوی ئەم خودا هێند و ئێرانییەی تێدا هاتووە پارچە سواڵەتێکە هی ١٤٠٠ ساڵ پێش زایینە. ساڵی ١٩٠٧ زایینی لە کاپاتوکا kapatuka یەکێك لە شارەکانی ئاسیای بچووك لە شوێنێك بە ناوی بغازکووی هەندێ سواڵەتی قوڕینە دۆزرانەوە کە یەکێکیان پەیمان‌نامەی نێوان هیتی و میتانییەکان بوو کە تێیدا لە میترا و واروونا Varwna دوو خودای گەورەی هێند و ئێرانی یارمەتی خوازراوە، هەڵبەت ناوی چەند خودایەکی دیکەش هاتوون.

شێوازی خودایی لە میهرپەرستیدا لە سەر کۆڵەکەی دووبڕوایی وەك جۆرێك لە شۆپی زەروانییەت دانراوە، لەم ئایینەدا پێکهاتە سروشتییەکان هەرکام بە جیا کەسایەتی و ڕێز و پیرۆزیی تایبەتیان هەیە. بەگوێرەی ئەفسانەی میترا کە بناغەی میهرپەرستییە و هانری ماسە لە فرانز کۆمۆن دەیگێڕێتەوە: میترا لە تاشە بەردێك بەدی دێت، هەر کە دێتە دنیا شوانکارەکان دەست دەکەن بە پەرستنی. ئەویش لەگەڵ خۆر دەستبەیەکی دەکات و نێرەگایەك بەدەست دەهێنێت و بکێش‌بکێش دەیباتە ناو مەڕ(ئەشکەوت)ێك و زنجیری دەکات، بەڵام گا لە مەڕەکە دەرباز دەبێت، میترا لە ڕێگەی قاڵاوێکەوە کە پەیامهێنەری ئوورمەزد یان هەتاو بوو فەرمانی پێ‌دەدات هەتا نێرەگاکە بکوژێت ئەویش گەرچی فەرمانەکەی بەدڵ نەبوو، بەڵام شوێنی کەوت و پۆزەی نێرەگاکەی گرت و بە کاردێ کوشتی.

لە جەستەی گاکەوە گوڵەگەنمێك و دارگەلێك وەك ترێ دێنە دەر. کەژدەم یان دووپشك، مار و هەندێکیش دەڵێن مێرووڵە هێرش دەکەنە سەر گا کوژراوەکە و وەتەی دەگەزن، هەڵبەت گوێڕایەڵانی مەزدایی دەڵێن مەبەست لەو مار و مێروانە دۆستانی ئەهریمەنن. بە ڕای من مار و دووپشك لێرەدا هێمای زەمینن و وەتەی ئەو گایە هێمایەکە بۆ دروستبوونی هەندێ مادە و کەرستە، وەك چۆن خۆیان دەڵێن کە مانگ تووی ئەو گایە دەپاڵێت و ئاژەڵی بەسوودی لێ دەئافرێنێت.

(هەندێ لە ئێران‌ناسانی ئەورووپی، ڕەزا. م، کازم عابدینی، ل. ١٤٩ـ١٤٨)

ئەگەرچی دوای چاکسازییە ئایینییەکەی زەردەشت مێهر پلەی دابەزی، بەڵام دوای مردنی ئەو دیسانەوە ناوی هاتەوە گۆڕێ و وەك دادوەرێکی ئایینی هەڵبەت وەك خودایەك تایبەت بە هێزی باڵادەست تێکەڵی شۆپی زەردەشتی بووەوە، هەر بۆیە لە هەندێ سەرچاوە وشەی دادوەری تایبەتی میترا کراوە کە لەگەڵ دوو هاوکاری خۆی «سرووش» و «ڕەشن» کە هەرسێکیان لە دادوەرەکانی ئاکام‌ناسی زەردەشتین، نێونجی‌کاری چاکە و خراپەی هەمووان دەکەن بێ ئەوەی کە کێش و میزانی مینۆیی‌یان بە هیچ لایەکدا سەر بکات. ئەگەرچی لێرەشدا ئەهریمەن وەك ڕێگرێ دەست دەخاتە نێو کار بۆ بە لاڕێبردنی یەکسانی و دادگەری، بەڵام ئوورمەزد پشتی مێهر دەگرێت.

عەبدوالجەبار هەمەدانی بیرمەندی موسڵمان لە پەرتووکی «دلائل‌النبوە»دا سەبارەت بە ئایینزا جۆراوجۆرەکان دەڵێت: بەگوێرەی ئەفسانەیەك خودا لە ئەهریمەن شکست دەخوات و تێکڕای فریشتەکانی لە بەهەشتدا دیل دەکرێن، پاشان فریشتەکان دەبن بە نێونجیکار و لە نێوان دوو هێزی چاك و خراپدا ئاگربەس ڕادەگەیەنن و خەنجەری هەر دوولا دەگرن هەتا هێزەکان یەکسان بن. شەهرستانی لە زەروانییە دەگێڕێتەوە کە دوو شایەتی دادگەر خەنجەرەکان لە دوو لایەنی شەڕکەر دەستێنن و پەیمانێ واژۆ دەکەن بەو مەرجەی هەرکەس پەیمان بشکێنێ ئەو دوو کەسە بیکوژن، بەڵام هەمەدانی فریشتەکان بە پیاوی ئوورمەزد دادەنێت کە دەتوانن هەمان ئیزەدگەلێ بن کە لە ئاکام‌ناسی پالەویدا پێیان ئاشنا دەبین یانی بە سەرکردەیی مێهر، سرووش و ڕەشن. لە یەکێك لە دوو وتەی هەمەدانیدا ڕووداوەکە بەشێکە لە چیرۆکی زەروانی کە هەر ئەم ڕووداوە لە ڕاپۆرتی شەهرستانی سەبارەت بە زەروانییە هاتووە. بەرداشتی سەرەکی لەم جۆرە نێونجی-کردنەی فریشتەکان بەگوێرەی وتەکانی شەهرستانی بەشێکە لە بیر و بڕوای کەیۆمەرسی. هەر بۆیە چیرۆکی زەروانی و کەیۆمەرسی خاڵی هاوبەشیان زۆرە؛ لە هەردوو داستاندا دوو تاقمە ئیزەدی دژبەری یەکترین، خزمی یەکن؛ ئەگەرچی لە

داستانی زەروانیدا ئەوانە برای یەکن، بەڵام لە کەیۆمەرسیدا کوڕ و باوکن. لە هزری کەیۆمەرسیدا ئوورمەزد هەم ئەرکی زەروان باوك و ئیزەدی گەورە ئەنجـام دەدات و هـەم ئـەرکـی خـۆی؛ ئـەم دوو هـزرە گـەرچـی پێکـەوە نـزیکن، بـەڵام بـە دوو جۆر(ثنویت)وە گرێ دراون. چیرۆکی زەروانی جۆرێك سـێبڕوایـی (تثلیـث)ی سـێ لایەنە یان هەرەمییە کە تێیدا ئیزەدی گەورە یـانی زەروان لـە سـەرەوەی ئـەوانـی دیکەیە؛ کەچی لە کەیۆمەرسیدا جیاییێکی دوولایەنە لـە دەروونـی خـودی ئیـزەددا پیشان دەدات.

لە ڕاپۆرتی شەهرسـتانیدا سـەبـارەت بـەم دوو هـزرە ئـەرکـی نێـونجیکردنـی فریشتەکان چەشنی یەکە و هەر سێ ئیزەدی مێهر، سرووش و ڕەشن پێکەوە ئـەم کارە دەکەن. هەڵبەت لە ئەفسانەیەکدا هاتووە کە ئافرانـدنی مێهـر یـان هـەتـاو لـە ئاکامی پەیکارێکدا بووە کە ئەهریمەن شەوێك ئوورمەزد بە میوانی بانگهێشتی مـاڵی خۆی دەکات و پاشان بە پێشنیاری ئوورمەزد کوڕەکانیان پێکەوە زۆرەبانێك دەکەن، لە ئاکامدا کوڕەکانی ئوورمەزد شکست دەهێنن، بەڵام بڕیاردەرێ نییە کە دەربـارەی براوە حوکم بدات، هەر بۆیە هەردووکیان پێکەوە مێهریان دروسـت کـرد کـە لـەو بارەوە بڕیار بدات؛ بەڵام پلەی مێهر لەم نێوەدا وەك دادوەرێ بـەهۆی ئـەوەیـە کـە بەهرەیەکی هاوبەشی هەردوو لایە. بەپێی چیرۆکێکی دیکە لەدایكبوونی هەتاو یـان مێهر بەهۆی خەوتنی ئوورمەزد لەگەڵ دایکی خۆیدا بوو کە ئـەم خراپـەکارییـە لـە ئەهریمەن و بەردەستەکەیەوە فێر بوو؛ ئەگەرچی ئـەم دوو وتـە جیـاوازی زۆریـان هەیە، بەڵام خاڵێکی هاوبەشیان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هـەتـاو بـەهرەی جـۆرێ تەبایی نێوان دوو ڕەقیبە.

بەگوێرەی ئەم بابەتانە هەتاو کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا لـەگـەڵ مێهـر بـە یەکێك دەزانرا، بەزۆری وەك نێونجیکارێ لە نێوان دوو ڕەقیبـدا دەناسـرا. هـەروەهـا فرانتس کومۆن تێدەکۆشێت ئەم چیرۆکە لەگەڵ ڕامانی بابلیـدا شـرۆڤە بکـات کـە نێونجیکاری مێهر پێدەچێت تێکەڵی هزری کلدانی بووبێت کە لەو ڕامانـەدا هـەتـاو ڕۆحی مردووەکان بەرەو ئاسمان دەکێشێ، بەڵام ئەم شێوازە تەنها بە شـێوەیـەکـی

ناڕوون لە ئایینی مانەویدا هەیە، ئەگینا لە ئێراندا بەڵگەی باوەڕپێکراوی لە پشتەوە نییە. ویدنگرێنیش مەیدانی کردەویی مێهری لە نێوان هەتاو و مانگدا دەبینییەوە.

لەڕاستیدا وشەی نێونجی کە بە مانای تایبەتی دادوەر سەبارەت بە مێهر بەکار هاتووە لەڕواڵەتدا لە چیرۆکی ئافراندندا مێهر نەتەنها لە ڕاپۆرتە ئایینییەکان بەڵکوو لە وتە سەرزارەکییەکانی ناو خەڵك و هەندێ ئەفسانەی زەڕدەشتیدا هاتووە کە پلە و پایەی دادوەر وا لە نێوان ئوورمەزد و ئەهریمەنـدا. ئینجا ئـەوەی کـە مێهـر لـە دەقەکانی ڕاستئایینەکان واتە بادینەکاندا هیچ جێگە و شوێنێکی نییە بەهۆی ئەوە بووە کە ویستوویانە بە لابردنی هێـزی سـێهەم بـە دووبـەرەکێـی(ثنویـت) ڕوون و ئاشکرا بگەن یانی هەرەمی سێ‌گـۆش بـە دابـەزانـدنی یـەك هێـز بکـەن بـە دوو دەسەڵاتی بەرانبەر.

بەگوێرەی دەقی پەرتووکی بۆندهێش ناوەیەکی چۆڵ و پووچ بە ناوی وای یـان هەوا، لە نێوان ئەو دوو دەسەڵاتەدا هەیە کە بە شرۆڤەکردنی ئەو وتـەیـە دەکرێـت بەو ئاکامە بگەین کە ئەو پووچەڵییە ئەرکی جۆراوجۆری بە ئەسـتۆوە بـوو کـە وەك هێڵێکی سنووری تەنانەت بوونێکی سێهەمیش نەبوو؛ چونکە بەپێی شرۆڤەکـە ئـەو وجوودە پووچەڵە هەبوونێکی بینراوی نییە. ئەگەرچی هەردووکیان بوونێکی بەربـڵاو و بێسنوورن، بەڵام پووچەڵییەکە تێخی تیژی دژایەتییەکە بەجوانی پیشان دەدات، وەك بڵێی دوو بوونەکـە بـە هـەبـوونی ئـەوی دیکـە لـە بـواری جێگـە و پێگـەوە سنووردارن. جا کەواتە ئـەگـەر تێفکـرین جێگـە چـۆڵ و پووچـەکـە هـەم دەوری سنووردار و هەم بێسنووریش دەگێڕێت؛ گەرچی ڕێگەی چارەسەری ئەم کێشـەیـە بە ئێمە نەوتراوە، بەڵام دەزانین ئەو دوو بوونە هەتاهەتایییە بە هاتنی دنیا ئـاخری، یەکە خراپەکەیان لە ناو دەچێت.

وەیۆ ئیزەدی کەون لە وتە سەرەتـاییـیـەکـانی ئـەفسـانەکـەدا دەوری بـوونێکی نێونجی هەیە، کەچی پێناچێت کاریگەرییێکی چـالاکی بووبێـت، بـەڵام لـە ئـایینی مەزداییدا وەیۆ بـە دوو وەیـۆی بـاش و خـراپ دابـەش دەبێـت و ئـایینی مـانیش توانیویەتی مانای ئەم سنوورە لە زەڕدەشتییەوە وەربگرێت. ئـەگـەرچـی ئـەم واتایـە

پێشینەی گنۆسیشی هەبوو. نیبێرگ لە سەر وەیۆ دەڵێت کە ئەم ناوە لە ئاوێستا بە سووش هاتووە کە بە خودای شوێن یان سەواشـە thvasha ناسـاندوویەتی و پێـی وایە ئەمانە لە باری بیر و بڕواوە غەنیمی زەروانەکان بوونە.

لە ئایینی دواتری ئێراندا سێ جۆر هێزی سێهەم پەسەند کراوە:

١. هێـزی سـێهەم بـە نـاوی ناوچـەی پێـوەنـدی یـان نـاونجی وەك هێزێکـی بـێچـالاکی و بـێکـردەوە؛ وەیـۆ (پاشـماوەی بـوونێکی مینـۆیی کـە ڕۆژگـارێ کەسایەتییێکی نامۆی بووە).

٢. هێزی سێهەم لە چوارچێوەی خودای گەورە وەك دیـوانی دوو هێـزی دژبـەر کە زەروانە.

٣. هێزی سێهەم لە پلـەی دادوەر، نێـونجی و هێمـای عـەداڵـەت کـە مێهـر و هاوکارەکانی دەگرێتەوە. (شائول شاکد، مرتضی ثاقبفر، کورتکراوەیەك لـە لاپـەڕەکانی ١٢٧ تا ١٥٢)

## ئەهریمەن لە ئایینی زەروانیدا

بابەتی خێر و شەڕ یەکێکە لە کۆنترین کێشە دەروونییەکانی مرۆڤ کە هەر لە سەرەتاوە جیاوازییێکی بنەڕەتی لە نێوان ئەم دوو شتەدا دەبینی و لە یەکیانی جیا دەزانی. لە کۆنترین نووسراوەی ئێرانی گاهاندا دوو هێزی خێر و شەڕ لە بەرانبەری یەکتریدا بوون و لە هەموو تایبەتمەندییێکدا پێکەوە ناکۆك بوون. ڕووناکی و تاریکی دوو هێمای بڵیندی هزری خێر و شەڕن، گەرچی هەردووکیان ئافرێنراوی ئەهوورامەزدان، بەڵام بە ئاڵوگۆڕێك کە لە جێگە و پێگەی ئەهوورادا بەدیهات لە پلەی تاك و بێهاوتایی دابەزی و لە پێگەی سپنتەمینۆدا ڕاست لە ئاستی ئەنگرەمینۆدا وەستا؛ ئیدی هزری یەکبڕوایی گاهان گۆڕدرا بۆ بیری دووبڕوایی و ئامۆژگارییە دووبڕواییەکانیش بەرەو هزری دووخودایی چوون؛ یانی ئەهوورا تەنها ئافرێنەری ڕووناکی بوو، لە بەرانبەریشدا ئەهریمەن دەبووە سەرچاوەی تاریکی. هزری دووبڕوایی ئەگەر ئەقڵیش قبووڵی بکات پێویستی مرۆڤ بۆ پەیداکردنی تاکە سەرچاوەیەك لە بۆ دوو بنەمای خێر و شەڕ چارەسەر ناکات، بەڵام زەروانییەت دەتوانێت ئاوڕێك بێت بۆ بەراوردکردنی ئەم پێویستییە.

بەگوێرەی ڕوانگەی زەروانی پێش دروستبوونی ئاسمان و زەمین و بوونەوەرەکانی دیکە، ڕاستییێك بە ناوی زەروان هەبووە کە هەزار ساڵ پاڕایەوە کە ببێتە خاوەن کوڕێك بە ناوی ئوورمەزد هەتاکوو ئاسمان و زەوی و هەموو شتێك بئافرێنێ، بەڵام دوای هەزار ساڵ پاڕانەوە گومانی لا دروست بوو کە ئایا دۆعاکانی

بەسوود بووە کە ببێتە خاوەن کوڕەکە یان نا؟ زەروان لـەگـەڵ ئـەم کێشـمەکێشـە دەروونییەدا دووگیان بوو بە ئوورمەزد و ئەهریمەن؛ ئیدی ئاکامی پاڕانەوەکەی بـوو بە ئوورمەزد و ئەهریمەنیش بوو بـە بـەهرەی گومانـەکـەی. زەروان هـەبـوونی دوو منداڵەکەی هەستپێکرد، لە بەر خۆیەوە وتی هەرکامیان لە پێشدا هاتن پاشایەتی دەدەمە دەستی، لەو کاتەدا ئەهریمەن سکی هەڵدڕی و هاتە دەر و لە پێش چـاوی ڕاوەستا، ئەو منداڵێکی ڕەش و بۆگەن بوو، بەڵام پـاش ئـەو ئوورمـەزدی ڕوونـاك و بۆنخۆش هات و لە پێشیدا وەستا. زەروان بۆ ئەوەی کە پـەیمانـەکـەی نـەشـکێت پادشایی بە ماوەی نۆهەزار ساڵ دایە دەست ئەهریمەن کە زووتـر هـاتبووە دنیـاوە، پاشان ئوورمەزدی کرد بە شا هەتا لە دوای نۆهەزار ساڵەکە جێگەی بگرێتەوە و بـە دڵی خۆی هەڵسوکەوت بکات. لە دوای ئەوە ئەهریمەن و ئوورمەزد دەستیان دایـە ئافراندن؛ هەرچی دەستکردی ئوورمەزد بوو چاك بوو، هەرچی هی ئەهریمـەن بـوو خراپ دەرچوو.

لە کۆمەڵێك وتەی زەروانییەوە ئاوا دەردەکەوێت کە زەروان لـە بنـەڕەتـدا هـەم خودا بوو و هەم باوك کە تەواوی خوداکـان، ئەهریمەنـەکـان، هێـزەکـانی چاکـە و خراپە بەتێکڕای جیهانەوە لەوەوە بەدیهـاتن. بـۆ مرۆڤـی سـەرەتـایی دۆزینـەوەی بناغەیەك بۆ ڕووناکی و تاریکی، گەورە و بچووككردنی مانـگ لـە ئاسـماندا، هـاتنی بەهار و پاییز و لە پاش مەرگی مرۆڤ یەکسانبـوونی لـەگـەڵ خاکـدا پرسـیارێکی هەمیشەیی و گرنگ بوو. مرۆڤی سـەرەتـایی بـە بیـری منداڵانـەی خـۆی کـە لـە وجوودیەوە سەرچاوەی دەگرت وڵامی پرسیارەکانی خۆی دەدایەوە.

بە تێپەڕینی زەمەن مرۆڤ دوای ڕوانینێکی قووڵ، پێویستی بە پێکهاتـەیـەکـی ئایینناسی بۆ وڵامی پرسیارەکانی خۆی بوو، ڕوانگەیـەك کـە لـە سـەر بناغـەکـەی بتوانێت کات، شوێن و هەروەها یەکەم سەرچاوەی خێر و شەڕ، ڕووناکی و تاریکی، دۆستی و دوژمنی و باوکی باشە و خراپە بناسێت. ئاکامی ئەو گەڕان و پشـکنینەی مرۆڤ هەڵبەزینێ بوو لە بیری منداڵییەوە بەرەو بەخۆهاتنێکی فەلسەفی و عەقڵانی. بەپێی ڕاپۆرتی یووحەنـای دیمـەشـقی (٥٣٣ــ٤٥٣ زایینـی) لـە زمـانی ئێـدمووس

روودسی دەگێڕێتەوە کە هەندێك لە ئێرانییەکان کات و هەندێکیش شوێنیان بە سەرچاوەی هەستی، ئوورمەزد و ئەهریمەن، ڕووناکی وتاریکی و دوو دەستەی خێر و شەڕ دادەنا؛ ئەمەش بەهۆی پێوەندی چڕ و پڕی مرۆڤی سەرەتایی لەگەڵ ئاسمان و زەمیندا بوو. پێوەندی دایك و کۆرپەیی مرۆڤ و زەمین، ڕوخسارێکی شۆخ و مێهرەبانی بە زەمین بەخشی و ناخۆشییەکانی زەوی وەك وشکەساڵی، سەرما و سۆڵە، لافاو و هەورەبرووسکە کەوتە ئەستۆی ئاسمان. پێوەندی کوڕ و باوکی نێوان مرۆڤ و ئاسمانیش وەهای کرد کە هێزی خودایی ئاسمان بە سەر هێزی زەویدا زاڵ بێت و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. لە ئاکامدا کات سواری هەموو شتێك دەبێت و بە کامی خۆی دەیانسووڕێنێت.

پێوەندی باوك و فەرزەندی مرۆڤی سەرەتایی لەگەڵ سروشتدا وەك پێوەندی منداڵ لەگەڵ باوکی بوو کە هەندێ جار لە هەمبەری ڕووگرژ و هەندێ جاریش بەکەیف بوو، ئەم بیرکردنەوە منداڵانە سەبارەت بە سروشت بوو بە هۆی ئەوە کە زەروان زۆر بە ڕێكوپێکی لای خەڵك سپاس و ستایش بکرێت. ئەو وەك خودای کات یان زەمان بوونێکی هەتاهەتایی هەبوو؛ هەر وەك خودای شوێن یان مەکان کە هەموو ئافراندنێ لەوێدایە و دەسەڵاتی بێسنووورە، بێجگە لە ئەو کەسێکی وەها بەهێز نییە و هەر ئەو سەرچاوەی ژیانە.

هەڵبەت کات بە سەر شوێندا زاڵە و سێبەری وا لە سەر سەری، بەڵام تیۆدۆر بارکۆنای سەبارەت بە ئایینی زەروانی دەڵێت: لە سەرەتاوە جگە لە تاریکی هیچ شتێك نەبوو. هەڵبەت ئەم وتەیە بەهێزیی وزەی تاریکی و شەڕی بە سەر ڕووناکی و خێردا دەنواند و پێوەندی نێوان کات، تاریکی و شەڕی پتەوتر دەکرد، وەك بڵێی کە زەروان باوکی ئوورمەزد و ئەهریمەن زۆرتر بەرەو لای تاریکی و شەڕ ڕۆیشتبوو، گەرچی لە پەیکەر و هێماکانی زەرواندا گەورەیی شەڕ بە سەر خێردا پیشان دراوە و ئەوەندە نزیکی شەڕ بۆتەوە کە هەندێ لە توێژەران بە پەیکەری ئەهریمەنی دەزانن.

زەروان لە پەیکەری مرۆڤدا بە سەری شێرێکی توورە و هێرشبەر بە جووتێ

باڵی گەورەوە لە سەر گۆیەك وەستاوە و مارێك خۆی پێچاندووە بە دەوری پەیکەرەکەیدا، کلکی ئەو مارە لە سەر گۆیەکەیە و سەریشی لە سەر سەری شێرەکەیە. زەروان گۆچانێك و کلیلێکی پێیە کە نیشانەی پادشایەتی ئەوە بە مل زەمین و ئاسماندا، ئەگەرچی هاوڕێبوونی زەروان لەگەڵ شێر و ماردا زاڵبوونی خۆی و هێزە تاریکەکان بە سەر گۆی زەویدا دەسەلمێنێ، بەڵام بە ملکەچ بوونی هێزەکانی شەڕ لە مەڕ ئوورمەزد و وزە باشەکان لە ئایینی زەروانیدا هەلێك دەڕەخسێنێ هەتا هزر و بیری ئەهریمەنی و ئەهریمەنپەرستی لەم ئایینەدا پێكبهێنێت. مار لە ئایینی زەڕدەشتیدا هێمای ئەهریمەنە، هەر بۆیە لەماڵەکاندا سیریان ـ کە سیمبولی ئەهوورامەزدا بوو ـ دادەنا هەتاکوو ئەهریمەنی لێ دوور بکەویتەوە. تەنانەت لە سەردەمی ساسانییەکاندا لە ڕۆژی چواردەی یەکەم مانگی زستاندا خەڵك دەبوایە سیر و شەرابیان بخواردایە[1] و هەروەها سەوزە و گۆشتیان پێکەوە لێدەنا هەتا لە نەهامەتی و زیانی ئەهریمەن دوور بکەنەوە و نەخۆشی و دەردی شەیتانی لاببەن. ئێستاکەش لە زمانی کوردیدا پەندێك ماوە کە دەڵێت مار خۆشی لە سیر نەدەهات ئەو لە بەر کونەکەیدا شین دەبوو. جگە لەمە لە جێژنی نەورۆزدا سیر لە سەر سفرەی حەوت سین دادەنێن هەتاکوو لەو ڕۆژە پیرۆزەدا ئەهریمەن ڕوو نەکاتە ماڵەکەوە. ئەم تێڕوانینانە دژایەتی نێوان سیر کە هێمای مەزدایە و مار کە بە ئەهریمەنی دادەنێن پیشان دەدات، بەڵام بۆچی زەروان کە هەزار ساڵ پاڕایەوە هەتا بێت بە خاوەن ئوورمەزد لێرەدا بۆتە هاوڕێی مار کە هێمای ئەهریمەنە. زەروانییەت و ئایینی مێهری وەك دوو هزری بەرانبەر بە مەزدایی کاریگەری زۆریان لەسەر یەك هەبووە، لە نیگارەی گاکوژی میترادا ئەوە بە شێوەیەك بەرجەستە کراوە کە سوار پشتی نێرە گایەك بووە و بە دەستی چەپ سەری خستووە بە پشتا و بە دەستی ڕاست خەنجەرێکی لە شانی ڕۆکردووە، قالاوە ڕەشەیەك لە سەر سەری وەستاوە و باڵ لێدەدات و مارێك لە تەنیشتیایەتی و

١. جێژنی سیر سوور.

دووپشکێ وەتەی دەگەزێت و سەگێك خەریکە گاز لە برینەکەی دەگرێت و کلکـی گاکەش دەگات بە گوڵە گەنمێك، بەڵام لە هەندێ پـەیکـەردا مارەکـە وەتـەی یـان هێلکەگونی گاکە دەگەزێت و تـووەکـەی دەمژێـت. بـێگومـان لێـرەدا ئـەم بـاوەڕە باڵادەستە کە مار لە ئاییینی مێهرپەرستیدا هێمای ژیـان و ژیانـەوەیـە و هـەروەهـا بووژانەوەی سروشت بەوەوە دەستپێدەکات یـانی لـە یـەکـەم وەرزی سـاڵدا بـە ڕەشبوونی زەوی و خۆشبوونی کەشوهەوا، مار دوای خەوی زسـتانە دێتـە دەر و کاژ دەخات کە ئەمە خۆی نیشانەی نوێبوونەوەیە. هەروەها بوونی گوڵە گەنـم کـە هەوێنی ژیانە و بوونی مرۆڤ پێوە بەندە جۆرێـك ژیانـەوە زەق دەکاتـەوە. هەڵبـەت بوونی دوو پەیکەرەی مرۆڤ بە مەشخەڵەوە لە هەردوو لای نیگارەکە کە مەشخەڵێك بەرەو خوار و دانەیەك بەرەو سەر وەهای کـردووە کـە فـرانس کومـون بـە هێمـای هـەڵاتـن و ئـاوابوونی هـەتـاوی دابنێـت؛ هەڵبـەت خـودی کومـون دەڵێـت کـە مێهرپەرستی ڕاستەوخۆ لە زەردەشتییەوە گیراوە و میسراس خودایـەکـی ئارییـە و دەڵێت نیگارەی گاکوژی بـەگوێرەی دەمباسـەکـانی بۆنـدهێش لـە لایـەن میتـراوە جۆرێ ئافراندنە و مار و دووپشك وەك دوو بـوونی شـەڕ نـاو لـێدەبـات. بـەڵام لـە نیگارەکانی دیکەدا هێماگەلێك هەن وەك پەیکەرێکی شێرسەر کە مـارێ خـۆی پیـا پێچاندووە و نیشانەکانی بازنەی کەلوان لە دەوریدایە، هوارد جەکسۆن دەڵێت ئەمـە هێمای هێزی خودایە و نابێت بە نموونەی دەسەڵاتی سـتەمکـاری دابنێـین، جـان هینلزیش ڕای وایە کە ئەم پەیکەرە هێمای بوونێکە کە هەڵبەزینـی ڕۆح لـە پلـەی زەمینییەوە دەخاتە ژێر دیدی خۆی، وەك هێزێکی ئاسـمانی کـە بـە سـەر ڕێگـەی مرۆڤ بەرەو ژیانی ڕۆحی سەرووتردا زاڵە. لـە بـڕێ نیگـارەدا قابگـەلێـك هـەن کـە لایەنی جیاواز پیشان دەدەن؛ بۆ نموونە لەدایكبوونی میسراس لە دڵی تاشەبەردێـك کە مەشخەڵی لە دەستدایە و لە هەندێ قابدا خەریکی شەڕە لەگـەڵ گـادا و بـەرەو ناو ئەشکەوتێ ڕایدەکێشێت، میسراس سواری ئەسپە و تیروکەوانێکی پێیە؛ لـە زۆر شوێنیشدا لەگەڵ سۆل یان هلیووس خودای هەتاوە کە بە عەرەبانەیەك بۆ ئاسـمان دەڕۆن. گۆزەیەکی دۆزراوە لە تەپۆڵکەی گیان لە هەرێمـی نـەهـاوەنـدی سـەر بـە

پارێزگــای هەمــەدان وێنــەی مــارێکی دوو ســەر پیشــان دەدات کــە توێژینــەوە زانستییەکان ڕوونی دەکەنەوە ئەم نیگارە بۆ ۲۵۰۰ ساڵی پێش زایین دەگــەڕێتــەوە. هەڵبەت وێنەی مار هەتا هەزارەی یەکەمــی پــێش زایــین لــە زاگرۆســدا بایــەخــی هەبووە چونکە تا ئەو کاتە مار هێمــای ئــاوە ژێــرزەمینییــەکــان بــووە و هــەر بۆیــە جێگەی ڕێز و حورمەت بووە و تەنانەت لە جامی حەسەنلووشــدا مــار لــە چیرۆکــە هەڵکەنراوەکەدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت. ئێستاش لە ناو کورداندا ڕەشمارێ کە لــە ماڵاندا بێت نایکوژن و ڕێزی تایبــەتــی هــەیــە؛ بــۆ نموونــە لــە ســەر پــەرســتگەی ئێزدییەکان وێنەی ڕەشمار هەڵکەنراوە، تەنانەت لە هزری ئەواندا گەورەیەك هــەیــە بە ناوی شێخ مەند کە بڕوایان وایە بنەماڵەی شێخ مەنــد بەئاســانی و بــەبــێ هــیچ زیانێك ڕەشمار دەگرن؛ هەڵبەت ئەوان باوەڕیان بەوە هەیە کە هــەر مــار بــووە کــە گەمییەکەی نووح ڕزگار دەکات، لەو کاتەدا کون دەبێت خۆی دەکا بە کونەکــەدا و ناهێڵێ ئاو بێتە گەمییەکەوە. هەروەها قالاویش لە تۆفانی نووحدا یەکــەم باڵنــدەیــە کە بۆ دۆزینــەوەی وشــکانی دەفڕێــت. جگــە لــەمــەش پێســتی ئــەم مــارە لــەکــن میتراییەکان ڕەمزی خێر و بێرە و ئیدی بەم بۆنــەوە خــەڵکــانی ئــاژەڵــدار ئــازاری نادەن و بڕوایان وایە مەڕوماڵاتەکەیــان خێــری لــێ دوور دەکــەوێتــەوە و لــە بــڕێ شوێندا کابانی ماڵ پێستی ئەم مــارە لــە مــەشــکەی دۆ هــەڵــدەواســێت هــەتــاکوو بەرهەمی زۆر بێت. جگە لەمانەش بۆ سرەوتنی ئێش و ڕێش لە ڕۆنــی مــار کــەڵــك وەردەگیردرێت.

لە چیرۆکی گیلگەمێشدا هاتووە کە شازادەی ئورووك یان ئەرخ گەمێشی زانا و خۆ بەزلزان کە دوو لە سێی جەستەی، خودا و یەك لە سێی، مرۆڤ بوو لە نێــوان بنەماڵەکاندا بشێوی دەناوە هەتا ئەوەی کە خەڵکــی شــار لای خوداکــان ســکاڵایان کرد. خوداکانیش چوونە لای یەزدانی گەورە ئارورووی هەیکەڵساز و داوایــان کــرد نەخشێ بکێشێت کە لەگەڵ گیلگەمێشدا موو لێنەدات، شتێکی بەهێزی وەك ئــەو بێت تەنیا گیانلەبەری کێوی نەبێت. ئارورووئەنکیدۆی ئافراند کە لەشێکی کــوڵکن و پرچێکی ژنانەی درێژی بوو، ئەم بوونەوەرە وەك ئاژەڵ گیای دەخوارد و هیچی لە

ژیانی مرۆڤایەتی نەدەزانی، ڕاوچییێك كە دەیویست بیكوژێت بابەتەكە بە گیلگەمێش دەگەیێنێت، ئەویش بە ڕاوچی دەڵێت ژنێك لە پەرسگەی ئیشتار برفێنێت و بە فڕ و فێڵی ژنەكە ئەنكیدو ڕام بكات، ئەویش سەر دەكەوێت و دوای گرتنی دەیبات بو ئورووك؛ لەوێدا گەمێش و ئەنكیدۆ دوای شەڕێكی دەستەویەخە دەبن بە هەڤاڵی یەكدی. هەڵبەت هەر لەم چیرۆكەدا گەمێش لەگەڵ دێوی دارستان «خومبەبە» لێك هەڵدەچن و هەروەها ئیشتار ئاشقی گەمێش دەبێت و ئەویش ئاوڕی ناداتەوە. وەرە ڕۆحی شیرینم گیلگامێشم، خۆشەویستم، هیوابەخشم، ئاوی پشتت توند كە لە ناو زكی تورتمدا كە تۆ پیاوی من بە و من ژنی كەسی كە[نابم]، عەرەبانەیەك دێنم دەیڕازێنمەوە بە چوارچێوەی دوڕ و جەواهێرەوە، بە بۆنی خۆشی عەتر و عەنبەرەوە، هەموو ڕۆژ ڕەسەنترین ئەسپی وڵات بەشكۆترین شێوەی ئەڕابات، پێ بنێ ناو ژووری دڵم، عاشقم، سەوداسەرم. (شارۆخ حەسەنزادە، ل.٩١)

«شەمەش» چووە تەنیشت «ئانوو» و سكاڵای لێكرد و داوای كرد گایەكی ئاسمانی دروست بكات و بەریداتە گیلگەمێش؛ گایش هەزاران كەسی خستە بەر سم و شاخی خۆی و ڕایماڵین، بەڵام گەمێش و ئەنكیدۆ دەستیان دایە یەك و كوشتیان؛ ئەنكیدۆ بۆ سووككردنی شەمش قاچێكی ئەو گایەی تێگرت، ئەویش لە داخان تفی لە ئەنكیدۆ كرد و دەردێكی پیسی پیا پێچیا و دواتریش ئەنكیدۆ دەمرێت. دوای مردنی ئەنكیدۆ گەمێش خەم دایدەگرێت و دڵگران لە مەرگی یار بیر لە چارەنووسی خۆی دەكاتەوە كە ئەمیش وەك ئەنكیدۆی لێ دێت یان نا؟. ئەم بیركردنەوە وایكرد بكەوێتە بیری ژیانی هەتاهەتایی و نەبڕاوە؛ هەر بۆیە دەستی لە تاج و تەخت هەڵگرت و بە شوێن ژیانی بێبڕانەوە هەڵوەدای كەژ و كۆ بوو. شەمەشی یەزدان پێی دەڵێت ئەم گەڕانەی تۆ بێهۆیە، دەبێت تۆ بڕۆی بۆ لای «سیدۆری سابیتۆ» ژنە زانای ئاسمان كە پاسەوانی درەختی ژیانە و ڕێگای «ئوتنەپیشتەم»ت پیشان دەدات. سابیتۆ بە گەمێش دەگات و پێی دەڵێت ئەوەی تۆ بە دوویا دەگەڕێیت نایدۆزییەوە؛ چونكە خودا كاتێ كە مرۆڤی ئافراند مەرگی بۆ

دانا و ژیانیشی بۆ خۆی هەڵگرت، بڕۆ شادمان بژی و ڕایبویرە و بۆ شارەکەت بگەڕێوە.

هەڵبەت ئەم وتوویژەی سابیتۆ لەگەڵ گەمێش ئاوایە کە لێی دەپرسێت: بۆ کوێ ئاوا بە پەلە؟ ژیانی نەبڕاوە کە بە دوویا دەگەڕێی قەد نایدۆزیتەوە. ڕۆژی یەکەم کە خوداکان مرۆڤیان ئافراند، مەرگیان بۆ دانا و ژیانی نەبڕاوەشیان بۆ خۆیان هەڵگرت. ئەی گیلگەمێش! خۆش ڕایبویرە و زکی خۆت تێر بکە، شەو و ڕۆژ کۆك و بەکەیف بە، جلی جوان لەبەر کە و خۆت بڕازێنەوە، لە ئاوی خاوێندا خۆت بشۆ و بەژنت قیتوقۆز بکە! بە دەمی ئەو منداڵەوە پێبکەنە کە دەستی پێتەوە گرتووە، لەگەڵ ئەو ژنەشدا کە لە باخەڵتا دەنوێت بە بەختەوەری ڕایبویرە. (جان بایرناس، عەلی ئەسغەر حیکمەت، ل. ٧٤)

گیلگەمێش ئەرخەیان نابێت ئەویش بە ناچار ڕێگەی «ئوتنەپیشتەم»ی پیشان دەدات و گیلگەمێش بە ڕێنموونی گەمییەوانێك دەڕوات بۆ لای، دوای وتوویژێکی دوورودرێژ ئوت دەڵێت: خودا کاتی ئافراندنت ڕۆژەکانی ژیانی تۆی ئەژماردووە، بەڵام هی مەرگت نا، تۆ مەحکوومی بە مەرگ. بەس ئەم هەر لە سەر ویستی خۆی سوور بوو دواتر بە تکای گەمێش و ژنەکەی خۆی شوێنی گیایەکی پێ وت لە ژێر دەریا کە ژیانی نەبڕاوە دەبەخشێت و پیریش جوان دەکاتەوە. گیلگەمێش بەردێك دەبەستێ بە قاچی خۆیەوە و دەڕواتە ژێر دەریا و گیاکە دێنێت و بە شادمانی بەرەو ئورووك دەگەڕێتەوە؛ دوای ماوەیەك دوورگەیەك دەبینێت، لا دەدات وچانێ بگرێت، لەوێ کانییێك بوو ویستی خۆی تیا بشۆرێت، مارێك بۆنی گیاکە دەکات و دێتە پێش و دەیخوات، مار کاژ دەخات و جوان دەبێتەوە. گیلگەمێش دوای ئەو هەموو ماندووبوونە ڕەنجی بە خەسار دەچێت و بە دڵگرانی بۆ ئورووك دەگەڕێتەوە و دەگاتە کۆشکەکەی، ڕۆحی ئەنکیدۆ دێتە پێش چاوی و لەو جیهانەکە دەیترسێنێت، ئەمیش لەترسا دەمرێت. لەم چیرۆکەدا بابەتگەلێك وەك بەربەرەکانێ لەگەڵ مەرگ، جێگە و پێگەی خوداکان و ژماردنی ڕۆژی ژیانی مرۆڤەکان لە لایەن خوداکان و پیرۆزی مار وەك هێمای زەروانییەت

کە هەر ساڵە کاژ دەخات و دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژیانی هەتاهەتایی ببێت جێگای سەرنجن.

یەکێک لە گرنگترین ڕووداوەکانی ژیانی گیل‌گەمێش دیداری لەگەڵ «ئوتنەپیشتەم» بوو. ئەو لە وڵامی ئەوەدا کە چلۆن ژیانی نەبڕاوەی بەدەست هێناوە چیرۆکی تۆف و زریانی بۆ دەگێڕێتەوە. بەم چەشنە ئەفسانەی گیل‌گەمێش بە شێوەیەك گرێ دەدرێت بە زریانی دیرۆکی مێزۆپۆتامیاوە و ناوی گەمێش دەچێتە ڕیزی کەسانێك وەك نووح و ئەترحەسیسی ئەکدی. هەڵبەت مانای ئەم دوو ناوەش هەر وەك هی ئەو بە «زانا» و «ئاقڵ» هاتووە و لە تەوراتدا باسیان لێ کراوە کە لە سەردەمی ئەم دوو کەسەشدا زریان و لەهی هاتووە. بەڵام ئەوەی گیل‌گەمێش و نووح لێك جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە دەوری سەرەکی نووح وەك هەڵبژاردەی خوا، بانگەوازێ بوو بۆ ڕێك‌وپێکی و مل‌کەچی لە بەردەم خودادا، بەڵام گیل‌گەمێش وەك شازادەیەکی خۆ بەزل‌زان بشێوی و دووبەرەکی لە نێوان خەڵکیدا دەناوە و هەروەها ئەم خۆی بۆ ژیانی نەبڕاوە ئامادە دەکرد، کەچی نووح مزگێنی دنیایەکی دیکەی ئەدا. هەڵبەت هەردووکیان تووشی زریان دەبن و بە گەمییێکی زل و زەمەن خۆیان دەرباز دەکەن. بەگوێرەی ئەم چیرۆکە زەوی گەورە دەبێت و خەڵکی زۆر دەبن؛ خوداکان بۆ لەناوبردنی مرۆڤەکان تۆف و زریانێکی بەخوڕ ڕێ‌دەخەن. هەڵبەت «ئەیا» خودای ئاو و زانایی «ئوتنەپیشتەم» لە بڕیاری خوداکان ئاگادار دەکاتەوە و پێی دەڵێت گەمییێك دروست بکات و لە هەموو توو و دانەوێڵەیەك کە هی ژیانە بخاتە گەمییەکەوە، تەنانەت قەبارەی گەمییەکەشی بۆ دیاری دەکات. شەش شەو و ڕۆژ بەلێزمە باران دەبارێت و لافاو لە کەژ و کۆ تافە دەپێکێت و گەمی، بە سواری شەپۆل ڕێگا دەپێوێت هەتا ڕۆژی حەوتەم سووك دەبێت و ئیدی «ئوتنەپیشتەم» سەرەتا کۆترێك دەفڕێنێت هەتا وشکانی بدۆزێتەوە، بەڵام دەگەڕێتەوە. پاشان قالاوێك دەنێرێت کەچی ئەو نایەتەوە و لە زەمیندا دەنیشێتەوە. پاشان «ئوتنەپیشتەم» لە گەمی دێتە دەر و قوربانییێك دەکات و خوداکانیش وەك مێش خڕ دەبنەوە لە دەوری قوربانییەکە. دوای وت‌وویژێکی

درێژخایەن «ئەیا» ژیانی هەتاهەتایی و نـەبـڕاوە ئـەداتـە خوداکـان. هەڵبـەت لـەم چیرۆکەدا هەندێ شت هەن کە دواتر دەبن بە دەورگێڕێکی سـەرەکـی لـە ئـایینی مێهرپەرستیدا؛ بۆ نموونە لە نیگـارەی گاکوژیـدا لـە سـەر سـەری میتـراوە قـالاوە ڕەشەیەك هەیە کە باڵەتەپێ دەکات و مارێك خەریکـە وەتـەی گاکـە دەگـەزێـت و تووی نێرەگاکە دەمژێت هەتا بیکاتە بنەتـووی مرۆڤایـەتـی. کـەچـی لـە چیرۆکـی گیلگەمێشدا مار گیا ژیانبەخشەکەی گیلگەمێش دەخوات و ژیانی هـەتاهـەتـایی بۆ خۆی مسۆگەر دەکات. هەروەها لادانی گیلگـەمـێش لـە کانیـاوی دوورگـەکـە، کانیاوی «ئەرخە» یان «ئوورخە» دێنێتە بیر کە کـوڕە شـوان بـە دووی فێربـوونی زانستی دەگمەندا دەڕواتە ناو کانییەکە بۆ لای «ئەرخە» یان «ئوورخە» کە بنەمـای مادەیە و جیهانی لێ دروست دەبێت و پاشان دەبێتە هۆی دروستبـوونی بنـەمـای زەروانییەت؛ کە گەڕانی کوڕە شوان بە دوای زانست و گیلگەمێش بە دوای ژیـانی نەبڕاوە و ڕۆیشتنی هەردووکیان بۆ ناو ئاو بە دووی مەبەستەکـەیـان، لێکچـوونێکی سەرنجڕاکێشە. هەروەها کوشتنی گا ئاسمانییەکە شەڕی میترا و گا دێنێتە بیـر کـە ئەم لێکچوون و بەرداشتکردنە لە یەکتر ئەوە پیشان دەدات کە بنەماکان یـان لـە ڕیشەدا یەکێك بوونە یان لە سەر یەکدی باندۆریان هەبووە. بەڵام هێنانی هێماکـانی مێهرپەرستی بۆ ناو باڵەکانی زەڕدەشـتی و دانانیـان لـە خشـتەی ئەهریمەنـدا، بـۆ سەردەمی دوور دەگەڕێتەوە کە دەیانویست ئایینی بەرەی مادەکان ناشـیرین بکـەن هەر چۆن لە هەمبەر ئایینی دایكسالاریدا کردیان. (پاڵەواننامەی گیلگـەمـێش، ؟، وەرگێڕانی حسێن سەفەوی)

لە سواڵەتی یەکەمی چیرۆکی گیلگەمێشدا باسێك هەیە کە کیژێکی ناسكونـۆڵ لە پەرستگەی پیرۆز دەهێنن بۆ دەستەمۆکردنی ئەنکیـدۆ، کـە ئـەم کچـە لـە لای خەڵکی وەك ژنەخودایەك چاوی لێدەکرا و بۆ فریـودان و گرتنـی کـەڵـە پیـاوێکی عەواڵ کەڵکی لێدەگرن، بەڵام ئەم شتە دەکرێت دوو شرۆڤەی بـۆ بکرێـت: ١. وەك ئەو شرۆڤەیە کە پەیڕەوانی زەڕدەشتی دەیکەن کە خاتوونەخوداکـان وەك دێـو نـاو دەبەن و دەڵێن خەڵك فریو دەدەن و لە خشـتەیـان دەبـەن. ٢. وەك پردێـك بـەرەو

شارستانییەت کە ئەم ئافرەتە شارنشینە بۆ ڕامکردنی پیاوێکی چیانشین و کێوی بەهێز کەڵك وەردەگرن هەتا باوەشی گەرمی ئەم ژنە، سەرکێشیی ئەم پاڵەوانە لاسارە کەم بکاتەوە و بەرەو شارستانییەت بەڕێی بکات بۆ خزمەتکردن بە کۆمەڵگە کە بۆچوونی دووهەم بە ڕای من لە جێی خۆیدایە.

ئەی کیژی شۆخ و جوان
هیوای مەرگ و ژیان
سیخمەت دەرێنە، کراست دادڕێنە
با دەرکەوێ ئەم دوو خەزێنە
باخ و بێستانی سینگت، بزەی لێوت
لە سەر ناوکت هەتا ئەوکت
گۆی ڕەق و مەمکی نەرمت
ئەمە ببینێ دێتە پێشێ
بڕۆ لای با دڵی نەیێشێ
ئەوە داوی منە، ڕاوی منە، پاڵەوان بە ژن نەبێ ڕاو ناکرێ
با دابڕێ لەو هەموو دۆستەی
ئاژەڵن گش دار و دەستەی، سینگی تورتت بە سینگیەوە نێ
هەناسەی گەرمت بە لێویەوە نێ. (شاڕۆخ حەسەن زادە، ل. ٨٢)

هەڵبەت بە هەر چەشنێ ڕوو لە چیرۆکە حەماسییەکان بکەین چەن شت بە زەقی بەرچاو دەکەوێت؛ بۆ نموونە گەڕان بە دوای ژیانی هەتاهەتایی، واتە خۆ دەربازکردن لە مردن و دەرچوون لە بازنەی کات و مانەوە لە خولگەی شوێندا کە فەلسەفەی مەکان و زەمانە. بوونی پاڵەوان و خەڵکانی نائاسایی لە باری جەستەوە واتە ئەوانەی کە شەڕی ژیانی بێبڕانەوە دەکەن کەسانی بەهێز و بەدەسەڵات بوونە، ڕەنگە هەموو کەس ئەم مافەی نەبووبێت. شتێکی دیکە ئەوەیە دەورگێڕی ئەم چیرۆکانە زۆربە خەڵکانی ئاژاوەچی و جەنگز بوونە، هەروەها لە هەست و نەستی خەڵك و ئەو شتانە کە دەکرا خەڵکی پێ ڕاگیر بکرێت وەك ئایین بەهرەیان

لێگرتووە؛ بۆ نموونە لە هەموو چیرۆکەکاندا بەشێکی باس و ڕاسەکە دەچێتە خانەی ئایین و بیر و بڕواوە.

بە ڕای من پێدەچێت لە بنەڕەتدا شتەکان ئەوەندە سەیر و سەمەرە نەبووبێتن، بەڵام چونکە زۆرینەی خەڵکی نەخوێندەوار و لە باری زانستەوە لە پلەی خواردا بوونە ویژەی چیرۆکەکان بوونەتە زارەکی و دەم بە دەم هاتوون، هەر بۆیە زۆرتر زمانی خەڵکی ڕەشۆکی و بازاڕ ئاوری حەماسەکەی گەرمتر کردووە. ئیدی ئەم شێوازە ویژەیی‌یە لە ڕێچکەی زانستی لایداوە و بۆتە شتێکی سەیر.

سەبارەت بە ناوی گیل‌گەمێش چەن شت هەیە کە جێگای سەرنج و تێڕامانە؛ مامۆستا مەسعوود محەممەد لە پەرتووکی زاراوەسازی پێوانەدا[1] باسی کردووە کە دەڵێت لە کۆندا دەنگی «ڵ» لە زمانی کوردیدا نەبوو هەروەها ئاوێستاش ئەم دەنگەی تێدا نییە و بە جێگەی ئەو دەنگی «ر» بەکار دەچوو. لە ناوچەی هەولێر ئەم شێوازە هەر ماوە و بەردەوامە و لە جێگای خۆیدایە؛ بۆ نموونە بە خاڵ دەڵێن خار، بە ماڵ دەڵێن مار و هتد، هەر بۆیە دەکرێت چوار وشەی لێکچوو لە گیل-گامێشدا بتاشین.

١. گیر: بەرهەڵست، ڕژد، چکۆس، واتە پەتی ئاژەڵبەستنەوە

٢. گیڕ: بەهێز، بەکێش، بەردەلان

٣. گێر: کونە بەرداش، قەڵەوی پان و پۆڕ، حەپەساو

٤. گێڕ: خواروخێچ، دروستکەر، بساز

ئەم شێوازە لێکدانەوەیە شتێکی ئاڵۆزە، بەڵام پێدەچێت گیڕگامێش ڕاستتر بێت چونکە ئێستاش گوندێك هەر بەم ناوە لە دەڤەری زوممار هەیە کە بە مانای گامێشی بەهێز دێت و دەکرێت وەك نازناو بەکار ببرێت. لە ڕەخ و بەستێنی چۆمی دیجلە و فۆرات ئێستاش شان و پێلی بەهێزی ئەم ئاژەڵە چاو لە گلێنە دەردێنێ و گەلێك بەناوە.

---

١. چاپی دووهەم، لاپەڕە ١٢، پەخشی ئاراس، ٢٠١١.

ڕەنگە وەك کەڵ و گامێش بکرێت شرۆڤەی بۆ بکرێت چونکە وەك دوو ئـاژەڵـی بەسوود بۆ کشتوکاڵ لە کۆمەڵگەی ئەو کاتەدا کۆڵەکەی ئابووری خەڵکیان دەگێـڕا کە پێدەچێت ئەم پیاوە بەهێزە نازناوی کەڵگامێشی پێدرابێت.

گەل‌گامێش یان ڕەوەی گامێش؛ ڕەنگە خاوەنی ڕەوەیەکی گامێش بووبێت.

کەل‌گامێش مانای قەڵای گامێش واتە پیاوانی بەهێز دەدات. لە کرمانجیدا کەل یان کەلهێ مانای قەڵا دەدات وەك کەلیبەر واتە قەڵای بەردین.

گێل گامێش: لێرەدا گێل مانای گەمژە و گێژ دەدات کـە ڕەنگـە ئـەم گامێشـە لەمەڕ مردن گێلی دەستی پێدابێت و دووی ژیـانی نـەبـڕاوە کـەوتبێـت کـە ئـەم حەماسەتەی خوڵقان.

ڕەنگە ئاوا بۆچوونێ هێمای زانستی نەبێت، بەڵام بە ڕای من بۆچوونی دووهـەم و پێنجەم نزیکتر لە بابەتەکە وێنا دەکرێن؛ چونکە لە چیرۆکەکەدا هەم بەهێـزی و هەم مکوڕبوونی بۆ ژیانی هەتاهەتایی بەجوانی بەرچاوە، بەڵام شتێکی دیکەش لـەم بابەتەدا قورسایی هەیە ئەوەیـە ڕەنگـە نـاوی گیـل‌گـامێش وەك نـاوە ئارییایـیـەکـان گرتەیەك بێت لە کسم و کارەکەی؛ بۆ نموونە نـاوی زەڕدەشـت کـە دەڵـێن مانـای خاوەنی وشتری زەرد دەدات یان گەشتاسپ، جاماسپ. پێدەچێت گەلەگامێش وەك ئاوەڵناوێك بووبێت بۆ ئەم پیاوە کە خاوەنی گەلەیەکی گـامێش بووبێـت کـە ڕەنگـە زۆربەی ئەم بۆچوونانە ڕێگای تێ بچێت، بەڵام بۆچی ئاوەهـا چیرۆکـەکـەی تۆمـار کراوە و پاراستوویانە جێگای سەرنج و تێڕامانە. (شـاڕۆخ حـەسـەن‌زادە، ل.٨٠ــ٧٨)

## ئەهریمەن پەرستی

لە ڕوانگەی مرۆڤی سەرەتاییی‌یەوە سروشت دەبێتە دوو بەش: یەکەم ژیندەر، دووهەم ژینبەر. ئەو بۆ هەرکام لەمانە خودایەکی لە هزری خۆیدا دروست کردبوو کە ئەم ئیزەدانە سێ ئەرکی سەرەکییان لەئەستۆ بوو:

١. بەند و ئارام کردنی هێزەکانی سروشت

٢. دروست‌کردنی پردی پێوەندی دۆستایەتی لە نێوان مرۆڤ و ژیاندا

٣. قەرەبووکردنی بێبەری و قەدەغەبوون لە شارستانییەت

ئەگەرچی مرۆڤ لە سەرەتاوە بەپێی سرۆشتی خۆزایی خۆی هەڵس‌وکەوتی دەکرد و بۆ هەردوو خوداکە هەم قوربانی دەکرد، هەم کڕنۆش، بەڵام بۆ هێزە خراپەکان تەنها لە ڕووی ترسەوە قوربانی دەکرد بەڵکوو لە هەڕەشەیان بەدوور بێت؛ کەچی بۆ هێزە چاکەکان بەهۆی دۆستایەتییەوە قوربانی دەکرد هەتاکوو گوێڕایەڵیی خۆی بسەلمێنێت. ترسی لەڕادەبەدەری مرۆڤ لە هێزە خراپ و سەرکێشەکان وەهای کرد سەرەتا ڕوو لەوان بکات و دەروونی خۆی بەوانەوە خەریك بکات، بەڵام چون نەیتوانی ڕامیان بکات بە ناچاری دەستی دایە پەرستنیان و قوربانی بۆکردنیان.

هزری دووبڕوایی ئەم ناوەرۆکەی تێدا بووە؛ ئەگەرچی زەڕدەشت ستایشی تەنها شیاوی ئەهوورامەزدا دەزانی و پێی وابوو بە ستایش و قوربانی‌کردن بۆ هێزەکانی

چاکە، ئەهریمەن و دارودەستەکەی شکست دەهێنن و جیهان ڕووەو ئاوەدانی و مرۆڤ بەرەو مان دەڕۆن. بەڵام بەگوێرەی هەندێ نووسراو، ئێرانییەکان لە کۆندا ئەهریمەنیان پەرستش دەکرد و ئایینێکی تایبەتیان بۆی هەبووە.

پلۆتارکی یۆنانی(۴۶ـ۱۲۰ز) لە پەرتووکی ئایزیس و ئۆزایریس لە بەشێکی تایبەت بە ئێرانییەکان سەبارەت بە ئەهریمەنپەرستی دەڵێت: تاقمێك لە خەڵکی بڕوایان بە دوو خودا هەبوو کە یەکیان ئافرێنەری شتە باشەکانە و ئەوی دیکەیان ئافرێنەری شتە خراپ و بێکەڵکەکانە، بەڵام دەستەیەکی دیکە هێزی باشیان بە خودا و ئەوی دیکەیان بە ئەهریمەن دادەنا و هەروەها زەردەشتی مۆغ یەکێك لەو دوو بناغەی بە ئوورمەزد و ئەوی تریانی بە ئەهریمەن دەزانی؛ جگە لەمانەش پیشانيدا کە ئوورمەزد ڕووناکییە و ئەهریمەن تاریکی. زەردەشت خەڵکی ئامۆژگاری کرد بۆ سپاس و ستایشی مەزدا و هەروەها بۆ دوورخستنەوەی شەڕی ئەهریمەن قوربانی بکەن. ئەوان هەروەها لە کاتی کوتانی ڕوەکێك بە ناوی «ئۆمۆمی» ئەهریمەن و تاریکییان ستایش دەکرد و پاشان لەگەڵ خوێنی گورگێکی کوژراودا تێکەڵیان دەکرد و لە شوێنێکی تاریکدا دەیانڕشت. هەرچەندە پلۆتارك ئەم ئایینەی بە زەردەشتی دەزانی، بەڵام پێدەچێت لەگەڵ ئایینی پێش زەردەشتدا یانی دینی کۆنی ئارییەکان ڕووبەڕوو بین کە لە سەردەمانی سەرەتایی هزری مرۆڤایەتییەوە سەبارەت بە سروشت سەرچاوەی گرتبێت و هەتا ئەو کاتە مابێتەوە.

بە وتەی هادۆختنێسك خەڵکانێك هەبوونە کە خوێنی گایان لەگەڵ جەوڕنە Epledra تێکەڵ دەکرد و گەردوونەی ئەو ڕوەکەیان دەگێڕا و بڵاویان دەکردەوە، ئەهوورامەزدا و زەردەشتیش دژی ئەم ئایینە خەباتیان کرد. بەگوێرەی ئایینی مەزدی ئەوان دوای مەرگ هەر لە دۆزەخدا دەبن. وتەی هادۆخت بێجگە لە خوێنی گاکە لەگەڵ وتەی پلۆتارکدا لێکدەچن، ئەگەر تۆزێ تێفکرین دەزانین کە ئەم ئایینە لە برێ شوێنی ئێراندا هەبووە و ئایینێکی ئەهوورایی نەبووە.

خاڵێکی دیکە لە ڕاپۆرتی پلۆتارك ئەوەیە کە ئەهریمەنپەرستەکان ئایینی خۆیان لە تاریکیدا ئەنجام دەدا. خاڵی هاوسەنگی ئەم وتەیە ئەم دێڕەی پەرتووکی

یەشتەکانە کە دەڵێت ئەهریمەنپەرستان ئایینی خۆیان شەو لە کاتی تاریکیدا ئەنجام دەدەن، بەڵام لە هەر ڕوانگەیەکەوە پەرستنی ئەهریمەن لە ئایینی مەزداییدا کفر و بێڕێزییە بە خودا.

لە ئایینی مێهردا ئەهریمەن پەرستش دەکرا، کاتێ کە ئەهریمەن و هاوڕێکانی بۆ پەرەپێدانی خراپە، سیابەختی، خەڵك لەخشتەبردن و هتد لە ژێر زەوییەوە هاتن بۆ سەر زەوی، خەڵك بۆ دووربوون لە شەڕوشۆڕیان دەستیان دایە قوربانیکردن بۆیان. لە لایەکی دیکەوە شوێنکەوتوانی خوداکان فێر ببوون چلۆن بە گاوگەردوونکردن و گێڕانی مەراسم ئەم زیانکارانە بخەنە خزمەتی خۆیانەوە. هەڵبەت ئەمە زۆرتر خڵەتاندنی ئەوان بووە نەك پەرستنیان. ئەمڕۆکە هێما و ئاسەواری زۆر لەم هزر و بیرانە لە ناو ئێزدییەکاندا ماوە کە زۆرتر بە ئەهریمەنپەرستی شرۆڤەی بۆ دەکرێت، بەڵام لەڕاستیدا وا نییە.

ئێزدی بڕوایان بە خودای تاك و تەنیا هەیە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە ئەهریمەن دەترسن، بڕوایان وایە کە دنیا لە دوو وزەی خێر و شەڕ بەدی هاتووە کە خێرەکە خودایە بە سەر شەڕدا کە دۆزاکە سەر کەوتووە و لە دیوانی خۆی وەدەری ناوە. ئەمانە هەم لە بەردەم خودای خێردا سپاس و ستایش دەکەن هەم لە پێشی دۆزاکیشدا مێهرەبانن و خۆیان بە بچووك دەزانن و پێیان وایە ناتوانن بەبێ پشتیوان لە شەڕی ئەهریمەن بەدوور بن، تەنانەت ترس و لەرزیان لە ئەهریمەن تا ئەو ڕادەیە کە ئومێدیان وایە خودا بەڕەحم و گەورەیە و ئەگەر فێڵی دۆزاکیان لێ دوور بێت دەیانبوورێت؛ چون پێیان وایە کە ئەو بەگوێرەی سروشتی ملکەچی شەڕ و شۆڕە و هەموو خراپەیێك ئەو بەدی دەهێنێت. هەروەها بڕوایان وایە کە ئاگابوونی مرۆڤ حوکم دەکات کە هەموو کات لە دۆزاك بترسێت، چون کەسێ کە خوازیاری بەختەوەری لە ژیاندا بێت، دەبێت خودا بنێتە لایەکەوە، بۆ ئەوەی کە خودا سروشتی خاوێنە و دەست ناداتە کاری شەڕ، لە بەرانبەردا دەبێت شۆڤار ڕازی بکات لێی دوور کەوێت هەتا شەڕی داوێنی نەگرێت و لە ئاسایشدا بێت. بە بڕوای ئێزدییەکان مەلەكتاووس هەر ئەو عەزازیل(عزراییلە)یە کە کڕنۆشی بۆ مرۆڤ

نەکرد. ئەوان بە پێچەوانەی ئایینی سامییەکان ئەو کڕنۆش‌نەکردنە بە نافەرمانی بەرانبەر بە یەزدان نازانن؛ بەڵکوو بە ئەوینێکی ڕاستەقینەی دادەنێن کە جگە لە خودا بۆ کەس سەر دانانەوینێ، هەر بۆیە لەو تاقی‌کردنەوەی یەزدان کە مەبەستی دەرخستنی ڕادەی وەفاداری ئەو بوو بە سەرکەوتوویی دەرچوو و ئیدی کردی بە سەروەری فریشتەکان. بەڵام بیرگوڵ ئاچیق یێڵدیز نووسەری پەرتووکی یەزیدییە دەڵێت: دەمباسێکی دیکەی ئێزدی هەیە کە دەڵێت ئەم نافەرمانییە یەزدانی تووڕە کرد و ئەویش عەزازیلی نفرین کرد، پاشان لە دیوانی خۆی دەریکرد، ئەویش لە کردەی خۆی پاشگەز بووەوە و حەوت‌هەزار ساڵ پاڕایەوە و گریا، بە فرمێسکی چاوی حەوت گۆزەی پڕ کرد و ڕۆیشت ئاوری دۆزەخی پێ دامراند. ئیدی ئەم کارە خێرەی بوو بە هۆی ئەوە خودا لێی خۆش بێت و بگەڕێتەوە بۆ پلە و پایەی خۆی. هەر لەو کاتەوە سەرچاوەی پاکی و خاوێنییە. ئێزدییەکان بە بۆنەی ئەم دوو بۆچوونەوە هەمیشە وەك شەیتان‌پەرست هەڵس‌وکەوتیان لەگەڵ کراوە؛ ئەگەرچی بەگوێرەی دەقەکانی پەرتووکی «جیلوە» و «مەسحەفا ڕەش» لە هزری ئێزداتیدا شتێك بە ناوی شەیتان نییە. هەندێك نووسەر و زانا بڕوایان وایە کە بەگوێرەی بیر و بڕوای ئێزدییەکان خوا حەوت فریشتەی بۆ ئیدارەی گۆی زەوی ئافراندووە کە مەلەك‌تاووس یەکەم دانەیە و خەڵکانی دەر لە بازنەی ئێزداتی شرۆڤەی ئەهریمەنی بۆ دەکەن و دەڵێن ئەو دوای ئەوەی کە چۆکی دانەدا کرنۆش بۆ مرۆڤ بکات خوا لە دیوانی خۆی دەری‌کرد، بەڵام ئەم لە کردەی خۆی پاشگەز بووەوە و حەوت‌هەزار ساڵ لە خودا پاڕایەوە هەتا لێی خۆش بێت. لە ئاکامدا بووڕای، هەڵبەت عین‌القضاتی هەمەدانی دەڵێت شەیتان بەو هۆیەوە کە عەشق و ئەوینێکی لەڕادەبەدەری بۆ یەزدان هەبووە لە پێش مرۆڤدا کڕنۆشی نەکرد، بەڵام لە ئایینەکانی سامیدا بۆچوونی جیاواز هەیە. لەڕاستیدا ئێزدییەکان تاووس وەك مامۆستای مرۆڤ دادەنێن نە دوژمنی؛ چونکە ئەوان بڕوایان بە بوونی شەیتان نییە. بە ڕای ئەوان دوای ئافراندن خودا خۆی لە ڕێنمایی مرۆڤەکان بوارد و تاووس وەك ڕێشاندەری مرۆڤ لە زەمیندا دەست بەکار بوو؛ تەنانەت هەندێ کەسیش دەڵێن

بڕوای ئێزدییەکان لە سەر ئەوەیە کە شەیتان یەکەم ڕووناکبیرە و کەسێکە لە بەرانبەر فەرمانی یەزدان سەری نەوی نەکرد و هۆی نافرمانی خۆشی بە خودا ڕاگەیاند کە ئەم جۆرە بۆچوونە زۆر لە هی «سفری پەیدایش»ی تەورات دەچێت کە وەك بڵێی نزدیككردنی ئێزدی بە شەیتانپەرستی، لێکچوونی بیر و ڕایانە کە لە هی جهوو دەچێت؛ چونکە پەرستنی شەیتان ڕیشەی لە «کابالا» واتە عیرفانی جوولەکەدا هەیە، بەڵام هۆکاری ئەوەی کە جووەکان زۆر بەرەو عیرفان ڕۆیشتوون ئەوەیە کە ئایینی جوولەکە هیچکات نەبۆتە ئایینی فەرمی و هەمیشە لە غەریبیدا داب‌ونەریتەکانی خۆی بە شاراوەیی بەڕێوە بردووە و خەڵکەکەشی زۆر جار بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دیل بوونە، هەر بۆیە عیرفان و گۆشەگیری باشترین ڕێگا بوو کە هەر ئەمەش بە سەر ئێزدییەکاندا هاتووە و ئێستاکەش لە ناو کوردە موسڵمانەکاندا کە هیچکات کیانی سەربەخۆیان نەبووە ئیسلامی کوردیش ڕێگای عیرفان و دەروێشی گرتۆتە پێش. شتێکی دیکەش کە زۆر ئەم بۆچوونە زەق و بەرچاو دەکات گۆڕی گەورەی ئێزدییەکانە کە زۆر لە گۆڕی گەورەکانی جوولەکە وەکوو دانیال لە شووش دەچێت. بەڵام لەڕاستیدا بۆچوونی بەم جۆرە ناڕاستە؛ چونکە شێوازی گۆڕی ئێزدییەکان کە بە گۆڕی دانیالەوە شوبهێنراوە زۆر لێك دوورن هەر بۆیە گرێ‌کردنەوە لەو شێوازە هەڵەی تێدا کراوە. لەڕاستیدا ئەو گومەزەی سەر گۆڕەکان هێمای هەتاوە کە بە شێوەی لوولەکراو دانراوە و تەنانەت مردووەکانیش ڕوو بە خۆر دەنێژن؛ ئەگەر جوان تێفکرین هێمای میترایی زۆرتر لێ دیارە هەتا هی جوولەکە. هەڵبەت جەماڵ نەبەز زمانناسی کورد دەڵێت وشەی تاووس بۆ زئووسی یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە کە گەورەی هەموو خوداکان بوو. ئەگەر ئەم بۆچوونەی ناوبراو بە هەند وەربگرین دەتوانین بڵێین کاریگەری هێزی هێلێنی بووە کە ئەم ڕوانگەیەی دروست کردووە. هەڵبەت هەندێکی دیکە تاووس بە هەمان تەمووز خودای خۆری بابلییەکان دەزانن کە ئەمەش خۆی نیشانەی کاریگەری ئایینی مێهری پێوە دیارە.

لە ئەسفارولخمسەی تەوراتدا بە هیچ شێوازێك ناوێك لە شەیتان وەك بوونێکی

تەواو شەڕ نەهاتووە، بەڵام لە پەرتووکی ئەییووبدا کە لە سەردەمی هەخامەنشەکـان نووسراوە دێتە ناو هزری جوولەکە و پێوەندی لەگەڵ یەهوەدا جۆرێـك بـە گـەپ و گاڵتەوە نزیکە؛ چونکە بەتەواوی لە دیوانی یەهوە نەهاتۆتـە دەرێ و هـەنـدێ جـار سەردانی دەکات. لە پەرتووکی ئەییووبدا هاتووە: ڕۆژێك کوڕەکانی خودا هـاتن و لـە تەنیشتیدا دانیشتن، شەیتانیشی تێدا بوو، خودا لێی پرسی لە کوێوە؟ ئەویش وتـی لە گەڕان و سەیرانی دونیاوە. (پەرتووکی ئەیووب، بەشی ٢، ئایەی ٢ـ١)

تەنانەت خودی یەهوە پێشنیار دەکات بە شەیتان ئازاری ئـەیـووب بـدات و بـە نەخۆشی تاقی بکاتەوە. یەهوە خۆی وەك ئافرێنەری شەڕ و خراپـە دەناسـێنێت. لـە پەرتووکی ئەشعیادا هاتووە کە دەڵێت منم یەهوە ئەوەی کە ئافرێنـەری ڕوونـاکی و تاریکی، هەروەها چاکە و خراپەشە. (پەرتووکی ئەشعیا، بەشی ٤٥، ئایەی٧)

پێدەچێت هەندێ هزری جوولەکـە لـە ڕێگـەی گنوسـییەکانـەوە هاتبێتـە نـاو ئایینەکانی ئاریایی و نێوانچۆمـان. وەك چـۆن لـە زەردەشتیشـدا شـتێك بـە نـاوی ئەهریمەن نەبوو، سەرەتا تەنها لە درۆ وەك سەرچاوەی شەڕ ناو براوە، بەڵام پاشـان وەك دەڵێن لە سەردەمی هەخامەنشـیدا ئەهریمـەن هاتـە نـاو بازنـەی زەردەشـتی، ڕەنگە ئـەمـەش کاریگـەری هـزری یـەهـوود بووبێـت، بـەڵام بـە ڕای مـن ئـەمـە گەورەبوونی ئایینە، چونکە ئایینە کۆنەکان زۆرتـر بناغـەی سروشـتییان هـەبـووە و شتەکان بەرەبەرە دەهاتنە ئاراوە و خەڵکیش بە ئەقڵ و ئاوەزی خۆیان بابەتەکانیـان دەسەلماند؛ هەر بۆیە هەموو بابەتێك لە یەك سەردەمدا دروست نەبووە بـەڵکـوو بـە تێپەڕینی کات ڕامانی خۆی ساز کردووە، هەڵبەت هەموو هزر و بیرێکیش بانـدۆری لە سەر یەکتری هەبووە و ئەمەش نابێتە هۆی کەموکۆڕی. لەڕاسـتیدا ئێزداتـی بـە ڕای من زۆرتـر هزرێکـی فـەلسـەفییـە هـەتـا ئـایینی؛ چونکـە یـەکێـك لـە شـتە سەرەکییەکان بۆ هەر ئایینێ بوونی پێغەمبەرە، بەڵام لە ئێزداتیدا بوونی نییە. ئەوان بڕوایان بە کەسێك لە نێوان مرۆڤ و یەزدانـدا نییـە. دەتـوانین بڵێـین شـتێکە وەك فەلسەفەی یونانی، بەس بە جیاوازییێکەوە کە ئەمان هێزێکی سـەربـازی و سیاسـی وەك دەوڵەتشارەکانی یۆنان نەبوو پشتیان بگرێت و شتەکانیان بنووسن و بـبن بـە

خاوەنی پەرتووکخانە و خەڵکانی دیکـە کـەڵکـی لـێ وەربگـرن، بـەڵکـوو لـە ژێـر کاریگەری مـاد و هەخامـەنش و ساسـاندا بوونـە و دواتـریش بـە هـاتنی عـەرەبـە موسڵمانەکان هەمیشە وەك ئایین مامەڵەیان لەگەڵ کراوە هەتا فەلسەفە. هـەر بۆیـە بە بیانووی جۆراوجۆر هەموو کات هێرش کراوەتە سەریان و فـەرمـانی دڕندانـە لـە هەمبەریان جێبەجێ کراوە و تەنانەت هـەمیشـە هـەوڵیـان داوە کـە عـەردنگـاری کوردستان کە بەزۆری ئێزدی بوونە بگۆڕن و لەم بوارەشدا زۆر سەرکـەوتـوو بـوون هەتا ئەوەی کە لە ساڵی ٩٥٠ی زایینیدا ئـەم هـزرە بـە شـێوەیـەکـی نـوێ خـۆی ڕێخستەوە، بەڵام ئەم جارە دوورتر لـە جوغرافیـای عـەرەب بـەڵکـوو لـە چیاکـانی هەورامان کە ئەویش بە پێشەنگایەتی سـوڵتان سـەهـاکی هـەورامـی کـە بیرێکـی تازەیان لە چوارچێوەی یاریدا پێکهێنا.

ئێزنیك کۆلبیEznik of kolbe (٤٠٠ـ٤٧٦ ز) سەبارەت بە ئەهریمەنپەرسـتی دەڵێت: ئەهریمەن ئافرێنەری شەڕ و ئاژاوەیە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هێزی زانایی و ئافراندنی چاکەشی هەیە، ئەو دەزانێت بە خەوتنی ئوورمەزد لەگەڵ دایکی، هەتاو لە دایك بوو و بە خەوتنی لەگەڵ خوشکی، مانگ لە دایـك دەبێـت. ئـەم زانسـتەی ئەهریمەن لە ڕێگەی یەکێك لە دێوەکانەوە کەوتە وجوودی ئوورمەزدەوە و ئەویـش نووری لێ ئافراند. ئەهریمەن دەتوانێت شتانی باش دروست بکات، بـەڵام نایـەوێـت کارێکی وەها بکات. ئەو بۆ سەلماندنی توانایی خۆی لەو بوارەدا یەکێك لە جـوانترین پەلەوەرەکان یانی تاووس دەئافرێنێ. ئەهریمەنپەرستان هەر ساڵە سێ جار قوربـانی بۆ دێو و ئەهریمەن دەکەن. لە وتەکانی ئێزنیکدا خـاڵێکی گرنـگ هـەیـە ئـەویـش هێماناسی تاووس و پێوەندکردنی لەگەڵ ئەهریمەن و هێزە شەڕخـوازەکاندایـە. لـە نووسراوەکانی ئێزنیکدا تاووس هێمای ئەهریمەنە. ئەم بڕوایـە هێمـای تاووسـی لـە لای ئێزدییەکان ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی ئەوان تاووس بە هێمای دۆزاك دەزانن.

ئێزدییـەکـان بڕوایـان وایـە کـە خـودا حـەوت فریشـتەی ئافرانـدووە ڕۆژی یەکشەممە عەزازیل کە هەمان تاووسی یەکەم وجوودە پێش هەموو ئەفرێنراوەکـان دروست دەکات (لە «مەسحەفا ڕەش»دا باس کراوە و دکتۆر کامل شێیخەکـانلووی

میلان لـە پـەرتـووكی «كـوردانی ئێـزدی»، لاپـەڕە ٢٧٦، بڵاوگـەی كـانی كتێبـدا گێڕاویەتەوە). لە ڕوانگەی ئێزیدییەكانەوە «دۆزاك» خۆی بە شێوەی تاووس پیشـان دەدات، لەڕاستیدا عزراییل یان عـەزازیـل هێمـای مینـۆیی و ئاسـمانییە و تـاووس هێمای زەمینی و گیتیە بۆ ئەو؛ هەر بۆیە لە زەمیندا دۆزاكیان بە شـێوەی تـاووس پیشانداوە و پەیكەریان بۆ دروست كردووە و هـەر سـاڵ سـێ جـار زیـارەتـی ئـەو پەیكەرانە دەكەن و هەركەس بەگوێرەی توانای خۆی بەوپـەڕی ڕێـزەوە خـەڵات و دیاری پێشكەش دەكات. هەڵبەت ئـەمـە بـڕوای ئـەم نووسـەرەیـە، بـەڵام خـودی ئێزدییەكان بڕوایان وایە كە مەلەك تاووس یەكەم فریشتەیە لەو حەوت فریشـتەیـە كە خودا بۆ ئیدارەكردنی گۆی زەمین ئافراندی. دەڵێن خودا ئەم حەوت فریشـتەیـە دەنێرێت بۆ زەمین كە خـاك بێـنن هـەتـا مـرۆڤ دروسـت بكـات، بـەڵام تـاووس بێفەرمانی دەكات و ڕێز لە مرۆڤ ناگرێت و دەڵێـت مـن لـە نـووری تـۆ دروسـت كراوم چۆن بۆ خاك كڕنۆش بكەم؟ بەڵام لێكچوونی ئەم بابـەتـە لـەگـەڵ ریوایـەتـە ئیسلامییەكەیدا وەهای كردووە كە مەلەك تاووس بدەنە پاڵ ئەهریمەنەوە، كـەچـی ئەمان خۆیان بە پێچەوانەی ئەوانەوە بیر دەكەنەوە.

مەلەك تاووس لە پـەرتـووكی مـەسـحەفـا ڕەش بـەنـدی ٢٤دا لـە پـەیكـەری كەڵەشێردا ناسێنراوە، بەڵام لە هەندێ لە پەیكەرەكاندا بە شێوەی پەلەوەرێك پیشان دراوە كە تەنها جەستەی وەك پەلەوەرە؛ لە هەنـدێ پـەیكـەریشـدا تاووسـێكە كـە پەڕوپۆی فش كردووە. كەڵەشـێر وشـەیـەكـی كوردییـە كـە بـە مانـای مریشـكی شێرسەرە. پەیكەرناسی و گرێكردنەوە لە مەلەك تاووس لە شێوەی كەڵەشـێردا لـە ناو ئایینی ئێزدیدا بەڕوونی لـەگـەڵ هێماكـانی زەروانـی و مانوویـیـدا - كـە تێیـدا ئەهریمەنیان بە سەری شێر كێشاوە و شرۆڤەیـان بـۆ كـردووە - لـە پێـوەندیدایـە. هەڵبەت لێرەدا مەبەست لە شێر ئەهریمەن نییە، بەڵكوو زۆر و دەسەڵاتی شێرە كە زۆرتر شرۆڤەی شەیتانییان بۆ كردووە. كـەڵـەشـێر لـە ئوسـتـوورە میترایییـەكانـدا پەلەوەرێكی ئەهوورایییە و بڕوایان وایە قووقەی دەبێتە هۆی دەرچوونی ئەهریمەن و تەنانەت دەڵێن كە خۆشۆردن بۆ خاوێنبوون و نزدیكی بە خودا دەبـێ لـە كـاتی

خوێندنی کەڵەشێر واتە لە بەرەبەیاندا بێت. ڕەنگە هەر ئەمانە بێت کە بووەتە هـۆی پیرۆزیی ئەم پـەلـەوەرە لـە لای یارسـانەکـان و تـەنانـەت دەکرێـت ڕەگـەگـەلـی مێهرپەرستی لەم ئایینەدا بەڕوونی بدۆزرێتەوە. هەڵبەت خوێندنی کەڵـەشـێر زۆرتـر دەمەو بەیانییە و کـاتی هـەڵاتنـی خـۆر مزگێنـی دەدات و هـەروەهـاش لـەنـاوی «خورووس»دا - کە فارسەکان بەهەڵە بـە هـی خۆیـانی دەزانـن، بـەڵام لـە مانـادا وشەیەکی پەتی هەورامییە کە خۆر واتە هەتاو، وسـیش یـانی کـەوتـن بـە مانـای خۆرکەوتن - ئەم نهێنییە باشتر خۆی دەنوێنێت؛ کەوایە ئـەگـەر مـەلـەك تـاووس سەری بە شێوەی شێر پیشان درابێت هێمای هێز و دەسەڵاتی بـووە نـەك هێمـای ڕۆحی ئەهریمەنی ئەو.

لە پەیکەرەکانی تاووسدا هێمای زەروانییەکان بەڕوونی بەرچاوە. مەلـەك تـاووس لە ناو بازنەیەکدایە کە هێمای کاتە، چـەتـرەکـەی کـە هێمـای هـەتـاوە لـە سـەر بازنەکەوەیە، هەروەها مانگێکی باریـك وەك مـانگی دوو سـێ شـەوە لـە خـوارەوەی بازنەکە بە جووت دەبن بە هێمای ڕۆژ و شەو؛ مەلەك تاووس وەك زەروان لـە سـەر گۆیەك وەستاوە کە ئەو گۆیە دەبێت بە چوار بەشەوە کە هەرکامیان هێمایەکـن بـۆ وەرزێك لە ساڵ؛ حەوت پەڕەکەی مەلەك تاووس لە ژوور سەریەوە هێمـای حـەوت ئاسمان و دوازدە پەڕیشی هێمای دوازدە مانگی ساڵە؛ هەروەها تـاجێ کـە هێمـای پادشاهییە بە مل ئاسمان و زەویدا، لە سەر سەریەتی.

## ئەهریمەنپەرستی و قوربانیکردنی مرۆڤ

بوونی قوربانی خوێناوی و ترسێنەری مرۆڤ بەبێ کاریگەری ئەهریمەنپەرستی و ترس لە هێزە خراپەکان قەد نابێت، ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە چارەسەرێك بووە کە مرۆڤ لە بۆ ڕزگاری لە قینی ئەهریمەن و خودا شەڕخوازەکان ئەنجامی دەدا. ڕوونترین نموونەی کرداری ئەم کارەساتە لە حەماسەیەکی یۆنانیدا بەرچاو دەکەوێت کەوا کاتێ کە سپای یۆنان بەرەو تێروا(TROY) ڕێکەوت، لە ڕێگادا ڕەشەبایەکی توند هەڵیکرد کە بواری بە گەمیە و بەلەمەکان نەئەدا دەریا ببڕن. هێزەکە تووشی نائومێدی هاتبوو هەتا جادووکارێ لە تووڕەیی ئارتمیس خودای نێچیرڤانی و ڕق و قین باسی کرد، ئەو تەنها ڕێگەی هێمنکردنەوەی دۆخەکەی بۆ درێژەدان بە ڕێگاکە قوربانیکردنی کچی ئاگامێمنوون دەزانی کە لە بنەماڵەی پاشایی بوو. ئاگامێمنوون کچەکەی نارد بۆ ژێر تێخی سەلاخی و لە پەرستگەکەدا قوربانی کرد، پاش ئەوە زریانەکە نیشتەوە و یۆنانیەکان درێژەیان دا بە ڕێگاکەیان.

نموونەیەکی دیکە لە کتێبی پیرۆزی تەوراتدا هاتووە کە دەڵێت:

کاتێ کە پاشای موئاب لە پاشای ئیسرائیل هەڵگەڕایەوە و لە دانی باج و خەراج خۆی بوارد پاشای ئیسرائیل لەشکری ناردە سەر موئاب و سپاکەی شکست دا و کانی و ئاوەکانی کوێر کردەوە و گەمارۆی شاریدا و ئابلۆقەی خستە سەری؛ پاشای موئاب ئاخرین ڕێگە چارەی لەوەدا بینی کوڕەکەی خۆی کە جێگرەوەشی بوو بیهێنێ و لە سەر شوورەی قەڵاکە بیکات بە قوربانی، پاشا بە سەربڕینی

کوڕەکەی ترس و لەرزێکی خستە دڵی ئیسرائیلییەکـان و ناچـار بـوون دەسـت لـە گەمارۆ بکێشن و بۆ شاری خۆیـان بگـەڕێنـەوە. قوربـانی‌کردنـی مـرۆڤ ئـایینێکی نادروستە کە دژی هەموو بنەماکانی مرۆڤایەتییە کە ڕیشەی بـۆ ڕوانگـە کۆنـەکـانی مرۆڤ دەگەڕێتەوە کە ئەویش بناغەی بـۆ ئەهریمـەن‌پـەرسـتی و تـرس لـە هێـزە وێرانکەرەکان دەگەڕێتەوە. بـە هـاتنی ئـایینی جوولـەکـە مووسـای پێغـەمبـەر بـە دژایەتی‌کردن لەگەڵ سەربڕینـی مـرۆڤ بـۆ خوداکـان، دەسـتی دایـە خـەبـاتێکی ڕزگاری‌خوازانە.

هەڵبـەت شـتێکی هاوشـێوەی ئـەم بابـەتـە لـە دیـاکۆنۆف دەبیسـتین کـە قوربانی‌کردنی مرۆڤ پیشان دەدات، ئەم قوربانی‌کردنە بـۆ ئیـزەدەکـانی ژێـرزەمـین یانی دێوەکان دەکرا. هێرۆدۆت بێ ئەوەی کە ئەم بابـەتـە هـەڵسـەنگێنـێ ئـەرکـی گێڕانەوەی لە ئەستۆ دەگرێت و دەڵێت: بیستم «ئامسـتریدا» ژنـی خـەشایارشـا بـە شوکرانەبژێری ئەوەی کە گەیشت بە تەمەنـی پیـری، فـەرمـانی‌دا کـە دوو تـاقمی حەوت‌کەسی گەنج لە خانەدانە پارسییەکان بهێنن و بۆ شوکرانەی خودایەك کە لـە ژێر زەوییە بیانخەنە ناو گۆڕ. لە شـوێنێکی دیکـەدا دەڵێـت: پارسـەکـان لـە شـاری فەراکیە بە ڕەسمی قوربانی نۆ کوڕ و نۆ کچ زیندەبەچاڵ دەکەن. هێـرۆدۆت تـەنهـا پارسەکان بە قوربانی‌کردنی مرۆڤ تۆمەتبار دەکات و مۆغەکانی پێ بێ‌تاوانە، بـەڵام بە ڕای من شتێکی گرنگ لێرەدا هەیە ئەویش ئەوەیە کە ژنی خەشایارشـا جۆرێـك لایەنگری خوداکانی ژێرزەمین یان ئەوجۆرەی خۆیان دەڵێن دێوەکانـە کـە لـەگـەڵ ئەو ڕاستییەدا کە لە بەردەنووسەکانی خەشایارشادا هاتووە زۆر ناگونجێـت. ئـەو لـە هەموو نووسراوێکدا کـە لـە خـۆی بـەجێـی هێشـتووە شـانازی بـەوە دەکـات کـە پەرستگەی دێوەکانی خاپوور کردووە و دێوپەرستەکانی پـەرتـەوازە کـردووە؛ بـەڵام چۆن دەکرێت ژنەکەی خۆی قوربانی بۆ دێوەکان بکات ئەویش منداڵی خانەدانەکان بکات بە قوربـانی؟ لەگـەڵ ئـەقڵـدا زۆر ناگونجێـت. (دیـاکۆنۆف، کـەریم کشـاوەرز، ل.٣٦٤).

لە ئەفسانە ئێرانییەکاندا ئاژیدەهاك، ئەژدیهای سێ پۆز و سێ سەرە کـە شـەش

چاوی هەبوو. ئەهریمەن بۆ خاپوورکردنی جیهان دروستی کرد، هەروەها ترسێنەرترین دروستکراوی ئەهریمەنی بوو کە دوژمنی سروشت، وەك ڕەشەبا و وشکەسالّی بوو، لە شانامەی فیردەوسیدا بە زەحاك ناوی لێ براوە. لە ڕۆژگاری پاشایەتی ئەودا هەموو شەوێك بۆ دامرکاندنی ڕق و قینی مارەکانی سەرشانی، مێشکی دوو لاویان پێدەدا[1] و بە ئەو کارە سروشتی شەڕخواز و خوێنڕێژی زەحاك هێدی دەبووەوە و دەستی لە کوشتار هەڵدەگرت. دەکرێت بڵێین ئەم چیرۆکە پاشماوەیەك بوو لە ئایینی کۆنی ئەهریمەنپەرستی و ئەنجامدانی قوربانی شەوانە بۆ دەستەمۆکردنی ئەهریمەن و خۆ ـ پاراستن دان لە هێزە ویرانکەرەکان.

«کە جەمشید ڕۆیی بەرەو گۆڕەشار
بە زۆر هاتە جێی ئەژدەهاکی گەمار
جیهان کەوتە بەردەستی وا بێفەڕێ
وەکوو بێتە بەر چنگی ورچێ، مەڕێ
دڵ و دەست و ڕووڕەش، دژ و نالەبار
دز و دەسبڕ و شێت و پەتیار و هار
هەموو کەس لەدەستی بە گازندەبوو
بە ویرانە فێر بوو وەکوو کوندەبوو»

(بدلیسی، هەژار، ل.١٩)

نموونەیەکی هێمایی لە ئەهریمەنپەرستی چیرۆکی شێر و کەروێشکە لە پەرتووکی «کلیلە و دمنە»دا کە ئاوایە: لە لەوەڕگایکی بژوێن و سەوزدا کۆمەڵێك ئاژەڵ پێکەوە بەخۆشی دەژیان، بەڵام ترس لە بوونی شێر وەك هێمایەکی ئەهریمەنی ژیانی لێ تاڵ کردبوون، ڕۆژێك تەواوی ئاژەڵەکان بڕیاریاندا کە هەر ڕۆژ یەکیان وەك نێچیر بڕواتە خزمەت شێر هەتا ئاژەڵەکانی دیکە لە ئاسایشدا بن، تاکوو لە ئاکامدا بە وشیاری کەروێشك شێرەکە کەوتە چاڵێك (هێمای دۆزەخ) و لە ناو چوو، ئیتر ئەو ئایینەش هەڵپێچرا.

---

١. وەبیرهێنەری قوربانییەکانی شەوانەیە بۆ ئەهریمەن.

## ئەهریمەنپەرستی و ئاکامی ئەهریمەن

ئەگەرچی بەگوێرەی هەندێ دەق و دەمباس لە ئایینی مێهر و زەرواندا ئەهریمەن پەرستش دەکرا و قوربانیشی بۆ ئەنجام دەدرا، بەڵام لە ئاخری دنیادا ئەهریمەن و گشت داردەستەکەی تیا دەچوون. لە ئایینی مێهردا ئوورمەزد بۆ خاوێنی و نۆژەنکردنەوەی جیهان و لەناوبردنی خراپکاران ئاورێکی بەکڵپەی لە ئاسمانەوە دەباراند و دەیسووتاندن، لەو ئاوربارانەدا جگە لە چاکەکاران و کەسە بەئیمانەکان هیچ شتێك دەرنەدەچوو. لە دوای ئەو کارەساتە دنیا نوێ دەبووەوە و هەمووان لە ژیانێکی پڕ لە شادی و بەختەوەریدا بۆ هەتاهەتایە دەمانەوە.

بە هۆی کەمیی سەرچاوە لە ئایینی زەروانیدا دەبێت ئاکامی ئەهریمەن لە ژێدەرە تازەکان بگرین، هەر بۆیە سەردانی پەرتووکی «الملل و النحل»ی شەهرستانی(٤٧٩ـ٥٤٨م) دەکەین کە دەنووسێت: ئەهریمەن کە لەم دنیایەدا دیلە هەمیشە لە بیری لەناوبردنی خەڵك و سەرلێشێواندنیاندایە، هەر ڕۆژە گەورەیی و هێزەکانی بەرەو نەمان دەچن هەتا ئەوەی کە بە ئاخر دەگەن؛ پاشان ئوورمەزد دەیخاتە سنووری چۆڵ و نەبینراوی کەش و تەوشکی زەمین کە شوێنێکی تاریك و بێسنوورە.

لە نێوان دەقە فارسییەکانی زەڕدەشتیدا پەرتووکی زاناکانی ئیسلام بە دیدێکی زەروانییەوە نووسراوە، لەو پەرتووکەدا چارەنووسی ئەهریمەن بە دوو شێوە هاتووە: لە بەیانی یەکەمدا دەڵێت کە ئەهریمەن ئافرێنەری شەڕە و خۆشی لە ئاکامدا گرفتاری خراپەکارییەکانی خۆی دەبێت و هەموو خراپەیەکی بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، گەرچی تاوانەکانی ئەهریمەن ئەستۆی مرۆڤ دەگرێت، بەڵام خراپەکردنی بەرانبەر بە مرۆڤ دەبێتە هۆی ئەوە کە هێزی کەم بێتەوە و لە ئاکامدا بێدەسەڵات بکەوێت و لە ڕۆژی هەستانەوەدا بێ وزە بمێنێ و تیا بچێت. لە بەیانی دووهەمدا دەڵێت کە هێزی ئەهریمەن دەگاتە دەستی دێوەکانی ئاسمان و ئەوانیش خراپەکەیان بۆ خەڵکی دنیایە، لەم سەروبەندەدا هێزی ئەهریمەن کەم دەبێت و لە ئەنجامدا ڕۆژی هەستانەوە تەواوی خراپەکانی بە ئاخر دەگات و خۆی تیا دەچێت.

لە ئایینی ئێزدیدا کە نیشانەی هێزی زۆرخوازانەی زەروانی و مێهری تێدا ماوەتەوە چارەنووسێکی تایبەت بۆ دۆزاك دیاری کراوە کە زۆر سەرسوورهێنەرە. بەپێی ئەفسانەیەکی ئێزدییەکان خودا ڕۆژێ لە مەلەكتاووس تووڕە دەبێت و لە بەهەشت دەری‌دەکات؛ ئەگەرچی ئێستا لە دەرەوەی بەهەشتە، بەڵام رۆژی قیامەت لەگەڵ خودا ئاشتی دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ دیوانی ئەو؛ هەر وەك ڕۆژی یەکەم ڕێزی لێ‌دەگیرێت و دەکەوێتە سەر ڕێگەی ڕاست. پاشان فریشتەکان و خەڵکە باشەکان و پیاوە پیرۆزەکان لە دەوری کۆ دەبنەوە و گوێڕایەڵی وتەکانی دەبن.

ئەگەرچی چارەنووسی ئەهریمەن لێرەدا وەك ڕوانگەی ئێرانییەکان نییە، بەڵام بەپێی نامەیەك کە زەڕدەشتییەکانی هێند بۆ مۆغێکی ئێرانی دەنێرن دێڕێکی سەبارەت بە ئەهریمەن تیایە کە لەگەڵ هی ئێزدییەکاندا لێك‌دەچن. لەو نامەدا نووسراوە بەگوێرەی نیایشێك کە لە زەندی ئاوێستادا هاتووە ئەهریمەن ڕۆژی پەسڵان[1] پاشگەز دەبێتەوە و لە دوای ئامۆژگاری بەهمەنی ئەمشاسپەند ئایینی یەزدان لە باوەش دەگرێت. دەتوانین بڵێین بەپێی ئەم نامەیە ڕەنگە ڕوانگەی ئێزدی و ئێرانییەکان سەبارەت بەم بابەتە لە بنەڕەتدا یەکێك بووبێت. بە ڕای من ڕۆحی زۆرخوازانە کە لە ئایینی مێهری و زەروانی و هتددا هەیە وەهای کردووە کە هەندێ زانا و نووسەر بەو ئاکامە بگەن کە ئەم ئایینانە لایەنێکی ئەهریمەنپەرستییان تێدا بووە، ئەگینا جگە لەمە بە مێشکدا ناچێت؛ چونکە هەموو کات شێر و ماریان وەك هێمای ئەهریمەنی داناوە تەنها بە هۆی هێز و وزەیانەوە بوو. هەر ئەم هۆکارەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ئاوا هزرێك.

## ئاسەوارەکانی ئەهریمەنپەرستی لە شانامەدا

ئاسەوارەکانی ئایینی ئەهریمەنپەرستی لە چیرۆکی دژ(قەڵا)ی بەهمەن لە شانامەدا بەدی دەکرێت. دوای گەڕانەوەی کەیخەسرەو لە توورانەوە بۆ ئێران، لە

١. قیامەت

سەر جێنشینی کاوس‌شا لە نێوان پاڵەوانەکاندا دەمەقرە بوو. کاوس مەرجی جێنشینی خۆی داگیرکردنی دژی بەهمەن دادەنێت؛ چونکە لەوێدا خەڵکەکە خەریکی ئەهریمەن‌پەرستی بوون و دژی ئایینی مەزداپەرستی هەستابوونەوە، بەگوێرەی ئەو وتەیەی شانامە گوایە هەندێ لە خەڵکی ئێران لە دژی بەهمەن لە سەر سنوور دەستیان دابووە پەرستشی ئەهریمەن، بەڵام گرێ‌کوێرەیەك کە لەم چیرۆکەدا هەیە ئەوەیە بۆچی ناوی دژێ کە دانیشتوانەکەی ئەهریمەن‌پەرستن بە ناوی یەکەم تیشکی ئەهوورامەزداوە یانی ئەمشاسپەند بەهمەن ناو نراوە؟ بەهمەن هێمای ئەقڵ و ئاوەزی خودایی‌یە و یەکەم ئافرێنراوی مینۆیی ئەوە کە لە ڕووناکی دروستی کرد، ئەو نزدیکترین ئیزەدە بە مەزداوە. هێمای ئەو لە گیتیدا مەڕە، چونکە ڕەنگی سپی نیشانەی بەهمەنە کە بە کراسی سپی و چەپکێ گوڵی یاسەمەنەوە نەخشی کێشراوە.

لە ڕاپۆرتێکی ئێسترابۆدا هاتووە کە دەڵێت لە کاپادوکیە واتە ئاسیای بچووك و ئانادۆڵ کۆمەڵێك مۆغ هەن کە بەهمەن دەپەرستن، هەروەها پەرستگەی تایبەتیان هەیە و لە کاتی ئەنجامی مەراسمە ئایینییەکاندا پەیکەرێکی دارینەی بەهمەن لە پێش خۆیانەوە هەڵدەگرن.

ئەم جۆرە باس‌کردنە لە بەهمەن لە ئایینی مەزداییدا ڕوویێکی دیکەی یەکەم تیشکی خودایە لە دوای گۆڕان و چاکسازییەکانی ئایینی زەردەشتی. هەرچەندە ئاسەواری پێوەندی بەهمەن لەگەڵ مەرگدا لە پەرتووکی گاهاندا هاتووە، بەڵام بۆ گەیشتن بە وڵامێك سەبارەت بە ناونانی دژی بەهمەن، یەکەم تیشکی خودا لە ئایینی ئێزدیدا لێك دەدەینەوە.

لە ئایینی ئێزدیدا یەکەم تیشکی خودا مەلەکتاووسە کە لەگەڵ بەهمەنی مەزداییدا هاوشانن، نیشانی شوێن‌کەوتوانی مەلەکتاووس لە ژیاندا لەبەرکردنی جل‌وبەرگی سپییە. ئێزدی پەیکەرگەلێکیان بۆ تاووس دروست کردووە کە هەر ساڵ سێ جار لە مەراسمی ئایینیدا لە ناو گوندەکانی خۆیان دەیگێڕن. ئەم جۆرە لێبێژکردنەی مەلەك، بەهمەنی زەردەشتی دێنێتەوە بیر کە مۆغەکانی کاپادوکیە لە

مەراسمەکانیاندا پەیکەرەکەیان بە شان دەگێڕا. دەکرێت بڵێین بەرداشتی ئێزدی لە مەلەکتاووس بەرماوێکی پێش زەڕدەشتییە لە وەسفی یەکەم تیشکی خودا. ئەگەرچی زەڕدەشتییەکان تایبەتمەندییەکانی ئەهوورا و ئیزەدەکانیان گۆڕاوە بە چاکە، بەڵام هەر نموونەیەکی پێش زەڕدەشتی بە ناوی دژی بەهمەن کە جێگەی ئەهریمەنپەرستەکانە بەجێماوە.

خاڵێکی دیکە کە ئەم وڵامە دەسەلمێنێ گۆڕانی ناوی دژی بەهمەنە بە بوتخانە کە لە دەقە زەڕدەشتییەکانی دینکەرد و بۆندهێشدا بە جێگەی دژی بەهمەن لە بوتخانەیەك ناو دەبات لە کەنار دەریای چیچەست. پێدەچێت ئەم گۆڕانە بەو هۆیەوە بووبێت هەتا ڕوومەتی ئەهریمەنی بەهمەن بە نووری مەزدایی بپۆشن، گەرچی هەنووکەش ڕەگەی ئەهریمەنی بەهمەن لە زمانی فارسیدا هەر ماوە؛ بۆ نموونە ساردوسرترین مانگی ساڵ ناوی بەهمەنە، یان بە کلێڵە و هەرەسی بەفر بەهمەن دەبێژن کە لە هەرسێکیاندا ژیان یان خەوتووە یان وێرانە. بێجگە لەمانە بوونی پەیکەرەکانی بەهمەن لە دژەکەدا خاڵێکی بەهێزە بۆ گۆڕانی ناوەکەی. ئەم دژایەتییە ئایینییە بەدرێژایی مێژوو گۆڕانی بە سەردا هاتووە و ڕەنگی ئەفسانەی لە خۆ گرتووە و بۆتە پەیکاری نێوان ڕووناکی و تاریکی.

بۆ گرتنی دژ سەرەتا تووس و فەریبۆرز ڕێدەکەون؛ بەڵام بەپێی بڕوای خەڵکی، ئەهریمەنییەکان بە قوربانی و شادکردنی ئەهریمەن توانییان هێز و وزەیەك کە ئاور و گەرما بووی بخەنە خزمەتی خۆیان و دژی دوژمنان بەکاری بهێنن. لە ئاکامدا توانییان تووس و فەریبۆرز تێكبشکێنن و ئەوانیش دوای یەك حەوتە بە نائومێدی بگەڕێنەوە. لە دوای گەڕانەوەیان کەیخەسرەو بەرەو قەڵا ڕێ‌کەوت. ئەو چوارچێوەی ئایینی خۆی لە نامەیەکدا بۆ خەڵکی ناو دژەکە هەنارد و لە نامەکەدا وتی: من بەندەی کردگار، کاخەسرەوی ناودار، لە بەندی ئەهریمەن هەڵاتووم، وەك پاشا بەرەو لای یەزدان چووم. لە دەقی ئەم نامەیەدا سێ خاڵی بەرچاو هەن کە هزر و ڕوانگەی ڕامیاری ئەو سەردەمە پیشان دەدات: ١. کەیخەسرەو دەست دەداتە شۆڕشێکی ئایینی، ئەو خۆی بە دینداریك دەزانێت کە لە بەندی ئەهریمەن

هەڵاتووە، بڕوای بە یەزدان هەیە و پادشاییشی بەپێی بیـر و بـڕوای ئـایینی ئـەوە، لەڕاستیدا کاخەسرەو بە ناوی پادشایەك کە نوێنەری خودایـە و بـە یارمـەتـی ئـەو، دژی ئەهریمەنی وێران دەکات؛ هەڵبەت ئەم هزرە بـەردەنووسـەکـەی خـەشایارشـا دێنێتـەوە بیـر کـە دەڵێـت بـە فـەرمـانی خـودای بـەفـەڕ و شـکۆ پـەرسـتگەی ئەهریمەنەکانم خاپوور کرد.

٢. کەیخەسرەو خەڵکی دژەکە بە جادووکار دەزانێت، گوایە بەرداشـتی ئـەو لـە جادووکاران ئەو کەسانەیە کە ئایینی نوێیان قبووڵ کردووە، بەڵام لە سێبەریـدا بـە بڕوا کۆنەکانیان باوەڕیان هەیە و هێشتا ئایین و کرداری ئەهریمەنی ئەنجام دەدەن[١]. دەدەن[١]. جادووکاران لەگەڵ ئایینی ئەهریمەنیدا پێوەندییان هەبووە. ئـەوان لـە ژێـر سێبەری ناوی مەزدادا پەرەیان بە ئەهریمەنپەرستی دەدا و هێـزەکـانی تاریکییـان دەپەرست و بێدینیی خۆیان دەشاردەوە.

٣. نامەکە هەڕەشەیەکی تەواو سیاسییە دژ بە هاوئایینەکانی دژبـەری. مـەرجـی بادینی و ئیمانـداری دژبـەرە سیاسـییەکـان کـە لـە سـەر ئـایینی ئـەهوورا بـوون گوێڕایەڵییێکی تەواو لە پادشا بوو کە نوێنەری خودا بوو لە زەمین؛ چونکە فـەرمـانی پادشا فەرمانی یەزدان بوو.

لە بۆندهێش ١٨.٩ هاتووە کە دانیشتوانی ئەهریمەنپەرستی دژ(قەڵا)ی بەهمەن کە لەگەڵ جادووکاری و تاریکیـدا پێـوەنـدییان هـەبـوو بـۆ شکسـتی کاخـەسـرەو هێزەکانی تاریکییان زاڵ کرد بە سەریا، لەو کاتەدا بوو ئاوری گۆشەنسەب دانیشـت لە سەر یاڵی ئەسپەکەی کەیخەسرەو و هەموو شوێنێکی ڕووناك کرد، ئـەویـش بـە هاریکاری ئەو ئاورە توانی تاریکی ئەهریمەنی لە ناو ببات و بوتخانەکە وێـران بکـات و لە جێگەیدا ئاتەشگای ئازەرگۆشەنسەبـی دروسـت کـرد. هەڵبـەت مێـری بـۆیس دەڵێت ئەم باسە بە تەواوەتی ساختەکارییە کە لە لایەنی مۆغەکانی مادەوە دروسـت کراوە و هیچ بنەمایەکی ڕاستەقینەی نییە. دەڵێت مۆغی گەورە لەگەڵ چەند کەس

١. لە دینکەرددا باسکراوە.

له هاوڕێکانی له ڕەییەوه کۆچیان کرد و ئاوری پیرۆزیشیان هێنا و هاتن بۆ ئاترۆپاتن، لەوێدا شازاده ئاترۆپاتێس داڵدەی دان و پارچه زەوییێکی پێ بەخشین هەتا بۆ ئاوری پیرۆز ئادۆریانێ بەرپا بکەن. بەم چەشنه مۆغی گەوره بە ئاست و پلەی پێشووی خۆی شاد بووەوه و له دەستی فەرمانڕەوا سلوکێس داگیرکەری شاری ڕەی ڕزگاری بوو. گەرچی ڕەی له چاوی هۆگرەکانیەوه هێشتا پیرۆز بوو، بەڵام بەهۆی بوونی مۆغی گەوره له ئاترۆپاتندا خەڵکەکە زۆرتر ڕوویان لەوێ دەکرد؛ هەر بۆیه بوو به هۆی سەرهەڵدانی گەورەترین داوای مۆغەکانی ئەو دەڤەره که گوایه ئاترۆپاتن پیرۆزترین شوێنی ئایینی زەرەدەشتییه و هەروەها هەمان «ئەیری یەنه وێجه»یه.

به ڕای من ئەگەر مۆغی گەوره هێنده لای خەڵك پیرۆز دەبوو زاڵبوونی سلوکێس به سەر ڕەیدا نەدەبوو به هۆی هەڵاتنی ئەو یان لەبازاڕکەوتنی شارەکە؛ چونکه شوێنی ئێستای ئاورگەی ئازەرگۆشەنسەب به هۆی بوونی گۆلی ئاوگەرم و زەویوزاری بەپیتی چواردەوری و هەروەها جێگیربوونی له سەر شاڕێی ڕۆژئاوای وڵات شتێکی باش بوو بۆ کۆکردنەوەی لایەنگرانی ڕاستەقینەی زەرەدەشتی که جگه له مەراسمی ئایینی، جێژنی ئاوپرژێنی[1] خۆیان له گۆلەکه ئەنجام بدەن و هەروەهاش هەروەهاش لەو کاتەدا جێگەیەکی لەبار بووە بۆ دژبەرانی دینی فەرمی، چونکه له نزدیکی سنووری ئێراندا بووە و هەروەها بۆ شۆڕشی چەکداری و خۆ داڵدەدان له چیاکانی دەوروبەر شوێنێکی گونجاو بووە. هەڵبەت ئەو دەڤەره که ئێستا گڕکانێکی

١. جێژنی ئاوپرژێن به وتەی ئەبووڕەیحان بۆ سەردەمی جەمشید دەگەڕێتەوە، لەو سەردەمەدا گیانلەبەر و مرۆڤ هێنده زۆر بوون که ئیدی جێگه نەمابووەوە، خودا زەمینی سێ بەرانبەر گەوره کردەوه و به خەڵکی وت خۆتان بشۆن هەتا له گوناه پاک ببنەوە. ئیدی جێژنی ئاوپرژێن وەک نەریتێ داکەوت. کریستەنسێن دەڵێت: له ڕۆژی نەورۆزدا خەڵک زوو له خەو هەڵدەستن و دەڕۆن بۆ سەر کانی و چۆم و جۆبار، خۆیان دەشۆن و ئاو له یەکتری دەپرژێنن و شیرینی دەخۆن؛ له لایەکی دیکەوه دەڵێت ڕۆژی سییەمی ڕێبەندان که جێژنی ئاوپرژێن بوو خەڵکی ئەم کارەیان دەکرد؛ هەڵبەت ئەم نەریته بناغەیەکی جادوویی لاسایی‌کەرەوەی هەبوو که بەڕێ دەچوو هەتا باران ببارێت.

کوژاوەیە ڕەنگە ئەو سەردەمە پرژانی گڕکانەکە بووبێتە هۆی لەناوچوونی ئەهریمەنییەکان و ئیتر خەڵك ئاوری گڕکانەکەیان بە ئاوری گۆشەنسەب دانابێت.

لە شانامەدا نامە ئەهوورایییەکەی کەیخەسرەو جێگەی ئاوری گرتووە، کە کەیخەسرەو نامەکەی دەکات بە نووکی تیرێکەوە و لە تاریکیدا دەیداتە دەستی گیۆ هەتا بیکوتێ بە دیواری دژەکەدا. بە کوتانی نامە بە دیوارەکەدا گرمەیەك لە دژەکە هەڵدەستێ کە ئەو گرمەیە هێمایەك بوو بۆ لەناوچوونی ئەهریمەن. هەر دوای ئەوە زۆرێکیان لێ‌کوژرا. ئیتر بە لەناوچوونی ئەهریمەن، ڕووناکی ئەهوورایی تەواو دژەکەی گرت؛ کەیخەسرەو لەوێدا بە نیشانەی سەرکەوتنی ئایینی ئەهوورایی بە سەر ئەهریمەنیدا لە لووتکەی شاخەکە ئاتەشگایەکی دروست کرد، هەروەها دوای گرتنی دژەکە، ماوەی یەك ساڵ لەوێ مایەوە هەتا پەرە بە ئایینی ئەهوورایی بدات و ڕێگەش لە جموجووڵی سیاسی دژبەرانە بگرێت. ئەو لە دوای داگیرکردنی دژ بوو بە پادشای فەرمی.

## هزری زەروانی، نوێکاری ئایینی و ڕەخنەتێکردنی دابونەریتی بابلی بۆ ناو بنەمای بیر و باوەڕی مەزدایی

بە هێرشی هەخامەنشیەکان بۆ سەر بابل و نیشتەجێبوونیان لەوێ، کۆمەڵێک لە مۆغەکان بۆ ئەنجامی کاروباری ئایینی و سیاسی حکوومەتی هەخامەنشی لەوێدا جێگیر بوون. بە دامرکاندنی ئاوری شەڕ و هێمنبوونەوەی دۆخەکە و گەڕانەوەی خەڵك بۆ ژیانی ئاسایی، مۆغەکان لەگەڵ شارستانییەتی دێرینە و پێشکەوتووی بابلی پێوەندییان ڕێکخست. ئەم پێوەندییە بوو بە هۆی ئاگابوونی مۆغەکان لە ڕێوشوێنی ئەوان و هەروەها ئاڵوگۆڕی جڤاکی و کەلتووری و ئایینی.

هەڵبەت بە هۆی پێشکەوتوویی بابل، بە شێوەیەکی یەکلایەنە شکایەوە بە سەر هەخامەنشەکاندا؛ هەر بۆیە پێکهاتەی ئایینی مەزدایی زۆرتر کەوتە ژێر سێبەری ئەو پێوەندییەوە. ئەم کاریگەرییە یەکلایەنە سەردەمێکی نوێکاری ئۆلی لە ئایینی مەزداییدا بەدی هێنا. هاوکات لەگەڵ ئەو پێوەندییە، مۆغەکان بە هەڵسوکەوتیان لە هەمبەر کاهێن و بیرمەند و زانا بابلییەکان زۆرتر کەوتنە ژێر کاریگەری هزر و ڕامانی سەرنجڕاکێشیان و لە بواری ئاسەوارناسی و سووڕان و گەڕانی ئەستێرەکاندا هۆگریی زۆریان پەیدا کرد لە سەر ئەو پێشکەوتنانەی کە زاناکانی ئەستێرەناس بە دەستیان هێنابوو. ئەم کۆمەڵە مۆغە خێرا بەوەیان زانی کە بە یارمەتی زانست و

فەنی بابلی بەتایبەت لە بواری سووڕان و گەڕانی ئەستێرەکان لە ناو خولگە و بازنەی خۆیاندا و هەروەها ڕوودانی سووڕە فەلەکیەکان، دەتوانن بە تێکەڵکردنی زانیاری خۆیان، بە زانستێکی نوێ لە ئایینی مەزدایییدا بگەن. ئیدی ئەوان بەو ئامانجەوە دەستیان کرد بە فێربوونی زانستی ناوبراو کە لە ناوەرۆکی زوڵم و زۆرخوازی پەرەپێدراوی هەرێمەکەوە هەستابوو. ئەمان بە هەڵسەنگاندن و بەرانبەرکردنی ئەو بیر و باوەڕانە لەگەڵ هزر و بیری مەزدایییدا کە لە بنەماوە پێکەوە جیاواز و هەروەها دژی یەکتریش بوون، زەمینەیەکی لەباریان ڕەخساند بۆ دروستبوونی دەورێکی تازە لە نوێکاری ئۆلی لە چوارچێوەی بیر و بڕوای مەزدایییدا.

گەورەترین و پتەوترین نوێکاری ئایینی مۆغەکانی هەخامەنشی لە ڕێکخراوێکی باوەڕمەند سەبارەت بە یەکتاپەرستی لە ئایینی مەزدایییدا و بەرەو لاچوونی ئەوان بۆ ناو بیرۆکەی بابلییەکان دەربارەی سووڕی کات لە ناو بازنەیەکی گەورەدا دەستیپێکرد. بیرۆکەی دەورە نەپچڕاوەکان[١] دوای ئەوەی کە زاناکانی ئەستێرەناسی بابلی مانای پشتێنەی بازنەی کەلوان یان منطقه البروجیان بە دوازدە بەشی سی پلەوە دابەش دەبوو کردیان بە ڕێگای جووڵە و گەڕانی هەتاو و ئەستێرەگەڕۆکەکان ئەو بارودۆخە پێکهات. ئەستێرەناسەکان بەگوێرەی ئەو توێژینەوە و بەدواداچوونانە کە کۆیان کردبووەوە توانییان بە ئەو ڕاستییە بگەن کە مان و نەمانی ئەستێرە گەڕۆکەکان و ڕوودانی بارودۆخ و ئاڵوگۆڕی پێوەندیدار، کاتییە و دەکرێت پێشبینی بکرێت و هەروەها دوای تێپەڕینی ماوەیەکی دیاریکراوی کات هەموویان دەگەڕێنەوە سەر بارودۆخی پێشووی خۆیان و تەواوی ڕووداوە گەردوونیەکان دووپات دەبنەوە؛ چونکە بەپێی بڕوای بابلییەکان ئەستێرە و چاڵ و چۆڵەکانی ئاسمان خوداگەلێکی زاڵ بە سەر کاروباری مرۆڤەکاندان و ئەوان ڕێگە و شوێنی ژیانیان بۆ دابین دەکەن. چونکە جمەوجووڵە گەردوونییەکان لە سەر

---

١. دەورە کەمەرەییەکان.

بنەمایەکی ڕێكوپێك و ڕوون بەڕێوە دەچوو، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بڕەوی پەیدا کرد و وەها بڕوایان هێنا کە ڕووداوەکانی ڕووی زەمینیش کە بە دەستی ئەم ئەستێرە گەڕۆکانە ئیدارە دەبوون دەبێت هەروەها ببێت.

بیرۆکەی ساڵی گەورە[1] لەوێوە پەیدا بوو کە هەر ساڵێکی گەورە بە ناوی مەودایەکی کات کە تێیدا تەواوی تەنە ئاسمانییەکان سووڕانی خۆیان تەواو دەکەن دیاری کراوە؛ هەروەها باوەڕیان بەوە هێنابوو کە هەتا ئاخری دنیا ئەوەی کە لە ساڵە گەورەکانی پێشوودا ڕوویداوە لە ساڵەکانی داهاتووشدا دووپات دەبێتەوە. مۆغەکانی هەخامەنشی کە هۆگری پێشکەوتن و بیر و بڕوای هەڵقوڵاوی زانستی بابلییەکان بوون بیرۆکەی ساڵی گەورەیان لەگەڵ هزری ئاوێستایی «زەروان دەرغوو خوزاتە» یان دەورانی پادشایەتی بێئاکام کە تەمەنی ئەم دنیا مادییەی هەتا ڕۆژی قیامەت دەزانی تێکەڵ کرد و هەروەها ئەو کاتەیان بە چەند هەزارە دابەش کرد کە ڕووداوەکان لە هەر هەزارەیەکدا تا ڕادەیەك هاوشێوە دووپات دەبنەوە. هەر لەو کاتەدا باوەڕیان بە هزری ئورفیئۆسی وەك خودای سەردەم و ئاگا و زانا بە سەر هەموو شتێکی مرۆڤدا پەیدا کرد و لە بابلیشدا لە بیری ئەوەدا بوون ژێردەستەیی خۆیان بە جۆرێکی باش پێوەند بدەن بە خوداوە. ئیدی ئەم هزرە لە نێوان کاهێن و بیرمەندەکاندا زۆر پەرەی ستاند، مۆغەکانیش کە یەکەم جار لە ڕێگەی ئەم کاهێن و بیرمەندانەوە لەگەڵ ئەم یەزدانەدا ئاشنا بوون و بەهای زۆرخوازی زاڵ بە سەریدا لە تەك ئامانج و بەرژەوەندی خۆیان و دەربارییەکاندا بە هەند وەرگرت و پێکەوە ڕێکیانخست و بە فەلسەفەی وجوودی ئەو خودایە ڕاکێشران. لە ناوەڕۆکی ئەم پێوەندییە هزرییەی مۆغەکان و پێشڕەوانی ئورفیئۆسخوازی بابلی خودایەکی بەهێز و ستەمکار بە ناوی زەروان سەری هەڵێنا، خودای سەردەم کە لە لووتکەی دەسەڵاتی خوداکانی ئێرانیدا جێگەی گرت و ئیدی بەها و ئەرزشی چارە و قەدەر لەو ڕێگەوە سێبەری خۆی خستە سەر سەری بنەما کەلتووری و ئایینیەکانی ئێرانییەکان.

---

١. ساڵی کەبیرە.

ئایینی زەروانی کە بێڕەحمی و دڵڕەقی بڕەو پێدەدا لە سەرەتاوە بیـر و بـڕوای بابلییەکانی سەبارەت بە زۆر و زەبری گەردوون و سووڕی یەك لە دوای یەکی ساڵە گەورەکان وەرگرت و کۆمەڵێك داب‌ونەریتی خستە بەردەمی خەڵکی کە لە هـەمـوو سەرێکەوە لەگەڵ بنەماکانی ئایینی مەزدایی جیاوازییان هەبوو. بڕوای زەڕدەشت بـە جیایی سروشتی بـاش و خـراپ و خـاوەن بڕیـار بـوونی مـرۆڤ لـە هـەڵبژاردنـدا، پشتیوانی و شوێن‌کەوتوویی لە یەکێك لەو سروشتە دژبەرانە لە ناو ڕێچکەی بیـر و باوەڕی ژیانی خۆی بەتەواوەتی لەگەڵ بنەماکانی زەروانیدا کە بەردی بناغەکەی لـە سەر چارە و قەدەر و زۆر و زەبر دانرابوو دژایەتی هەبوو. لە لایەکی دیکـەوە بـڕوای مۆغە زەروانییەکان لە سەر بوونی هەمیشەیی زەروان و جێگرتنی لە سەر لووتکـەی هەرەمی خوداکان لە شان و شکۆی ئەهوورامەزدای وەك تەنهـا بـوونی پیـرۆز کـەم دەکردەوە؛ ئەگەرچی بەرگری مۆغە بنـەمـاخوازەکـانی ئێـران لـە بـەرانبـەر هـزری زەروانیدا بە گوێڕایەڵی لە جێگە و پێگەی دیرۆکی ئایینی خۆیان واتە ڕەی کە هەر بە وتە سەرەکییەکانی مەزدا باوەڕیان هەبوو کارشکێنی بوو لەم نوێکارییە ئایینیـەدا، بەڵام ڕێچکەی زەروانی توانی بە پشتیوانی باوەڕە زۆرخوازانەکەیان و هەروەها خـۆ ـ ڕێخستن لەگەڵ بـەرژەوەنـدی چینـی دەسـەڵاتـداری هـەخامـەنشـی و یارمـەتـی بەرفراوانی ئەوان بنەماخوازەکان بێننە چۆك و بە ئەوپەڕی دەسەڵاتەوە بیر و بـڕوای خۆیان بە سەر مەزداییدا بسەپێنن. لە سایەی ئەم پێوەندی و گۆڕانکارییە، ئایینێکی نوێ لە دایك بوو کە ئەگەرچی خۆی بە مەزدایی‌یـەوە دەلکانـد، بـەڵام لـە بناغـەدا لەگەڵ هەموو شتێکی ئەشۆزەڕدەشتدا دژایەتـی هـەبـوو. بـەگوێرەی وتـەیـەك کـە پلوتارخوس لە تیوپۆمپووس مێژوونووسی یۆنانی سەردەمی ئەردەشیری دووهـەمـی هەخامەنشی دەگێڕێتەوە شتێکی تایبەت ڕوون دەکاتەوە کە بنەما و ڕیشەی ئایینی زەروانی دیاری دەکات. بەپێی ئەو وتەیە پێش دەست‌پێ‌کردنی ئافراندنی ئاسـمان و زەمین و شتەکانی دیکەی هەسـتی لـە پانتـایی ئاسـمان و زەویـدا، تـەنهـا بـوونی ڕاستەقینە زەروان خودای زەمان بوو؛ ئەو ماوەی هەزار ساڵ پاڕایەوە و قوربانی کرد هەتا منداڵێکی هەبێت بە ناوی ئوورمەزد بەڵکوو ئاسمان و زەوی بخـوڵقێنێ، بـەڵام

دوای هەزار ساڵ پاڕانەوە گومان لە دڵی زەروان درووست بوو ئەرێ گەلۆ پاڕانەوە و قوربانیکردنەکەی قازانجی هەبووە یان نا؟ پاشان زانی کە بۆتە خاوەن دوو منداڵ بە ناوی ئوورمەزد و ئەهریمەن کە ئەم دوایینە بەهرەی گومانەکەی بوو کە کردی. زەروان چون پێی وابوو ئوورمەزد زوو دێتە دنیاوە پەیمانیدا هەرکامیان زووتر هات پاشایەتی جیهان بداتە دەستی، بەڵام ئەهریمەن بە فڕوفێڵ، لە سۆزی باوکی بەئاگا بوو و بە هەڵدڕینی سکی باوکی، پێش براکەی هاتە دنیاوە. زەروان سەری سووڕ ما و لێی پرسی: تۆ کێی؟ ئەهریمەن وڵامی دایەوە وتی: من منداڵی تۆم. زەروان وتی منداڵی من دەبێت ڕووناك و بۆنخۆش بێت کەچی تۆ ڕەنگتاڵ و بۆگەنی. ئوورمەزد ئەو کات هەواڵەکەی بیست و ئەویش هاتە دەر و خۆی پیشانی باوکیدا. زەروان چون ویستی پاشایەتیەکەی پێ بدات ئەهریمەن بە وەبیرهێنانەوەی پەیمانەکەی نارەزایی خۆی دەربڕی؛ ئەویش بە ناچار ژیانی کرد بە سێ خولی سێهەزار ساڵەوە؛ خولی یەکەم کە سەردەمی شەڕ و ئاژاوە و بێ سەر و سامانی بوو دایە دەست ئەهریمەن؛ خولی دووهەمی دایە دەست ئوورمەزد و سێهەمیش تایبەت درا بە خەباتکردنیان بۆ زاڵبوون بە سەر دنیادا، بەڵام بۆ دادوەری و نێونجی ئەم دوو برا دژبەرە، میترای وەك سنوورێك لە نێوان ڕووناکی و تاریکی، هەروەها وەك پێوەندی نێوانیان دانا. بە وتەی پلوتارخوس تیوپۆمپووس دەڵێت: بەگوێرەی وتەی مۆغەکان هەرکام لە خوداکان بە نۆرە یەکی سێهەزار ساڵ زاڵ و ژێردەست بوونە. پاش ئەم ماوەیە سێهەزار ساڵیش لە شەڕدا بوونە و هەرکەس کار و کردەوەی ئەوی دیکەی خراپ کردووە، بەڵام لە ئاکامدا ئەهریمەن دۆڕاندی و مرۆڤەکانیش گەیشتن بە بەختەوەری. مەبەستی تیوپۆمپووس لە بەختەوەری مرۆڤ ئەوەیە کە لە ئاکامدا ڕزگاری یەکجارەکی وا لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بێبڕانەوە یان زەروان ئەکرانەدا کە لەوێدا چاکەکاران ڕزگاریان دەبێت و لە بەر تیشکی بێسنووری ئەهوورامەزدا ژیان دەبەنە سەر. پاش ئەوەی کە مۆغەکانی هەخامەنشی کاری نووسین و دانانی ڕێ و شوێنی ئایینی نوێیان تەواو کرد دەستیان دایە هەڵسەنگاندنی لەگەڵ نموونەی ڕووداوە دووپاتبووەکان لە ناو چەرخەی کاتی

ساڵی گەورەدا کە ئەم کارە بە پڕوپاگەندەی هاتنی «سووشیانس» ڕزگارکـەری دنیـا گەیشتە ئامانج و ئاکام. بـەگوێرەی ئـەم بیـر و بڕوایـە زەڕدەشـت مزگێنـی هـاتنی ڕزگاری‌کەرێکی داوە کە لە ڕەگـەز و تـووی خۆیـەتی لـەگـەڵ کچێکـی پـاکیزە و داوێن‌پاکدا کە لە کەناری گۆلی هاموونددا لە دایك دەبێت و دنیا پڕ دەکات لـە خێـر و خۆشی و داد و یەکسانی؛ هەروەها دوای خەباتێکی دوورودرێژ لەگەڵ هێزەکـانی ئەهریمەندا هەموویان لە ناو دەبـات و دادوەری کۆتـایی ئـەنجـام دەدات. هەڵبـەت مەبەست لە سووشیانس لێرەدا کەسێکە کە خێر بـە خـەڵکـی دەگـەیـەنێـت و لـە گاتاکاندا ناوی سێ جار بە شێوەی تاك[١] هاتووە .

مۆغە زەروانییەکان دوای ماوەیەك لـە دوای داڕشـتنی خشـتەی هـەزارەکـان و لکانـدنی سـێ وەچـە بـە کۆتـەی ئـەم هـەزارانـەوە سووشیانسـی مزگێنـی‌دراوی زەڕدەشتیان بۆ سێ کەس زیـاد کـرد؛ یـەکـەمیـان بـە نـاوی «ئـەسـتۆت ئـەرت» Astvat-art بە مانای هوشیدەر کە لە ئاخری هەزارەی دەیەم سـەری هـەڵـداوە و شـیفای هـەمـوان دەدات. دووهـەمیـان لـە ئـاخری هـەزارەی یازدهـەم بـە نـاوی «ئوخشـیتئـەرت» uxsyat-art واتـە پـەروەردەکـاری یاسـا و ڕێسـای پیـرۆز. سێهەمیان لە ئـاخری هـەزارەی دوازدهـەم بـە نـاوی «ئوخشـیتنێمـە» uxsyat-nemah یان سیاوشانس بە مانای پەروەرێنی نوێژ و پاڕانەوە خـۆی نیشـان دەدا و وێڕای بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەهریمەن و دارودەستەکەی بەختـەوەری و خۆشـی بـۆ چاکەکاران و چارەڕەشیش بۆ دوژمنەکان لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. نزیکی جڤـاکی و کەلتووری گەلانی میدی و پارسی لـەگـەڵ ئیلامییـەکانـدا کـە دوای هـەزار سـاڵ تێکەڵی ئەو دوو کۆمەڵگایە دروست بوو و هەروەها هۆگری مۆغـە زەروانییـەکـان و چینی بەدەسەڵات لە بەرانبەر شارستانییەت و دڵڕفێنیی زانست و کەلتووری بابل، درێژەدان بە نوێکاری ئایینی و وەرگرتنێك چەشنی هەرەمی پیرۆز، ئەویش باندۆری لە سەر بنەمای بیر و بڕوای بابلی و ئیلامی پاش خۆی دانا.

١. مفرد.

مۆغەکانی زەروان و دیوانی هەخامەنشەکان بە بۆنەی هەستی حەماسی و جەنگاوەرییەوە هێشتا لە چوارچێوەی ژیانی خۆیاندا بە ئادابە کۆنەکان یانی پەرستنی خودای شەڕ و جەنگاوەری مابوون، بە ژیانەوەی سەرلەنوێی ئەو خودایە لە ناو بیر و بڕوایاندا، وەك یاوەرێك لە شانی مەزداوە دایاننا و خزاندیانە ناو سنووری باوەڕی خۆیانەوە. هەڵبەت ئەمە بە هاریکاری کەسایەتی ئینشووشیناك خودای خۆشەویستی شاری شووش و هەروەها مەردووك خودای پشتیوانی بابل ڕووی‌دا کە وەك یاوەرێك کردییانە باڵی ڕاستی ئەهوورا. خودای ناوبراو بەرەبەرە لەگەڵ ڕەخنەی ڕۆژبەڕۆژی پەلی بابل و ئیلام لە ناو دەرباری هەخامەنشی و چینی ڕەسەنی ئێرانیدا بوو بە خاوەنی پلە و پایەیەك هاوشانی ئەهوورامەزدا و تەنانەت بەرزتر لەویش. سەرهەڵدانی ئاناهیتا و جێگربوونی لە شان مەزدا و میترادا بەهرەی تێکۆشانی ئەو مۆغانەی زەروانە کە بە وەرگرتنی هزر و بیر و باوەڕی بەهاداری هەرێمەکە بۆ ناو ڕێکخراوی بڕواخواز و کەلتووری مەزدایی و هەروەها تەواوبوونی سێ گۆشی هەرەمەکە لە بنەمادا ئیلامی و بابلی دەژمێردرێ.

لە پێرستی خوداکانی ئاریاییدا، هەتا سەردەمی هەخامەنشیەکان ناوێك لە ئاناهیتا نەبووە کە ئەویش دوای نوێکارییەکەی مۆغەکان سەری هەڵدا. ئەم ئیلاهەیە(خواژنە) کە کۆمەڵێك کەسایەتی و تایبەتمەندی ئیشتاری بابلی و کیریشای ئیلامی لە خۆیا کۆ کردۆتەوە بە ناوی «ئەردووی سوورا» واتە پاك و خاوێن، وەك خودای پارێزەری ئاوەکان و فراوان‌کردنی خێروبێر و زاوزێ ناوی لێ‌براوە. وێڕای بەشداری لە هەرەمی سێ‌گۆشی پیرۆز لە پاڵ مەزدا و میترادا بوونێکی بەرچاوی هەیە و بە پێگەیەکی جوان و بەشکۆ لە ناو بیر و بڕوای ئایینی زەروانییەکاندا گەیشتووە.

داب‌ونەریتی دروست‌کردنی پەرستگە و پەیکەر لەبۆ خوداکان بەتایبەت بۆ ئاناهیتا و هەروەها ئەنجام‌دانی مەراسیمی جێژنەکانی ساڵی نوێ، مێهرەگان و تیرگان، ئایینەکانی کشت‌وکاڵ و بەرداشت، نەریتەکانی پێوەندیدار بە ئایینی سیاوەشی و هەڵسەنگاندنیان لەگەڵ بیر و بڕوای بابلی و ئیلامی وهەروەهاش

پێوەندی ژیانی هاوبەش لەگەڵ مەحرەمدا کە زۆر لەمێژ بوو لە بابل و ئیلامدا بە بیانووی پاراستنی ڕەسەنایەتی خوێنی بنەماڵەی پاشایەتی باوی هەبوو، ڕەخنەی کردە ناو بیر و بڕوای هەخامەنشەکان و ئەمانیش بە لاساییکردنەوە هەمان کردەوەی ناشیرینیان ئەنجامدا. هەڵبەت ئەمەش بەهۆی ئەو نوێکارییە ئایینیەوە بوو کە مۆغەکان دروستیان کرد، گەرچی ئەم نوێکارییە بوو بە هۆی پیسبوون و بەرەو خراپە چوونی ئایینی ڕەسەنی مەزدایی، بەڵام بەتەواوەتی بوو بە ئامێرێك لەبۆ درێژبوونەوەی حکوومەتی هەخامەنشەکان و توێژی بەدەسەڵاتی وڵات.

دەستبەسەرداگرتنی مۆرەکانی ئیلامی بە مل پلە ئیداری و دیوانییەکاندا و هەروەها جموجووڵی چالاکی بازرگانە بابلییەکان لە ناو دەرباری هەخامەنشەکاندا، کاریگەرییێکی باشی لە پەرەپێدانی دابونەریت و بیر و بڕوای بابلی و ئیلامی لە ناو ئێرانییەکاندا هەبوو. هەروەها پەرەستاندنی مارەکردنی کچە بابلییەکان بە شێوەی کاتی بۆ پاشاکانی هەخامەنشی خێراییێکی زۆری بە ئەم بابەتە بەخشی و بە جۆرێ ئەم شێوازە لە سەردەمی داریووشی دووهەم ڕووی ڕاستەقینەی خۆی پیشان دا؛ پاشان لە ڕێگەی بەردەنووسەکانی ئەردەشیری کوڕیەوە مۆرکی فەرمی لە سەری درا. ئەردەشیر و هاوسەرەکەی پەریساتیس هەردوویان منداڵی داریووش لە ژنە بابلییەکەی بوون کە هەر لە بابلیش گەورە ببوون. پێدەچێت ئەم خوشك و برا هاوژینە بە لاساییکردنەوەی نەریتی بابلی لێك مارە کرابێتن؛ هەڵبەت ئەم شێوازە پیشاندەری کەلتووری بابلە لە نێو کۆمەڵگای ئێرانیدا.

ئەردەشیری دووهەم بۆ یەکەمجار لە بەردەنووسێکدا لە شووش کە سەبارەت بە تەواوبوونی کاری دروستکردنی کۆشکەکەی نووسیبووی، باس لە ئەهوورامەزدا و یەزدانی هاوشانی دەکات کە دەڵێت: من بە یارمەتی ئەهوورامەزدا ئەم کۆشکەم سازکرد، بەو هیوایە کە مەزدا و میترا و ئاناهیتا لە شەڕ و ئاژاوە بمپارێزن. هەروەها لە نۆژەنکردنەوەی کۆشکی ئاپادانای داریووشی یەکەم لە شووشدا دەنووسێت: بە هاریکاری ئەهوورامەزدا و میترا و ئاناهیتا ئەم کۆشکەم نۆژەن کردەوە. توێژەران بە هەڵسەنگاندنی دەقی ئەم دوو بەردەنووسە بڕشتی بەرەبەرەی میترا و ئاناهیتا بۆ ناو

بنەمای بیر و باوەڕی مەزدایی و هاوسەنگییان لەگەڵ ئەودا وە بیر دەخەنـەوە. لـەو سەردەمەدا گەرچی ئەهوورامەزدا جێگەی بـەرزی خـۆی لـە پێگـە ئابوورییـەکانـدا پاراسـتبوو، بـەڵام کـەسـایەتـی مـرۆڤئاسـای میتـرا و ئاناهیتـا لـە زۆربـەی تایبەتمەندییەکاندا بوو بە هۆی ئەوە هەتاکوو ئەو ئیزەدانە بـە ڕوومـەتێکـی ڕوون و بەرچاوتر لە ئەهوورامەزدا بەشی هەرەزۆری ئەو بیـر و باوەڕانـە تـەرخان بکـەن بـۆ خۆیان؛ ئەو کارە بە فەرمانی ئەردەشیری دووهەم لە بینای پەرستگەکانی ئاناهیتـا و میترا لە شوێنە جۆراوجۆەکانی ئێران و هەروەها دروستکردنی پەیکـەر بـۆ ئاناهیتـا دەستی پێکرد. هەڵبەت هەر بەمەوە نەوەستا و دوای سـاڵێك، بـەرزڕاگرتنـی نـاو و یادی ئەو پەیکەرانە کەوتە سەر زار و ئەمەش هەر لە لایەن ئـەردەشـیرەوە پـەرەی پێدرا. ئەو یەکەم کەس بوو فەرمانی بە بەرزکردنەوەی پەیکەری ئاناهیتا لە بابـل و شووش و هگمەتانە دا و بڕیاری دەرکرد هەتا خەڵکی ستایشی بکەن. پـەرسـتگەی ئاناهیتا لە کەنگاوەر نموونەیەکی بەرچاوە بۆ پەرستنی ئەم ئیزەدبانوو(خواژن)ە.

ئیسترابۆن لە پەرتووکی جوگرافیای خۆیدا هێناویـەتی کـە بـەپێی فـەرمـانێکی دەرباری هەخامەنشی فەرمانداری هەرێمی ئەرمەنسـتان هـەمـوو سـاڵێك لـە کـاتی جێژنی مێهرەگان یانی جێژنە فەرمییەکـان mitrika بـە خۆشـی میتـراوە ٢٠٠٠٠ هەزار توولە ئەسپی بۆ قوربانیکردن لەبۆ میترا دەنارد بۆ پاشا. گەزەنفۆنیش ئاماژەی بەم دیاردە کردووە و دەنووسێت: هەریەك لە گوندەکانی وڵاتی ئەرمەنستان دەبوایـە هەر ساڵە وەك باج و خەراجـی شـاهانە جوانـووە ئـەسـپیان بناردایـە بـۆ دەربـاری هەخامەنشی لەبۆ پێشکەشکردن بە میترا.

ئاناهیتـا بـەهۆی هێـز و بـرەوی بـەرفراوانـی ئیـزەدە مێینـەکـان و نـەریتـی دایكسالاری لە ناو کۆمـەڵگـەکـانی ڕۆژئـاوای ئیمپراتـۆری هـەخامـەنـش، زۆر زوو سەرنجی دانیشتووانەکەی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا و بەپێی تایبەتمەندی کەسایەتی و هەروەها لێکچوونی لە ئیزەدبانوو(خواژن)ەکانی خۆیـان، بـەگوێرەی بیـر و بـڕوای دەروونی ملیان کەچ کرد بۆ پەرستنی.

لە ئەرمەنستان پەرستگەیکی جوان و گەورە لە شاری «ئەکی زیلن» بۆ ئاناهیتا

دروست کرا و دەیانپەرست. خۆشەویستی ئاناهیتا لای ئەرمەنییەکـان تـا ڕادەیـەك بوو کە دوای ماوەیەك بە خۆشی ئاناهیتاوە ناوی شارەکەیـان گـۆڕی بـۆ ئانـاتیس. پێدەچێت دەسەڵاتی بیر و باوەڕی زۆرخوازی زەروانی بە سـەر ئێرانییـەکانـدا بـوو بە هۆی ئەوە کە بێ بیگرە و بەردە هەموو گۆڕانێکی حکوومی لە ئایین و ژیانیشـدا قبووڵ بکەن، بەڵام ئەم سەر کزکردنەی خەڵك لە بەردەم حکوومەتـدا وەهـای کـرد کە خەڵك لە باری دەروونییەوە خوو بە ژێردەستەیی بگرن و لە هـەمبـەر سـتەمـی دەرەکیشدا پشتیان پان بکەنەوە؛ هەر بۆیە لە هەمبەر ئەسکەندەردا چۆکیـان دادا و وەك ویستی خوداوەند چاویـان لـێکـرد کـە بـەداخـەوە چـەنـدە بـۆ دەسـەڵاتـی هەخامەنشی، بۆ داپڵۆسان و سەرکوتی خەڵك بەسوود بـوو، ئـەوەنـدەش بـۆ بیـر و بڕوایان کارەسات بوو کە تەوقی چارەنووسیان بێ سێودوو لە مـل کـرد و پشـتیان بۆ هەموو شەق و تێهەڵدانێك کردەوە. هەر بۆیە قۆرخکردنـی ئـازادی لـە خـەڵـك و پەروەردەکردنیان لە سەر بنچێکی نادروست وەها دەکات کە ئـەو گـەلـە خـوو بـە ترسەنۆکی بگرن و تەنیا بیر لە ژیانی ڕۆژانەیان بکەنەوە، واتـە بـێئاگـایی سیاسـی، خەڵك کەڕ و کوێر بار دەهێنێت کـە پاراسـتنی گیانیـان پـێش هـەمـوو خۆشـییێك دەکەوێت و بۆشیان هیچ جیاوازییێکی نییە کە کێ دەسەڵاتی هەبێت، چونکە ئەمان هیچ ئیرادەیەکیان نییە و لەو ڕێگەیە کە بۆیان داناون لا نادەن؛ وەك بڵێـی خـەڵـك دەبێتە ڕانە مەڕێك کە شوان بە ویستی خۆی لێی دەخوڕێت.

## جیاوازی دووبڕوایی لە هزری گنۆستیکی و ڕامانی مەزدیسناییدا

لە سەدەی دووهەمی زایینیدا هـزری گنۆسـتیکی Gnosticisme لـە وڵاتـی ڕۆم پـەرەی سـەنـد. بـێ‌گۆمـان پـێش ئـەم مێـژووە هزرێکـی وەهـا هـەبـووە چونکـە جوولەکەکانی ئەسکەندەریە هزرێکی وەهایان هەبوو، بەڵام ئـەم مـەرامـە لـە پشـت پەردەی ڕۆژگاردا خۆی داشاردبوو. دوای سەدەی دووهەم گنۆسییەکان بـۆ پاسـاوی وتەکانی خۆیان پەنایان دەبردە بەر پەرتووکی پیرۆزی خاچپەرستەکان.

بازیلیــد Besilide، والانــتن Valentin، مــەرقیــون Marcion، و هــزری ســـۆفیگەری کـــەوا ئوفیـــت Ophite و ناســـنە Naassene و ئێلکزائیـــت Elchesaiteەکان هێنایان، نموونەی هـەرە بـەرچـاوی ئـاییـنزای گنۆسـین کـە لـە داب‌ونەریتی ئاییـنیدا پێکەوە جیاوازییان هەبوو، بەڵام لـەگـەڵ ئـەم جیاوازییـەشـدا شتێکی هاوبەش لە هەموویاندا خۆی حەشار دابوو.

سەرەتا دەبێت دووبڕوایی بخەینە بەر باس، بەڵام لە نێوان دووبڕوایی مەزدایی و دووانەپەرستی گنۆسیدا جیاوازی هەیە. بە بڕوای مەزدییـەکـان هـەر کـام لـە دوو عالەمی نـاوبراو دەتوانێـت لـە یـەك کاتـدا هـەم ڕۆحـی بێـت هـەم مـادی، بـەڵام گنۆسییەکان بە پێچـەوانـەوە عالـەمـی ڕۆح و ڕەوانیـان وەك ڕوونـاکی و، جیهـانی

مادەشیان وەك تاریكی پێناسە دەكرد. ئاكامی ئەم جۆرە بیركردنـەوە بـوو بـە هـۆی ڕەش‌بینی لە سەر بناغەی ئافراندن و شوێن‌كەوتـووانی ئـەم هـزرەش بـەرەو بیـری سۆفییانە واتە دەست‌داشۆردن لە دنیا ڕۆیشتن. بەگوێرەی وتەی ئەم كەسـانە خـودا لەوپەڕی جیهانی بینراودایە و ناو و نیشـانی لـە گومـان سـەرتـرە و بیـری مـرۆڤ ناتوانێت بگاتە پلە و پایەی ئەو؛ دنیا بە هـۆی نـووری هـەمیشـەیـی ئـەم خودایـە پێك‌دێت. هەڵبەت ئەم ڕێچكەیە خواروخێچی تێدایە یانی هەركـام لـەم ڕووناكییانـە پلەیەك لە ئەوەی پێش خۆی تایبەت‌ترە هەتا دەگات بە دنیای مـادی كـە ئـاخرین هێمای خودا و زۆر ناپاكە و وەك نشینگەی شەڕ چاوی لێ‌دەكرێت. بەڵام هەر لـەم جیهانە مادییەدا ڕووناكییێ هەیە كە دەیگێڕێتەوە بـۆ سـەرچـاوەی سـەرەكـی، وەك بڵێی لە دەروونی خودی مرۆڤدا هەستی شاراوەی خودایی هەیە كـە ڕێ‌خۆشـكەرە بۆ ڕزگاری و سەركەوتن بەرەو دنیای ڕووناكی. بەكورتی لـە هـزری گنۆسـیدا نـوور یان ئێئۆنی خودا بەرەو خوار دادەبەزێت.

ئەمانە یەكەم مرۆڤ بە بوونێكی نیوەخودایی دادەنێن و تـەنانـەت هـەنـدێك لـە گنۆسییەكان یەكەم مرۆڤ بە ئـادەم و هـەنـدێ بـە مـەسـیحی دەزانـن، هەڵبـەت ئوستوورەكانی ئێرانیش زۆر كەوتوونە ژێر باندۆری ئەم هزرە. تاقمێك گنۆسی دەڵێن حەقیقەتی یەكەم مرۆڤ تێكەڵی ئادەم بووە و پاشـان بـە شـێوەی مـەسـیح خـۆی نواندووە، ئەو یەكەم تیشكی خودای گەورەیە كە دابەزییە سەر مانگ و وەك گیـانی جیهان پێناسە دەكرێت. هەڵبەت جگە لە نـاوی نیـوەخـودایی، ئـەقـڵ و وشـەیـان پێ‌دەوت هەر بۆیە لە هەموو ڕێچكە گنۆسییەكانـدا هـاتنی ڕزگاركـەرێـك مزگێنـی دراوە و هەر ئەمەشە كە ئەوانی كردۆتە پەیڕەوی مەسیح، چونكە ئەمان ڕزگاركەری ئاخرزەمان بە مەسیح دادەنێن و دەڵێن سۆفیا یان ئەقڵی ئاسمانی لە بـەنـدی مـادە ڕزگار دەكات[١].

---

١. سۆفیا وشەیەكی یۆنانییە كە بەگوێرەی پەرتووكی ئاپۆكریفایی حێكمەتی سلێمان كە لە ئەسكەندەرییەدا نووسرا دەڵێت كە سۆفیا شكۆ (روح‌القدس) یان ئاوێنەی پاكی خودایە. سۆفیا ژنێكی دڵسۆز و مێهرەبانە بۆ مرۆڤی ژیر و زانا كە زۆر لە ژنە خوداگەلێ وەك ئیشتار و ئیزیس و كووبە ←

والانتینەکـان بڕوایـان وابـوو خـودای ڕزگارکـەر واتـە سـووتر لـەگـەڵ سـۆفیا زەماوەندی کردووە و بۆ ئەم مەبەستەش جێژنێکی ئایینی ڕێـك دەخـەن بـە نـاوی «پەردەی بووك» کە لـە بـەیـت و باسـی خۆیانـدا هـەمـوو شـتێك سـەبـارەت بـە دروستبوونی جیهان دەدەنە پاڵ ئەو مەراسمە ئایینییـە. ئـەوان دەڵـێن مـرۆڤ بـە عیرفان و تێگەیشتن دەتوانێت لە مادە دەرباز بێت، چونکە عیرفان زانستی ڕاستی و حەقیقەتە نەك هـزری، کـە مـرۆڤ لـە ڕێگـەی دڵـەوە پێـی دەگـات و هـەر ئـەم ڕاستییەش بۆتە هۆی ئەوە مرۆڤ ڕزگار بکات.

گنۆسی لە بابل و مێزۆپۆتامیا بـە مانـدایی ناوبانگیـان هـەیـە کـە یـەکێـك لـە سەرچاوەکانی سەرەکی ئایینی مانی بوونە کە هەر ئەمانە لە ئیسلامدا بـە حـەنیـف یان «صابئون»/sâbians دەناسرێن. هەڵبەت ئەم ئایینە لە بنەڕەتدا لە سـەر هـزری ئەستێرەناسی و سووڕە فەلەکییەکان بوو کە ئەستێرە و مانگ و خۆریان وەك خـودا دەناسی و هەر ئەم ئەستێرە بوو بە هێمای وڵاتی ئاشوور و بابل و لە سەر زۆربـەی بەردەنووسەکانیان هەڵکەنراوە و مەبەست لێی دەستپێکردن بە نـاوی خـودا بـوو. پەیڕەوانی «صابئە» لە ئاشوور هەتاو و لە بابل مانگیان بە خودای باڵادەست دادەنـا؛ وەك بڵێی بڕوایان وابوو کە ئەستێرەکـانی دیکـە ڕوونـاکی خۆیـان لـەم دوو دانـەوە دەگرت.

گنۆسیەکان بڕوایان بە دوو سەرچاوەی خێر و شەڕ یان بڵێی دووبڕوایی هەیـە، دەڵێن دنیا پڕ لە پیسی و خراپە و شەڕ و شۆڕە، هەر بۆیە نابێت هـی خودایـەکـی تاك و تنیا بێت کە سەرچاوەی خێرە. بوونی دوو بنەمای خێـڕ و شـەڕ ئاسـاییـیە و

← دەچێت کە چۆن لە دیرۆکە بابلییەکان دەڕۆیشتن بۆ ژێر زەمین، بە دۆڕانی سۆفیا نوور دیلی تاریکی دەبێت وەک بڵێی پردی پێوەندی گیتی و مینۆیە و پارێزەری ڕووناکیشە هەتا هێزی ڕزگاری بگات، بە هاتنەوەی ئافراندن دەستپێدەکات و دمیۆرگی کوڕی دەبێتە ئافرێنەر؛ ئەو حاکمی جیهانی مادەیە و لە سەرووی خۆی بێئاگایە، وا دەزانێت خودای تاک و تەنیایە کە ئەو پێکهاتە ڕووناکانە کە لە دایکییەوە دێت دەینێرێ بۆ دنیا، بەڵام دەبێت بزانین کە ئافرێنەری دنیا ئەگەر تاقانە بێت دمیۆرگە کەچی ئەگەر گرووپێ بن ئەرخوونەکانن؛ هەڵبەت ئەم گرووپە یەزدانە زۆرتر حوکمی ئاسمانەکان دەکەن.

بە هەموو جیاوازی و دژایەتییێکەوە لە بنەڕەتدا سروشتیان تێکەڵی یەکە و بەهۆی ئەم ئامێتەبوونە خراپە، مرۆڤ کە ئاکامەکەیە هاتۆتە دنیا و لە بناغەی سەرەکی خۆی دوور کەوتییە کە تەنها بە پشتیوانی مەعریفەی دەروون و گەیشتن بە بازنەی مەعنەوییەت یان گنۆس دەکرێت بۆ سەرچاوە ڕوونەکەی بگەڕێتەوە. ڕێچکەی گنۆسی لە سەر بنجی ڕزگاری و دەربازبوون ڕواوە، ئەویش نە بە هێزی خودا و ئیمانی مرۆڤ، بەڵکوو بە وەدەستخستنی مەعریفە بەدی دێت، بوونی ڕزگارکەرێ لە هزری گنۆسیدا شتێکی بنەڕەتییە کە هاتنی بۆ ناو خەڵکی و پێدانی زانیاری مەعریفی بەوان ئەرکی سەرەکییەتی. گنۆستیکەکان وەك مەزدایی دەیانەوێت هەموو شتێك لە بەندی مادە دەربێنن و بیخەنە بازنەی ڕۆحییەوە؛ بە پێچەوانەی زەروانەکان کە هەموو شتێك بە مادی دەزانن. بەڵام لە مادیبوونی دنیادا هاوڕان، هەڵبەت ئەمان پێیان وایە مرۆڤ بە عیرفان و تێگەیشتن لەم گێژاوە ڕزگاری دەبێت کەچی زەروانییەکان هەموو شتێك بە چارە و قەدەر دەبەستنەوە؛ ئەگەرچی زەروانییەکانیش بە خولقاندنی جەوێکی تاکڕەو خەڵکیان بەرەو لای هزری عیرفانی پاڵ پێوەدەنا، بەڵام عیرفانی ئەمان لە ژێر سێبەری چارەنووسدا بەند کرابوو، کەچی لای گنۆسییەکان عیرفان پلەیەك بوو بۆ دەربازبوون لە دنیای مادی، بەڵام مەزدایییەکان دەڵێن بە ئەقڵ و ئاوەز دەبێت ڕێگای خۆت هەڵبژێریت. زەروانەکان بە زاڵبوونی بیری چارە و قەدەر هێزی ئیرادەیان بەرتەسك ببوو هەر بۆیە بەرەو عیرفان چوون بۆ ئەمان، زۆرتر دووربوونەوە بوو لە دنیایەکی تەواو مادی و گەیشتن بە وجووی ڕاستەقینە، بەڵام گنۆسییەکان بە دەربازبوون لەم دنیایە دەیانویست لە جیهانێکی دیکەدا بە حەقیقەت بگەن. ڕەنگە لێکچوونەکان تۆزێك ئاڵۆز بن، بەڵام ئەگەر هزری زەروانی بۆ کاریگەری زانستی بابلییەکان بگێڕینەوە ئەوە دەردەکەوێت کە ناڕاستەوخۆ هزری گنۆسی لە ڕێگەی ماندایییەکانەوە دەگاتە بابل و ئەوانیش بە تێکەڵبوون لەگەڵ مەزداییدا زەروانییەتیان ساز کرد؛ هەر بۆیە دەتوانین بڵێین لە ڕێچکەی زەروانیدا شوێنپێی گنۆسی بەڕوونی دیارە، جگە لەمەش هزری گنۆسی وەك سەرچاوەی سەرەکی ئایینی مانی ئەوە ڕوون

دەکاتەوە کە خودی مانی خودای باڵادەست لە سەر دوو بوونی خێر و شەڕ بە سروشاو دادەنێت کە مەبەست زەروانە. ئەگەرچی ناوەکان جیاوازن بەڵام کرۆکی ئەم هزرانە یەکێکن. شایەنی باسە کە عیرفان و ڕێچکەی سۆفیگەریش لە ئیسلامدا تا ڕادەیەکی زۆر پەیڕەوی لەم هزرانە دەکات کە ئەویش بە چلە و خەڵوەکێشان دەیەوێت لە بەندی مادە دەرباز بێت و بڕواتە بازنەی ڕۆحییەوە، تەنانەت لە خواردن و پۆشیندا لە خۆیان دەگرنەوە و پشت لە هەندێ شایی و خۆشی دەکەن و ڕوو دەکەنە دۆعا و نزا کردن هەتا بیری مەعریفەیان لە بەندی دنیا ئازاد بێت و بڕواتە خشتەیەکی مەعنەوی، یانی هێز و وزەی لەش دەکەن بە خۆراکی ڕۆح؛ کورد وتەنی ئەمان دنیایان سێ تەڵاقە کردووە بۆ ئەو دنیا (ئارتوور کریستەنسێن، ڕەشید یاسەمی، ل. ٢٥ـ٢١).

## دیرۆکی زەروان، جیهان‌ناسی و ئاکام‌ناسی

پرۆفیسۆر مێری بۆیس بڕوای وایە ئایینی زەروانییەت تاکە نوێکاری گرنگـە لـە نـاو زەردەشتیدا کە پێ‌دەچێت بە دەستی مۆغە فارسەکان لە ئاخری سەدەی پێنجەمـی پێش زایین دروست بووبێت. ئەو نوێکارییە خۆی لە خۆیدا جۆرێك یـەکتاپـەرسـتی بوو کە لە سەر بنیاتی شیکارییێکی نوێ لە یەسنی ۳۰ ڕەگی داکوتابوو کە بەگوێرەی ئەو ئەهوورامەزدا و ئەنگرەمینۆ کوڕانی دووانەی کات یـانی زەروان بـوون. هەڵبـەت کۆنترین ئاماژە بە زەروان لە ئاسەواری تیوپۆمپووسی یۆنانیـدا دەبینرێـت و پیشـان دەدات کە لەگەڵ وتەیەکی تایبەتی ساڵی گەردوونیدا پێوەنـدی هـەیـە. بـەگوێرەی ژێدەرە بابلییەکان زەروانییەت بۆ پازدە سەدەی پێش زایین دەگـەڕێتـەوە. ئـەو وەك خودایەکی بێ‌هاوتای کات و شوێنی بێ سنوور، هـەروەهـا ئافرێنـەری مـادە و دوو هێزی باش و خراپ ناسراوە، هەر لەم ڕاستەدا نیبێرگ توێژەری سـوێدی ڕای وایـە کە زەروان خودایەکی میدی و پێش زەردەشتییە.

ڕوانگەی زەروان ڕوانگەیەکی دنیاخوازانە واتە ماتریالیستییە، هەر بۆیـە لـەگـەڵ ڕوانگەی ئارمان‌خوازانە یان ئیدیالیستی زەردەشـتیدا بـەرانبـەرکـێ دەکـات، بـەڵام بەپێی چیرۆکی کوڕە شوان و زانستی ڕازدار لە چیرۆکی کاڵەبـەی کـە داسـتانێکی هەورامییە سەرەتای دنیا و هەموو شتێك واتە هەوێنـی سـەرەکـی «ئـەرخـە» یـان «ئوورخـە» بـووە کـە جیهـان لێـی دروسـت بـووە و لـەو چیرۆکـەدا هـەرەمـی مێهرپەرستی کۆ کراوەتەوە وەك خودای دایك کە ئاناهیتا هێمایە و کوڕ کە خـودای بەرهەم‌هێنانە لە خشتەی مێهردا، و باوکیش کە ئەهوورامەزدایە بەڕوونی بـەرچـاوە. ئەم هەرەمە لە داستانی کچی پاشای جامۆڵە نگەردا بەجوانی پیشان دراوە. بەکورتی کوڕی شوان کە تاقانە دەبێت و خۆشەویسـتی دایـك و بابـە، ڕۆژێـك زوو لـە خـەو هەڵدەستێ و بە باوکی دەڵێت کە خەوی کچی پاشام بینیوە و دیتم کە ئـەوت لـە من مارە کرد! باوك هەرچی ئامۆژگاری کوڕی کرد کە ئێمە شوانین و ئـەوان پاشـا،

بەڵام کوڕ بە گوێیا نەڕۆیشت. ئیتر وای لێهات کە باوك بەناچار بۆ داخوازی کچە ڕێ کەوت بۆ کۆشکی پاشا. لە ڕێدا بە کانیاوێ گەیشت و لەوێ دانیشت هەتا ئێوارە و پاشان بۆ ماڵ گەڕایەوە و بە کوڕەی وت پاشا سەرقاڵی کاری حکوومی بوو نەمتوانی پێی بڵێم. ئەم ڕەواڵە زۆری خایاند و هەر ڕۆژ ئەم بەساتە بوو هەتا ڕۆژێك پاشا شوانی لە سەر کانی بینی. بانگی کرد بۆ خزمەتی خۆی و پێی وت دەمێکە تۆ لێرە دەبینم چیت دەوێت؟ شوان لەترسا لە وتنی ڕاستی خۆی بوارد، بەڵام پاشا پێی وت مەترسە هەرچی لە دڵتایە بیڵێ. ئەویش هەموو شتێکی باس کرد و پاشا وتی تێیبگەیێنە کە دەبێت زانستێ فێر ببێت کە جگە لە مامۆستاکەی هیچکەس سەر لە ڕازی دەرنەهێنێ؛ ئینجا کچەکەمی پێ‌دەدەم.

ڕۆژی دوایی کوڕ و باوك کەوتنە ڕێ بۆ دۆزینەوەی مامۆستای ئەو زانستە. لە ڕێدا گەیشتنەوە بەو کانیاوە کە باوکی لێی دادەنیشت. باوك کە زۆر تینووی بوو مشتێ ئاوی خواردەوە و دڵی فێنك بووەوە وتی ئۆخەی. کە ئەمەی وت لەپڕ کانی وشك بوو و لە ناو کانییەکەوە کەسێك هاتە دەر و وتی بۆچی بانگم دەکەی؟ ئەویش وتی من تۆم بانگ نەکردووە، من وتم ئۆخەی. ئەویش وتی ئاخر من ناوم ئۆخەیە. ئۆخەی لێی پرسین بە دووی چیدا دەگەڕێن؟ ئەوانیش داستانەکەیان بۆ گێڕاوە و ئەویش وتی من دەتوانم لە سێ مانگدا ئەم زانستەی فێر بکەم. شوان کوڕی بەجێ هێشت و خۆی گەڕایەوە. هەڵبەت ئۆخەی کەسێك بوو هەرکەس بۆ فێربوون دەچوو بۆ لای، دەیکوشت؛ بەڵام لە ژووری تاریکی ناو کانییەکە خوشکی ئۆخەی بینی کە هاتە پێشوازیان و سفرە و خوانێکی بۆ ڕاخستن. دوای ماوەیەك ئۆخەی چووە دەرەوە، لەو کاتەدا خوشکی ئاشقی کوڕە شوان دەبێت و پێی‌دەڵێت براکەم چووە کارد بێنێ تۆ بکوژێت و هەروەهاش کتێبێ دێنێت دەیداتە دەستت دەڵێ بیخوێنە، هەرشتێکی وت بڵێ نازانم، چونکە ئەگەر یەك وشە بدرکێنی دەتکوژێت، بەڵام هەموو شتێك لە دڵی خۆتا هەڵبگرە؛ چونکە ئەو ڕەوشتی وایە تا نەڵێی دەزانم کاری پێت نییە. دوای سێ مانگ شوان گەڕایەوە و بانگی لە ئۆخەی کرد ئەویش هاتە دەر و پێی وت ئەم کوڕەی تۆ فێری هیچ شتێ نابێت باوك وتی

گرنگ نییە دایکی زۆر دڵی بۆی تەنگ بووە دەبێت بیبەمەوە، کوڕ و باوك گەڕانەوە.

لە ماوەی نەبوونی ئەودا باوکی بەناچار بۆ ڕاییکردنی کار و بار کرێکاری گرتبوو هەر بۆیە هەژار کەوتبوون. شەوێك کوڕە بە باوکی وت ئەمشەو من دەبم بە ئەسپێکی جوان و ئەتۆش سبەی من بفرۆشە، بەس وریا بە هەوسارەکەم نەفرۆشی و لای کەس باسی نەکەی. باوك ئەم کارەی کرد، کاتێ گەڕایەوە بۆ ماڵ بینی کوڕەکەی دانیشتووە پێی وت بابە سبەی دەبم بە بەرانێك و هەر بەم شێوەی ئەمڕۆ بمفرۆشە. بەڵام «ئۆخەی» شوانی لە بازار بینی و ئیتر زانی خوشکەکەی ڕازەکەی درکاندووە. هاتە لای شوان و وتی بە منی بفرۆشە هەڵبەت بە گوریسەکەی ملیەوە نرخێکی باشت پێ‌دەدەم. شوانی ساوازەش خڵەتا. ئۆخەی بەرانی هێناوە و گەیشتە لای کانی، بانگی خوشکەکەی کرد کە بیگرە هەتا چەقۆ بێنم بیکوژم. هێشتا ئۆخەی نەڕۆیشتبووە ناو کانییەکە کچە هاواری کرد کاکە بەرانەکە هەڵات. بە ڕێکەوت ئەو ڕۆژە جێژن بوو، بەران بوو بە تاجێك و لە سەر سەری پاشا کە هاتبوو بۆ بینینی جێژن نیشتەوە، خەڵکی حەپەسان وتیان ئەمە قەدەری یەزدانە. شوان کە ئەمەی بیست خۆی گەیاندە لای پاشا و وتی من خاوەنی ئەو تاجەم، بەڵام خزمەتکارەکان خستیانە دەر، هەر کۆڵی نەدا و گەڕایە و پاشا قەڵس بوو تاجەکەی دا بە زەوییا، تاج بوو بە دەنکە هەنار و شوانیش بوو بە کەڵەشێرێك و هەموو دەنکە هەنارەکانی چنییەوە بێجگە لە دانەیەك کە ڕۆحی کوڕەکەی تێدابوو، ویستی ئەویش بخوات دەنکە هەنار بوو بە گیان‌لەبەرێکی سەرسووڕهێنەر و شمشێری لە پاشا ستاند. هەڵمەتی برد بیکوژێ، پاشا وتی ئەمان بدە بزانم تۆ کێی؟ ئەویش وتی من کوڕی شوانم کە هاتمە داخوازی کچەکەت، تۆش ئەو مەرجەت بۆ دانام، منیش فێر بووم. لەمە باشترت دەوێت؟ پاشا قبووڵی کرد و حەوت شەو و ڕۆژ بوو بە جێژن و شادی. (کامل سەفەریان، پرتوبیان، کورتکراوەیەك لە ل. ٦٦تا٧٩)

لەم چیرۆکەدا بابەتی سەرەکی ئۆخەیە کە لە زەروانییەتدا بووە بە «ئوورخە» یان «ئارخە» کە هەمان مادەی سەرەکی جیهانە. هەروەها ئەو ماوەیە کە وەك چلە و خەڵوەتی لە ژووری کانیاوەکە تێپەڕی کرد هەمان ماوەی زەمەنییە کە

چلەکێشانی ئایینی مێهری لە سەرەتادا دەیکێشن. جگە لەمانە بوونی «بەران»ە کە لە جامی حەسەنلووشدا دەوری سەرەکی هەیە. هەڵبەت ڕۆڵی کەڵەشێر و هەنار کە لە ئایینی مێهری و یارسانیدا پیرۆزیی تایبەتیان هەیە جێگای باسە، بۆ نموونە یارییەکان بڕوایان وایە کە خاتوو سارا یان دادا ساری دەنکە هەنارێك دەخوات، سکی پڕ دەبێت و ئیدی پاشان باوە یادگار لە دایك دەبێت. هەڵبەت ئەم ڕازە زۆرتر ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە باوە یادگار خاوەنی سڕی هەقە و دروستبوونیشی لە دەنکە هەنارێك خۆی ڕوونکەرەوەی ئەوەیە کە دەستێکی پاك لە پشتیەوەیە کە ئەم ڕاستییەش لە شێعرێکی دەفتەردا دەربڕاوە:

بـا مـا سـازندە سـازش بـی باکـا — شـــاه یادگـــارا نەتیجـــە پاکـــا
چەمش نێرگسـین ڕیشـش دوو فاقـا — شـــەریکێ ســـڕێ ســـوڵتان ســـەهاکا
بـــا مـــا ســـازندە ســـازش وە دەوام — شـــاه یادگـــارا ســـــەرانە[١] مــــەقام
بـــاقی بنیشـــۆ یـــارا و جـــاودان — شـــا یادگـــارا، یادگـــاری ســـوڵتان
وە ئەمرێ سوڵتان خواجـای غوڵامـان — نە چشمەی قەسڵان تەختش گردن لان

واتە خاوەنی ڕازەکانی حەزرەتی هەق خاوەنکارە و شەریکی ئەو ڕازەش باوە یادگارە کە کەسێکی پاکە و پاکیش هاتۆتە دنیا، چاوەکانی نێرگسڕەنگە و ڕیشی دوو فاقەیە. باوەیادگار شەریکی سڕی حەزرەتی سوڵتانە و جێگای لە سەرانەی لای ڕیژاوە؛ خاوەنی ڕاستەقینەی زانستی یاری و باقییە، یاران لە دەوری کۆ بوونەتەوە و بە ئەمری سوڵتان کە سەروەری یارەکانە لە کانی قەسڵانی سەرانە جێگەیان خۆش کردووە. هەڵبەت مەبەست لەم بابەتە ئەوەیە کە لەدایكبوونی ڕەمز و ڕازئاسای باوەیادگار جۆرێك پیشان بدات کە گومانی لێ نەکرێت و وەك کەسێکی پاك پیشان بدرێت کە شەریکی ڕازی سوڵتانییە و ئەم بۆچوونانە تا ڕادەیەك وەك چیرۆکی حەزرەتی عیسای لێهاتووە کە دادا ساری وەك حەزرەتی مەریەم چۆن بە

١. سەرانە ناوچەیەکە لە لای ڕیژاو.

ئەمری خودا فوو دەکرێت بە دەمیا و دەبێتە خاوەنی کوڕێ، ئەمیش بە خواردنی دەنکە هەنارێك سکی پڕ دەبێت بە باوەیادگار، کە هەنار خۆی میوەیەکی بەهەشتی و ئەهوورایی‌یە. (عەلی میردەرویشی، ل. ۲۲۴، شیعری شەریکێ سرێ خاوەندکار)

بوونی ئاویش وەك هەوێنی ڕووناکی و خاوێن‌بوونەوە، هەروەها بناغەی ژیان مەقامی نەمفووس دێنێتە بیر کە نیشانەی ئاو و ئاوەدانییە، کە لە لای یارسانەکانیش دوو کانیاوی تشار[1]و قەسڵان[2] شوێن‌گەلی پیرۆزن وەك خۆیان وتەنی:[3]

تشار و قەسڵان باتن هاوردیم        داخڵ وە حەوزێ حەقیقەت کردیم

هەڵبەت چەند شوێن‌پێ(زناك) لەم چیرۆکەدا هەیە وەك دۆنادۆن یان تەناسوخ کە ڕۆیشتنی ڕۆحی مرۆڤە بە جەستەی ئاژەڵدا و لە حەوت گیان‌لەبەردا خۆی پیشان دەدات کە هەم لە یارسانی و هەم لە ئێزدیدا پێی دەڵێن دۆنادۆن[4]، هەڵبەت

---

۱. نەزرگەی دایکی سوڵتان ئێسحاق دایە ڕەزبار.

۲. نەزرگەی باوە یادگار.

۳. (تۆژینەوەی مەیدانی لە ناو یارسانەکانی کرێند، لە زاری شارەزایەکی ئایینی یارییەوە بە ناوی مەنووچێهر یاری و هەروەها کامبیز ڕەجەبی یارسان لە شاری گاوارە).

٤. یانی گووڕانی ڕۆح(تکامل) کە لە لایەنی فەلسەفی و ئەقڵییەوە شایانی تاوتوێ‌کردنە، دوون یان دۆن هەم لە تورکیدا هەیە هەم لە عەرەبیدا؛ کە مانای جیاواز دەگەیەنن. لە تورکیدا بە مانای جلوبەرگە و لە عەرەبیدا واتای خوارتر، کەمتر، پێشتر و پاشتر... بە کار دەبرێت، بەڵام زۆرتر هەمان مانای جلوبەرگ کاراترە کە لەم گۆڕانکارییەدا ڕۆح بەرگی جیاواز لە بەر دەکات. دوون لە جیهان‌بینی یاریدا تەنها یەک وشە نییە؛ بەڵکوو گەورەترین و گرنگترین ئایدۆلۆژی عیرفانی و فەلسەفی ژیانی مرۆڤ دەربڕ دەکات. دوون قۆناغێکە کە تێیدا ڕۆح هەلی بۆ دەڕەخسێت لەو ڕێگەوە هەنگاوێک بەرەو بەدەستهێنانی گووران هەڵبگرێت و پلەیەک بەرەو بەختەوەری مرۆڤ نزیک بێتەوە. دۆنادۆن گووڕانی ڕۆحە لە هەزارویەک ئێزی مرۆڤ لە کرچ‌وکاڵییەوە بۆ پێگەیشتن، لە خواروخێچییەو بۆ بەرزبوونەوە و گەورەبوون... هەتا گەیشتن بە ئاستی بەرزی مرۆڤ‌بوون؛ لەم گۆڕانەدا ڕۆح دەکەوێتە پێوەندی لەگەڵ هەموو بوونەوەرێک و هەزاران پلە دەپێوێت و لە هەموو قۆناغێکدا بەگوێرەی چۆنیەتی کرداری دەڕواتە قۆناغێکی دیکە هەتاکوو بەتەواوی خاوێن دەبێتەوە ئینجا بە شوێنی مەبەست دەگات.←

بەگوێرەی گاتی ٤٩ بەندی ١١ لە گاتاکانی زەڕدەشت سەبارەت بە دۆنادۆن هـاتووە کە تەنها ڕۆحی کەسە خراپەکان واتە زمانپیس و بەدکـردەوەکـان دەگـەڕێتـەوە و دەڕواتە بەرگێکی دیکە، کە لەم بابەتەدا کاکەیی‌یەکان بڕوایان بەوەیە کە بەهەشـت و دۆزەخ نییە بەڵکوو ڕۆحی کەسی خراپەکار دوای مەرگ دەڕواتە بەری ئـاژەڵێکـی دڕندە بۆ نموونە سەگ یان بە پێچەوانەوە. هەڵبەت هەر لەم بابەتەدا یارییـەکـانیش بڕوایان وایە کە بۆ خاوێنبوونەوە لە گونـاه، دوای مـردن ڕۆح دێتـەوە دونیـا و لـە لەشێکی دیکـەدا زەجـری خـۆی دەبینێـت؛ بـۆ نموونـە دەڵـێن کاتێـك منـداڵێکی کەمئەندام و نوقسان لە دایك دەبێت ئەوە ڕۆحی کەسێکی خراپ و ستەمکـار بـووە کە دوای مەرگ بۆتە ئەم منداڵە ناتەواوە. ئیدی ئـەم دۆنادۆنـە ڕەنگـە هـەزار جـار دووپات بێتەوە هەتا لە گوناه خاوێن دەبێتەوە، وەك خۆیان دەڵێن:

هــــەزار و پانســــەد دوون ئێـــز کــــردم گـــوزەر
دە قەوا جە ئینسان، باقی جە حەیوان بڕینمش سـەر

شێخ ئەمیر لە وتەکانی خۆیدا سەبارەت بە دۆنادۆن دەڵێت:

یا شاه! ئاگـاهی، هـەزار دوون کـردم — چەندی نە جەسەد، مـار و مـوور وەردم
چەندی زوویخ و زام جەرگێ وێم وەردم — چـەنی نـە جەسـەد مـاران جـا گـردم
چەندی عەزمێ سـەیر دیـاران کـردم — چـــەنی زوویـــخ و زام نخـــاران بـــردم

← هەزاروپانسەد دوون ئێز کردم گوزەر — دە قەوا جە ئینسان، باقی جە حەیوان بڕینمش سەر

دوون لەگەڵ تەناسوخ یان کارمای هێندییەکاندا جیاوازە، چونکە لە کارمادا گۆڕان ڕوو نادات، بەڵام لە دووندا وەها نییە. هەڵبەت مەبەست لە دوون و کارما و زیندووبوونەوە تەنها ئەوە بووە کە مرۆڤ دڵنیا بێتەوە کە دوای مردن ژیانی تەواو نابێت بەڵکوو گوزەرێک دەکات بۆ ئاستی بەرزی فرووهەری؛ شێخ ئەمیر دەڵێت لە مەرگ مەترسن چونکە ڕازی خودایی تێدایە و وەکوو ئەوەیە مراوییێک بڕواتە ژێر ئاودا پاش ماوەیک لە لایەکی دیکەوە دێتە دەر؛ ئەگەر مرۆڤ لە ژیاندا خاوێن بمێنێتەوە لەو کۆچەدا ترس بەرۆکی ناگرێت.

یاران نەتـــــرسان نی سیاسەتە — تەسلیمی گیانان چون غیوتی بەتە
هەرکە بناسۆ شۆنی جامەی وێش — نی کۆچ و ڕۆڕۆ نەیارۆ ئەندێش

شتێکی سەرنجڕاکێش‌تر هەیە کە بڕوایان وایە ئەو پیرە مەزنانەیان دەتوانن ڕۆحی خەڵك دوون بکەن؛ بۆ نموونە دەڵێن ژنێك هەبووە کە خێروبێری کردبوو، بەڵام لە کاتی بڵاوکردنەوەی نەزرەکەیدا عادەتی ژنانەی دەبێت. سوڵتان سەهاك(ئیسحاق) خەڵك دەنێرێت کە پێی بڵێن نابێت ئەو دەست لەو شتانە بدات چون لەشی خاوێن نییە حەرامی دەکات؛ کەچی ئەو گوێ نادات. سوڵتانیش ڕۆحی ئەم ئافرەتە دوون دەکاتە جەستەی کەروێشکێك و ڕێگە نادات بێتەوە ئەم دنیایە. هەر بۆیە پەیڕەوانی ئەم ئایینە خواردنی کەروێشك بە ڕەوا نازانن و تەنانەت دەڵێن کەروێشك وەك ژن دەکەوێتە سووڕی مانگانە. هەڵبەت ئەدوین یامائۆچی لە کتێبەکەی خۆیدا دەنووسێت ژنان لە کاتی عادەتی مانگانەدا بە شێوەیەکی تەواو ناپاك دەژمێردران[١]. زەردەشتییەکانی ئێران لەم کاتەدا ژنانیان لە خەڵکی دیکە جیا دەکردەوە و لە جێگەیەك کە نەتوانن ئاسمان، ئاور و ئاو، زەوی و ئەستێرەکان یان گیانەوەر و خەڵکی ببین دایان‌دەنان، زۆر جاریش بۆ خاوێن‌بوونەوە بە میزی گا خۆیان دەشوشت یان نیرنگیان دەخواردەوە کە هەمان میز بووە کە لە مەراسمێکی نۆڕۆژەدا لە بەر حەوت کاژێر وەندیدادیان بە سەر میزەکەدا دەخوێندەوە و دەیانکرد بە تەورکی بێرەشنۆم، بۆ خاوێن‌بوونەوەی دەروون دەیانخواردەوە. هەڵبەت لەم ڕەسمەدا دەبوایە سەگێکی چوارچاو ببوایە؛ چونکە سەگ لە زەردەشتیدا نزدیکترین ئافرێنراوە بە مرۆڤ. تەنانەت لە کاتی مەرگیشدا دەبوایە سەگێك تەرمەکە ببینێ هەتا ئەهریمەن لە لەشی بڕواتە دەرەوە. (ئەدوین یامائۆچی، مەنووچێهر پزشك، ل.٥٠٨ و ٥٠٩)

هەڵبەت حەوت شەو و ڕۆژ شادی‌گێڕان نیشانەی حەوت پلەی گەیشتنە بە ئاستی عیرفانی لە ئایینی میترادا کە وەك نووری حەوت خودا پێناسە دەکرێن. بەڵام لە ئایینی یارساندا حەوت کەس هەن کە فەڕ و شکۆی خودایی لەواندا خۆی پیشان داوە و بە پیر دەیان‌ناسن؛ وەك پیر بنیامین شاهۆیی، پیر داوود دەودانی،

---

١. وەندیداد، ١٦.

پیر مووسا دیمەشقی، مستەفا داودان، خاتوون دایراك ڕەزبار، ئیبراهیم ئەیوەت، باوە یادگار. ئەمانە هەموو بناغەی پڕ لە ڕاز و ڕەمزی هـزری گـەورەی زەروانییـەتن کـە هێما و نیشانەی ڕاز و ڕەمز و عیرفـانی تێدایـە. هەڵبـەت لـە زەرِدەشـتیدا حـەوت ئەمشاسپەند هەن کە وەك ئەم حەوت پیرەی یارسان ناودارن و بە وتەی خۆیان لـە وجوودی مەزدادا هێلانەیان هەیە یانی مەزدا سەرووی ئەوانـی دیکـەیـە، زۆر جـار خەڵکی بە فریشتە ناویان دەبەن. هەڵبەت لـە ئـایینی یارسـاندا جگـە لـەم حـەوت کەسە خەڵکانی دیکە هەن کە خاوەن ڕێز و پیرۆزین؛ بۆ نموونە ئیمامی عەلـی کـە ڕێزگرتن لێی بۆتە هۆی ئەوە زۆر جار لای خەڵکی بە عەلیوڵڵاهی بناسـرێن، بـەڵام ئەوان بڕوایان وایە کە ناوی عەلی لە ناوچاوانی پیاوی یارساندا نووسراوە وەك چـۆن دەڵێن نوقتەن نوقتەیا؛ ع، ل، ی. هەڵبەت شرۆڤەی ئەمەیە کـە پێڵـی دەوری چـاو لەگەڵ ڕاستەی لووت و لایەك لە سمێڵ دەبێتە ناوی عەلی کە بە ڕاسـت و چـەپ دوو جار نووسراوە، بەڵام وەك بەیتێك لە کەلام باسی دەکات ئەمان هـەر بـە یـاری ناسراون و ناوەکانی دیکە زۆرتر ئاوەڵناوە.

وە حەفتاودوو دین دینمان بەر کردەن     وە دینی یاری سەرمان سپردەن[1]

ڕۆحی زۆرخوازی و بێدەسەڵاتبوون لە بەردەم چارە و قەدەردا لە هەموو ئایین و ئایینزاکانی ئێراندا بە جۆرێك ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام کەم و زیاد بوونی کاریگـەری ئەم هزرە بەوە بەند بووە کە ئەوان شرۆڤەیان لـە سـەر زەروان خـودای کـات چـی بووبێت و چۆنیان چاو لێکردبێت. وشەی زەروان لە ئاوێسـتاداzaurvan بـە مانـای پیری هاتووە. ئەو وشەیە لە ڕیشەی هێندوئەورووپـی gere بـە واتـای بـەسـاڵاچوو هاتووە کە لەگەڵ وشەگەلی zarond بە واتـای پیـرەمێـرد، سانسـکریت jara یـان پیری و یۆنانی ΓΕpΩΝ پیرەمێرد، لە یەك ڕیشەن. زەروان وەك هێمای کات چـوار ڕواڵەتی هەیە کە بەپێی نووسراوەکانی سریانی سێ ڕواڵەتیان ناسراوە کە بریتین لە: ئەشۆکار، فرشۆکار، زرۆکار. کە هەرکامیان هێمایەکـن لـە کـات، نوێکـار، پیرکـار و

---

١.(تۆژینەوەی مەیدانی لە زمانی قوباد کرێندییەوە)

مرێنەر کە بەرداشتێك لە ماناکانی مەرگ، ژیان، نەخۆشی و تەندروستین.

من پێم وایە زەروان خودایەکی تایبەت بە هۆزەکانی هێندوئەورووپی نییە، بەڵکوو یەزدانێکی خۆماڵی ئاسیای ڕۆژئاوایە، بەڵام هەر جۆر بێت بوو بە لقێ یان وەچەیەك لە ئایینی زەرڕدەشتی. شاکانی هەخامەنشی لە ڕواڵەتدا ئەم نوێکارییەیان وەك ئایینێکی ڕاست و دروست وەرگرت و بنەما و ئامۆژگارییەکانی لە سەرچاوەی پرژ و بڵاو گیرا و لە تەنیشت یەکدا چنران؛ چونکە زەروانەکان ئەهوورامەزدایان بە ئافرێنەری تەواوی شتە باشەکان لە ژێر دەسەڵاتی زەرواندا دەزانی و بە ئەنجامی هەمان مەراسیمی ئایینی دەیانویست پێش بە دووبەرەکی ئایینی بگرن. هەڵبەت ئەم داهێنانەش دوای سەدەی دەیەمی زایینی تیا چوو و نەما.

ژێدەرێکی دیکە سەبارەت بە مێژووی ئایینی زەروانی لە ئێران بەپێی نووسراوەی نووسەرانی جیاواز کەتیبەی بەناوبانگی ئانتیۆخووسی یەکەمی کوماژنییە کە نزیکەی ٦٩ـ٣١ی پێش زایین هەڵکەنراوە و بەڵگەیەکی سەبارەت بە قبووڵکردنی کاتی بێسنوور وەك تاکە دەسەڵاتی زاڵ بە سەر چارەنووسی مرۆڤدا تێدایە. هەڵبەت هەندێك گرانە کە بڵێین مەبەستی لە زەروانییەت بووبێت، چونکە لە کەلتووری ئێراندا واتای کاتی بێسنوور دەربڕاوە و پێدەچێت لە کۆمەڵگای ئێرانیدا جێکەوتبێت، ئاماژەیەکی دیکە بە وەرچەرخانی مانای هەمزاد یان هاوکاتە لە ئاسەوارێکی جوولەکەدا بە ناوی پەرتووکی «ئێسلاوی خنووخ»، کە ئەم ژێدەرە لە نێوان ئایۆنی گەورە یان کاتی هەتاهەتایی و ئایۆنی ئافرێنراو کە دەبێتە کاتی دابەشکراو بە کات و کاتژمێر کە هەمان جیهانی خوڵقێنراوە، جیاوازی ڕەچاو دەکات. ئەم بابەتە لێکچوونی زۆری لەگەڵ بەرداشتی زەرڕدەشتی لە کات هەیە و لە پەرتووکی «ئێسلاوی خنووخ»دا لەبۆ پاساوی ئافراندنی جیهان و ئاکامی ئەو بەکار دەچێت. لێرەدا جگە لەوەی کە کات بەهایەکی بەنرخی هەیە، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی بە شتێ کە پێدەچێت ئایینی زەروانی بێت تێدا نییە. بەمانەشەوە یەکەم کێشمەکێشی ئێمە دەبێت لێکدانەوەی بەڵگەکانی پێوەندیدار بە ئایینی زەروانی ساسانییەوە بێت هەتا ڕوونی بکەینەوە کە ئایا هەبوونی ڕێکخراوە

ئایینییەکەی بایەخی مێژوویی هەیە یان نا؟ بەڵگەکانی پێوەندیدار بە ئایینی زەروانی لە سێ دەستەدا بە جێ ماوە:

١. ڕاپۆرتی سەرچاوەکانی یۆنانی، ئەرمەنی و سریانی لە سەردەمی ساسانی بە شێوەیەکی ڕوون تەنها لە ئاخری سەدەی چوارەمی زایینی بە دواوە لەبەردەستدان و بەپێی ئەوانە دیرۆکی ئافراندنی ئێرانی بە زەروانەوە دەستپێدەکات و زەروان یەزدانێکە کە پێش لە هەموو شتێك هەبووە و لە گومانێك کە لە باری سکی خۆی کردی قولی دووهەمی مەزدا یانی ئەهریمەن دروست بوو. ئەم هەوالانە لەگەڵ هەندێك ئاماژەی تاکوتەرای ژیاننامەی سەیداکانی سریانی و پەرتووکە ئایینیەکانیان بەڕوونی پیشان دراوە. ئەو نووسەرانە زەروانیان وەك یەزدانی گەورەی ئێران زانیوە.

٢. دەقە مانوویەکان کە بە زمانی فارسی ناوین نووسراون جگە لە یەکێك دوو دانە، ڕاپۆرتێکی ڕوون سەبارەت بە بیر و ڕای زەردەشتیەکان پیشان نادەن، بەڵام ئەوەیان دەرخستووە کە زەروان لە سەردەمی مانیدا لە ئێران خودای بالادەست بووە. هەڵبەت ئەم ڕاستییە کە ناوی زەروان وەك خودای گەورە تەنها لە دەقە پالەوییەکاندا هاتووە و لە دەقی پارتی سوغەدیدا ئاسەوارێکی نییە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە باوەڕ بە زەروان وەك یەزدانی بالادەست پێدەچێت لە هەندێك شوێنی ئێراندا برەوی نەبووبێت.

٣. ڕاپۆرتەکانی پاش ساسانی لە سەرچاوەکانی عەرەبی و فارسیدا. هەڵبەت ئەم دەستەی سێهەمە کێشەساز بووە؛ چونکە هەواڵی نووسەرانی ئیسلامی سەبارەت بە ئایینی مەجووس لە سەر دیدار و ڕوو بە ڕوو نەبووە، بەڵکوو هەندێکیان لە بەڵگە نووسراوەکانی ساسانی گیراوە؛ کە ڕاستی و دروستی ئەم ڕاپۆرتانە زۆر جێگەی گومانە، چونکە ئەم نووسەرانە بە چاوی ئایینێکی بیانی لێی دەڕوانن و زۆر ڕەخنەی لێدەگرن. هەڵبەت جگە لەمانە زۆربەیان ئێرانی موسڵمان بوونە کە پێدەچێت بەهۆی پێوەندی شوێنی ژیانەوە لەمەڕ دابونەریتی زەردەشتی هەستیان بە بەرپرسیارەتی دەکرد؛ بۆ نموونە ئیبنی موقەفەع، ئەبووڕەیحانی بیرونی،

شەهرستانی و هتد لەم نوسەرانەن.

ئەگەرچی ویژەی ئیسلامی زانیاریگەلێکی مێژوویی دەخاتە بەردەست کە ئەم نووسەرانە تەنها بە دوو بزوتنەوەی چەوت لە سەردەمی ساسانییەکان ئاماژە دەکەن کە ئەوانیش مانی و مەزدەکن، کە زۆر سەرچاوە جەخت لە ڕاستی ئەوان دەکەن، بەڵام سەبارەت بە زەروانییەت هیچ شتێکی وەها نییە کە کێ دامەزرێنەری بووە یان ڕووداوەکانی پێوەندیدار پێیەوە چی بوون، بەڵام سەبارەت بە مانی و مەزدەك بەڵگەی زۆر هەیە.

بوونی کات، کەش و تەوشك بە شێوەیەکی تۆکمە و تەواو لە ڕاپۆرتەکانی پێوەندیدار بە ئایینی زەڕدەشتی و هەروەها دەقە سەرەکییەکانیش شتێکی سەلمێنراوە، ئەم دوو واتا بنەڕەتییە کە پێکهاتەی ئاسمان بە کاری ئافراندنیشەوە لە ڕێگەی ئەوانەوە بوونی خۆی پەیدا دەکات؛ پێدەچێت دوو مانای سەرەکی بن کە لە ڕێگەی ئەوانەوە چاکە و خراپە بە شێوەی دوو بوونی ئیزەدی لە یەکتر جیا دەبنەوە. کۆنترین ئاماژە بەم ڕوانگەیە ڕاپۆرتێکی دیمەشقییە لە ئاخری سەدەی پێنجەم و سەرەتای شەشەمی زایینی سەبارەت بە نەرین و ڕای پسپۆڕانەی ئودمۆس ڕۆدسی قوتابی ئەرەستوو کە بەپێی ئەم ڕاپۆرتە لە نێوان مۆغەکاندا تەواو ئەو شتانە کە درك‌پێ‌کراو و تاکن بە شوێنی دەزانن و هەندێکیان بە کاتی دادەنێن. لێرەدا جیاییێك لە نێوان یەزدانی چاکە و خراپە یانی ڕووناکی و تاریکی بەدی هات؛ هەروەها دەڵێت مۆغەکان لە سەرەوەی دەستەیەك لە وزەکان ئوورمەزد دادەنێن و لە سەرەوەی دەستەکەی دیکە ئەریمانیوس.

هەڵبەت بڕەوی وشەی شوێن لە ئایینی ئێرانییەکاندا وەك بنەمایەکی پێش‌ئافراندن لە ویژەی زەڕدەشتیدا، لە تەنیشت زەروانەوە کە پێناسەی کاتە هەر بووە. لە زۆر جێگەی جۆراوجۆری ئاوێستادا ئاماژە بە سەواشە خودای تەوشك یان جەو کراوە کە هاوسەنگی سەرەکی ئەم ڕامانە لە ڕاپۆرتی دیمەشقیدا way-gâh-gayâg ئەم وشەگەلەن.

پارچەیەك زۆر ڕوون و ڕەسا لە دەمباسەکانی دارابی هورمۆزدیار: ئوورمەزد و

ئەهریمەن لە کاتەوە پەیدا بوون یانی هەردووکیـان لـە یـەك دەوردا بـەدی هـاتن، بەڵام ئوورمەزد لە خۆوە پەیدا بووە کە تێیدا هیچ گومانێك نییـە، زەڕدەشـتیش لـە ئوورمەزد دەپرسێت کاتێ کە دنیا دروست بوو کێ هەبوو؛ ئوورمەزد وتی ئـەو کاتـە من و ئەهۆنوور واتە زەروان هەردووکمـان بـووین. هەڵبـەت ڕوونـە ئـەم پارچـەیـە تێکۆشانێکە بۆ هاوسازکردنی دیرۆکی زەروانی لـەگـەڵ یـەزدانـەکـانی زەڕدەشـتی، چونکە شیکارییێك دەکات کە گوایە ئوورمەزد و ئەهۆنـوور دوو بـوونی سـەرەتـایی و بنەڕەتین.

## دیرۆکی ئافراندن لە ئایینی زەروانیدا (فەلسەفەی زەروان)

باش دەزانین کە زەڕدەشتییەکان بڕوایان بە دوو خودایی هەیە، یـانی هـەرچـی شەڕە کاری ئەهریمەنە و هەرچی خێرە شاواشی ئەهوورامەزدایە. بەڵام کریستیان و هەندێك لە ئایینەکانی دیکە ڕەخنەیان لەم دووخوداییەی ئەمان دەگرت کـە گوایـە ئێوە بڕواتان بە خودای تاك و تەنها نییە و دوو ئافرێنەرتان هەیـە، زەڕدەشـتیەکـان کە وڵامێکیان بۆ ئەم پرسە نەبووە کەوتنە بیری ئەوە کە چارەی ئەم کێشـە بکـەن. لە ئاکامدا بناغەی ئایینی زەروانییان داڕشت. زەروان وشـەیـەکـی ئاوێسـتایییە بـە مانای کات و ساتە. ئیدی زەروان بوو بـە تاکـە ئافرێنـەرێ کـە تـەنانـەت مـەزدا و ئەهریمەنیش لە ئەو کەوتبوونەوە، بەڵام لە وڵامی ئەوەدا کە ئەگەر مەبەسـتی خێـر و چاکەی خەڵکە و نیایش و قوربانی کردووە بۆ ئەوە بێتە خاوەن ئوورمەزد، بـۆچی ئەهریمەنی دروست کرد؟ ئەمە گرنگترین ئاوڕە بۆ ئەم جەنجاڵە فکری و هزرییە کە زەروان ویستی ببێتە خاوەن کوڕێك هەتا جیهان دروست بکات. ئـەو بـۆ ئـەم کـارە زۆر پاڕایەوە و قوربانی کرد، بەڵام لە یەك چرکەدا گومانی لە توانایی خۆی کرد کـە ئایا دەتوانێت ببێتە خاوەن ئوورمەزد یان نا؟ بـەهرەی ئـەو گومانـە کـە لـە هێـز و دەسەڵاتی خۆی کردی ئەهریمەنی بۆ بەدیهێنا و لە پێشـدا هـەر ئـەم بـوو هاتـە دنیاشەوە، ئەم ئەهریمەنە پێش ئوورمەزد بوو بە پاشای جیهان و سـێهـەزار سـاڵ حوکمی کرد. دوای ئەم مەزداش سێهـەزار سـاڵ دەسـەڵاتـی بـوو، بـەڵام پاشـان

سێ‌هەزار ساڵی دیکە شەڕیان دژی یەکتر کرد و لە ئاکامدا ئەهریمەن دۆڕا و خەڵك گەیشتن بە بەختەوەری.

ئەم جۆرە پاساوەی زەردەشتییەکان لە حاند ئایینەکانی دیکە، دوای ماوەیەك بوو بە کێشەیەکی گەورە لە ئایینەکەیاندا، بەڵام کاریگەرییەکانی هێندە زۆر بوون کە تان‌وپۆی ئایینەکەی بەتەواوەتی تەنیبوو. (مێری بۆیس)

## زەروان خودای کات

بەگوێرەی بڕوای ئێرانییەکانی کۆن ئافراندن لە دوازدەهەزار ساڵی دیرۆکیدا ڕوویدا. ئەو دوازدەهەزار ساڵە دەبێت بە چوار قۆناغی سێ‌هەزار ساڵەوە. لە قۆناغی یەکەمدا جیهانی مینۆیی و لەوانی دیکەشدا مینۆیی و گیتی دروست دەبن. لە سەرەتای قۆناغی یەکەمدا کە جیهان مینۆیە و نە کات هەیە و نە شوێن، جیهانیش کڕوکپ و بێ هیچ شتێك و هەروەها هیچ جم‌وجوولێکە؛ ڕەنگە بە شێوەی گاز بووبێت کە لە قورئاندا بە دووکەڵ ناوی دەبات.

باس لە دوو هەستی(دنیا) دەکرێت: یەکێك مولکی مەزدایە کە پڕە لە ڕووناکی، ژیان، جوانی، بۆن‌خۆشی، شادی و تەندروستی، بەڵام ئەوەی هی ئەهریمەنە تەم و تارە و پڕە لە نەخۆشی و خەم و خەفەت و بۆنی گەند و شتی ناحەز. بەگوێرەی ڕا و بۆچوونی توێژەران و بەتایبەت دەقە کۆنەکان بناغەی ئەم هزر و بیرە کە بۆتە هۆی دروستبوونی ئەم دووانەیە دیرۆکی زەروانییەتە کە بە باوەڕی زەروانی ناسراوە. زەروان لە نووسراوەکانی پالەویدا خودای کاتە، بەڵام بەپێی خودی ئایینەکە زەروان خودایەکە کە لە سەردەمێکدا هیچ شتێ نەبووە، ئەو نیایشی دەکرد ببێتە خاوەن ئوورمەزد هەتا دنیا بخوڵقێنێ، ئیدی دوای هەزار ساڵ بە هۆی گومان لە نیازەکەی، ئەهریمەن وەك بەهرەی گومانەکەی بوو بە قولی دووەمی مەزدا. زەروان وایزانی کە مەزدا زووتر دێت ئەویش پەیماني دا کە یەکەمیان بکا بە پاشای جیهان؛ ئەهریمەن کە لە ویستی زەروان بەئاگا بوو هاتە دەر و بەپێی پەیمانی باوکی بوو بە پاشا، بەڵام چون دڵنیا بوو لەوەی کە لە پەیکاری ئاخردا مەزدا

سەردەکەوێت و هەتاهەتایە فەرمانڕەوایــی دەکـا ئیـدی مـاوەی تـەواوی ئافرانـدنی زەروانی بوو بە دوازدەهەزار ساڵ. بۆندهێش ئاخری پەیکـارەکـە ئـاوا بـاس دەکـات: نەوەد ڕۆژ و شەو شەڕ بوو، دوای ئەم ماوەیە مەزدا و هاوڕێکـانی سـەر کـەوتـن و دێوەکانیان تێکشکاند و ئەهریمەنیان خستە دۆزەخەوە، ئاسـمانیان وەك حـەسـارێ کێشـا بـە دەوری زەمینـدا هـەتـا ئـەوەی کـە ئەهریمـەن دەسـتی نـەگاتـە سـەر دروستکراوەکانی مەزدا، بەڵام ئافەت و زیانی ئەهریمەن هەر لە جیهاندا مایـەوە و دەرد و ژان، نەخۆشی و نیاز، درۆ و گیانلەبەرانی زیانکـار داوێنگـری ئـەم جیهانـە بوون.

## یەکەم مرۆڤ، یەکەم پاشا

چەند خاڵ سەبارەت بـە ئامێتـەبـوونی بـڕوای سـامی و ئێرانـی و ئـاڵوگـۆڕی دیرۆكگەلی ئێرانی

لە سەردەمی سەرەتایی هێند و ئێرانی پێدەچێت یەمە[1] یەکەم مـرۆڤ بووبێـت. ئەو لایەنەی کەسایەتی ئەو نە لە ئێران و نە لە هێند بە چاکی نـەپـارێزراوە، بـەڵام هەندێك ئاماژە لە وێژەی دواتری ئێران پیشان دەدات کە ئەویان وەك دامەزرێنـەری مرۆڤایەتی و شارستانییەت زانیوە. دیرۆکی جۆراوجۆر لە بارەی ئـەوەوە هـەیـە کـە وەك یەکەم مرۆڤی نەمێن ناویان بردووە؛ چونکە لە کاتی ئەودا مرۆڤایەتـی لـەگـەڵ مەرگدا نامۆ نەبوو. پێوەندی ئەو لەگەڵ مەرگدا گرنگترین لایەنی کەسایەتی هێندی یەمەیە، ئەو وەك یەکەم مرۆڤی نەمێن دەسـپێکەری ژیـانی تایبـەتـی مـرۆڤ بـوو، ئەگەر ڕاست بێت کە ئـەو بـەپێی نـەریتـی سـەرەتـایی یـەکـەم مـرۆڤ بووبێـت، بەهەرحاڵ بە هاتنی زەڕدەشت لە ئێراندا ئەم پێگەیەی لەدەستداوە. هەڵبەت ئەمـە بە هۆی ئاڵوگۆڕی کارە ئەنجامدراوەکانەوە بووە کە لە ئاکامدا کـەیۆمـەرس دەوری یەکەم مرۆڤی پەیدا کرد.

١. جەمشیدی ئێرانی و یەمەی هێندی.

«گەیەمەرێتەن» دەستەواژەیەکی تایبەتی ئایینی زەرەدەشتە کە لەگەڵ هاتنیدا ئەویش خزایە ناو کۆمەڵگە ئێرانییەکان. بەڵگەی بەهێز و بەسوودی ئەو گریمانەیە کە ناوەرۆکی لە داهێنانەکانی دیکەی زەرەدەشتی دەچێت، ئەنگرەمینۆ مینۆی خراپەکار، «وەهوومەن» یان بەهمەن واتە بیری چاکە، «ئەشە وەهیشتە» کە باشترین ڕاستییە و هتد. ناوی خودی ئوورمەزد کە سەروەری ئەقڵ و ئاوەزە هەر لەم ڕستەدایە، بە ڕای من پێکهاتەی ئەم ناوە ئیزەدییە بە قازانجی زەرەدەشتیبوونی ناوی ئەم ئیزەدەوەیە. ئەوەی کە یەمە پێناسەی نەریتی کۆنتر چلۆن لەگەڵ ئەم کەسایەتییە دووهەمەدا بەرانبەر بووە و کارکردی لەگەڵ کەیۆمەرس یەك دەگرێت چەندان ڕوون نییە. بە هیچ شێوەیەك ئاشکرا نییە کە لە مێژووی زەرەدەشتی ئەو یەکەم مرۆڤ بووبێت، چونکە لە ڕێچکەی ئافراندندا ڕۆڵێکی نییە بەڵکوو هەم لە ئاوێستادا و هەم لە ویژەی دواتردا لە زنجیرە چیرۆکی جیا لە یەك خۆی پیشان دەدات. لە دەقەکانی سەردەمی ئیسلامیدا تێکۆشانێك بۆ تێکەڵی و ڕێکخستنی چیرۆکە جیاوازەکان ئەنجامدرا کە لە شانامەدا زۆر بەرچاوە.

یەمە کە لە ویژەی دواتردا جەمشیدی پێدەڵێن یەکێك لە شێواوترین کەسایەتییەکانی دیرۆکی ئێرانە. لە ویژە و گوتاری ئایینیدا کە جیاوازییەکی ڕوون لە نێوان چاکە و خراپە هەیە و وەرگری چۆنیەتی پێوەندییەکانی نێوان تاریکی و ڕووناکی داخوازی نەکراوە، یەمە کە دوو لایەنی دژبەر لە وجوودیدا تێکەڵ بووە دیاردەیەکی نامۆ و ناڕوونە. هەڵبەت خودی ئوورمەزد لە دیرۆکی ئافراندندا بە کردەوە هاوکاری ئەهریمەنە؛ چونکە بەبێ تەبایی نێوانیان جیهان پێك نایێت و لەو بارەوە دنیا بەهرەی تێکۆشانی هەردووکیانە.

ناڕوونییێکی دیکە سەبارەت بە یەکەم جووتی مرۆڤ کە بەپێی ڕاپۆرتی بۆندهێش یەکەم گوناهبارەکانن. جۆری سێهەمی لێڵی و ناڕوونی لە بوونی کەسی سێهەم لە دیرۆکدا سەرچاوە دەگرێت، ئینجا ئەم کەسە «میترا» بێت لە پلەی دادوەردا، یان «ویۆ» بێت وەك ئیزەدێکی کۆن بە پێوەندی دژ بە یەك لە ئایینی زەرەدەشتیدا. یەمە بە هیچکام لەمانەوە پێوەندی نییە. لە دیرۆکی ئێرانیدا ئەو

کەسایەتییێکی نیوەخودایی لەگەڵ کەموکورتیدا هەیە. ئەو لە ئێراندا یەکەم مرۆڤ نییە، بەڵکوو زۆرتر لە ڕیزی دامەزرێنەرانی شارستانییەت و پاڵەوانەکانی کەونارا دەزانرێت. ئەو بەتایبەت یەکەم پادشا و نموونەیەکی باش بوو بۆ پاشایەکی خاوەن بیر و بڕوا و داهێنەری ئامۆژگارییە ئایینییەکان، لە هەمان کاتیشدا گوناهکار و ڕەنگە یەکەم تاوانبار و یاساشکێن بێت. دەوترێت کە ژن و مێردایەتی مەحرەم و نەشیاو کە یەکێك لە گرنگترین ڕێساکانی ئایینە، ئەو دایمەزراند. ڕامانی مام-ناوەندبوون کە گەورەییێکە زەردەشتییەکان بە تایبەتمەندی گرنگی ئایینی خۆیانی دەزانن بە داهێنانی یەمە دادەنرێت، ئەو لە سەرچاوەکانی دواتردا وەك دامەزرێنەری نەورۆز و جێژنی ساڵی نوێ دەژمێردرا کە پێوەندییێکی پتەوی لەگەڵ سەرەتای ژیاری مرۆڤ و ئاکامناسی هەیە. هەروەها یەکەم هێمای مانەوەی دەسەڵات و هێمنییە لە جیهاندا. دەوترێت داهێنانی پشتێنی پیرۆز و هێمای پێکەوە لکاوی بە ئایینی زەردەشت لە ئەو بووە؛ جێگای باسە کە دامەزرانی شارستانییەت، دروستکردنی ئامێری شەڕ و ڕستن و چنینی قوماش، ڕیزبەندی کۆمەڵگا، تاشینی بەرد و تەوەن بۆ بیناسازی، ئەو برەوی پێدا.

بەمانەشەوە یەمە پیاوێکی گوناهکار ناسێنراوە کە لە فەرمانی خودا یاخی بوو. وێڕای ئەوەی کە گەورەییەکانی بەڕوونی باس کراوە، بەڵام هۆکاری داکشانی بەجوانی ڕوون نییە و بەندی ڕاز و ڕەمزی بۆتە گرێکوێرە. شێوازی دابەزین و داکشانی بە دەمباسی جۆراوجۆر ڕاپۆرت کراوە؛ بۆ نموونە لە وەندیدادا باس کراوە کە لە سەردەمی پاشایەتی یەمە پاش قەیرێ ئاسایش و بەختەوەری، تۆف و زریان و لافاوێ گەورە دێت بە سەر مرۆڤایەتیدا و بەشێکی هەرەزۆری لەناو دەبات، بەڵام هۆکارەکەی ڕوون نییە. لە ئاماژەی دیکەدا کەسایەتی ئەو لە ئاوێستادا یانی ئاماژەی ڕوون بە یەمە لە گاهاندا[١] وەکوو یەکێك لە یەکەم گوناهکارەکان یادی لێ کراوە، بەڵام ڕوونی نەکردۆتەوە کە سووچی چی بووە؟ لە بەندی ٣٣ زامیادیەشتدا دەڵێت

١. یەسنی ٣٠، بەندی ٣.

کە یەمە درۆی کرد بەس دژوارە کـە وەك گونـاهێکی تایبـەت پێناسـەی بکـەیـن، چونکە لە ئایینی زەرەدەشتدا درۆ دەستەواژەیەکـی تـەواو گشـتییە بـۆ گونـاهـ ئـەو بوختەش کە گوایە یەمە خەڵکی فێری گۆشتخواردن کرد پێدەچێت تەنها ئاکامی شرۆڤەی هەڵەی گاهانی[١] بێت. بەناچار دەبێت قبووڵ بکەین کە ئایا خۆشەویستی و ستایشی یەمە بەهۆی ئەوە بوو کە خۆی لادا لە دیارکردنی جێنشین بـۆ گـا، یـانی ئەو شتە کە دێوەکان دەیانویست پێوەندی بە گوناهی ناوبراو لە گاهاندا هەیـە یـان نا؟

بەزۆری سەبارەت بە یەمە وتراوە کە ئەو گوڵی دێوەژنێکی خـوارد، بـەڵام کـاتێ کە دەستی لـێ بـەردا و لـەگـەڵ خوشـکی خۆیـدا خـەوت، خۆشـی و گـەورەیـی هاوسەرداری لەگەڵ خزم و نزیکدا دۆزییەوە. هـەنـدێکیش دەڵـێن سـەرەڕۆ بـوو و بانگەشەی بۆ خودایی خۆی دەکرد.

شتێك کە دادوەری نادروست بە یەمە دێنێتە پێش گوناهەکـەی نییـە، بـەڵکـوو هاوکاری ناڕاستەوخۆی ئەوە لەگەڵ دێـوەکانـدا. کـردەوەیـەك کـە ئـەم پێـوەندییـە دەخوازێ بە باشترین مەبەستەوە ئەنجام دەگرێت و کەچی بـێکـەڵکیشـە، چونکـە کاریگەری ڤەگری هەیە؛ بۆ نموونە کاتێ کە ئەو لـە جیهـانی ژێـرەوە پـێ دەنێتـە هەرێمی ئەهریمەن و شتێکی بەنرخی وەك پـەیمـان یـانی میانـەڕۆیـی بـەدەسـت دەهێنێ، بە شێوەیەکی ناشیرین هەڵسوکەوت دەکات جگە لەوەی کە لە هەرێمـی ئەهریمەن شتی بەکەڵکی شاراوە هەیە کە بەدەستهێنانیان ئەگەرچی بـە سـوودی مرۆڤایەتییە، بەڵام لەگەڵ ئایینی زەرەدەشتی یەك ناگرن.

نموونەیەکـی دیکـە شـەڕی یـەمـە و ئەهریمەنـە کـە یـەمـە بـۆ ڕزگـارکردنی تەهموورسی برای لە بەندی ئـەو، دەسـتی دەخاتـە سـەر قـوونی ئەهریمـەن. لـەم کردەوە ناشیرینەدا دەستی گول دەبێت، یەمە بۆ دەرمـانی ئـەم دەردەی کاریگـەری خاوێنکەرەوە و شیفابەخشی گمیزی گا دەدۆزێتەوە کە لـەڕاسـتیدا پێکهاتەیـەکـە

---

١. یەسنی ٣٢، بەندی ٨.

کەوا لە ئایینی زەڕدەشتیدا وەك باشترین مادەی خاوێنکەری ئایینی پێناسە دەکرێ و ئەم زانستەش یەمە فێری مرۆڤایەتی کرد، بەڵام ئـەم جـۆرە بـەرداشـتانە زۆرتـر پێشینەی گنۆسی و مانوویی هەیە تا زەڕدەشتی.

وا دیارە ناوەرۆکی گشت چیرۆکەکانی یەمە خەماوی بێت چونکە هاوکاری ئەو لەگەڵ هێزەکانی ئەهریمەندا بەئەنقەست نییە، بەڵام ئاکامێکی کارەسـاتاوی هـەیـە. هەبوونی ئەم دوانەییە لە کەسایەتی یەمەدا ڕەنگە لە یەکەم لایەنەکانی ئێرانـی ئـەو چیرۆکانە بێت کە بە ڕواڵەتی یەمەوە ئەو جۆرە کە ئاوێستا ناساندوویەتی پێوەنـدی هەبێ. لە ڕاپۆرتە کۆنەکانی زەڕدەشتیدا زۆر جەخت لـە کـەسـایەتـی ئـەو کـراوە و چیرۆکەکەشی بە شێوەی گشتپەسەندترین دەمباسی دیرۆکەکان ماوەتەوە.

چیرۆکی مەشی و مەشیانە (یەکەم جووتی مـرۆڤ) کـە بـەهۆی ژیـانی پـڕ لـە گوناهەوە شکست دەهێنن ناوەرۆکی لە پێکهاتەی چیرۆکی دابەزینـی ئـادەمـی بـۆ زەمین پێیە، بەڵام لە نێوان دۆڕان و داکشانی یەمە لەگـەڵ مـەشـی و مـەشـیانەدا جیاوازی زۆر هەیە. ئەو جووتە نیوەخودایە بەرزتر لە مرۆڤ نین بـەڵکـوو نموونـەی تەواوی مرۆڤی ڕاستەقینەن؛ چیرۆکی ئەوان بەسەرهاتی دۆخی مرۆڤە کە لـە بـێ-گوناهی و خاوێنی سەرەتاییەوە بۆ جیهانی ئێستا کە تێکەڵێکە لە چاکـە و خراپـە دادەبەزن. هەڵبەت ئەوان ناچارن ئەم قۆناغە تێپەڕ بکـەن؛ چونکـە ئـەمـە قـەدەر و چارەنووسی مرۆڤە. بە پێچەوانەوە یەمەی زانا و ڕووناك کەسایەتییێکـی پایـە بـەرزی وەك هەتاوی هەیە کە لە سەردەمی پاشایەتی ئەودا مرۆڤ لەگەڵ مەرگدا نامۆیـە و ئەو هێمای هێز و وزەی خودایە لە جیهاندا و لە چیرۆکەکانی ئێراندا کاتێ کە ئـەو شکسـت دەهێنێـت دۆڕانـی نابێتـە پێناسـەی گواسـتنەوەی هێـز لـە هـەسـتی مرۆڤایەتیدا، بەڵکوو هێمای شکستی یەزدانەکانە لە جیهاندا. ئەوە خۆی ئاماژەیـەکـە بەو گریمانەیە کە دووخودایی لەوانەیە هیمی(زاتی) خودایی هەبێت، کە پێدەچێت لەگەڵ ئامۆژگارییەکانی زەڕدەشتیدا دژایەتی بێت و لە دەقەکانی دیکـەدا بـەتونـدی نکوڵی لێ بکرێت.

ئیبنی موقەففەع دەڵێت بە ڕای نووسەرانی تازە موسوڵمانی ئێرانی، یەمە هـەمـان

شا سلێمان كوڕی داوده، ڕەنگە هەر ئەم بیر و بڕوایە بووبێتە هۆكاری ئەو یەكدەست‌كردنە؛ چونكە ئەوان ویستیان دیرۆكی خۆیان لەگەڵ هی عەرەبەكاندا یەك بخەن. ئەگەرچی پێشتر لە سەردەمی ساسانییەكاندا ئەم كارە كراوە لەگەڵ نەتەوەی سامیدا.

ئەگەر چاوێك بە بەرزی و نزمی چیرۆكی كەیۆمەرس بخشێنینەوە ڕووبەڕووی دۆخێك دەبین كە هەندێك لە لایەنەكانی پێكەوە جیاوازن، لێرەدا تویژێكی پێش زەردەشتی نییە چونكە كەیۆمەرس خوڵقێنراوێكی زەردەشتییە و لە ناو ئەم ئایینەدا ئەو كەسایەتییە پەڕوپۆی دەركردووە و پاشان لە سەرچاوە ئیسلامییەكاندا گۆڕانكاری بە سەردا هاتووە. لە نێوان چیرۆكی كەیۆمەرس لە ئایینی زەردەشت و سەر زاری خەڵك كە نووسەرە ئیسلامییەكان هێناویانە دژایەتییێكی ڕوون هەیە. لە كتێبە زەردەشتییەكاندا كەسایەتی كەیۆمەرس و مەشی و مەشیانە بەشێكە لە نەخشەی گەورەی بناغەی ئیزەدی كە تەواوی جیهان و مرۆڤایەتی لەوێوە هەستاون. ئافراندنی مرۆڤ كاركردێكی دیاری لە ناوخۆی نەخشەیەكی گەورەتر بە ئەنجام گەیاندووە، لە پشتی ئەم چیرۆكە كۆنەوە خوداناسییێكی ڕوون‌كراوە خۆی حەشار داوە.

ناوی كەیۆمەرس بە مانای ژیانی نەمێن یان ژیان و مەرگ، مەرگ و گەوا بێ-گومان ئاماژەیەكە بە وجوودی مرۆڤ‌بوونی ئەو. شایانی باسە كە وشەگەلی هاوڕیشەی مەرتیا martya لە هێند و مەشی maŝya لە ئێران جگە لە مانای مرۆڤ بە مانای نەمێنیش هەیە. تایبەتمەندی كەیۆمەرس مرۆڤ‌ئاسایە، بەڵام كەسایەتی ئەو بەرزتر لە مرۆڤە؛ بە ئەو شێوازەش ئەو بە جیهانی گیایی‌یەوە پێوەندی هەیە چونكە وەك گیا لە زەمینەوە گەشە دەكات، بارودۆخی ئەو وەك هی گایە، ئەو گایە كە تاك و تەنها ئافرێنرا و لەم بابەتەوە هاوشانی دنیای گیان‌لەبەرانە. كەوایە كەیۆمەرس بە ڕاشكاوی ڕواڵەتی ئامێتەی هەیە و بەو شێوەیە هێمای پێناسەی گرنگترین تایبەتمەندییەكان و شێوەكانی وجوود و بوونن.

تووی هەستی مرۆڤ ئەو جۆرە كە لە كەسایەتی كەیۆمەرس پیشان دراوە لە

دەروونی خۆدا بەشی سەرەکی شێوەگەلی هەستی چ مـادی و چ ئیـزەدی هـەیـە، بەڵام کەیۆمەرس پاش ئەوەی کە مینۆی خراپە هێـرش دەکاتـە سـەری و خراپـی دەکات ئیدی پێناسەی هەستی مرۆڤ نییە؛ هیچ شتێ ناخوات، بەتایبـەت جۆرێـك لە پێخۆری گۆشت، ڕەگەزی نێر و مێـی ڕوون نییـە. فرۆفیـێل کـە شـێوەی کـۆنی گوناهە لە ئێران ئەو دەیکات و لەگەڵ کەسیش پێوەندی نییە.

بە پێچەوانەوە یەکەم جووتی مرۆڤ واتـە مـەشـی و مـەشـیانە - کـە منـداڵی ناڕاستەوخۆی کەیۆمەرسن - ئاڵوگۆڕی بەرەبەرە لە بەشە تایبەتەکانی کـەیۆمـەرس پیشان دەدەن[1] کە زۆر شتی مرۆڤ بوون وەك جـمـوجـووڵ، دیـار بـوونی ڕەگـەز و هەندێ ئاوات و خۆزگە لە خۆ دەگرێت. ئەوان سەرەتـا وەك نێرتکـی ڕێـواس[2]سـەر هەڵدەدەن، بەڵام پاشان بە شێوەی یەك جووت مرۆڤی جیاواز دەردێن و لە ئاکامـدا پێویستییەکانی ژیانی خۆیان دەدۆزنەوە و خواردنی شیر و گۆشت دەستپێدەکـەن و زایەندێتی خۆیان دەدۆزنەوە. ئەم شێوازە لە ئێراندا چەشنی نەریتـی جوولـەکـە و خاچپەرستەکان بە مانای دۆڕان و داکشانی ئەوان پێناسە دەکرێت. زۆربەی ڕاپۆرتی ژێدەرە ئیسلامییەکان سەبارەت بە کەیۆمەرس لە خەون و خەیاڵ دەچن، بەڵام ئەو یان وەکوو یەکێك لە گەورەکانی مرۆڤایەتی دەناسرێ یان وەك یەکـەم مـرۆڤ یـان یەکەم پاشا. لە دەمباسەکانی ئەم دواییەدا ئەرکەکانی هەندێ جـار لـەگـەڵ یـەمـە تێکەڵ دەبێت. سەرەتای کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و دامەزرانی ڕێکخراوی حکوومەتی و شارستانییەت دەدرێتە پاڵ چالاکی ئەمەوە.

هەڵبەت ئەم بەڵگانە زۆر جێگای متمانە نین، ئیدی بە هۆی ئەوە بێت کـە ئـەو کەسانە کـە هێناویانـە ئێرانـی بوونـە یـان بـە هـۆی ئـەوەی کـە بـاش شـارەزای خوێندنەوەی دەقە پالەوییەکان نەبوونە؛ بۆ نموونە سەبـارەت بـە نـاو و ئـاوەڵنـاوی کەیۆمەرس دوو شێوە باس هەیە: وەك هەندێك دەڵێن گڵشا یانی پاشای گڵ و قوڕ یان کەسانی کە بە گەرشای دەزانن بە مانای پاشای کێـو، کـە بـەڕوونـی ئـەم دوو

١. ئەوان سەرەتا شێوازی یەکپارچەی گیایی و بێ گۆڕانکارییان هەبوو.

٢. ڕێواس جۆرە ڕوەکێکە کە ساڵێک نێرۆکە و گوڵی هەیە و ساڵێکیش مێیە.

جۆرە ڕاپۆرتە پیشاندەری هەڵە خوێندنەوەی دەقەکانە. نموونەیەکی دیکە لە ڕاپۆرتە ئیسلامییەکان بە دروستبوونی کەیۆمەرسەوە پێوەندی هەیە کە هەندێ جار وتوویانە ئەو لە دڵۆپە ئارەقێ کە کەوتە سەر ڕوومەتی ئوورمەزد بەدیهات، بەڵام ئەوە ڕاست نییە، بەڵکوو هۆکاری هەڵە خوێندنەوەی دەقەکەیە. دەڵێن کاتێ کە ڕەنجی مەرگ لە ئەهریمەن گەیشتە کەیۆمەرس، ئوورمەزد بۆ هێمن‌کردنەوەی ئێش و ژانی ئەو کردییە خەو، بەڵام کێشە لێرەدایە کە لە خەتی پالەویدا نووسینی خەوتن xwāb و ئارەق xwey لێکدەچن؛ کەوایە ئارەق‌کردنی ئوورمەزد و خوڵقانی کەیۆمەرس هەوێنی ئەم هەڵەیە کە خەوتن و ئارەق وەك یەك خوێنراونەتەوە ئیدی پەرەیان پێ‌داوە هەتا قۆناغی ئافراندن، بەڵکوو مانایەکی بەڕواڵەت باش بدۆزنەوە.

ئەگەرچی وەها دێتە پێش چاو کە ئەو شپرزی و ئاڵۆزییانە چەندان گرنگ نین؛ چونکە جیاوازی نێوان چیرۆکەکانی کەیۆمەرس لە کاتی نووسینەوەیان بە دەستی نووسەرانی موسڵمان، لەگەڵ دەقە پالەوییەکاندا چۆن بەدی هاتووە پێناسە ناکرێت. لەم بوارەدا دوو جۆرە ڕاپۆرت لە سەرچاوە ئیسلامییەکان هەن: ١. جۆرێکی داڕێژراو لە سەر نەریتی ئەدەبی بەناوبانگ و ناسراوی ناو ئێران وەك شەهرستانی و بیروونی کە دەبێتە دوو ڕوانگەی دژ بە یەك سەبارەت بە ئاخێزگەی مرۆڤایەتی. ٢. ڕوانگەی ئێرانی و ئیسلامی یانی جوولەکە و خاچپەرست کە لە تەنیشت یەکەوە باس کراون؛ ئەوی دیکە ئاکامی یەکدەست‌کردنێکە کە تێدەکۆشێ لە ڕێگەی شپرزەکردنی کەسایەتییەکانی دیرۆکی ئێران لە ناوخۆی چین و توێژناسی سەرەتایی مرۆڤ، ئەویش بەگوێرەی ڕاپۆرتی پەرتووکی پیرۆز ڕوانگەی ئێرانی لەگەڵ جوولەکە و ئیسلام ئاشت بکاتەوە.

بنەمای بینینەوەی کەیۆمەرس هەرچی بێت چیرۆکی پەرەپێدراوی مەزدایی کە لە ژێدەرەکانی ئەم دواییەی زەڕدەشتی وەك بۆندهێش و بژاردەکانی زادسپێرمدا ڕوون کراوەتەوە لەڕاستیدا بەشێکی هەرەگەورە و گشتین لە نەخشەی جیهان‌ناسی زەڕدەشتی. بەپێی ئەو دیرۆکە یەزدان‌ناسییە، پاش تەبایی ئوورمەزد و ئەهریمەن، ئوورمەزد دنیا بە شێوەی داوێك دروست دەکات؛ هەردووکیان لەو پەیمانەدا زیان

دەبینن وەلێ ئوورمەزد هێندە زیرەکە کە درك بە سەرکەوتنی ئاکامی خۆی دەکات. لە سەرەتاوە هێز و وزەی ئەهریمەن و ئوورمەزد یەکسانە و هیچ ڕێگایەك بۆ زاڵبوون بە سەر ئەهریمەندا نییە، چونکە لە جیهانی مینۆییدا هەر دوو مینۆکە هەتاهەتایی و نەدۆڕن.

ئەو پەیمانە کە سنووریك لە چوارچێوەی کات و شوێنەوە دەکێشێ بە دەوری پەیکاری نێوان دوو مینۆکەدا، پێدەچێت بە ڕای ئەهریمەن دادوەرانە بێت، بەڵام تێیدا بڕیاری لەناوچوونی ئەهریمەن لە ساتە ئاخرەکاندا دراوە؛ چونکە ئەو دەبێت لە سەر زەمینێکی بیانی و لە کاتێکی سنووردار کە هی ئەو نییە شەڕ بکات. هەڵبەت چارەنووسی ئەو لە سەرەتاوە دیاری کراوە. لە قۆناغێکی دیکە لە چیرۆکەکەدا دەوترێت کە ئەو زۆر ناهومێد و خەمبارە و پەکی کەوتووە بە ڕادەیەك هەتا ماوەیەك ناتوانێت هیچ کاریك بکات تا ئەوەی کە لەسەر سۆزی جیه jeh یەکەم سۆزمانی کە حەزی زایەندێتی لە مرۆڤدا دەبزوێنێت هیوادار و دڵگەرم دەبێتەوە، سۆزێ کە بە مل حەزەکەدا نیشانەی پیسی هەرزەیی دەلکێنێ. بەگوێرەی ئەوەی کە چیرۆك پێی دەگات کە بێنوێژی ژنان سەرچاوەی ئەهریمەنی هەیە بەپێی ئەم باسە زۆر دوور لە ئەقڵ و مەنتیق نییە.

لەم چیرۆکەدا ئافراندنی مرۆڤ بەشێکە لە نەخشەی گەورەی ئوورمەزد و ئامێریك بۆ گەیشتن بە مەبەستی پەیکار، بۆ زاڵبوون بە سەر ئەهریمەندا. کەسایەتییەکانی کەیۆمەرس، زەڕدەشت و ئاخرین ڕزگارکەر یانی سووشیانت هەرکام بە جۆریك داڕێژراون کە تێدەگەین؛ لە بنەڕەتدا سێ شێوە یان قۆناغی جیاواز لە یەك کارکردی مێژووی جیهانن؛ یانی کارکردیان ئەرکی زاڵبوونە بە مل ئەهریمەندا. ناوی گشتی هەرسێیان بە مانای پیاوی پارێزکار هێمایە بە مانای هێزێکن کە دەتوانن ئەهریمەن لە گیتیدا شکست بدەن. ئەو بابەتە لەگەڵ ئەو هزر و بیرەدایە کە لە گیتیدا ئەهریمەن جێگەیەکی نییە؛ بەڵکوو لەم جیهانەدا هەمیشە پشتی بە مرۆڤەوە بەندە، هەر کات لە مرۆڤایەتی دوور بخرێتەوە لە تەواوی جیهاندا دەدۆڕێت. هیچکامێك لەم تێگەیشتنانەی یەزدانناسی لە دەمباسەکانی ئیسلامیدا

نەهاتووە و چیرۆكی كەیۆمەرسیش تەنها وەك ڕازێكی نامۆ باسی لێ‌كراوە.

سون هارتمەن سەبارەت بە كەیۆمەرس لێكدانەوەیەكی كردووە كە لە ئاوێستادا نێوان دوو كەسایەتی «گیە» و «گیەمەریتەن» جیاییێك هەیە. بە ڕای ئەو لە ویژەی دواتردا ئەو دووانە دەبن بە كەسایەتی كەیۆمەرس. بەڵگەی ئەو گریمانەیە چەندان هزر و بیر تێر ناكات، وشەی gaya بە مانای ژیانە، هەندێ جار لە ئاوێستادا بەتەنهایی بە شێوەی مانایەكی تاك و لە هەندێك بەندا بەكورتی بە جێگەی ئاوەڵناوی «گیەمەریتەن» بەكار چووە؛ ناوی «گیە» لەو بارەوە هاوتا و هاودەقی گایە، جووتی گیە و گا ڕێك هاوسەنگی گیەمەریتەن و گایە[1]؛ بەو جۆرە كە لە پێكهاتەی چیرۆكی جیهان‌ناسیدا كەیۆمەرس و گا یەك جووتی هەمیشەیین.

لە ئاوێستادا «گیە» یەكێكە لە بەشەكانی جیهان و ئاخرین دانەیە لە ڕیزبەندی ئاسمان، زەمین، گیا و ڕوەك، گا و گیە.[2] جێگەی لەم ڕیزبەندیەدا بە ڕاشكاوی پیشان دەدات كە ئێمە لەگەڵ یەكەم مرۆڤدا سەرقاڵین كە لە شوێنێكی دیكەدا بە ناوی گیەمەریتەن ناوی لێبراوە، بەهرەی ڕوونی ئەمەیە كە ئەو دوو وشە هاوڕیزی یەكترن؛ ئەو گریمانەش كە ڕەنگە لە ئاوێستادا دوو كەسایەتی جیاواز بوونی هەبێت كە یەكێك لەو جووتە گایە و هەر دوویان یەك ناویان هەیە و هی دوو نەریتی جیاوازن و چەندان گرنگ بەر چاو ناكەوێت.

مخابن تێكۆشان بۆ جیاییخستنە نێوان دوو واتای گیە و گیەمەریتەن دەگات بە پێكهاتەی زەروانی، مرۆڤ لە خۆوە بەرەولای ئەو گریمانەیە دەچێت كە ئاوێستاییێك كە ئێستا لەبەردەستدا هەمانە، تێكەڵێكە لە دوو كۆمەڵە دەقی زەروانی و نازەروانی. تەنانەت بەندە نازەروانییەكان نیشانەی دەستپاكی ڕاستەوكەرە زەروانییەكانی تێدایە. ئاوا بەرداشتێك كە پڕە لە گریمانە و ڕێكارگەلی بەكەڵك بۆ ڕەخنەگرتنی پەرتووكی پیرۆز لە لێكدانەوەی ئاوێستادا بەكار بوونی خۆی نەسەلماندووە. نووسینی تەواوی ئاوێستا لە ماوەیەكی دوورودرێژدا جێگای پەسەندە

---

١. یەسنی١٣، بەندی٧.

٢. فەروەردین‌یەشت، بەندی ٨٦.

و هەڵبەت کەسیش نکوڵی لێناکات. لە ئاکامدا بێگومان ئاوێستا بریتییە لە توێگەلی مێژوویی کە هەڵگەڕاوەی قۆناغی جۆراوجۆری دیرۆکی ئایینی زەردەشتن. بەوانەشەوە بەو مانایە نییە کە پەرتووکی پیرۆزی زەردەشتییەکان ڕوانگەی دژ بە یەکی لە ڕێبازی خودایی تێدا بێت.

سوون هارتمەن هەروەها لە درێژەی لێکدانەوەکەی خۆیدا ئاماژە دەکات کە ناوی یەزدانی گەورەی زەردەشتی لە گاهان و ئاوێستای دواتردا بە یەك شێوە نییە. ئەوە بەو مانایە نییە کە بڵێین ئاوەها ڕووداوێك بە هیچ جۆرێ ڕووی نەداوە، بەڵکوو تەنها بەو مانایە دێت کە کەڵك و سوودی ئەو لە سەردەمی دواییدا تا ڕادەیەك جیاوازە. بە ڕای من ئەو بابەتە شتێك زۆرتر لەوە نییە کە هەندێ جار داهێنانی زەردەشتی ئەهوورەمەزدای وەك ناوێکی تەواو بە جێگەی ئاوەڵناوی خودا هێناوە. خودی زەردەشتیش ئەهوورەمەزدا زۆرتر وەك ئاوەڵناوێ باس دەکات تا ناوێکی تایبەت، هەروەها بەهرەوەرگرتن لەو ناوەش لە گاهاندا پێشاندەری هەڵکردی زۆری ئەوە لەگەڵ دەوروبەردا؛ هەر ئەم بۆچوونە سەبارەت بە ناوی ئاوێستایی گیەمەرێتەن دروست دەردێت.

هەر وەك لە ئاخر و ئۆخری ڕۆژگاری ئایینی زەردەشتی و ڕەنگە دەورەی ساسانی ڕووی‌دا دوو کۆمەڵە کەسایەتی، یەکەم مرۆڤ یەمە و هاوکردارەکانی سرئتونە واتە فەرەیدوون لە لایەکەوە، گیەمەرێتەن لەگەڵ گا و یەکەم جووتی مرۆڤ یانی مەشی و مەشیانە لە لایەکی دیکەوە، تێکڕای بوونی ناکۆکی ڕوون و دووبارەیی ئەرك و هێماگەلی پێوەندیدار، پێکەوە یەکتر تەواو دەکەن. بەم شێوەیە هەم یەمە و هەم کەیۆمەرس کەسایەتییەکانی پایەبڵیندی هەتاوین؛ هەردووکیان لە جێژنە گەورەکانی زەردەشتیدا ڕۆڵیان هەیە و هەروەها پێشاندەری سەرەتای مرۆڤایەتین. دەوترێت هەردووکیان بۆ یەکەم جار پەیامی خودایان لە ئوورمەزدەوە وەرگرت. هاوکات هەرکام لەو دوو کۆمەڵە بە لایەکی جیاواز پێوەندییان هەیە، کەیۆمەرس و پەلەکەی لە شەڕی دنیاییدا هێمای مرۆڤایەتین وەك ئامێرێکی بەرکار، ئەوان بێ‌گوناهی یەکەم بە گوناهی دوایی بۆ مەرگ و ئازاری ئاکامی بێ

هیچ پێوەندییێك لە نێوان دوو خاڵی ئاخردا دیاری دەکەن. یەمە ناسێنەری بـوونێکی نیوەخودایی‌یە لە جیهاندا و هەم فەڕ و شـکۆی کەسـێ پایـەبـەرزتـر لـە مرۆڤـە و هەروەها داکشانی گەورەشی هەیە. هەڵبەت ڕێکاری ئـەو تـەنانـەت لـە سـەردەمـی دابەزینیدا چالاك و عەگیدانەیە. بە ئەوەشەوە لـە ڕوانگـەیـەکـی دیکـەوە هـەر دوو کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی یەکسان لە مەکۆ و بنکەی ساسانیدا بڵاو دەبنەوە.

لە مەکۆی فەرمی و ئایینی زەڕدەشتیدا دەورەکان ئاوان کـە لـە سـەرەوە بـاس کرا، بەڵام لە نێوان خەڵکی و مەکۆی لادینیدا بڵاوبوونیان لـە ڕێگـەی مێژووسـازی بۆ ئەفسانە و یەکدەست‌کردنەوە سامانی گرت و ئەوانیان وەك یەکەم پاشا پیشان دا و ویستیان لە تۆرەمەناسی پەرتووکی پیرۆزدا جێگە و پێگەی شیاویان بۆ بدۆزنەوە.

ئـەوە ڕاسـتییێکی ڕوونـە کـە پێکهێنـەری دیرۆکـی زۆر جۆربـەجـۆر و جیـاواز گوێزراوەتەوە بۆ ناو کۆمەڵگە ئێرانییەکان کە هەندێکیان تـەنانـەت لـە نێـو ژێـدەرە زەڕدەشتیەکان بە باشی دەبینرێن؛ گەرچـی پێـدەچێـت سـەرجـەم مـەکتـەبێکـی فێرکاری بناسێنێت یانی هەمان ڕێگا و ڕەوشێك کەوا زاڵ بوو و لە نێو باڵی ڕاسـتی زەڕدەشتیدا مایەوە، بەڵام سەرچاوە بیانییەکان ئەو بێ‌دەرەتانییەیان نییە و زۆرتر لە ڕووداوە دیرۆکییەکان ڕاپۆرت دەخەنە بەردەسـتمان. ئێمـە لـە ڕێگـەی ئـەم جـۆرە ژێدەرانەیە کە زۆرتر دەتوانین ڕوانگەی خەڵکی و لادینی ئوستوورەکانی زەڕدەشـتی نۆژەن بکەینەوە، یانی ئەوەی کە باوەڕی خەڵکی بووە نـەك دەسـەڵات، ببینینـەوە؛ چونکە زۆر کەم لەم بیر و بڕوایـە مـاوە. بـۆ ئـەوەی کـە جێگـەی قبـووڵی مـۆغ و باڵادەستەکان نەبووە و لە جەرگەی وانە ـ وتنەوەدا ناپەسـەنـد بـووە؛ جـا کـەوایـە ئەگەر ئایینێك کە لە وێژەی نووسراوی فەرمی و نـەریتـی زەڕدەشـتی سـەدەکـانی ناوین بە ئێمە گەیشتووە باڵی سەرەکی ئایینی زەڕدەشتی بووبێت، بـێ‌گومـان تاقـە باڵی ئایینەکە نەبووە و تەنانەت لە سەردەمی ساسانییەکانیش تاکە لایەنی بەربڵاو و ڕەواجدار نەژمێردراوە.

لەڕواڵەتدا ئایینی زەڕدەشتی جێگەی بڕوای خەڵکـی، پێـوەنـدی تێکـەڵبـوونی لەگەڵ نەریت و کەلتووری ئایینەکانی دراوسێدا باشتر بووە هەتا ئـایینی فـەرمـی و

حکوومەتی. ئەتوانین وای دانێین کە چوون بەرەو یەکدەستکردنی نەریتەکانی ئێرانی لەگەڵ هی جیهانی سامی، پێوەندی بەم توێژەوە هەبووە، باشتر ئەوەیە لە ژێر ئەو هۆگرییە تەواوە بۆ یەکدەستکردن دوو جۆرە بەرەوچوون لە یەکتر جیا بکەینەوە: ١. یەکێك دامەزراو لە سەر پێوەنددانی ڕەسەنی نەریتە دژبەرەکان و ئەوی دیکە ڕەوتی وەرگێڕان.

هۆگرایەتی یەکەم بەهۆی حەزکردنە لە داشکانی ناتەبایی‌یەکان کە هەڵقوڵاوی نەریتە جۆراوجۆرەکان بوو، ڕەنگە ئەو هۆگرایەتییە بە شوێنی مەبەستگەلی بەرچاو زۆر بووبێت؛ بۆ نموونە پێدەچێت هەڵگەڕاوەی حەزکردن لە ڕێخستنی ڕێز و حورمەتی زۆرتر بووبێت بۆ یەکێك لە دوو فەرهەنگە پەسەند کراوەکە؛ یان مەبەستی وەدیهێنانی مێژوویێکی یەكدەست، یەكقەوارە و ئازاد لە هەموو ناتەباییێکی سەرهەڵدراوی دەروونی کە لە ژێدەرە جۆراوجۆرەکانەوە گوێزرابێتەوە. لە ئاکامدا بۆ یەكقەوارەکردنی دەمباسە جیاوازەکان سەبارەت بە سەرچاوە و ئاخێزگەی مرۆڤایەتی لە باسێکی یەکپارچە گەرچی دروستکراویش، تێکۆشانێك ئەنجامدرا.

٢. جۆرێکی دیکە لە یەکدەستکردن ئەوەیە کە چەندان سەرنج نادات بە پێوەنددانی دوو نەریتەکە و ئەو کارەش وەك کاری وەرگێڕانە؛ بۆ نموونە لە دەقەکانی ئیسلامیدا کەیۆمەرسیان بە هەمان ئادەم زانیوە کە بە ئەو مانایە دێ چیرۆکی ئێرانی کەیۆمەرس کارکردی هاوشێوەی لەگەڵ چیرۆکی حەزرەتی ئادەمدا هەبووە و کەسایەتی تەهموورسیش هاوسەنگی حەزرەتی نووحە. ئەوە بە ئەو مانایە دێت کە تەهموورس یەکێك لە باوانە گەورەکانی مرۆڤ بووە، گەرچی مرۆڤایەتی بەوەوە دەستی پێ نەکردووە؛ ئەو بابەتە زۆرتر ئەوەی لە باوەشە کە تەهموورس بەردی بناغەی ژیاری مرۆڤی قایم و پتەو کردەوە و ڕێکارێکە لە بنەڕەتدا مانی بەکاری هێنا، ئەو زۆرتر کەسایەتی ئوستوورەکانی بەردەستی خۆی پێوەند دەدا بەو کەلتوورانەوە کە ئایینەکەی لە ناویاندا پەرەی ستاندبوو، هەڵبەت ئەو کارەی لەڕاستیدا بە مانای بەرقەرارکردنی یەکیەتی لە نێوان بیر و بڕوا جۆراوجۆرەکاندا نەبوو، هەروەها ئەو نەی‌ئەویست دوو کەلتوور تێکەڵ بکات و ڕاستەوخۆ گۆڕانکاری لە ناوەرۆکیدا ئەنجام

بدات. پێ‌دەچێت پەیامی ئەو ئەوە بووبێت کە ئەو ناوانە چەندان گرنـگ نـین، بـەس تەنها گرنگی باش بدەنە مانا شاراوەکانی پشت پەردەی ناوەکان.

وەرگێڕانی ناوگەلی ئوستوورەیەك بە ناوی ئوستوورەیەکی دیکە، یۆنانیـەکـان لـە سەردەمی برەوی هێلێنیدا بە شێوەیەکی بەربڵاو ئەنجامیـان‌دا، بـەڵام ڕەنگـە مـانی یەکێك لە یەکەم کەسانێك بووبێت کە تێکۆشا ڕێکخراوی ئـایینی یـەکپارچـە وەدی بهێنێت. بە پێچەوانەوە زۆربەی پێغەمبەرەکان و دامەزرێنەرانی ئایینەکـانی پـێش و پاش مانی بەتایبەت جوولەکە، خاچپەرست و ئیسلام ناویان بە زاتی خـودا دەزانـی. بە ئەوەشەوە تەنانەت کاتێ کە سەبارەت بە وەرگێڕانی تەواو بێ‌خەوشـی ناوگـەلـی یەزدانەکان باس ئەکەین پێویستی هەندێ گۆڕانکـاری دێتـە ئـاراوە، بـە واتایـەکـی دیکە دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە هەندێك تێکەڵیی ڕەسەن لە بیر و ڕاکانـدا بەو شێوە کەوا پیشان دەدرێت، تەنها تێکەڵی یەك دەستە لە ناوەکانە.

لە ڕێگەی ئەو ئامار و ئاسـەوارانـەوە کـە نووسـەرانـی ئیسـلامی خسـتوویانەتـە بەردەست دەتوانین لە چالاکی ئەو مۆغانە کە هۆگری کەلتووری بابلی بوون ئاگـادار بینەوە. لەوەی کە شێوەی بیر و باوەڕی خەڵکی بوو ئـەوە ڕوون دەبێتـەوە کـە لـە هەر دوو شێوەی پێوەندی کەلتووری واتە یەکدەست‌کردن لە ڕێگەی یەکخسـتنەوە و وەرگێڕانی ناوەکان بە ڕاشکاوی پەیڕەوی کراوە. لەڕاستیدا ئەو دوو ڕەوتە ناتوانین بەئاسانی لێك جیا بکەینەوە، وێڕای وەرگرتنی نیشانەی ناوەکان کـە گومـان دەکـرا لـەگـەڵ نیشـانەکـانی پاڵـەوانگـەلـی دیرۆکـی ئێرانـدا دەگۆڕدرێتـەوە، شـێوازی کەسایەتییەکانی ئێرانی تووشیاری گۆڕان بووە. لەڕواڵەتدا ئەو ڕەوتە لـە سـەردەمـی ساسانیدا دەستی‌پێ‌کردوە و دوای سەرکەوتنی موسڵمانەکان ڕێگەی خۆش کردووە بۆ ئەوەی کە ئێران بەچاکی بێتە ژێر ڕکێفی کەلتووری سامی.

**فەرهەنگۆك:**

**تەوشك:** هەوای دەوری زەوی: جو زمین
**زناك:** شوێنپێ: رد باقیمانده
**زۆرەبان:** زۆرانبازی: زورآزمایی
**ژیار:** شارستانییەت: تمدن، مدنیت
**ساوازە:** سایلۆح؛ سادەلوح
**سەیدا:** مامۆستای ئایینی
**شکەند گومانیك وێزار:** ڕاپۆرتی گومانشکێن، نـاوێ پەرتووکێکـە لـە سـەردەمی ئەردەشیری ساسانیدا نووسراوە. نووسەرەکەی پێوار(نادیار)ە.
**شۆپ:** مەزهەب، ڕێگە و ڕەوش
**لەپار:** بە ئەندازەی لەپی دەست
**لەهی:** لافاو (کرمانجییە)
**نەرین:** ڕا و بۆچوون
**هۆڤ:** وەحشی
**هۆڤیەت:** وەحشیگەری

**منابع فارسی:**

۱. تاریخ جامع ادیان، جان بایرناس، علی‌اصغر حکمت، انتشارات علمی فرهنگی.
۲. باورها و آداب دینی زردشتی، مری بویس، عسکر بهرامی، نشر ققنوس، تهران، ۱۳۸۱.
۳. آیین زردشت کهن روزگار و قدرت ماندگارش، مری بویس، ابوالحسن تهامی، مؤسسه انتشارات نگاه، چاپ چهارم ۱۳۹۰.
۴. گاهشماری، دکتر رحیم رضازاده ملک، انتشارات دانشگاه پیام نور، چاپ اول، ۱۳۸۳.
۵. گاهشماری و جشن‌های ایران باستان، هاشم رضی، سازمان انتشارات فروهر، بهمن ۱۳۵۸.
۶. روزنامه جام جم،؟؟
۷. تاریخ تمدن‌های مشرق زمین، دکتر باقرعلی عادل‌فر و صالح امین‌پور.
۸. ایران در زمان ساسانیان، پروفسور آرتور کریستن‌سن، رشید یاسمی، چاپ نیل.
۹. پریان در خاک ماد، مهرداد ملک‌زاده(نامه فرهنگستان)، شماره ۲۰، زمستان ۱۳۸۱.
۱۰. نام طوایف قدیم ایران در فارسی امروز، نیکلاراست، مجله مهر، شماره ۸۵، مرداد ۱۳۸۱.
۱۱. جشن دیوزناو، کهن‌ترین جشن سکنه زاگرس، کامل صفریان و سیده زهرا سجادی، نشر تافگه، ۱۳۸۹.

۱۲. ایران و ادیان باستان، ادوین.ام. یامائوچی، منوچهر پزشک، تهران، ققنوس، ۱۳۹۰.

۱۳. قلعه زیویه، گورستان چنگبار(کاوش‌های باستان‌شناسی ۱۳۷۳)، نصرت‌الله معتمدی، قسمت اول.

۱۴. مجادلات سریانی علیه دین ایرانیان، الیزه لانگلوا، جلد او۲.

۱۵. مبانی اندیشه سیاسی در خرد مزدایی، محمد رضایی‌راد، تهران، طرح نو، ۱۳۷۹.

۱۶. حقوق ساسانی، بارتلمه، جلد اول،؟. ؟.

۱۷. زن در حقوق ساسانی، بارتلمه به نقل از رشید یاسمی.

۱۸. ادیان آسیایی، مهرداد بهار، نشر چشمه؟.

۱۹. ادیان آسمانی، مهرداد بهار، نشر چشمه، چاپ نهم ۱۳۹۰.

۲۰. آیین زروانی، مسعود جلالی مقدم، انتشارات امیرکبیر، تهران، ۱۳۸۴.

۲۱. زروان، آر. سی زنر. دکتر تیمور قادری،؟.

۲۲. معرفی اسطوره‌های ایران، جان هینلز، ژاله آموزگار و احمد تفضلی، نشر چشمه،؟

۲۳. مجموعه کتاب‌های حقوق سریانی، ماربها زاخو، جلد سوم.

۲۴. تمدنی به قدمت بشریت، تاریخ ایران، مقدمه هانری ماسه، به کوشش جمعی از ایران‌شناسان اروپا، ترجمه و ویرایش: رضا م. کاظم عابدینی مطلق، انتشارات سعید نوین، چاپ دوم ۱۳۹۰.

۲۵. پهلوان‌نامه گیلگمش، ؟، ترجمه: حسین صفوی، انتشارات امیر کبیر، ۱۳۵۶.

۲۶. کردهای ایزدی، دکتر کامل شیخکانلوی میلان، سنندج، کانی کتیب، چاپ اول ۱۳۹۴.

۲۷. تاریخ ماد، ایگور میخائیلوویچ دیاکونوف، کریم کشاورز، انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ پنجم ۱۳۷۹.

۲۸. از ایران زردشتی تا اسلام، مطالعاتی درباره‌ی تاریخ دین و تماس‌های میان‌فرهنگی، شائول شاکد، مرتضی ثاقب‌فر، تهران، ققنوس، ۱۳۸۱.

۲۹. یادداشت‌هایی پیرامون مهرپرستی در کردستان، کامل صفریان، انتشارات پرتو بیان، چاپ اول، ۱۳۸۵.

## منابع كردی:

١. حەماسەي گیلگامش (كۆنترین بـەیتی كـوردی)، شـاروخ حەســەنزادە، بڵاوكـەرەوەی هیوا، مهاباد، ١٣٩٤.

٢. دەفتەری دیوانە گەورە، لە نووسراوە پیرۆزەكانی یارسان، عەلی میردەرویشی.

٣. شەرەفنامە، میر شەرەفەدین بدلیسی، عەبـدوڕڕەحمان شـەرەفكەندی (هـەژار)، ئـاراس، هەولێر، چاپی سێهەم، ٢٠٠٦.